# تارمایی و مێرووولە سوورەکانی دایکم

ئاری صبحی کۆیی

سالآنێکی زۆرو دوورو درێژە بیردەکەمەوەو پەنگ دەخۆمەوە بۆئەوەی بتوانم بەشێکی گەر بچووکیش بێت لە وێستگە تفت و تاڵەکانی ژیانم بنووسمەوەو بگێڕمەوە. هەمیشەهەستمکردووە بارێکی قورس و گرانم بەسەرشانەوە بووەو ویستوومە دایگرم و شان و کۆڵم بحەسێتەوە، بۆ هەر کوێیەك چووبم لەهەر پێخەفێکدا خەوتبم هەر جۆرە شتێکم خواردبێت ئەوە ئەو بارە گرانەی نێو هەست و ناخم لەگەڵ مندا هاتووەو نووستووەو خواردوویەتی. لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵمدا بووەو بەڕێدا ڕۆیشتووەو سێبەرەکەییم لە سێبەری خۆم تیرترو تۆختر بینیوە، هەر سێوێکم خواردبێت پێشتر ئەو لێی کردووەتەوە، هەر جوانێکم بینیبێت سەرەتا سەرنجەکانی ئەو ڕایکێشاوم، لەهەر شتێ دڵنیابووبم یەکە مجار ئەو گومانی لێکردووە. بەردەوام ویستوومە ئەو ڕۆحە ماندوو سەرشێت و یاخییەم وەکو دەفتەرێك بکەمەوەو هەرچی دەمەوێت تێیدا بنووسمەوە. ئەم دەقەی بەردەستیشتان کە بریتیە لە کۆمەڵێك ڕووداو بەشێکی ئێجگار کەمن لەو یادەوەری و یادگارییە تالآنەی لە ژیانمدا بینیومن و درکم پێکردوون بە پشت بەستن بەخەیاڵ و فەنتازیا بێ سنوورەکانی و سوود وەرگرتن لە شێوازو هونەرەکانی ڕۆمان خستوومەتەڕوو. نووسین ئەوەنیە واقیع کۆپی بکەیت و بێ کەم و زیاد وەك خۆی بیگێڕیتەوە بەڵکو ئەوە خەیاڵ و ئەندێشەیە وادەکات بەرگێکی ترو ڕۆحێکی دی بەبەردا بکرێت و دەماودەم و کێو بەکێو بۆ هەزاران ساڵ و هەزارەها نەوە بۆ یەکتری بگێڕنەوەو لە فەوتان ڕزگارییان بکەن. لەم دەقەدا سوودم لە ڕیالیزمی سیحری وەرگرتووە لەبەرئەوەی پێمابوو تێکستەکە وەك ئەو بوونە واقیعی و ڕیالیستییەی کە هەیەتی دادەماڵێت و فوویەکی بەهێزی بەسەردا دەکات و جۆرە نەشوەو چێژێکی دیکە دەداتن بەخوێنەر. ژیانی هەریەکێکیشمان لە دواجاردا بۆخۆی بەسەرهات و حیکایەتێکە دەبێ بیانگێڕینەوە تەنیا گێڕانەوە ڕووداوو نەگبەتی و چیرۆکەکان لە مردن و فەوتان ڕزگار دەکاتن. دوای خوێندنەوە ئێوە ئازادن چی ناو لێدەنێن و چۆن هەڵیدەسەنگێنن و بە چ قەڵەمێکی نوك تیژ دەیخەنە بەر نەشتەری بۆچوون و سەرنجەکانتان و ڕێزی هەمووتان دەگرم، بەڵام هیچ شتێك ناتوانێ چێژی ئەو ساتەم لەلا کەمکاتەوە کە دوا وشەم نووسی و تەواومکردو قەڵەمەکەمم داناو کۆڵە پشتییەکەی چەندین ساڵەم لەسەر زەوی داناو هەڵمڕشت. بەو شێوەیە دەژین و ژیانمان پڕییەتی لە کوێرەوەری و مەینەتی پاشانیش دەبێ بمرین هەموو هەوڵ و بەگژاچوونەوەکان یەکساندەبێتەوە بە سفر هەروەك ( نیچە ) لە کتێبی ( زەردەشت وایگوت ) دا دەڵێ ( لە پێناوی یەك ڕۆژ مردن هەموو ڕۆژێك دەژین ).

پاییزێکی تووش دەستی پێکردبوو لە پاشنیوەڕۆیانەوە زیاتر خۆی نمایشدەکرد، عەسرێکی درەنگ هەورێکی ڕەش و چڵکن یەخەی ئاسمانی دڵساف و بێگەردی گرتووەو شەڕی پێ فرۆشتووە جاربەجار نمەبارانێك دایکردووەو هێوربوەتەوەو بۆنی گڵ و خاکی ئاوێتەی غەمگینی پاییزکردووە. لاولاوو گەڵامێوەکان دەمێ بووە تۆزو گەردی غەمیان لێنیشتووە بەو نمەبارانە خۆیان شووشتووەتەوەو قەهرو تووڕەیی گەرمای هاوینیان لەخۆیان دەرکردووە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی دڵخۆشبن ماتەمێکی سەیر گرتوونی و ڕەنگیان ژاکاوو پەژموردە دیاربووە. لەناکاو چەخماخەی بروسکەیەك ژوورەکەی ڕۆشنکردوەتەوەو دایکمی لە داڵغەیەکی دوور ڕۆیشتوو بەئاگاهێناوەتەوە (وای خودایە ئەمە چیبوو زۆر ترسام)، لەکونجێکدا دەستی لە ئەژنۆکانی گرمۆڵەکردووەو قژی دانەهێناوەو وەك شێت بەسەر ڕوویدا هاتوونەتە خوار بەدووچاوی ئەبڵەق و دەمی داچەقیوەوە. کراسێکی مەیلەو مۆری گوڵ گوڵی تاریکی لەبەردابووە.

ئەو ژوورەی دایکمی لێبووە زۆر گەورە نەبووە، دۆڵابێکی کۆنە هەندێك شڕە لێفەو سەرین و نوێنی ڕەنگاوڕەنگی بەسەردا قەدکراوە، ژێرەوەشی چەند دەستە پەرداخ و سوراحییەکی شووشەو تاخمێك فنجانی بەنەخش و زەخرەفەداری تێدادانراوە کە بەجامێکی کەمێك پیس دا پۆشراوە وەك ئەوەی یەکێك بە پەلە بەلای ڕاست یا چەپدا کردبێتییەوەو عارەقەو شوێن دەستی بەسەرەوە جێمابێ. دیوارێکی ناشیرین و خوار گەر لەهەر لایەکەوە سەیرتکردبووایە واتزانیوە بە پشتدا کەوتووە، نازانم جا ئەمە بۆ کۆنی و لەمێژینەی دروستکردنی بگەڕێنمەوە یا وەستاو کرێکاری ناشی کە کارەکەیان لەکۆڵ خۆیان کردۆتەوەو ڕەمەکی و بێ ئەندازەیەکی هاوسەنگ پێکیانهێناوە. بنمیچەکەی گڵ و کاریتەبووە چەند دارێکی ئەستوورو درێژو تۆکمە لەمسەر بۆ ئەوسەر ڕایەڵکراوەو هەندێکیان گرێ و چوکڵەی ئەوەندە جوانی تێدابووە وەك بڵێی بەدەستی ئەنقەست لەوێ نەخشاندبێتیان. لەم ساتە وەختەدا بۆخۆم بیرلەوەدەکەمەوە ئاخۆ لەسەردەمی شەکانەوە و گەنجیدا سێبەری ئەم دارانە جێژووانی چەندان عاشق بووبێتن ئێستاش پەل و پۆیان کراوەو بێدەست و قاچ کەوتوون، دەبێ کاتێك چڵەکانیان بڕاوەو گەڵاکانیان وەریوەتە سەرزەوی چ هەستێکیان هەبووبێ و چەندیان فرمێسك باراندبێت بەدەست مرۆڤی دڵڕەق و جەلادەوە کە لەوەتەی زەوی زەوییە دەکوژن و ناشارنەوە؟ تۆ بڵێی شوێنی جیابوونەوەی لقەکان نەبووبێتنە برین و ساڕێژبووبن؟ وای لە جەستەی زامدارو هەلاهەلایان. بیرم لای دڵدارانی ژێر سێبەریانە دەبێ ئەوانیش وەك درەختەکانیان بەسەرنەهاتبێ؟!

پەنجەرەیەکی نزمی گەورە لەژوورەکەدا هەبووە لەبری شووشە نایلۆنی پێوەبووەو بەسەر حەوشەیەکی پان و بەریندا ڕووانیویەتی و پەیژەیەکی چیمەنتۆ وەك ماری ڕاکشاو دەمی بە لێواری سەربانەکەوە ناوە. گڵۆپێك بەڕۆشناییەکی کزەوە بەناوەڕاستی ژوورەکەدا هەڵواسراوەو تیشکەکانی بەهێمنی ڕژاونەتە سەر دۆڵابە کۆنەکەو جەستەی دایکم. کات وردە وردە بووەتە ئێوارەیەکی درەنگ و بێدەنگ کە جۆرە سام و ترسێکی لەدڵی دایکمدا چاندووە، بۆیە خێرا هەستاوەتە سەرپێ و بۆ بەرامبەر پەنجەرەکە چووەو پەردە سپییەکەی لاداوەو سەیری تاریکی و هێمنی و غەمگینی چڕی حەوشەو ئێوارەی کردووە،

هەربۆیە وەك نەریت و خوویەك چەند ئێوارەیەك ئەمەی دووبارە كردووەتەوەو ترسێكی نامۆی لێنیشتووە وەك بڵێی بەدوای شكاندنی قوفڵی تەلیسم و جادوویەكدا بگەڕێت.

## ئێوارەی یەكەم

ئەو ڕۆژە سەرلەبەری ساردبووە بەلاَم لەئێوارەدا كزەباكەی وشك و تووندتربووەو لەژێر قادرمەو پشت دەرگای حەوشەوە گەمەی بەگەڵاَ زەردو سیس و وەریوەكان كردووە. دایكم هەستێكی سەیر دایگرتووەو لەبەر پەنجەرەی ژوورەكە وەستاوە بۆخۆشی نازانێت چاوەڕوانی باوكمە یا نمایشی گەڵاَكان و هێمنی و نیوە تاریكی حەوشەكە وایانلێكردوە چاو لەسەر ئەو دیمەنە هەڵنەگرێت.

چاوانی چەند جارێك هەڵگڵۆفیوەو كەمێك پرچی نیشتوەتە سەرنێوچەوانی و لایداوە. دەستی بەدیوارەوە گرتووەو وردتر سەرنجیداوە تارمایی چەند ژنێكی لەبن دارمێوە مل ڕووتاوەكەدا بینیوە، بڕوای بە چاوەكانی خۆی نەكردووە ڕاستە یا واهیمەی خەیاڵەكانیەتی؛ ژنەكان هیچكامێكیان لەمیتریان نەچوون لەهەمان كاتیشدا لەیەكترچوون. هەندێكیان لەسەرەوە تاكەمەر جەستەیان ڕووتبووەو مەمكێكیان لە مەمكەكەیتریان بچووكتربووە بەڕاددەیەك وەك چۆن كاڵەكێك و پرتەقاڵێك بەتەنیشت یەكەوە دابنێی وەهابووە. قژیان نیوەی تاشراوبووەو نیوەكەی تریش درێژ درێژ كە خەریكبووە بەدەم ڕۆیشتنەوە لێی بەربوونەتەوە. هەندێكیان خامێكی سپییان بەخۆیانەوە پێچاوە كە گوڵووكەی هێندە بەهارییان تێدابووە ئەستەمبووە بەم دەمەو پاییزە لەهیچ جێگایەكی دونیا بدۆزرێنەوە، هەموو پێكرا گریاون و دڵنەوایی یەكتریان كردووە فرمێسكەكانیان كە بەر زەوی كەوتووە وردوخاش بوونە وەك لە شووشەو كریستاڵ بوویێتن. ئەڵقەیەكی بازنەییان بەگریان و واوەیلاوە دروستكردووەو بەدەوری یەكدا سووڕاونەتەوە، جارجار دەنگ و سەدای دەفێك هاتووە وەك لەمەلەكووتەوە بێ وەها دوورو ترسێنەربووە. كەم كەمە بازنەكەیان فراوانتر كردووە تا گەیشتوونەتە بەر پەنجەرەی ژوورەكە و مشتەكۆڵەیان بەدیوارەكەدا كێشاوەو بێ وەستانیش گریاون. دایكم سامێكی زۆری لێنیشتووەو جەستەی عارەقەیەكی سەیری دەرداوە وەك تەواوی ڕۆژ لەبەرباران بوویێت، گەرماییەك بەسك و پشتی داهاتووەو سوورهەڵگەڕاوە. ژنەكان ئەوەندە لێی نزیكبوونەتەوە هەستیكردووە بەعزێكیان دەناسێت و بەتوندی هاواریكردووە: ((نەجیبەی هاوڕێم ئەوە چیت بەسەرداهاتووە لێرە چیدەكەیت؟ گوڵەندامی خوشكم پێمبڵێ بەجەستەیەكی سەیرو نیوە ڕووت بۆچی وا بەكوڵ دەگریت؟ ئەختەری دەستە خوشكم هەر دەڵێی دایك و باوكت مردوون وەها هێشووە فرمێسك هەڵدەڕێژیت دە تۆ بڵێ چیبووە؟))، بەلاَم هیچ وەلاَمێكی گوێ لێنابێت. لەدوای هەموویانەوە ژنێك بەخێراییەكی سەیر ڕایكردووەو خۆی بە پەنجەرەكەدا كێشاوەو وەك مۆمی تواوە یا دەڵەمەیەكی خۆنەگرتوو شكاوەتە سەریەك و چۆڕاوەتەوە چەند ژنێكیش هەوڵیانداوە كۆیكەنەوەو بەوێنەی قوڕی دەستكرد بینێنەوە سەریەك و جارێكی دی دروستیكەنەوە. هەر گریاون و ژیرنەبوونەتەوە بەردەوامیش دەمیان جووڵاَوەتەوە وەك

بیانەوێ شتێك بەدایكم بڵێن. چەندی هاواریانكردووە دایكم هیچی لێنەبیستوون، لەڕوخساری هیچیشیان ئاسوودەیی و خۆشنوودی تێدا بەدینەكردووە.

دایكم ویستوویەتی بەرەو دەرگاكە ڕابكات و بۆ نێو كۆڕی ئەو ژنە سەیرو عاجباتیانە بچێت كە لەڕاستیدا عاجباتیش نەبوون، كەچی ئەوان لەبەر پەنجەرەكە دووركەوتوونەتەوە. دایكم دەرفەتی لێهێناوەو بە پەلە دەرگاكەی كردووەتەوەو بۆ حەوشە غاریداوە، بەڵام جگە لە حەوشێكی ئاسایی و قادرمەیەكی ڕاكشاوو هەندێك گەڵای زەردو وەریو لەبن دارمێوێكی ڕووتەن و سپی هەڵگەڕاودا هیچ شتێكی دیكەی نەبینیوە .

ئێوارەی دووەم

سەر لەئێوارەی ڕۆژی دووەم هیچ ( با ) یەك هەڵینەكردووەو شار كش و مات بووە، بەڵام هەست بە سەرمایەكی تیژكراوە وەك ئەوەی بە چەقۆ بتبڕن و بتكەن بەدوولەتەوە، ئەمەش بۆ گەیشتنی كرێوەو زستانێكی تووش زەنگێكی مەترسیداربووە. هەورێكی بۆر نەیهێشتووە ئاسمان بەچاكی ببینیٚ و بینایی لێڵ كردووە، هەرچی باڵندە بووە بۆ لانە ساردو تەزیوەكانیان گەڕاونەتەوەو هێمنییەكی سەیر ئەو ناوەی داگرتووە .

دایكم بە درێژایی شەوی ڕابردوو خەو نەچووبووە چاوانی و لەبارەی دیمەنی ئێوارەی ڕۆژی پێشووەوە هیچیشی بۆ باوكم باسنەكردبوو، جا نازانم حەزینەكردووە یا ئەوەتا گەر بۆی باسكردبایە ئەوا باوكم گاڵتەی پێدەكردو ماوەیەكی زۆر دەبووە بنێشتە خۆشەی سەرزاری و پێی پێدەكەنی و ڕەنگە پێی گوتبایە تۆ تێكچوویت، یا سەنگی ترسی دیمەنی شانۆگەرییەكەی لەلا ئەوەندە زۆربووە نەیوێراوە بۆی بگێڕێتەوە، چونكە پاش ئەوەی كە بۆ حەوشەكە ڕایكردو هیچ شتێكی نەبینی بۆخۆیشی بڕوای بەخۆی نەكردووەو وەك گومان و دوودڵی لەڕۆحیدا بەجێماوە.

باوكم فەرمانبەرێكی میری بووەو دوای نیوەڕۆیانیش جۆرەها ئیشیكردووە، بۆیە لەبەر سەرقاڵی زۆر بەكەمی كەوتووەتەوە ماڵ و نەپرژاوەتە سەر هەندێك وردەكاری، بەڵام لەگەڵ دایكم یەكتریان زۆر خۆشویستووەو سۆزێكی بڕست شكێنیان بەیەكتری داوە.دایكم بەو ژیانە ساكارەی ڕازییووە چونكە باوكم زۆری ڕێز لێگرتووەو بەدەر لەوەی خێزانی بووە وەك هاوڕێ و دۆستیش لێی ڕوانیوە، بۆیە یەكتریان لا پیرۆزو گەورە بووەو سامان و پارە نەبووەتە گرفت و كۆسپێكی گەورەی سەر ڕێگایان.

ئەو ڕۆژە لەدوای چوونەدەرەوەی باوكمەوە دایكم خەریكی ئیش و كارەكانی ماڵەوەبووە، بەڵام دەستی بۆ هەرشتێك بردووە شكاندوویەتی و بەربۆتەوە خەیاڵی هەر لای دیمەنی ژنەكان بووە، بۆیە هەر كە ئێوارە هاتووە بۆ بەر پەنجەرەكە چووەتەوەو ڕاماوە بەڵكو بیانبینێتەوە، كەچی ئەوجارە شتەكان نەزم و ئیقاعێكی دیكەیان وەرگرتووەو گەلێك جیاواز بووە لە ئێوارەی یەكەم.

دایكم لەودیوی پەنجەرەوە جگە لەتاریكییەكی چڕو ڕەشێتییەكی ئەستوور هیچ شتێكی دیكەی نەبینیوەو چەند هەوڵیداوە حەوشەو قادرمەو دارمێوە ڕووتاوەكە ببینێ، بەڵام هیچیان دیارنەبوون وەك ئەوەی تاریكی هەموو دنیا لە پشتی پەنجەرەی ئەو ژوورە بەدبەختەی دایكمەوە كۆببێتەوە.

حەوشەكە بەوێنەی دەشتێكی فراوانی لێهاتووە نەسەری دیاربووە نەبن بەجارێك ڕەنگی ڕەش گەمارۆیداوە، بەڵام لە پڕ هێڵێكی سپی سپی وەك دەزوولە لەوسەری سنوورو پێدەشتە تاریكەكەوە درێژبووەتەوە تا بێ درێژتر بووە ئەوەندە هێمن ڕۆیشتووەو دڕی بە تاریكییەكە داوە كردوویەتی بە دووكەرتەوە. ئەمبەرەوبەری پڕ لە گوڵی ژاكاوو سیس و سنەوبەری درێژبووە كە هیچیان گەڵایان پێوەنەبووەو لە هەور تێپەڕیون، چەند دارتوویەكی پیریشی بەرچاوكەوتووە دەستیان لەكەمەرییان داناوەو قەهرو غەمی ڕۆژگار چەماندوونەتییەوەو ویستوویانە سەربەرزبكەنەوەو نەیانتوانیوە. وەختێك دایكم وردتربووەتەوەو چاتر سەرنجیداوە لەوسەری هێڵە سپیەكەوە چەند پیاوێكی باڵابەرزی بینیوە بەرەو ڕووی هاتوون هەموویان بە موو كورتترو درێژتر نەبوون لەیەكتری وەك بڵێی باغەوانێك هەر هەمووی وەك یەك بە مقەستێك بڕیون و خشتكردوون. دیارنەبووە چییان پۆشیوە هەر هێندەبووە لەو دوورەوە ڕەش چوونەتەوەو دەستێكیان بەخۆیاندا شۆڕكردۆتەوە، بەدەستەكەی دیشیان دارمەیتێكی درێژكۆلەیان بەسەرشانەوە گرتووە كە لەوەیە مردوویەكی تێدابووبێ ڕەنگە بەتاڵیش بووبێت، دەنگە دەنگ و هاواریان لێبەرزبووەتەوە هەندێجار وەختبووە دارمەیتەكەی سەرشانیان بكەوێتە خوار و بە پەلە گرتوویانەتەوە، تا گەیشتوونەتە بەر پەنجەرە بەهەمان ئیقاعی وەك یەك ڕۆیشتوون وەك نمایشێكی سەربازی بكەن دەست و قاچیان وەها جوان و مۆسیقی جووڵاندووەتەوە دایكم هەر پێیخۆشبووە سەیریان بكات بەڵام ترسناك بوون، پیاوەكانی لەنزیكەوە بینیوە بەڵام وەختێ لەبەرپەنجەرەكەدا وەستاون جۆرێكی دی بوون واتە لەسەر شێوەی دەنكە شقارتەی سووتاو هاتوونەتە پێشچاوی، بۆیە پێی سەیربووە چۆن ئەو دارمەیتە قورسەیان بۆ هەڵگیراوە!

لەناو ئەو دارمەیتەدا كەسێك بەرزبووەتەوە و بەشێوەیێ دانیشتووە پشتی كەوتۆتە دایكم، سەرو قژێكی ڕەشی كەمێك لوول و درێژ تاسەر ملی داپۆشیوە، قۆڵنجەكانی وەك بە چەقۆ هەڵیانكۆڵیبێت دوو چاڵی گەورەی تێدابووە یەكێكیان خوێنێكی سپی لێڕۆیشتووە ئەویدیشیان برینێكی تەڕ بووە، بەڵام هیچ خوێنێكی لەبەر نەڕۆشتووە، بڕبڕەكانی پشتی وەها دەرپەڕیون زۆر ئاسان توانیویەتی بیانژمێرێت. لەكەمەرییەوە لەناو دارمەیتەكەدا بووەو دیارنەبووە چۆنە، بەڵام دایكم بەسەرو قژە درێژەكەی لەدوواوە هەستیكردووە ئەوە باوكمە بۆیە بەگریانەوە هاواریكردووە: (( بەهادین گیان ئەمە چیت بەسەرداهاتووە خۆ جارێ كاتت بۆ ماڵێ ماوە بگەڕێیتەوە بۆ ڕوخسارتم پیشان نادەی، توخودا ئاوڕێك بدەوە؟! ))

هەندێك لەوپیاوە باڵا بەرزانەی دایكم لەنزیكەوە وەك دەنكەشقارتەی سوتاو دیتوونی كە وردتر سەرنجیداوە هەر دەنكە شقارتەیەك ڕووخسارێكیان هەبووە، دووانی لێ ناسیونەتەوەو زانیویەتی كێن و بانگی كردوون: (( كەمالی خۆشنووسی برام

ئەوە بەم ئێوارەیە لەم تاریکستانەدا چیدەکەیت بۆ وات لێهاتووەو وەرە ژوورەوە، باوکە کیان بۆچی دوکانەکەت جێهێشتوەو بۆ بەر پەنجەرەکەم هاتووی بزانم چی بووە توخوا وەڵامم بدەوە؟))، بەڵام نە ئەوان گوێیان لە دایکم بووە نەدایکشم وەڵامێکی لێوە بیستوون ،بۆیە لە حەسرەتدا بەچاوی زەق و قژی بڵاوەوە بۆ حەوشەکە ڕایکردوە، لەوێش لەقادرمەو دارمێو بترازێت هیچ شتێکی دیکەی نە بینیوەو کزە بایەکی ساردیش خەریکبوە ڕوحی بکات بە دوو لەتەوە .

## ئێوارەی سێیەم

لەدوای کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆوە خەڵك هەرگیز ئاسمانیان بەو چەشنە تووڕەییەوە نەبینیبوو، زۆر جار پیرو بەساڵاچووان حاڵەتی لەو جۆرەیان دیوە بەڵام بەو ڕەنگ و بۆن و تووڕەیی و غەمگینیەوە نا. خوێناوێك وردە وردە ڕژاوەتە سۆمای ئاسمان و بەری چاوانی سور هەڵگەڕاندووە، هەتا خۆر پتر لەئاوابوون نزیك بووەتەوە ئەو سوورتر بووەتەوە بە وێنەی ئەژدیهایەکی گەورە سەری لە ڕۆژئاوا بێت و کلکیشی لە ڕۆژ هەڵات، لە خەرەندێکی هەزار بەهەزار سەری شۆڕ کردبێتەوە وەها لە زەوی نزیك بووەتەوە، ئەستەم بووە لێیانڕوانیبیٚ و ترسێکی ناکاو سەرا پای نەگرتبنەوە، بۆ هەر شوێنێك ڕۆشتبان بەدوایانەوە بووە. ئەو ڕەنگە سوورە سەرا پای شاری گرتووەتەوە و هەموو جێگایەك سوور چووەتەوە وەك چۆن باڵندەیەکی مردوو لە پەرداخێك ڕەنگاو هەڵکێشرابێت و هێنرابێتەوە دەر وەهابووە. خەڵکی بەپەلە بۆ ماڵەکانیان گەڕاونەتەوەو دەرگاکانیان کلۆمداوە، کوچەو کۆڵانەکان بۆنی غەریبی و ترسێکی بێوێنەیان لێهاتووە، درەختەکان سەریان لەجاران نەویتر کردووەو دەستیان بەخۆیاندا شۆڕکردووەتەوە، پنچکە دەوەنە گێژو ساواکان خۆڵێکی سامناکیان بەسەردا نیشتووەو سەریان خستۆتە بن باڵی یەکتری.

منداڵبووم لەیادمە پیاوێکی پیری ڕیش سپی دراوسێی ماڵی با پیرم بوو خۆیی و ژنەکەی بەتەنیا ژیانیان دەگوزەراند و وەجاغ کوێربوون، کەمێك پشت کۆم بوو هەمیشە گۆچانێکی بەدەستەوە بوو بەردەوامیش بۆن عەترێکی خۆشی لێدەهات دوو برۆی چڕو سپی هەبوو کە چاوە بەقووڵدا چووەکانی شاردبوەوە، تاقسەی لەگەڵدا نەکردبایت و سەری هەڵنەبڕیبایە نەتدەزانی چاوی هەیە، سمێڵێکی زل و گەورەشی پێوەبوو نیوەی ڕوومەتی دا پۆشیبوو ناوی (سەید محێدینی بەننا) بوو هەردەم نوقڵی ڕەنگاوڕەنگی لە باخەڵدابوو گەر لە کۆڵان منی بدیبایە چەند دانەیەکی لەدەستم دەکرد منیش پێکەنینێکی گەمژانەی پڕ لەخۆشەویستیم بۆدەکرد. دایکم دەیگێڕایەوەو دەیوت ژنەکەی کە ناوی (ئایشەی سمەی کەبابچی) بوو وتوویەتی (سەید محێدین) هەموو جار دەڵێ هەر وەختێك ئاسمان وەها سوور هەڵگەڕا لە مەلەکوتەوە غەزەبێکی ئیلاهی دەڕژێت و پیاوێکی گەورە دەمرێت، یاحافیزەڵڵا ڕوحممان پێبکەیت و بەر نەفرەتی خۆتمان نەخەیت.

دایکم بەوێنەی دوو ئێوارەکەی دیکە بۆ بەر پەنجەرەکە ڕۆیشتووەتەوەو لە سووربوونی حەوشەو ئاسمان ڕاماوە تا بزانێ ئەوجارە کام دیمەن دەبینێ و کام نمایش سەرنجی ڕادەکێشن و تووشی خەیاڵ و واهیمەیەکی دی دەکەن. لەو ئێوارەیەدا

دایكم ماكسیەكی قۆڵ درێژی نزیك لە نەخشی باڵی خاڵخاڵۆكەی لەبەردا بووەو قژی بە پەڕۆكێكی سپی لە دوواوە بەستووە كە تا ناوەڕاستی پشتی درێژبوونەتەوە. دەستەكانی بەملاولای دیوارەكەوە گرتووەو بەدووچاوی پڕ لە حەسرەت و داخەوە چاوەڕێی كردووە، لە پڕ چەند درەختێكی بێ سێبەری كورتەبنەی بەهەزار قاچەوە لەناوەڕاستی حەوشەدا بینیوە هاتووچۆیان كردووە هەریەكەیان فانۆسێكی بەدەستەوە بووە گڕەكەی هێندە كەمبووە هەر لەچرای دزان چووە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی میوە بەلقەكانیانەوە شۆڕبێتەوە كەللەسەری مرۆڤیان پێدا هەڵواسراوە هەركامێكیان ڕوخسارو قەبارەو شێوەی دروستبوونیان لەوی دی جیاوازبووە.

دەموچاوەكان هەندێكیان لووتێكی درێژو جووتێك چاوی بچكۆلەیان هەبووەو دەمیان دووراو بووە، هەندێكی دیكەیان دوو چاوی گەش و دەمێكی بەخەندە،ئەوانیدیكەش هەمەچەشن و جۆراوجۆر بوون تێیاندابووە گوێچكەی نەبووە یا هەیبووەو لەناوەڕاستەوە پێكەوە نوساون. چەند دانەیەكیان تا ناوەڕاستی ڕوویان ئاسایی بووەو پڕبوون لەگۆشت و خوێن كەچی لە كەپوویانەوە هەتا چەناگەیان ئێسكیان بەدەرەوە بووەو ددان و شەویلگەیان هەر لە مردوو چووە. چاویان تێدابووە لەوە چووە تا دووا هەناسە لە چاوەڕوانیدابووبێت، زاری تێدابووە وەها بەشكراوەتەوە كە لێیان وردبۆتەوە هەستیكردووە گوێی لە هاوارو قیژەو گریانیانە. زۆر زمانی پچڕاوی بەرچاوكەوتووە، لەناویاندابووە لەجێی هەردوو چاوەكە دوو چاڵی گەورە هەبووە و توانیویەتی ئاسان ئەودیویان لێوە ببینێت..

درەختەكان بەردەوام و بێ یەك چركە وەستان گریاون، جاربەجار بەدەم هەنسك و چاوی پڕ لە فرمێسكەوە نیگایەكیان گرتووەتە دایكم، ئەویش لەودیو پەنجەرەكەوە گریاوەو ئەشكی حەسرەت و بێدەسەڵاتی بۆ باراندوون و هەموو جارێكیش بەسەر قۆڵی ماكسییەكەی چاوو لووتی سڕیوە. ویستوویەتی بۆ دەرەوە ڕابكات و یەكەیەكە لە كەللەسەرەكان بڕوانێت تا بزانێ كەسیان ناناسێتەوە، بەڵام ترساوە لەگەڵ كردنەوەی دەرگاكە ون بن و تەواوی دیمەنەكە ئاسایی بێتەوە وەكو جاران كە هەرگیزیش ئاسایی نەبووەتەوە.

دایكم بینیویەتی ڕەنگی كەللەسەرو درەختەكان تۆزە تۆزە خۆڵەمێشی بوون تا وایانلێهاتووە بەیەكجار ڕەش داهەڵگەڕاون وەك ئەوەی دارستان گڕێكی بێ ئامانی تێبەربووبێت و ئەوانیش دوا دەروازەیان بۆ دەرچوون ڕاكردنێكی خێراو بازدانێكی بە ئیرادەوە بووبێت بەسەر ئاگرەكەداو دووكەڵی چڕو بێ بەزەیی ئاگرەكەش وەها ڕەشیكردبێتن. پاشان هەر هەموویان شێوەیان چووەتە سەر سووتوی جگەرەو لەشوێنی خۆیان دامركاونەتەوە. دایكم بۆ حەوشەكە غاریداوە بەڵام لەقادرمە ڕاكشاوو دارمێوە ڕووتاوەكە و حەوشێكی سوور هەڵگەڕاو چیدیكەی نەبینیوە.

## ئێوارەی چوارەم

خۆڵبارینێیکی خەست ڕووی لە شارەکە کردووەو وەك تاعوون بۆ سەر زەوی داباریوەو ئاسایی نەبووە لە وردە چەوو زیخی تێکەڵ چووە کە بە هێڵەکێکی ورد داکرابێت بەهەر جێگایەکەوە نووسابێت وەك کرمەلیقە پێیەوە لکاوەو لێبوونەوەی ئەستەمبووە، ڕەشەبایەکی بەهێزیش لەگەڵیدا هەڵیکردووەو ئەو پەناوپەسیوانەی نەشیگرتووەتەوە بەهۆیەوە ڕووی تێکردوون. گەر لەهەرسووچێکی کۆڵانەوە لەوسەری کوچەکەیان ڕوانیبووایە واهاتۆتە بەرچاویان پۆپەشمینێکی تەنك و لێڵ داپیۆشیوەو ڕێگای دەربازبوونیان لێگیراوە. دەستگێڕەکان خێرا خۆیان بە دوکانەکاندا کردووە، جام و شووشەی تاکسی و پاس و ئوتومبیلەکان تۆزو خۆڵێکی لیقن و بەئاو گرتوونی و ئاپۆڕەیەکی زۆر لە شەقام و قەیسەرییەکاندا دروستبووە. زەڕنگەران بە پەلە دوکانیان داخستووە، کوتاڵ فرۆشان کە دەرابەکانیان داداوەتەوە وەك دەیان ساڵبێت پاکنەکرابێتنەوە گەردێکی وەها گرتوونی. پیادەکان هاوشێوەی قرژاڵ بە پەنای دیواراندا ڕۆیشتوونەو ڕایانکردووە، سواڵکەرو بێدەرەتانان جامانەی ملیان بەدەم و لووتی خۆیانەوە پێچاوەو هەڵاتوون. هەموو باخچەکانی شار خۆڵێکی زەردو لینج داپیۆشیون، لەو ئێوارەیەشدا بەهادینی باوکم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەسەفەرێکی دوور ویستوویانە بۆ ماڵ بگەڕێنەوە، شوفێرەکەیان نەیتوانیوەو بەباشی چاوی نەیدیوە بۆیە لە میوا نخانەیەکی سەرەڕێ شەو ماونەتەوە بەدوای ئەوانیشەوە چەندین ماشێن و پاسی دیکە لایانداوەو چاویان نەیبینیوە بەڕێگادا بڕۆن،بۆیە کۆمەڵێك ڕێبواری سەیرو ڕوخسار خەستەو هیلاك و غەمبار بوونەتە میوانی ئەو ئوتێلە کە بەگەورەیی لەسەر تابلۆیەکەی نووسراوە ( میوا نخانەی ڕێبواران ) .

دایکم لەو ئێوارەیەدا هەر بە خەیاڵی گەڕانەوەی باوکم لەژوورەکەدا پیاسەی کردووەو لەبەر خۆڵبارینەکە نەیتوانیوە بۆ حەوشە بڕوات تا لە دەرگاوە سەرێك لەکۆڵان خواربکاتەوە دڵی زۆر توند بووە،لەبیرمە ڕۆژێك کە خۆی بۆی دەگێڕامەوە موچرکە بەلەشیدا دەهات و دەیوت: (( ماردین گیان ئەو ئێوارەیە یەکێك بوو لەو کات و ساتانەی بەشێوەیێ دڵم گیرابوو توندببوو گەر دوای هەزارساڵی دیش بمرم بەو هۆیەوە گیانم دەردەچێ. ڕۆڵەکەم ئەو ئێوارەیەش لەبەر پە نجەرەکە وەستام و لە خۆڵبارینەکەم دەڕوانی و چاویشم لە دەرگای حەوشە بڕیبوو بەڵکو باوکت بگەڕێتەوە. کراسێکی مەیلەو ئاسمانیم لەبەردابوو چاکەتێکی ڕەشم بەسەرییەوە پۆشیبوو هەستمدەکرد سەرمامەو لەرزێکی کت و پڕ کەوتبووە ڕۆح و جەستەمەوە. تۆزێك سەرمدێشا بۆیە لەچکەکەم بەتوندی بەنێوچاوانی خۆمەوە بەستبوو، پە نجەکانی دەست و قاچم وەك سەهۆڵیان بەسەرەوەبێت وەها ساردبوون، پێموابوو فشاری خوێنم دابەزییوو جاربەجار پاڵدەکەوتم ئینجا خێرا هەڵدەستامەوە سەرپێ و بەرامبەر پە نجەرە دەوەستامەوە، کە لەناکاو ئاوڕمدەدایەوە بەسەر دیوارە زراوم لەسێبەرەکەی خۆمدەچوو دوو هێندەی خۆم گەورەببوو. لەو ساتەدا بیرم لە دایك و باوك و خوشك و براکانم دەکردەوە کە لەشارێکی دیکە بوون و زۆرم بیردەکردن. لەنێو خەیاڵ و گێژاوی ئەو وڕێنەو تارماییانەی سەری خۆمدابووم لە پڕ دیمەنی شانۆگەرییەکی سەیرو جوداترم لەحەوشەدا بینی.

حەوشەکەمان سەرا پا ببووە تە پۆلکەی بیابانێکی ڕووتەخت لە هەندێك تاشەبەردی زل و گەورە بترازێت کە هەر بەشێوەی مرۆڤ دەچوون هیچ شتێکی دیکەم تێدا بەدینەدەکرد. هەندێکیان دەتگووت سێ کەسن بەدەمدا پاڵکەوتوون، یەك دووانێکی دییان بە پیاوی ڕیشن دەچوون زاریان بەشکردبێتەوەو سەیری ئاسمان بکەن، ئەوانی دیکەیش کەمێکیان لەزەوی هاتبووە دەر لەمنداڵێك دەچوون تازە بیەوێت گاگۆڵکێ بکات. لەمابەینی ئەو گابەردانەدا سەدان چاڵی ڕەش و تاریکم بەرچاودەکەوت، لەسەر هەندێکیان هاوشێوەی قەلآیەك لم و تە پۆلکە بەرزببووەوە ئەوەندە جوان و ئەندازەیی هەڵچنرابوون و بنیاتنرابوون لە سەیرکردنیان تێر نەدەبووم، نە دانەیەك و نەدووان سەرا پا ئەو قەلآ لمینە داپۆشیبوو. ئەوەندە چاوم غافڵکرد بە هەزاران مێروولەی سووری گەورەم لە چاڵەکانەوە دیت دەهاتنە دەرەوەو دەوری قەلآکانیان دەدا، هێند خێرا ڕێیاندەکرد نەمدەتوانی یەك بەیەکیان بژمێرم، لە پڕ لەنێو ئەو جووڵەو ڕەوتە نامۆو خێرایەدا کە هەموو بەیەك ڕیتم و ئیقاع تۆزێك دەڕۆیشتن و تۆزێك دەوەستان ئینجا دەستیان بە ڕۆیین دەکردەوە، وەك بڵێی لەیەکەیەکی سەربازیدابن ئەوان جەنگاوەربن ڕاهێنەرێك بەرامبەریان وەستابێت و ڕێنماییان بداتێ بەڵام من نەیانبینم.

گێژەڵوکەیەك هەڵیکردوو هەموو مێروولە سوورەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، بینیمن وەك تاوەرێکی سووری خول خواردوو بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوەو فڕین تا لە چاو وندەبوون ئەو ناوە ئارامی و ترس و بێدەنگیەکی سەیری تێدەکەوت. پاش ماوەیەك گێژەڵوکەکە هەڵیکردەوەو بەهەمان شێوەو بە لێشاو مێروولە سوورەکانی فڕێ دەدانەوە سەر زەوی و لە دەورووبەری قەلآکاندا بەر زەوی دەکەوتن، ئەوانەشی کەدەکەوتنە سەر بەردە زەبەلاحە لە مرۆڤ چووەکان تەقەتەقیان لێوە دەهات وەك چۆن بەرد بە جەمەلۆن و تەنەکەی قوپاودا بکێشیت وەها بوو.

گێژەڵوکەکە نەماو جارێکی دیکە لێیان وردبوومەوە هەر کۆمەڵە مێروولەیەك ئەندامێکی جەستەی مرۆڤیان بەدەمەوە بوو خەریکی خواردنی بوون یەکێکیان چاوی ئەوەی دی پە نجەی دانەیەکی دی مێشکی. چەند دانەیەکی دیکەش کەوتبوونە وێزەی دەست و قاچەکان لەوەش سەیرتر ئەوە بوو پاش چەند خولەکێك هیچ شوێنەوارێکی ئەو مرۆڤە جێ نەدەما. سەرەتا بە کرۆشتنی گۆشتەکەی دەستیان پێدەکرد لەگەڵ هەر قەپاڵێك بە ددانە وردو تیژەکانیان خوێنیان لێ دەهێنا ئینجا لێی دەگەڕان تا هەموو خوێنەکەی لەبەر دەڕۆی. ئەوان وەك ئادەمیزاد عاشقە خوێن نەبوون بەڵکو عاشقی سەر سەختی گۆشت و ڕۆح و مۆخی مرۆڤەکان بوون. لەدواییدا دەستیان بە خواردنی دەکردو پاش چەند سەعاتێك هەموو شتێك بزر دەبوو. حەزێکی سەرشێتیان بەرمبەر چاوو زمان هەبوو بەڕادەیەك زۆر جار لەسەری بەشەڕ دەهاتن. ڕەشکێنەیان دەردەهێناو ئاوی بینایيان وشك دەکردو سپیلکەی سۆماییان دەکرۆشت و هەڵدەلوشی .

جگەر گۆشەکەم بڕواناکەی ئەو ئێوارەیە چەندە ترسابووم جەستەم نیشتبووە سەر عارەقەیەکی گەرم, چاوم سور سور هەڵگەڕابوو دڵم ئەوەندە بە پەلە لێ ی دەدا دەموت ئێستا یان ساتێ تر لە سینەمەوە دێتەدەر، وامدەزانی بنمیچی ژوورەکە

لێم نزیك دەبێتەوەو ڕەنگە لەگەڵ زەویەکە جووتم بکات. وامدەزانی مێرووله سورەکان دزە دەکەن و بۆ منیش دێنە ژوورەوە . چاوم ڕەشکەو پێشکەی دەکرد, هەر هەنگاوێکم دەنا دەکەوتم, دەمویست هەستمەوە ئەژنۆم دەنوشتایەوە, دەستم بۆ هەر چی دەبرد بەردەبووەوە. لەترسی مێرووله سورەکان بەهەموو هێزمەوە خۆم بە دەرگادا کێشاو دا مخست نەموێرا وەك ئێوارەکانی دیکە بچمە دەر بۆیە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بەرچاوم تاریك بوو کەوتم هەموو شتێك ڕەش دەینواندو هەستم دەکرد بۆ نێو چاڵێکی درێژو تاریك و قوڵ شۆڕدە بمەوە)).

## ئێوارەی پێنجەم و دوا ئێوارەی بینینی دیمەنە ترسناکەکانی پشت پەنجەرەکە

دەمێك بوو دایکم لە ئیشو کارەکانی نێوماڵ ببووەو ویستویەتی کەمێك پشوو بدات، بۆیە تۆزێك لە جێگادا پاڵکەوتووە تا هەندێك بحەسێتەوەو چاوێك گەرم بکات، بەڵام هێندەی کردویەتی نەیتوانیوە بخەوێت مێشك و خەیاڵێکی ئاڵۆزو جەنجاڵی هەبوەو بیری هەر لە مێرووله سورەکان کردووەتەوە چۆن مرۆڤیان دەخواردو بەچ شێوەیەك چاوو دەست و پەنجەو زمانیان دەکرۆشت، هەر کە چاوی لێکناوەو بۆ نێو داڵغەکانی ڕۆچوە هەورە گرمەیەکی توورە لەناکاو چەخماخەکەی بەئاگایان هێناوەتەوەو پەلیان گرتووەو بەرەو واقع هێناویانەتەوە. ئەمە ئەو ساتەیە کە مرۆڤ تەواو بێ هیواو ئومێد دەبێ و بەشێوەی شەرکەرێکی شکست خواردوو لغاوی ئەسپەکەی دەگرێت و بەسەری نەوی و شۆڕەوە لە گۆڕەپانەکانی جەنگ دەگەڕێتەوە. لەسەر دەمی ئامادەییدا هاوڕێیەکم هەبوو ڕۆشنبیرییەکی گشتگیرو هەمە لایەنەی هەبوو هیچ کام لە بوارە ئەدەبی و زانستی و فکری و سیاسیەکانی بەسەردا ڕەت نەدەبوو دەستی لە هیچیان نەدەپاراست و هەمیشە دەی خوێندەوە بەڵام تا بڵێی مرۆڤێکی خەیاڵی و داڵغاوی بوو ناوی (سامان ئیبراهیم باغەوان) بوو گەلێك جاران خۆی دەیووت: ((ناوم سامانە تاکە سامانێکیش خاوەنی بم خەیاڵ و دنیای فەنتازیەکانە زۆر جار لە خۆم پرسیوە گەر جیهانی خەیاڵ نەبوایە مرۆڤ چی دەکرد ؟ دەبوایە بەشەریەت لەناو بچێت و مێژووی مرۆڤایەتیش بسڕدرێتەوە, هەرجارێك کە لە جیهانی ئەفسون و دەسکردی نێو داڵغەکانم دێمە دەرێ و سەیری واقعی ڕاستەقینەو ترسێنەر دەکەم، وادەزانم هەیولاو ئەژدیهایەکی حەوت سەرەو هەر سەرێکیانی بپەڕێنم چەند دانەیەکی دیکەی دەمێنن تا هەڵملوشن و بمخەنەوە هەناوی خۆیان)).

سالأنێك پێش ئێستا دایکم ئەو ئێوارەیەشی وەك ئەوانی دی بۆگێڕامەوەو بە هەناسە ساردییەوە وتی: ((ڕاستە کوڕم بیرم لای ئێوارەکانی پێشووترو مێرووله سوورو عاجباتی و دڕندەکان بوو بەڵام لە گوژمی واقعی تاڵ و نەگبەت هێشتاکە پێم خۆشتر بوو . من چێژ لەوە دەبینم چاوانم دا بخەم و بیانئێمە سەر یەك, ئەوە ڕاست نیە کە دەڵێن گەر چاوت بنووقێنیت هیچ شتێك نابینیت، ئەو کاتەی پێڵووەکانم دەخەمە سەریەك لەهەموو وەختێك ڕوونترو چاتر دەبینم، چونکە ئەوەی خۆم دەمەوێت دەتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم ئەوەیشی نامەوێت توڕی هەڵدەمە زبڵدانی واقیعەوە، هەمیشە ئەو چێژەی لە داڵغەکانمدا وەرمگرتووە واقیع نەیبەخشیوە پێم.جگەرگۆشەکەم دەشێ تا ئێستا هیچکەس لە دنیای نابیناو کوێرەکان

نەگەیشتبێت، ئەوان جیهانێکی دی و زەوییەکی دیکەیان لەبەرچاودایەو بەجۆرێك دەبینن ئێمەی چاو ساغان نەوەك ناتوانین ببینین بەڵکو ئەوان خۆیان ڕێگامان پێنادەن بچینە نێو جیهانی تازەو گەش و پڕ لالەزاریان. تەواوی ئەو کوێرانەی تا ئێستاکە من ناسیومن ئێمەیان لا نەخۆش و لاوازو نادیدە بووە، گەر ڕۆژێك هات و ڕازییوون و ڕێگایاندایین پێ بخەینە سەر زەوی و دنیا تایبەتەکەیان نابێت دەست بەچاومانەوە بگرین، لەبەرئەوەی بۆ جیهانی نابیناکان نەهاتووین بەڵکو بۆ باغ و سەرزەمین و تاڤگەو شەقامی پڕ گوڵاڵەو ڕەنگی هەمەجۆرو ئاسمانی جیاوازترو پێکەنینی سادەو ئاسوودەییەکی دیکەوە هاتووین، دەبێ وابکەین وەك وان چۆن شتەکان دەبینن ئێمەش وەها بیانبینین، گوڵەکان چۆن بۆندەکەن وەهایان بۆن بکەین، بەچ جۆرێك بەڕێگادا دەڕۆن بێ ئەوەی گۆچان یا داردەستێکیان بەدەستەوە بێت وە یا کەسێك پەلیان بگرێت وەها بڕۆین.

کچێك دراوسێمان بوو ناوی (دڵگەش) بوو تا دەستت بەرزکردبا باڵای بوو دڵت نەدەهات لەجوانیدا سەیری بکەیت. قژ ڕەشێکی سپیکەڵانەبوو بەدووچاوی گەورەو ڕەشەوە لە زگماکەوە نابینابوو، دایك و باوکی تا قۆناغی گاگۆلکێی نەیانزانیبوو کە کوێرە تا ڕۆژێك هەوڵدەدات بکەوێتە سەر قاچ و بە پێیەکانی خۆی بڕوات دایکی زۆرباش دەیبینێت نەجارێك و نەدووان و نەسیان خۆی بە دیوارو دۆڵابی نوێن و دەرگای ژووردا دەکێشێت ئیدی لەو حەلەوە بۆیان ڕووندەبێتەوە کوێرە. بەردەوام پێی دەوتم (لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕاستە کوێرو نابینام بەڵام ئەو ڕەنگ و سەرزەمین و ئاسمان و پەلکەزێڕینانەی من هەمن و دەیانبینم ئێوە بەخەوی شەوانیش نەدەیبینن و نە پێشیدەگەن) )).

پاش ئەوەی گرمە گرمی هەور دایکمی بۆ دنیای واقیع هێناوەتەوە بە پەلە بۆ بەرپە نجەرەکە ڕایکردووە، ئەمە وەك ڕیتمێك لە سروشتی ژیانی ڕۆژانەو ئاسایی لێهاتووە. بەوێنەی ئێوارەکانی پێشوو هەستێکی تاقەت پروکێن و بێزاری هەبووە بۆیە دەستی بەهەردوولای پەنجەرەکەوە گرتووەو تەماشای حەوشەکەی کردووە. کەم کەمە دنیا تاریك داهاتووە لەپڕ لەنێو کەش و سروتێکی عاریفی و دەروێشانەدا بازنەیەك مۆمی داگیرساوی دیوە بەڕوناکیەکی زۆرو ڕۆشناییەکی بێوێنەوە سووتاون. لە نێو ئەڵقەی مۆمەکاندا سەرنجی جووڵانەوەی یەکێکی داوە بەڵام نەیزانیوە چیەو چۆنەو کێیە، دواتر لە گڕی مۆمەکان پتر نزیکبووەتەوە خۆی لەسەر عەرەبانەیەکی گەڕۆکی پەککەوتواندا بینیوە دانیشتووەو ڕەوڕەوەکانی بەدەست خولاندووەتەوەو لەمابەینی بەشی سەروو خوارووی بازنەکەدا هاتوچۆی کردووە، قژی هەموو کراوەتەوەو قاچێکیانی لەخوار ئەژنۆوە پێوە نەبووەو دوو دار شەقیشی لەسەر کۆشی خۆی داناوە، ئاگرێکی مەیلەو نارنجی و شین وەك گڕی فتیلەیەکی تازە داگیرساو بە دەوران دەوری جەستەیەوە بووە، بەڵام نەزیادیکردووە نە سووتاندوویەتی، گڕێکی هێمن و لەسەرەخۆو بێ ئازاربووە. هاواریکردووەو قژی خۆی ڕنیوەتەوە لە هەر کەڕەتێکیش تۆپەڵێك موو لە پەنجەکانیەوە ئاڵاوە، قیژاندوویەتی و گریاوە جاربەجار بە تەواوی هێزو توانایەوە بە دەفەی سینەی خۆیدا کێشاوە، فوارەی خوێن لەدەمیەوە فیچقەی کردووە و

بەسەر سینگ و جەستەیدا هاتۆتە خوارێ کە هەڵمێکی سەوزی کاڵی لێ بەرزبووەتەوە، لەپڕ خوێنەکە وەستاوە بەڵام ڕوخساری ئەوەندە پیربووە وەك لەژوور هەشتا ساڵانەوە بێت ڕوومەتەکانی پڕ چرچ و لۆچ و تێکقوپاوی بووە کەچی سەروقژی هەر ڕەشبووە، ویستوویەتی هەڵسێتە سەرپێ و دارشەقەکان بخاتە ژێر باڵیەوە بەڵام هێزی ئەوەی نەبووە بە پێوە خۆی ڕابگرێت کەوتووەتەوە سەر عەرەبانەکە. لەتوڕەیی و بێهێزی و غەمگینی خۆیدا بەوپەڕی توانایەوە بەهەردوو دەستی مشتەکۆڵەی بە عەرەبانەکەیدا کێشاوەو چەمۆڵەی لەخۆی ناوە. پەنجە باریك و ڕەقەکانی لەچاوانی چەقاندووە و دەریهێناوەتەوە ئاوێکی لینج و بڵقداری وەك کەفی سابوونی لێهاتووەتەدەر. ویستویەتی لەبازنەی مۆمە نەگریس و ڕوناکییە چەپەڵەکانی بێتەدەر، بۆیە بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر ڕەوڕەوەی عەرەبانەکەی لێخوڕیوە، بەڵام وەك بڵێی مۆمەکان لە ئاسن و پۆڵا دروستکرابن لەشوێنی خۆیان نەجووڵاون دایکیشم لە گەمارۆی ئەو ئەڵقە گڕاوی و سرووتە دەروێشانیەدا نەیتوانیوە دەربازی بێت کە خەریکبووە ڕۆحی بتوێنێتەوە.

دایکم کە لەپشتی پەنجەرەکەوە بەوشێوەیە خۆی بینیوە لەترسا زارەترەك بووەو هیچ قسەیەکی بۆ نەکراوە، بیریکردووەتەوە ئەوە خۆیەتی یا دووانەکەی بەڵام ئەو بە تەنیا لەدایکبووەو کەسێکی دیکەی لەگەڵدانەبووە. سەرەگێژییەکی سەیر گرتوویەتی هەوڵیداوە هەنگاوبنێت، کەچی نەیتوانیوە کە بە هەزارحاڵیش قاچی بەرزکردووەتەوە وەك ئەوە بووە بەردی پێوەهەڵواسرابێت ئەوەندە قورسبووە. بەهەر شێوەیێ بێت چەند شەقاوێکی هاویشتووەو دەستی خستۆتە سەر کیلۆنی دەرگاکەو ویستویەتی بیکاتەوە، بەڵام لەحەوشەدا هەستی بە ڕوناکیەکی لەڕادەبەدەر کردووە. لە پەنجەرەکەوە ئاوڕێکی داوەتەوە مۆمەکانی بینیوە هەموویان بوونەتە یەك، چاوانی بە ڕوناکییە بەتینەکەی یەشاوە بۆیە کەمێك چاوانی کزکردووە،لەناکاو بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراوو عاجباتیانە بەیەکجار تواونەتەوەو هیچ شوێنەوارێکیشیان لەدوای خۆیانەوە جێنەهێشتووە، نە عەرەبانەکەی نە بۆخۆی شتاقیان دیارنەماون.

دایکم لەناخەوە وەك ئەوەی شتێك ڕایچڵەکێنێت لەرزیوەو گەرماییەکی زۆر بەتین بەنێو ڕۆح و دەمارو خوێنیدا ڕەتبووە وەك بڵێی ڕۆنێکی قرچاو لەقووڵایی خەودا بەسەر دەموچاوی کەسێك دا بکەیت وەها قرچە قرچی هاتووە. زۆر ئاسان هەستی بە گوژمی ڕۆیینەکەی بەنێو جەستەیدا کردووە، سەرەتا چووەتە نێو کەللەسەری دوایی سەرەپەنجەکانی دەست و قاچی، ئینجا لامل و سێیەندەی پشتی بە ئارەزووی خۆی گەڕاوە، بەڵام وەختێك بە قاچێکیانی دا ڕەتبووە هەستی بە ئازارێکی ئەوتۆو لە ڕادەبەدەر کردووە کە بە وشە نەیتوانیوە گوزارشتی لێبکات. ئەو ئازارە تیژو جەرگبڕەی لە چاوو دەمیشیدا هەست پێکردووە، بۆیە دەستی لەسەر دەمی خۆی داناوەو پەنجەی بە چاوانی داهێناوە، نووشتاوەتەوەو قاچی خۆی شێلاوە یەك یەك پەنجەکانی تەقاندووە. لە ترس و غەم و حیرەتێکی وەهادا نەیزانیوە چیبکات و چی بڵێت هەردوو دەستی بە دەموچاویەوە گرتووەو بەکوڵ گریاوە وەك ساڵانێك بەر لە ئێستا دەیگێڕایەوەو دەیووت: ((ماردین لە ژیانمدا ئەوەندەی گریاوم نیو

هێندە پێنەکەنیوم، گەر بە ڕووکەشیش پێکەنیبم ئەوە لەناخمدا گریانێکم شاردووەتەوە. تا ئێستاکە لەژێر لێفەدا، لە یاری چاوشارکێ کاتێك حەشارگای هاوڕێکەمم بۆ نەدۆزراوەتەوە، لە مووروانێ کە دۆڕاندوومە و بەدەستی خاڵی بۆ ماڵ گەڕاومەتەوە گریاوم، لە زۆر وێستگەی دیکەی ژیانمدا گریاوم، بەڵام هەرگیز وەها بەکوڵ نەبووە)). دایکم ڕاستیدەکرد دەبێ ئەوە بڵێم کە گریان وەکو داڵغە وایە ڕەگی ئەفسوونی لەنێو سەرزەمینی جیاوازو پڕ سیحردا هەیە لەبەرئەوەی نازانین کەی وە لە چ وەخت و جێگایەکدا دێت و پێشمان پێدەگرێت، هەردەم گریانم وەها وێنا کردووە. مرۆڤی بێ گریان و بێ فرمێسك لە ڕۆحی نیوەچڵ و وەستاوی کەسێك دەچێت لە گیانەلآدابێ نە ئەوەیە بمرێت نە ئەوەیە ئومێدی زیندوو بوونەوەت پێی بێت، قەت بڕوام بە گریانی خۆشی نەبووە هیچ گریانێکیش هی خۆشی نییە، درۆیە سەرچاوەی فرمێسك وا لە قووڵاییەکانی ژێری ژێرەوەی ڕۆحدایە بڕوابکە بۆخۆشم نازانم کوێیە تەنها ئەوە دەزانم وا ئاسان نادۆزرێتەوەو ناگیرێت. ئەو سەرچاوەیە هەرگیز وشك ناکات بەس جاربەجارێك سەرەوەی دەمەیێت و توێخێکی تەنك دەگرێت، بەڵام کە کاتی هات فرمێسکەکان لەژێری ئەو توێخە تەنکەوە هوروژم دێنن و دەتەقن و دێنەوە سەرێ. بەڵێ ئا لەوێوە گریان هەڵدەقووڵێت، گریانی خۆشی و گریانی ناخۆشی بوونی نییە هەردووك یەك کانگاو یەك شوێن و سەرچاوەیان هەیە.

ئەو گریانە بەکوڵەی دایکم لەدوا ئێوارەدا لەگەڵ کرۆشتنی جەستەو چاوو زمانی مرۆڤ بەهۆی مێروولە سوورەکانەوە، یەکەم جاربوو بەڵام دوواجار نەبوو، بەڵکو جارێکی دی لەسروت و بیرکردنەوەو وێستگەیەکی تاڵتری ژیانیدا دووبارەبووەتەوە.

**********

ئەو شارەی دایکم بەر لەوەی شوو بە باوکم بکات تێیدا ژیابوو زۆر گەورە نەبووە، بەڵام خنجیلانەو دڵگیربووە لەهەر چوارلادا بەکێوو کەژو سروشتێکی سەوزو جوان و پڕ گوڵاڵە دەورەدراوە. بەهارێکی وەها تەڕوبڕو پڕ بەرەکەتی بووە لەزۆربەی لادێ و گوندەکانی دەوروپشتیەوە بنەوبارگەیان لەوێداناوەو هاتوون ماونەتەوە کە زۆربەیان خزم و کەس و ناسیاویان لەو شارەدا هەبووە، بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لایەنی ئابووری و تێکەڵاوبوونیان بە ژن و ژنخوازییەوە. شارەکە ئەوەتەی من لەیادمە بە (سەیلاو) ناوبانگی دەرکردووە وەك لەسەرزاری(مستەفای پینەدۆز)ی باپیرمەوە گوێم لێبووە تازە قوتابخانەی سەرەتاییم تەاوکردبوو جارێك بۆیگێڕامەوە:((ساڵێکیان زستانێکی زۆر تووش و نەگبەت بەسەر ئەم شارەدا هات و ڕووی لەخەڵکەکە کرد، کوڕم ڕاستە باران ڕەحمەتێکی خودایی و نیعمەتێکی ئیلاهیە لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤ دەڕژێتە سەر زەوی، بەڵام هەموو شتێك نەوەك هەر باران گەر لەڕێژەی خۆی زێدەتربوو سنووری بەزاند دەبێتە ئافات و تاعوون و ڕەگی مرۆڤایەتی لەڕیشەوە بۆ هەتایە لەسەر نەخشەی زەوی هەڵدەکەنێت و دەیسڕێتەوە. نەوەی شیرینم وەك عەرزمکردی ئەو ساڵە زستانەکەی گەلێك پڕ بەلاو تووڕەبوو. من و چەند هاوڕێیەکم لە کوڕانی گەڕەك وەك هەموو ساڵان بۆ ڕاوو چاڵەبەفر ڕوومان لەو چیا سەخت و دوورە دەست و لاچەپ و عاسێیانەدا کرد، بە مەبەستی پەیداکردنی بژێوی ژیان تا چاڵی گەورەو

فره قوولّ ليَبدەين و بەفری تيَبكەين بۆ ئەوەی وەختيَك هاوين ديَت و گەرمايەكی بیَ سۆزو دلّرەق يەخەمان پيَدەگريَت ئيَمە سەهۆلّی ئامادەو حازرمان هەبيَت، تا دەروونی خۆمانی پیَ فيَنك بكەينەوەو ئاوی سارد بخۆينەوە ياشەوانە لەسەر قاچەكانی خۆمانی دابنيَين. ئەو بيرانە چالّە بەفرمان پيَدەووتن ئيدی وەك نەريتی هەميشەيی ئەو سالّەش ڕوومان لەو چياو قەدپالّە هەزاربەهەزارانە كرد بەتفاق و تويَشوو كەلوپەلی هەلّكەندنی وەك خاكەناس و پاچ و بيَلّ و دوودەم و چەندين زنجيری ئەستووری ئەلّقەدار بەكۆمەلّيَك قوفلّی گەورەو خوتورمەی تۆكمەوە. جلی ئەستوورو شمەكی ئاخنراو بە پەمۆو لۆكەو پەڕی مريشك و پيَستە ئاژەلّمان لەبەردەكردو چەند ئەسپيَكی يالّ بەرزو سينەپان و بەهيَزو توندوتۆلّيشمان لەگەلّ خۆمان دەبردو كەلوپەلەكانمان ليَباردەكردن، جاربەجاريش بەسەرە سواری سەر پشتيان دەبووين، كاتیَ پشوومان وەردەگرت دەهاتينەخوارو يەكيَكی ديكەمان سواردەبوو، ئيدی بەمشيَوەيە لە ڕۆيشتن بە ڕيَگادا بەردەوام دەبووين و زۆر بەكەمی لەسەرە ڕیَ و شويَنە لاكەوتەكاندا لاماندەداو دەحەساينەوە يا قوميَك ئاوو چەند پاروە خورمايەكمان دەخستە بەر هەناومان و خۆمان پیَ تيَردەكرد. ئەم كارە ماندووبوونيَكی زۆرو هيلاكييەكی بیَ ئەندازەی تيَدابوو ويَڕای ترس و لەرزی گيانەوەرە كيَوی و دڕندەكان، چونكە هەر وەختيَك سەرمايەكی تووش و بەفريَكی ئەستوور ڕووی لە زنجيرە چياكان بكردباو قەدپالّی كيَوەكانيشی بگرتايەتەوە، ئيدی بۆ پيَدەشت و گوندە ئاوەدانەكان لەشەواندا دەهاتنە خوار بۆ ئەوەی شتيَك پەيدابكەن و لەبرساندا نەمرن)).

باپيرم ليَرەدا هەلّوەستەيەكی دەكرد و كەميَك دەوەستاو هەردوو قاچی دريَژدەكردن و تۆزيَك لەسەر شەروالّەكەيەوە دەستی بە ئەژنۆ بچووكەكانيدا ديَناو ڕوخساری چرچولۆچی زياتر تيَدەكەوت و كەپووی پانتر دەبووەوە، لەپڕ سەری بەرزدەكردەوەو بەچاوی غەمگين و گوماناوييەوە چەند چركەيەك سەيريدەكردم و بەدەنگی كەسيَك كە تەريقبووبيَتەوە ئاهيَكی هەلّدەكيَشا، وەك بلّيَی هەموو زەمانی گەنجی پڕ لەهيَزو تين و توانای بيرهاتبيَتەوە دەيووت: ((ئیَ لەكويَبووين؟)) منيش دەموت:((لەو شويَنەبووين كە باسی گيانەوەرە كيَوی و برسييەكانت بۆدەكردم)).دەستی بەقسەكانی دەكردەوە: ((ڕاستدەكەيت بەلیَ نەوەی شيرينم هەر لەو سالّەدابوو شەويَك لە يەكیَ لە لاديَكانی ئەويَداماينەوە. دەرەنگانیَ هەرچەندی كردم خەوم ليَنەكەوت ئەوانەی لەگەلّيَشمدا بوون لە پرخەی خەويَكی شيرين و خۆشدابوون. چاوانم بەزۆر ليَكدەناو دەمكردنەوە هەندیَ جار خەريكدەبوو چاوم گەرم بيَت و وەنەوز دەيبردمەوە بەلاّم خيَرا ڕادەچلّەكيم، وەختيَك لەنيَو جيَگاكەم هاتمەدەرو بەرەو ئاودەست چووم، كە لەدەرەوەی مالّەكە سیَ لاديواريان بە قەد بالاّی مرۆڤيَك بەرزكردبووەوەو بەتانييەكی چلّكنيشيان بەدەرگاكەيەوە گرتبوو،هيَندە سەرمابوو دەست و پەنجەو سەری لووتم سوور هەلّگەڕابوون و بەستبوونی. لەناكاو شەبەنگيَك ڕووناكی لەبەردەممدا قووتبووەوە ڕۆشناييەكی هيَندە بەتين بوو ئازاری چاوی دەدام، بۆيە بە نەوبە دەستەكانم لەسەر چاوم دادەنا تا تينی ڕۆشناييەكە بۆ سەر چاوم كەمتر بكەمەوە.

لەنێو شەبەنگەکەدا جەستەیەکم بەدیکردو هاتەبەرچاوم، لەشی گورگ بوو بە تووکێکی خۆڵەمێشی درێژو کلکێکی ئەستوورەوە کە سەری هەر تاڵەموویەکی شتێکی وەك سەرە ڕم تیژو بریسکەداری پێوەبوو. نینۆکەکانی ڕەق و مەترسیداربوون ژێرسکی پەڵەیەکی سووری پێوەبوو کە لەنێویدا تورەکەیەکی پڕ لە ئاو هەبوو هەر بە ڕەنگی میزی نەخۆشێکی بەساڵاچووی وەك ئێستاکەی من دەچوو، بەڵام سەری گورگ نەبوو ڕوخسارو کەللەی یەکێك لە هاوڕێکانی خۆم بوو کە بۆ چاڵەبەفر لەم گەشتەدا لەگەڵماندابوو ئەو وەختەش لە پێخەفی گەرمیدا لە ژوورەوە نووستبوو ناوی (سەمەد) بوو. کوڕی شیرینم کەللەسەری گورگەکە ئەو بوو دەموچاوی (سەمەد) بوو بە ڕوخسارێکی مۆن و تووڕەوە لێی دەڕوانیم و بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا، چەندی دووردەکەوتمەوە پتر لێم نزیکدەبۆوە هاوارمکرد: سەمەد ئەی تۆ ئێستا لەجێگادا نەخەوتبووی وەختێك من بۆ میزکردن هاتمەدەرەوە؟ باشە چیدەکەی لێرەدا ئەی بۆچی لەجەستەی خۆتدا هاتوویەدەرو بۆ لەشی گورگێکی سامناك و دڕندە چوویت، ئەی هاوار وەڵامدەوە؟ ئەی ئەو شەبەنگە ڕوناکیە بەدەورتەوە چیە من وا خەریکە چاوم بە ڕۆشناییە تیژەکەی کوێر دەبێ تۆ چۆن بەرگە دەگریت؟ لەنێو گەمارۆی ئەو ڕووناکیە سیحری و جەستەی ئەم گورگە دزێوە وەرە دەرەوە، وەك بڵێی (سەمەد) هاوارو قسەکانی من نەبیستێت زیاتر لێم نزیك دەبووەوە بەڵام پەلاماری نەدام، کە زمانی دەرهێنا پڕ لە زیپکەی تەقیو بوو زوخاوی پێدا دەهاتەخوارو بەدەوری دەمولێوی خۆیدا دەیلستەوە. خودایە ئەمە حەقیقەتە یا خەیاڵ بۆخۆشم نەمدەزانی لەبەرچی (سەمەد) بەم نیوە شەوە ساردو تەزیوە کەللەسەری چۆتە سەر جەستەی گورگەوە؟! بۆیە بڕیارێکی پەلەمدا بەڕاکردنێکی بێوێنەوە بەرەو خانووەکەی لێی هاتبوومەدەر غارمداو دەرگاکەم قەپاتکردەوە. هەناسەم سواربببوو دڵم تە پە تەپ و لەرزان و ئیقاعێکی ناڕێکی تێکەوتبوو ترس و سەرما بەجارێك لەش و ڕۆحیان داگرتبووم نازانم چۆن بوو ئەو شەوە نەمردم؟! بەرلەوەی بۆ سەر جێگاکەی خۆم بڕۆمەوە بەرەو لای پێخەفەکەی (سەمەد) ڕۆیشتم خێرا بەتانیەکەم بەسەر چاوییەوە لابرد، سەرنجمداو بینیم لەخەوێکی خۆشدایە بەڵام نیمچە عارەقەیەکی ساردی دەردابوو نێوچەوانی نەختێك تەڕ ببوو لە پشتی پێڵووەکانیەوە گلێنەی بەلای ڕاست و چەپدا دەبرد، زیاتر بەتانیەکەم هەڵدایەوە تا تەماشای جەستەی بکەم بزانم داخۆ گورگە یا نا، بەڵام هەروەکو خۆییوو لە کورتەك و شەرواڵێکی خاکی بێ پشتێن دابوو بەسەر پشتدا پاڵکەوتبوو. وەختێك دڵنیابووم تەواو خۆیەتی ئینجا بۆ سەر جێگاکەم چوومەوە بەڵام تا بەرەبەیان خەو نەچووە چاوانم)).

کاتێك باپیرم لەقسەکانی بووەوە کەمێك خۆی هەڵکێشایە سەرەوەو پاڵی بەدیوارەکەوەداو کڵاوە فووتەکەی سەری داگرت و لەتەنیشت خۆیەوە داینا ئەو کڵاوەی هەمیشە نەنە (خەدیجە) پێیدەووت: ((ئاوی هەموو دنیا بەشی ئەم کڵاوەت ناکات بۆ پاکبوونەوە لەوەتەی هەتە نەتهێشتووە بیشۆین چڵکی هەموو سەردەمەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووەو مێژوویەکی کۆنی هەیە)). نەنکم هەردەم بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە کە بۆ چێشتخانە دەچوو ئەمەی پێدەووت تا لە بەرچاوی باپیرم نەمێنێت و قسەیەکی پێبڵێت.

من چوارمەشقی لەسەر زەوییەکە دانیشتبووم و دەستم نابووە ژێر چەناگەمەوەو چاوم لەچاوی باپیرم بڕیبوو وەك تەماشای فیلمێکی سینەمایی بکەم ئەویش وەك منی خوێندبێتەوە کە چاوەڕوانی تەواوکردنی قسەکانیدەکەم دەستی بۆ سەر کەپووی بردو تۆزێکی خوراندو دەستیپێکردەوە:((کوڕم ماردین ئیدی ئەو ساڵە تووشە لەچیاکاندا بەفرو بەستەڵەك و کڕێوەیەکی زۆربوو لەنێو شارەکان و ئاوەدانیدا لافاوێکی کتوپڕو سەیر هەستا، پێموانیە تا ژیان لەسەر ئەم گۆی زەوییە بەردەوامبێت مرۆڤایەتی لافاوو ئافاتی وەها بەچاوی خۆی ببینێتەوە. ئەم شارەی ئێستا تۆ دەیبینیت و تێیدا گەورەبوویت شەقام و کۆڵانی زۆرو خانووی بەرزو چەند نهۆمی و باغ و باغاتی پڕ لەمیوەو چێشتخانەو چایخانەو سایلۆو بازاڕو قەیسەری و دوکان و گوزەری پیشەسازە هەمەجۆرەکان، خەڵکی ئەم شارەو نەوە دوای لەسەر ئەندازەو دیزاین و دیکۆری نوێ و شارستانیانە بنیاتیان ناوەو دروستیانکردووەتەوە. من بۆخۆم چەندین ساڵ لەم گوزەری کورتاندروونەدا کرێکاریم کردووە، لە چیمەنتۆ پڕکردنی بنمیچی دوکانی زەرنگەرو چایخانەکاندا لەگەڵبووم، قیرتاوکردنی زۆرینەی شەقام و جاددەو کوچەکانم لەیادە، مردوو نیە لەبیرم نەبێت لەگەڵ تەرمەکەیدا بۆ گۆڕستان و بەخاکسپاردنی نەچووبم، نەخۆش نییە سەردانیم نەکردبێت، درەخت نییە ڕۆژانە ئاوم نەدابێت. لە دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانەکانیشدا کرێکاریم کردووە تا ئێستا لەم شارەدا ئیشی هەمەچەشن و هەمەجۆرم کردووە، گەچکاری، کێشانەوەی خشت بۆ سەربانی بەرز بەرز، چیمەنتۆ گرتنەوە، بەستن و لێکردنەوەی تەختەودار، ئاوڕشێن کردنی پەیکەری خانووی تەواونەکراو. جا باسی کامە کارو کام زەحمەتیەت بۆ بکەم ڕۆڵەکەم، ئەم شارە ئێمە بنیاتمان نایەوە چونکە هەر لەو ساڵەی سەرماو بەفرەی کە بۆم باسکردیت لافاوێك هات و خانووی بە پێوە نەهێشت و هەرچی دارودرەخت بوو لەگەڵ خۆیدا ڕایماڵی، ئەوانەی مێگەلە مەڕو چەندین سەر ئاژەڵیان هەبوو گشتی دابوونە پێش خۆیی و لەئاوێکی بێ ئاماندا خنکاندبوونی. زۆر لە هاوڕێ و دۆست و خزم و خۆشەویستانم لەو ساڵەدا تیاچوون. ئەو ڕۆژە من لەشاخ بووم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم هەروەك لەسەرەتای قسەکانمدا باسمکردو بۆم گێڕایتەوە، بەڵام دایك و باوکم و خوشك و برایەکم کە تازە پێدەگەیشتن و سەرەتاو هەووەڵی تەمەنیان بوو بەر لافاوەکە کەوتن و هەموویان خنکان. ئەوەیشی جێگای ئەسەف و داخێکی قووڵبوو تائێستاش تەرمەکانیانم نەدۆزینەوە.

پاش چەند ڕۆژێك کە لە ڕاووشکارو چاڵەبەفر بەسەر خاکێکی داڕماوو وێرانەیەکی غەمگیندا گەڕاینەوە، بۆنی قوڕو لیتەو ئاوو پاشماوەی مردوو گیژیان کردبووین وەك بوومەلەرزەیەکی بەتین ئەم دیارو مەملەکەتەی سەرەوژێر کردبێتەوە. خوێنی ڕەقبووەوە بەسەر لیتاوی لینجی بەردە قوڕاوییەکاندا، مێشکی ڕژاو بەسەر دارو پەردووی پەناو پەسیوان، وەختێك هەنگاومان دەنا قاچمان بەر شتی نەرم دەکەوت کە سەیرمان دەکرد تەرمی مردووەکان بوون، تەنانەت باڵندەش بەسەر ئاسمانی هەورین و غەم لێنیشتوویدا نەدەفڕی و هیچ شوێن و مەنزڵێکمان وەك خۆی نەدەدۆزییەوەو وەك خۆیان نەمابوون هیچ شتێك. چەندین شەوو ڕۆژ بەدوای تەرمی ئازیزانمدا گەڕام، ژێر بەردەکانم پشکنی، کەندەلانەکان گەڕام، بن دەرگاو پەنجەرە قوڕاوی و تێکقوپاوەکانم هەڵدایەوە، چاترلەو جێگایانەی تەووژمی لافاو هەڵیدڕیبوون وردەبوومەوە بەلام نەمدۆزینەوە)).

لەم چەند وشەیەی دواییدا هەستمکرد با پیرم کەمێك بێزارو بێتاقەت و دڵپڕبوو، دانی بە هەندێك پیتی وشەکاندا دەناو بەتوندی دەیگرتن، چاوانی پڕ لەئاو ببوو نێوچەوانی چەند هێڵێکی خواروخێچی تێکەوتبوو، چەند تاڵەموویەکی سپی سمێڵیشی بەرزببوونەوە، کەمێك قژی لە پەناگوێکانییەوە بڵندببوون و لە سنووری کەللەسەری لایاندابوو. بەبێدەنگی دەستی بەنێوچەوانی تا پشتەسەریداهێنا کە بەشی پێشەوەی ڕووتابووەوەو چەند تاڵەموویەکی کەم و تاق وەستاوی پێوەمابووە، بۆئەوەی لەوە غەمبارترو کەساستر نەیبینم ئحمیکم کردو وتم: (( با پیرە گیان گەر بێزارمکردووی یا ناتەوێت درێژە بەقسەکانت لەسەر مێژووی بنیاتنانەوەی ئەم شارە بدەیت قەیناکا لێیگەڕێ با بۆ کاتێکی دی هەڵیبگرین تۆش پشوویەك وەربگرەو نەختێك بحەسێوە ))، بەلاّم ئەو بۆ ئەوەی من دڵتەنگ و پەژموردە نەکات زەردەخەنەیەکی پڕ ماناو ئاوێتە بە غەم و شادی بۆ کردم و وتی: (( نا نەوەی شیرینم من بێتاقەت نیم ڕاستە سەربوردەی ڕووداوەکان و تەواوکردنی چیرۆکەکە ئازاراوی و پشت شکێن و جەرگبڕە، بەلاّم ئێستا کە تۆیەکی گەنج و ژیرو ژیکەڵە دەبینم لەبەردەممدا دانیشتوویی ئاسوودەمەو نەگبەتی و لەدەسچوونەکانم بیرچووەتەوە، تازە تەمەنی خۆم بەزیادەوە تێپەڕاندووەو ڕەوتی ژیانیش شتەکانی بە ئاقارو ئاڕاستەیەکی دیدا بردووەو گۆڕیویەتی، بەس ئەوەندە ماوە بمرم ئومێد دەکەم خەون و خولیاو هیواکانی تۆ بێنەدی )). لەدوا ڕستەیدا هەناسەیەکی پڕ بەقووڵایی سییەکانی هەڵمژی و دایەوە، پێموابوو تەنیا لەبەر من ئەم قسانەی دەکرد، ئەگینا نە ڕەوتی زەمان نە تێپەڕینی بزوێنەری ڕۆیینی بەردەوامی سات و مەوداکان، نەك نەیانتوانیبوو ئەو بەسەرهاتە تاڵ و سەرگوزەشتە غەماوی و پڕ ئافاتەی بیربەرنەوە، بەڵکو تۆزقاڵێکیش سەنگ و قورسایی لەسەر دڵ و ڕۆحی کەمکەنەوە.

مرۆڤ ناتوانێت هەندێك ئازارو ئەشکەنجەی ڕۆحی نادیار هەن لەبیریانکات، ئەگەرچی عەیام و کاتێکی زۆریشی تێپەڕاندبێت و تۆزی گەلێك شەڕو نسکۆو سەرنەکەوتنی زۆر کودەتاو سەرەوژێربوونی چەندین شارو هەرەسهێنانی شۆڕش و یاخیبوونی شۆڕشگێڕان و کاولبوونی هەزاران خانوو گوندو ڕەشەکوژی و ئافات و بەلاّی بێچارەو نەخۆشی کوشندەی بەسەرەوە نیشتبێ و دیتبێ، هەروا هەستدەکەی لەساتی ئێستادایەو هەرگیز ئەو دیمەنە لەبەرچاوت لاناچێت. ئازار هەر ئازارە گەرچی شێوەو ڕەنگ و بۆیان جیاوازەو دەگۆڕێت چ لێرەبێت یا دووری سەدان میلی بڕیبێ. دووری و نزیکی مەوداکان گرنگ نین گرنگ ئازارەکە خۆیەتی لەبرینێك دەچێت سالاّنێکی زۆرو وەختێکی درێژخایەن بە پەڕۆکێك بەسترابێتەوەو ساڕێژبووبێ، بەلاّم هەر وەختێك دەستمان بەریکەوت دەکولێتەوە لەبەرئەوەی لە ژێرەوەی ئەو توێخەی ناومان ناوە قەتماغەو ساڕێژبوون هێشتا هەر تەڕو بەسوێیەو خوێنی لەبەر دەڕوات. چینی ئەو گۆشتەی نێو زامەکە گەلێك جاران بەریەکدەکەون و خوێنی تازەیان لێدێ و ژانی نوێ دروستدەکەن. ئازار وەك سندووق یا باولێکی کۆنەی تۆز لێنیشتوو وایە چەندین قوفڵی گەورەو ئەڵقەوڕێزەی بەهێزیشمان لەدەوران دەوری دابێت هەر حەزدەکەین بەنهێنی و دوور لەچاوی کەس قوفڵەکان بکەینەوەو ئەڵقەوڕێزەکان لەدوگمەی خۆیان بترازێنین، گەر نەکرانەوەو نەترازان دەیانشکێنین و سەری سندووقەکە هەڵدەدەینەوە، جا

لەوێدا جارێکی دی مەینەتی هەمەڕەنگ و گریانی بەسوێ و خوێنی چۆڕاوەو تاڤگەو ڕووباری غەم و حەسرەتەکان دەبینینەوە، سەرنجیان دەدەین لەدوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵ و گوزەشتەی زەمان و ڕەتبوونی خێرایی ئەو هێزەی بەنێو کات و شوێن و گەردووندا سەفەریکردووە، پەککەوتنی چەندین سەعاتی گەورەو شکانی پەندۆڵ و چرچ بوونی میلەکانیان ئێمە هەستمان پێنەکردوون لەنێو ئەو سندووقەدا ئەمان هەروەکو خۆیانن و تازە ژیانیان لەبەردەڕواو هێشتا هەر نوێ و لەزیندەگیدانە، بۆیە پاش دەستلێدانیان دەکولێنەوەو هەمان ژان و هەمان سەنگ لە ڕۆحماندا هەست پێدەکەین و تۆزقاڵێك سووك نەبوون، بۆیە خێرا خێرا لەترس و دڵەڕاوکێ دا بەدەستی تێکئالاّوەوە قوفڵیان لێدەدەینەوەو ئەڵقەوڕێزەی دیکە دەخەینەوە گیرەی دوگمەکانیان و سوێندیش دەخۆین جارێکی دیکە توخنی ئەو سندووقە نەگریسە نەکەوین، بەڵام ئەو پەیمانە هاوشێوەی بەڵێنی سیاسی و سەرۆکی ولاّتانن کە وەك مژدەو نوێبوونەوەی ڕۆحی بەرگری و نەتەوەیی بەخەڵك و جەماوەری دەدەن، میللەتیش وەك مێگەلە مەڕێکی سادەو گێژو خلەتاو بڕوا بەو سوێندو پەیمان و قسە بریقەدارانە دەکات، کەچی دوواتر سوێندەکان دەشکێن و بەڵێنەکان بەدرۆدەردەچن، بۆیە جاری دیکەش بەنهێنی نزیکی سندووقەکە دەکەوینەوەو هەمان شت دووبارە دەکەینەوە.

باپیرم پاش هەناسە ساردو قوڵەکەی دەستی بە قسەکانی کردەوەو بە درێژەدانی بەسەر هاتەکە بەردەوام بوو: ((نەوەی شیرینم چەند شەوێك بەرلەوەی لەگەڵ هاوڕێکانم بۆ ئەو چیاو کێوە سەخت و قەدپاڵە نسرمانە سەفەر بکەم دایکم هەزار ڕەحمەتی لێبێ کەنازانم گۆڕیشی لەکوێدایە شتێکی سەیری بینیوە. درەنگانی شەو وەك ئەوەی یەکێ بانگی بکات یان گوێی لەدەنگی ناوەوەی خۆی بێت لە شیرینی خەوو هەرە قولاّیی پنتە تاریکەکانی بێ ئاگاییدا لەنێو جێگاکەیدا ڕاچڵەکیوە و یەکسەرە هەستاوەتە سەرپێ و بۆ حەوشە چووەو لە تاریکی و بێدەنگی ڕاماوە, ئەو دەنگە کپ و مڕو بە کاوەخۆیەی لە نێو بێدەنگی دابووە خەریکبووە کاس و کەڕی بکەن پێی خۆش بووە یەکێك هاوار بکات یان بقیژێنی یان بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێ, یان ساوایەك لە بێشکەکەیدا بگریەت و ژیر نەبێتەوە بەس ئەو دەنگە کپەی نێو بێدەنگی گوێ لێنەبێت, هێندە بێزارو بێ ئامان بووە گوێیەکانی بەهەردوو دەست گرتووە. لەناکاو چوار کوندەپەپۆی بینیوە بۆ سەر گوێسەبانی حەوشەکە هاتوون و هەر لەوێشدا هەڵنیشتوون. یەکێك لە کوندەپەپۆکان گەلێك گەورەو زەبەلاح و کەتەتر لەوانی دی دیاربووە هەر چواریان پێکەوە وردبوونەتەوەو سەرنجیان لە دایکم و دەوروبەریان داوە, بە هەشت چاو پاسەوانی و چاودێری خۆیان و ئاسایشی حەوشەو کۆڵانی ئەودیویان کردووە . دایکم وەختێك ئەوانی بینیوەو لێی ڕوانیون ترسێکی ئێجگار زۆر دایگرتووەو چاوانی زەقبوونەتەوەو ویستوویەتی خێرا ڕابکات و خۆی لە ژوورەوە بکوتێتەوە, بەڵام کوندەپەپۆکان دەنگ و مڕەیەکی سەیر و ترسناکیان لێ بەرزبووەتەوەو وەك ئەوەی بانگی بکەن، دایکم هەڵوەستەیەکی کردووەو هەنگاوێك بۆ پاشەوە گەڕاوەتەوەو جۆرە غیرەتێکی چاوەڕوان نەکراوی داوەتە بەرخۆی تا نەترسێت و ڕووبەڕویان بێتەوەو بزانێت چی دەکەن,چی دەڵێن, لەبەرچی لەو هەموو خانوو شوێن و حەسارە گەورانەی دیدا بۆ سەر گوێسەبانەی حەوشی ماڵی ئێمە هاتوون و هەڵنیشتوون.

کوندەپەپۆکان بەشێوەیەك گریاون زۆر لاوازو ترسنۆك و چاوشکێن هاتوونەتە بەر چاو, دایکم بڕوای نەکردووە ئەوەی ئەو لێیان ترساوە ئێستا وەها زەلیل و غەمدیدەو باڵکراوبن. هەرچواریان پێکەوە باڵەکانیان کردووەتەوەو لەگەڵ ئەوەی یەکێکیان فرە گەورەتربووە لەوانی دی، بەڵام لە دەمی باڵ کردنەوەیاندا شێوەو قەبارەی هەموویان وەکو یەك بووە. سەری باڵەکانیان بەیەکەوە لکاندووە بە شێوەیەك وەك چەترێکی لێهاتوە یان درووستر بڵێم هاوشێوەی ڕەشماڵێکی زل کە سایەو سێبەریان بەسەر دایکم و حەوشەکەدا کردوە. چەند ساتێك وا ماونەتەوە دایکیشم لەژێر ڕەحمەت و سێبەری ئەو باڵانەدا کەم کەمە خەو بردوویەتیەوە, وەنەوزی کتوپڕ وازیان لێنەهێناوە بۆیە بێ ویستی خۆی هەر لەو جێگایەی لێی وەستاوە پاڵکەوتوەو خەوێکی دووروقوڵی لێکەوتووە. لە خەوی کە سێکی ئازیز مردە چووە کە تەنها خەو ڕێگا چارەی دەربازبوونی بێ تا لە هۆشیاری و غەمەکانی ژیان دوور کەوێتەوە, یان خەوی کەسێك لەوەتەی لە دایك بووە نەنووستوەو نازانێ تام و ڕەنگ و بۆنی خەو چیە کە خەڵکی باسی دەکەن. هۆشیاری و بێداری هەموو دەمارەکانی ئەستوورکردوون و لە شێتیان نزیك کردووەتەوە,ئیدی شەوێك بە ئەندازەی هەموو ساڵەکانی بێخەوی خەوی لێدەکەوێت دایکیشم بەو شێوەیە خەوی لێکەوتووە)).

************

باپیرم دەستی بە ڕیش و سمێڵی دا هێناو چاوی لە چاوم بڕی، کە هەناسەی دەدا لەژێر جلەکانیەوە هەستم بە سنگی دەکرد وەك باڵندەیەکی سەر بڕاو هەڵدەپەڕی لەوە دەچوو زۆر ماندوو ببێت، یان لەگەشتێکی دوورو درێژو بێئاکام بەبێ هیواییەکی کوشندە گەڕابێتەوە هەستمپێکرد زۆر کەنەفت و هیلاکە بۆیە پێموت:((باپیرە گەر بێتاقەت و بێزاریت واز لەو بەسەرهاتانە بێنە جار دوای جار ڕەنگ پەڕیوترو بێهێزتر دەتبینم، بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە تۆش پشوویەك وەرگرە))، بەڵام باپیرم پەلیگرتم و بەرەو لای خۆی ڕایکێشام بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:(( کوڕم مردن هەردەم لەناکاو دێت و قەت پرسمان پێناکات، بۆیە دەترسم ڕۆژێك سەردانی منیش بکات و بۆ ئەبەد ببمە میوانی جا ئەو کاتە گەر من تەواوی ئەو بەسەرهات و چیرۆکانەم بۆتۆ گێڕابووەوە ئیدی بێ هیچ غەمێك پاڵدەدەمەوەو خەوێکی درێژم لێدەکەوێت، چونکە دەزانم ڕۆژێك دێت هەموو ئەوانە دەکەیت بە چیرۆکێکی درێژو بۆ ئەوانی دوای خۆتیان دەگێڕیتەوەو جێدەهێڵیت، لەبەرئەوەیە کات بەنرخەو نابێت بەفیڕۆی بدەین ئەوەی هەمەو دەیزانم و لە هەگبەکەمدایە هەرچی زووترە پێویستە بۆتیان بگێڕمەوە، کێ چوزانێت کەیی و چۆن و لەچ جێگایەکدا دەمرێت؟ بۆیە نە بێتاقەتم و نە بێزاریشم، بێ ماندووبوون هێندەی بتوانم بەسەرهاتەکەت بۆ تەواودەکەم بەپێی پێویست هەر جارەو تۆزێك ئێست با دەست پێبکەمەوە: ((بەرەبەیان دایکم کە لەخەو هەڵدەستێت زۆری پێ سەیر دەبێت لە ناوەڕاستی حەوشەو سەر گازەرەی پشت خەوتووە بێ ئەوەی تۆزێکیش لە شوێنی خۆیەوە بجوڵێت یان کەمێك کینگڵ بدات. ئەفسونی چاوی کوندەپەپۆیەکان و سێبەری باڵە سیحرییەکانیان چۆن لە جێگای خۆی

خەواندبوویان هەر  وەها بوو. لەناکاو ڕاست بووەتەوەو تەماشای گوێسەبانەکەی کردووەو هیچکام لە کوندەکان دیار نەبوونەو سایەی باڵەکانیشی بەسەرەوە نەماوەو بزربوون. هەورێکی بۆریش ئەوەندە نزیك بووەتەوە لێی هێندەی نەماوە گوێچکەکانیان بگەنە سەر زەوی .

دایکم لەو دیمەنە پڕ ترس و غەمناکەی شەو زۆر دڵتەنگ و نامۆ هاتووەتە بەر چاو بێ ئەوەی هیچ وشەیەکیش بڵێ  یان لە خەومان هەستێنێ بۆ سەر جێگاکەی خۆی هاتووەتەوەو جەستەی نیشتۆتە سەر عارەقەیەکی گەرم گەرم، تا بووە بە سبەینەیەکی کەمێك درەنگ خۆی مکوڕ کردووە، ئەوەختەی خۆر بەلاوو نیو لە حەوشەو گوێسە بانەکەی داوە .

ئەوشەوەی بۆ بەیانی من دەڕۆیشتم دایکم زۆر نیگەران و نائارام هاتە  پێشچاووم هەر لەو شەوەی کوندە پە پۆیەکانی بینی بوو هەستی بەڕاڕایی و دوودڵی کردبوو ئەوەم لە چاوانیدا خوێندبووەوە, بەڵام هۆکاری ئەو هەموو دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتییەیم نەدەزانی. بە پەشۆکاوی کارەکانی دەکرد, بەهەڵەداوان ماڵەکەی گەسك دەدا، زوو زوو قاچی هەڵدەنگوتوو سا تمەی دەکرد، سەرلەبەری ڕۆژ پەڕۆکێکی خەنەیی گوڵداری بە نێوچەوانی خۆیەوە دەبەست و پەلەی بوو لە نان خواردن، کە سفرەو خوانیشی دادەنا لەبەر خاتری ئێمە دادەنیشت و گەمەی بە کەوچك و خۆراکەکە دەکرد, چەشەو حەزی  خواردنی نەمابوو بەری چاوانی سپی هەڵگەڕابوون و بە قوڵدا چووبوون. ڕومەتی لە جاران پتر قوپابووەوە, ددانەکانی گرتر دەیاننواندو سیمای کەسێکی هەبوو چەند ڕۆژێ بێ لەگەشتی ئەو دنیا گەڕابێتەوەو ترس و تاریکی و دەرچوونی ڕۆح و گەڕانەوەی جارێکی دیکە بە جەستەیی و دیتنی کەسانی دی بە کفنی سپی مردووانەوە ترساندبێتی و بڕوا بەهەست و چاوو ئیدراکەکانی خۆی نەکات. دەستی دەلەرزی دواتر جەستەی بەجارێك وەك شەق شەقە دەهاتە لەرزو لەگەڵیدا ڕادەچڵەکی, لەدڵی خۆمدا دەمگووت: ( هەر ئێستا یەك بەیەکی ئەندامانی جەستەی لەڕیشەوە هەڵدەتەکێ و جیا دەبنەوە لێی ).وەختێك پرسیاریشمان لێدەکرد کە چیتە یان بۆچی وایت ؟ بە جۆرە دەنگێك وەڵامی دەدایەوە نەغمەیەکی هێند بەترسی هەبوو پێشتر ئەو جۆرە تۆن و ئاوازەم لە دەنگیدا بەدی نەکردبوو: (( هیچ نییە هەستدەکەم کەمێك ( تا ) م بەرز بووەتەوەو لەرزەکەش لە جاران بڕێك بەتین تر دایگرتووم ئێوە خۆتان سەغڵەت مەکەن خۆم چاك دەبمەوەو گوێی پێ مەدەن، لە گە نجی بۆ پیری لەوێشەوە بۆ مردن خۆ قابیلە تازە جحێڵ نابمەوە )). ئەو چەند ڕستەیەی ئەوەندە زەحمەت لەدەمی هاتە دەر وایکرد هەمووان ترسێکی پێشوەخت دامانبگرێت و چاوەڕێی چارەنووسێکی سە پاوو قورس بکەین )).

با پیرم کزۆڵەترو داماوتر هاتە پێشچاوم تا چیرۆکەکەیشی پتر بەنێو ئەو شەوەو کارەساتەدا ڕۆچووبووایە پشتی لەجاران کۆمتردەکردەوەو بە سەرساممییەکی ترسناکەوە سەری بەرزدەکردەوەو لە دواوەی چاویلکە زەڕەبین و ئەستوورەکەیەوە لێی دەڕوانیم، کە چاوی دوو ئەوەندەی ئاسایی گەورەکردبوو، جارجار هەستمدەکرد تەواوی ڕوخساری دەبووە دوو چاوی گەورەو

قاوەیی لە پشت ئەو چاویلکەیەی کە چەندین چینی شووشەیان بەسەریەکترەوە دانابوو بۆ ئەوەی هەندێك بەباشی ببینێت. وەك چاوی کوندەپەپۆیەکانی لێهاتبوو کە دایکی لەشەوێکی درەنگ وەختدا لەسەر گوێسەبانەی حەوشەکەیان بینیبووی.

باپیرم درێژەی بەقسەکانیداو وتی: نەوەی شیرینم هەر هەمان شەو پاش ئەوەی ئەوانی دی خەوتن دایکم بانگی کردم و سەرپاکی ئەو بەسەرهاتەی لە چەند شەوی ڕابردوودا دیتبووی بۆیگێڕامەوە. کاتێك قسەی بۆدەکردم هەستمکرد هەر بە جەستە لامە، بەڵام بەدیوەکەی دی و ئەو کەسەی کە هەم خۆیەتی و هەم خۆیشی نییە لەڕۆحیدایە، لەنێو ئان و ساتی ڕووداوەکەو فەزای گشتی حەوشەکەو سێبەری باڵەکاندایە. جارناجارێك قوڕگی دەگیراو ئحمێکی توندی دەکردو بەهەموو هێزییەوە تفێکی قووتدەدایەوە کە چاوی لەگەڵیدا زەقدەبووەوە.

دوای قووتدانەوەی تفەکەی دەستی بەقسەکردەوە: کوڕم لەو دەشت و چیاوچۆڵەدا لەگەڵ هاوڕێیانت ئاگات لەخۆتبێ نەکا دڕندەیەك یا جانەوەرێك یا پیاو خراپێك زەفەرت پێببات، ترسم لەگیانتە لەبەرئەوەی هیچ شتێك قەرەبووی تۆم بۆ ناکاتەوە. نەکەی گەمە بەقسەکانم بکەیت و بەهەندیان وەرنەگریت ئەوەی بۆمگێڕایەوە بەچاوی خۆم بینیومەو ڕاستن و هەڵمنەبەستوون. لەدێرزەمانیشەوە بیستوومە و تاقیشکراوەتەوە کە کوندەپەپۆ هێمایە بۆ کاولکاری و وێرانەیەکی سەرتاسەری، یەکێکە لەو باڵندە شووم و نەحسانەی بەسەر هەر جێگایەکەوە بنیشنەوە زۆر ناخایەنێت کاوول و خاپوور دەبێ و خانووی بە پێوە نامێنێت. هەرچی ڕۆحلەبەرە دەمرن و دەفەوتێن ئەوسا ئەویش دێت و بەئاسانی بەسەر ئاسمانی ئەو کەلاوەیەدا دەخوێنێ وەك نیشانەیەك بۆ دڵخۆشبوون و حاسڵبوونی مرازەکەی. جارێکی دیکە پێتدەڵێمەوە ئاگات لەخۆتبێت ڕاستە کوندەکان بەسەر ئێرەوە هەڵنیشتوون و تۆ دەڕۆیت ئەگەر شتێك بێت بەسەر ئێمەدا دێت، بەڵام من ئەم قسانەت هەر بۆ وریابوونەوە بۆ دەکەم و هەستدەکەم دڵم باش نائێت. کوڕم ئەگەر هات و ڕۆژێك گەڕایەوەو ئێمە شتاقمان نەمابووین و نەتتوانی بەمردوویش بماندۆزیتەوە، خانووەکان لەگەڵ زەویدا بببوونە یەك و تەخت ببوون، ئافات و بەڵا هەمووانی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کردبوو تەنانەت پاشماوەیەکیشمان لێ بەجێنەمابوو کەوتبووینە نێو دارو بەردو هەپرون بە هەپرون ببووین، یان بەهەر هۆیەك خنکابووین و لەجیاتی خوێن ئاوو قوڕاو بەنێو دەمارو موولوولەکانماندا ڕەتببوو، ئەوە بزانە تا دواهەناسەو دواسات گەر بەحاڵ نووزەیەکیش لەزیندەگیمەوە هاتبێت یا چرپەیەك لەدەممەوە دەرچوبێت هەر چاوەڕێتبووم.

باپیرم کەمێك بێدەنگ بوو چاوانی پڕ ئاو ببوون و خەیاڵی دوور ڕۆیشتبوو، بۆیە پاش کەمێك بەئاگام هێنایەوەو وتم: (( ئێ باپیرە گیان دواتر چیبوو تکایە بەردەوامبە )). ئەویش بەڕوخسارێکی گوماناوییەوە سەرنجێکی دام و درێژەیداوە بەقسەکانی:(( دایکم هەر لەسەرەتای قسەکانیەوە شڵەژاوو نائارام بوو هەتا زێدەتریش قسەی لەوێرانکاری و خاپووربوون و مردنی خۆیانەوە کردبا پتر دەپەشۆکا. دەستەکانی دەلەرزین و پەنجەکانی بەتوندی لێکگیردەکردو دەینوشتاندنەوە.

دەمزانی گەرووی گیراوەو حەز بەگریان دەکات قسەکانی پچڕپچڕ لەزاری دەهاتنەدەر، بەڵام هێزێکی ئەوتۆو لەخۆباییبوونێکی زۆر والێدەکرد دان بەخۆیدا بگرێ و فرمێسکی نەیەتەخوار. منیش هەردوو دەستیم گرت و توندتوند گوشیمن و بۆ دەمم بەرزکردنەوەو چەند جارێك لەسەریەك ماچمکردن و بەڵێنمدایە لەبەڵای ناگەهان ئاگام لەخۆمبێت بەمەرجێك گەر هەر شتێك ڕوویدا ئەوا چارەنووس نەیەوێت. هەردووکمان بۆ نێو پێخەفی خۆمان چووین تا بخەوین، کەچی تا درەنگ خەوم لێنەکەوت و خەوم زڕا، وابزانم دایکیشم هەروابوو بەو پێیەی جاربەجار سەرنجیمدەدا دەجووڵایەوەو ئەمدیووئەودیوی لەنێو جێگاکەیدا دەکرد.

(ماردین) گیان پێموایە ئێستا لەوە گەیشتیت لەبەرچی ناوی ئەم شارە بە (سەیلاو) دەهێنن، (سەیل) بەمانای لافاو دێت ئەو لافاوەی ژیان و گوزەران و زۆرینەی بوونەوەرانی ئێمەی لەگەڵ خۆیدابردو تەفروتونای کردن و بۆ ئەبەد جارێکی دی هەرگیز هیچیانمان نەدیتەوە. ئەو شەوەی دایکم ڕێنماییەکانی خۆی پێدام پاش ساڵانێك تێگەیشتم ئەوە وەسیەتنامەبوو دەمێك بوو دەیەویست پێم بڵێت، بەڵام حەزینەدەکرد وەسیەتەکەی وابێت ئەمڕۆکە بیڵێت کەچی لەدوای دەیان ساڵی دی ئینجا بمرێ و بێتەدی. نا ئەو دەیەویست هەرکەی وەسیەتەکەی کرد شەوو ڕۆژێك زیاتر نەبات و پێینەچێت گیان و ڕۆحی بسپێرێت. ئەو زۆر چاك هەستی بەوە کردبوو بەو نزیکانە دەمرێت. لەپاش ڕووداوی ئەو شەوەو دیتنی کوندەپەپۆیەکان لەخۆڕا ترسێکی سەوداسەر دزەیکردبووە دڵیەوەو هەستیکردبوو هێندە نابات دەمرێت. پێشبینیەکانی تەواو لەجێگای خۆیدابوو وەك فاڵچییەکی زاناو حەکیم و دنیادیدە قاوەی ڕەقبووەوەی بنی فنجانێکی بۆ گرتبێتەوەو هەواڵی مەرگی بەزووترین کات پێدابێت و قسەی نەکردبێت، ئەگینا لە دڵ و ڕۆح و خوێنیدا زیندووبووەو حەشاریداون.

پاش وەسیەتەکە هێندەی نەبرد ئەوەبوو دەمەو بەیانی من ماڵاواییم کردو ڕۆیشتم هەر هەمان ڕۆژ لەدوای کاتژمێر سێی پاشنیوڕۆوە ئاسمان هەورێکی ڕەشی هێناوە وەك لەسەر زاری دەربازبووە بریندارەکانەوە بیستم، کە لە ژیانیاندا هەوری وەها تێکەڵ و پێکەڵ و عەبووسیان نەبینیبوو،بڕۆی لێتێکناون و مۆڕەی لێکردوون بەرلەوەی بباریێت هەموو خەڵکی ترساندووەو نیوەڕۆحی کردوون. سەرەتا بەهەورەتریشقە ئینجا بەگرمەو ناڵەکەی شێت و نیوەمردووی کردوون،لەدواییدا کردوویەتیە شەستەبارانێکی وەها بیۆێنەو بەخوڕ هیچ چاوێك بەرگەی ئەوەی نەگرتووە سەری بەرزبکاتەوەو لێی بڕوانێت، تەنانەت لەنێوماڵ و ژوورێکی داخراویشدا)).

من جێگاکەم خۆشترکردو چاتر بیروهۆشم بۆ قسەکانی باپیرم کردەوەو وتم:((تا دێت ڕووداوو بەسەرهاتەکە گەرمترو بەجۆشتر دەبێت باپیرە گیان دەی تخوا زووبە بزانم سەری بەکوێ دەگات)). ئەویش دەستی بۆ پشتەملی خۆی بردو نەختێکی هەڵکڕاندو وتی: ((کوڕم یەکەمجار ئاوەکە چەند سانتیمێك بەرزبووەتەوە پاشان کەمێك زیاتر هەڵایساوەو بەوشێوەیە بەردەوام بووە تا لەسنوورو ڕێژەی باوو ئاسایی خۆی لایداوەو هەتا بەژن وباڵای مرۆڤەکان هاتووە. ڕۆخی خانوو

سەربانەکانی ڕەتداوەو هاوشێوەی عەزیایەکی حەوت سەر هەستاوەتەوە سەرپێ و بەدەم هەڵیلووشیون و ژێرپێی خستوون، بەکلکیشی ڕێگاکەی خۆشکردووەو تەویلەو مەنزڵگاو خانووەکانی تەپاندووەو لەگەڵ زەوی تەختی کردوون تا کردەی ڕامالێن چاتر بتوانێت کارەکانی ئەنجامبدات. کەس فریای کەس نەکەوتووە هەریەکەو لەغەمی ڕۆح و ژیانی خۆیدابووە تا ڕزگاری بێت، بەلآم هەزارخۆزگە یەکێك هەبووایەو ئا لەوکاتەدا وێنەی ئەو شارەی لەوەختی نغرۆبوون و ژێرئاوکەوتن بگرتایە جا دەمانبینی مردن چەندە تاڵ و چەندە پڕ گرێو ئێشە بەلآم مەخابن.

ڕۆڵەکەم لە پاش ئەو وێرانی و کاولبوون و کارەساتە سرووشتیەوە، وردە وردە بەتەواوی هێزو توانامانەوە هەموو دەستمان بە ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی کرد. نامەوێت لەوە پتر سەرت بیەشێنم لەسەرەتای گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا بۆم باسکردی چەندە جێدەستم دیاربووەو ماندووبووم تێیدا جا بە بەرامبەر بێت یا بێ بەرامبەر. کەچی کاربەدەست و لێپرسراوانی ئێستای ئەم شارە هەموویان هاتوونەتە سەرحازری و وادەزانن ئەم ماڵ و حاڵ و شوێن و کورسیەی ئەوان لێی دەژین و لەسەری دانیشتوون هەروەك ئێستابووە، نازانن هەزارانی وەك منی شەکەت و خەستەو هیلاك پاش ئەو ڕووداوە وەها جوان و دڵگیری کردووە. کوڕم بەوە پێکنایەت ئێستا پیربوومەو تەمەنم هەڵکشاوە لەژیانمدا گەلێکم ڕەنجداوەو عارەقەی زۆرم ڕشتووەو بەهێزی بازووانم پاچکاریم کردووە، بەمنداڵی شاگردی پینەدۆزێکی هاوڕێی باوکم بوو ناوی (مام حیسام) بوو پیاوێکی کەڵەگەتی ڕیش و سمێڵ درێژبوو بەردەوام کڵاوی بەبێ جەمەدانی لەسەر دەنا، بەلآم کەمدووبوو حەزیشی نەدەکرد پیشەکەی فێری کەس بکاتن، بەلآم من بە ژیری و وریایی خۆمەوە بەدزی سەرنجی دەست و چەکوش و بزماریم دەدا هەرچەندە لەئیشکردن زۆرخێرابوو پەنجەکانی نەدەبینرا، کەچی من کونجکۆڵ و دانابووم و فێری کارەکەی بووم هەردەمیش خۆم وا پیشاندەدا هیچ شتێك فێرنەبوومەو نازانم. لەو ساڵانەش کە ئەم دوکانەم کردەوەو بژێوی خێزانم پێ دابین دەکرد لەنێوچەوانی ئەوی دەزانم)).

لەدوا ڕستەیدا باپیرم دەستی بەگریانێکی بەکوڵ کردو دەستە چرچ و لۆچەکانی خستەسەر چاویلکەکەیی و تێر بەدڵی خۆی گریا، گریانیك ئەوەندە پڕ غەم و حەسرەت و دەردەدڵ بوو منیشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە گریان.

باپیرم دەرچووی هیچ قوتابخانەیەك نەبوو بەلآم دەم و ڕاوێژێکی باشی لەقسەکردن و گێڕانەوەدا هەبوو گەر شتێکی ئاساییشی بگێڕابووایەوە هەر حەزتدەکرد گوێی لێبگری. لەسەرەتای هەرزەکاریشدا چووبووە بەر خوێندنی مزگەوت و ئاستەکانی بەباشی وسەرکەوتووانە بڕیبوو، زمانی عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانی و خولیایەکی چاکی بۆ شیعرەکانی حافزی شیرازی هەبوو گەلێك لە غەزەلەکانیشی ئەزبەرکردبوون. بەلآم ڕۆژگارو زەمانە وایان لێکردبوو نەتوانێ لەگەڵ هاوڕێکانی لەخوێندنی مزگەوت بەردەوامبێ و وازیهێنابوو. گەلێکجار خۆی هەندێك لەو جۆرە ژیانەی حوجرەو فەقێیەتیەی

بۆ دەگێڕامەوەو پێدەکەنی و ئاخیشی بۆ هەڵدەکێشاو دەیوت: (( ئەگەر بەردەوامبوومایە ئێستا منیش مەلا یا ئیمامێك بووم لە مزگەوتێك و چ کارم بەسەر پینەدۆزییەوە نەبوو )).

***************

دایکم لەماڵێکی بچکۆلانەو خێزانێکی قەرەباڵغ لە (سەیلاو) چاوی بە دنیا هەڵێناوە، جگە لە دایك و باوکی خاوەنی پێنج خوشك و دووبرا بووە سۆزی بەهەموویان داوەو خۆشی ویستوون، بەڵام بەدەست خۆی نەبووە لە نێویاندا ( کەمالی خۆشنوس ) ی برای بەئەندازەیەکی لە ڕادەبەدەر خۆش ویستووە وەك هەموو جار خۆی دەیووت: (( وادەزنم ئاسمان شەق بوەو کەمالی لێ بەربووەتەوە )). ئەویش بۆ دایکم هەر وابووە بەڕادەیەك لای میهرەبان و بەخشندەبوە وایزانیوە دایکیەتی. واتە وەك دایکی دووهەم و خوشکێکی زێدە پڕ ئەڤین لێی ڕوانیوە. دەبێت ئەوەش بڵێم دایکم خوشکە گەورەو نۆبەرەو سەرە کەوچکی مزرو بەتامی پێگەیشتنی دایك و باوکی بووە, بەڵام دایکم بەردەوام لەو نۆبەرەییە بێزاری خۆی دەردەبڕی و دەیوت: (( خۆزگە نەوەك هەر نۆبەرەو خوشکی گەورە نەبوومایە بەڵکو هەر لە سەرەتاوە بوونم نەباو نەخوڵقامایە )). ئەمەش ئەوپەڕی وەڕزی وجاڕسی دایکمی لە ژیان پێشان داوە, چونکە هەر لەسەرەتاو هەوەڵی تەمەنیدا بووەتە بەخێوکەرو پەروەردەکەری خوشك و براکانی و زەحمەت و ماندووبوونی زۆری لەگەڵیاندا کێشاوە.

دایکی نەخوێندەوارو بێ سەواد بووە بەڵام قاڵبۆوەو بە ئەزمون لەسەر کارە نەکردەو ئەستەمەکانی ژیاندا،کەچی باوکی پیاوێکی خوێندەوارو حەز بەشیعربووەو تاڵی و سوێری ژیان و ڕۆشنبیری پتەوی ئەوکاتی مزگەوت وایانلێکردووە باشتر لەشتەکانی دەوروبەری بڕوانێت، نەوەك وەك کۆلکە مەلایەك ڕەش و سپی تێکەڵاوی یەکتر بکات. دایکم ناوی (گەوهەر)بوو بەڵێ (گەوهەری مستەفای پینەدۆز) وەك سەرەتا وتم زۆر لە بوون و خەڵق بوونی خۆی هەر لە منداڵییەوە بێزار بووە، کە تۆزێك فامیدە بوەو تەمەنی بە حەوت ساڵان گەیشتوە دەستی بە پاککردنەوەو گەسکدانی ماڵ و حەوشەو بەردەرگاکەیان کردووە, دوای ئەوەش سڕینەوەی قاپ و قاچاغ و شوشەواتەکانی چێشتخانە و شوشتنی یەکەبەیەکەی خوشك و براکانی و جل شۆرین و گۆڕینیان بەشێوەیەکی خاوێن و ڕێکوپێك. هیچ کاتێك شەنسی ئەوەی نەبوە خوێندن تەواو بکات و بڕوانامەیەك بەدەست بهێنێ، هەمیشە بە بریاو خۆزگەی ئەوە ژیاوە وەك هاوەڵ و دەستە خوشکەکانی خۆی بیخوێندایە تا بگاتە ئاستێکی وەها بتوانێ بەتەنیا خۆی بەڕێوە ببات و بەرچاوی ڕۆشن بێت و جلی سفور لەبەربکات. هەزارجار مەخابن ڕۆژگارو زەمەن وایە هیچ کاتێك مرۆڤ ناتوانێت لە شەڕێکی بەردەوام و دەستەو یەخەدا بێت لە گەڵ قەدەرو چارەنوسدا, گەر بکەوینە هەر جەنگێکیش لەگەڵی دا بێشك دۆڕاوو شکستە باڵ دەگەڕێینەوە. چارەنوس زۆر جار گەمەی وای لەگەڵ مرۆڤدا کردوەو هەڵیخەڵەتاندوە، بەڵام گەمژەییەکە ئەوەیە مرۆڤ بەیارییەکی کاتی و ڕاگوزەر تێیگەیشتوەو وایزانیوە لە کۆتاییدا براوەو خۆشحاڵ و دەم بەخەندە دەبێت، بەڵێ لێرەوەیە تێنەگەیشتن و دەبەنگیمان.

مرۆڤ هەردەم لەسەر کێوێکی بەرزو بڵندەوە لە جەنگاوەرو شەڕکەرانی چارەنوسی ڕوانیوە. لەسەر چیایەکی بەرزو بڵندتر لە هی خۆی, ڕاستە مەرج نیە ئەوەی لەبەرزایی زیاترەوە بێت براوەو سەرکەوتوو بێت, بەڵام کە سەرنج دەدەین و دەبینین لێرەدا هاوکێشەکە وایە مرۆڤ لەسەر ئەو کێوە بەرزەوە تیر و گوللەکانی خۆی بە شەڕکەرانی چارەنووسەوە دەنێت و بە خەیاڵی خۆی وادەزانێت هەر گوللەیەکی دەیهاوێژێت یەکێك لە جەنگاوەرانی دەکوژێت, نازانێت هیچ کام لەم گوللە وێڵانە نەوەك بەریان ناکەوێت بەڵکو هەر کە لە لولەی تفەنگەکانەوە دەردەچن بەلاڕێ و دوور لەوان ڕەت دەبن و شوێن و جێگایەکی نا مەبەست دەسمن و دەپێکن. ئەگەر وامان دانا گوللەکان بەر جەنگاوەری چارەنوس کەوتن ئەو وەختە چی دەبێت ئەوان سەربازێك و دوان و سەدان و هەزارەها نین، ئەوان سەر بە توخم و ڕەگەزێکن هەرگیز لە ڕیشەوە دەرنایەن و بڕانەوەیان بۆ نیە. سەر بە تایەفەو هۆزێکن خودا کە ئادەمیزادی خوڵقاندووە چارەنوسیشیان لەگەڵدا بووە وەك دوانەی دایکێك وان, بەڵام خۆ دەکرێت لەوەختی لەدایك بووندا یەکێك لەو دووانانە بمرن و ژیانیان لێ بسەنرێتەوە، ئەوەیش کە لێی دەسەنرێتەوە مرۆڤە نەوەك چارەنووس. مرۆڤ کۆتایی دێ و ئاسەوارو شوێن پێشی دیار نامێنێ و دەسڕێتەوە وەك بڵێی شتێك بەناوی مرۆڤەوە نەبووبێت, بەڵام چارەنووس بۆ ئەبەدو هەتاهەتایە لەسەر ئەو کێوە هەرە بەرزو بڵندانەوە گەمەی مردن و ژیان و چاوشارکێ لەگەڵ مرۆڤدا دەکەن .

گەوهەری دایکم سەرەتا چووەتە بەر خوێندن و تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوەو خەت و قەڵەمی هەبووە, بەڵام لەبەختی کەچی نەیتوانیوە بەردەوام بێ و درێژە بەساڵ و پۆلەکانی دواتری بدات. ئەویش لەو گەمەو چاوشارکێیە بەدەر نەبووە یان ئەو جەنگەی چارەنووس لەگەڵی کردووە هەرگیز بەخت یاری نەبووەو نەیاری بووە. ڕۆژێك لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە دایکی نەخۆش بووە ئەویش خەریکی چێشت ئامادەکردن بووە و ناوماڵی پاك کردووەتەوە. ڕۆژی دوایش هەر بەو شێوەیە بۆ قوتابخانە نەچووەتەوە هێندەی هاوڕێکانی زۆریان لێکردووە، کەچی لەبەر خاتری دایك وخوشك و براکانی نەیتوانیوە بچێتەوە بەر خوێندن. ئیدی لەو ڕۆژەوە زەبری زەمان کردوویەتی بە بنەوان و خزمەتکارو بەخێوکەریان، هەر بۆیە گەلێك جاران کەمالی خۆش نووسی برای بەدایك بانگیکردووەو سۆزو میهرەبانییەکی بێ وێنەی لە هەمبەریدا هەبووە.

مستەفای پینەدۆزی باپیرم تا ئەم ساڵانەی دواییش تا تینی تێدابوو بەردەوام بوو لە ئیشوکارو پیشەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست. دوکانیکی پینەدۆزی کەمێك بچوکی لەناوەڕاستی قەیسەریدا هەبوو، گەر لە گوزەری کورتان دوروەکانەوە هاتبای ئەوە یەکسەر بەسەر کۆڵانێکا دەکەوتی یەکەمین دوکان بوو, بەڵام گەر لە گوزەری کوتاڵ فرۆشە عەیارو قوڵ برەکانەوە ڕێت بکردبا ئەوا بەسەر چەند پلیکانەیەکی سفت و ڕەق و پڕ چاڵ و باریك و گێژدا هەڵدەگەڕایت و پێش ئەوەی کۆڵانی گوزەرەکە تەواو ببێت دواهەمین دوکان دوکانی باپیرم بوو. خەڵکی ئەو ناوەو گوزەرەکەی ئەمدیوو ئەودیویش هەموو خۆشیاندەویست و سوێندیان بەسەری دەخوارد. باپیرم پیاوێکی خڕکەڵەی بالاَ مام ناوەندی بوو لەدوادوای ساڵانی تەمەنیدا

کەمێك تیرەقەی پشتی چەمابووەوە. هەردەم جامانەیەکی بەدەوری کڵاوێکی چڵکن و بۆرەوە لەسەرییەوە دەئاڵاند، بەڵام لەماڵەوە جامانەکەی لادەبرد، کەچی ئەو کڵاوەی نەنکم گەمەی پێدەکرد هەربەسەرییەوەبوو. پێشەوەی تەوێڵی تاکو دەگەیشتە تەپڵەسەری ڕووتابووەوە، کەچی ئەملاوئەولای قژێکی چرو پڕو سپی پێوەبوو، کە هەمیشە بە گاڵتەوە دەیووت: (( ئەگەر بەختم هەبووایە نەختێك لەم قژە پڕو زۆرەی بە تەنیشتەکانی سەرمەوەیە بە کاسەی سەرمەوە دەبوون )). تەمەنی نزیکەی شەستساڵ دەبوو قسەخۆش و دنیادیدەبوو، ڕۆژگارو زەمان وایانلێکردبوو متمانە بەهەموو کەس نەکات و ڕازی دڵیان بۆ نەکاتەوە، چەند کەسێکی زۆر تایبەت نەبێ کە هەم هاوڕێی منداڵی هەم هی پیرییەکەی بوون ئەوانیش (وەستا ئەنوەری خمچی و عەباسی تفەنگچی و حەیدەری میراو) بوون کە بەردەوام لەدوکانەکەی سەردانیان دەکردو قسەوباسی گاڵتەئامێزو ڕۆژگاری بەسەرچوویان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. گەلێك جار وابووە باپیرم هەر بۆ گەمە ژێربەژێری لەگەڵ دووانیان ڕێککەوتووەو ئەویتریان تووڕە کردووە، وەختێکیش ئەو کەسەی ویستوویەتی بەتووڕەییەوە لە دوکانەکەی بێتەدەرەوەو ئیدی نەگەڕێتەوە هەموویان دەستیان بە پێکەنین کردووەو گووتویانە بەخودای خەتای (مستەفا) بووە، ئەگینا ئێمە کاری وەها ناکەین. ئەو کەسەش بەزۆری (حەیدەری میراو) بووە چونکە دڵی زۆر ناسك بووەو زوو هەڵچووەو تووڕەبووە. هەموو ئەو بەسەرهاتانەیش هێندێك جار لە زاری باپیرم خۆیەوە بیستووە، گەلێك جارانیش نەنکم بۆی گێڕاومەتەوە.

دوکانی باپیرم زۆرگەورە نەبوو هەمیشە خۆی بە (قونە جنۆکە) ناویدەبرد. ڕۆژانە لە پشت مەکینەی دروومانەکەی دادەنیشت و قوماشێکی مەخمەڵی درێژی بە بەرسنگی خۆیەوە دەگرت و پێڵاوی دەدوورییەوەو ناوکەفی دادەناو بزمارڕێژی دەکرد، زۆرجار سەرە پێڵاویشی لێدەنایەوە. ئەو کارەی خۆی بەجۆرێك تەماشانەکردووە کە مامەڵەی لەگەڵ شتێکە ناوی پێڵاوە وەك هەندێك لە سەرمایەدارو بازرگانە نەخۆشەکان لە پیشەو خاوەن کارەکەیان ڕوانیوە. ئەوەندەی عەشق بۆ ئیشەکەی هەبوو تا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی دەیووت: ((گەر مردم لەدووکانەکەم و لەنێو پێڵاوە دڕاوو بۆگەن و ڕزیوەکاندا بمنێژن. هەموودەم پێڵاوی کەسە ڕووت و ڕەجاڵ و ماندوو ڕەنجبەرەکانم لەدەوڵەمەندو بازرگان و سیاسییە دۆڕاوو نەخۆش و خۆفرۆشەکان پێ گەورەتربووە. ئەوان دەمرن و بەر نەفرەتی مێژوو مرۆڤایەتی دەکەون و نەوە دوای نەوە بەدیرۆکێکی پڕ لە شەرمەزارییەوە ناویان دێنن و بۆهەتایە فڕێیان دەدەنە زبڵخانەی ڕووڕەشی و بێ ئەمەکییەوە، بۆ ئەبەدیش پەڵەیەکی خیانەت بە تەوێڵی نانەجیبیانەوە دەبێت و قەت لێنابێتەوە، بەڵام پێڵاوی هەژارێکی سەربەرزو شکۆمەند یا شۆڕشگێڕێکی ماندوونەناس و یاخیبوویەکی نمەك بە حەڵاڵ، یاخود کەوشی جەنگاوەرێك کە لەڕیزی پێشەوەی بەرەکانی شەڕەو داکۆکی لەنیشتیمان و شەرەف و بیروباوەڕی دەکات و گوولەیەکی کوێر نێوچەوانی دەپێکێ و گیانی سارد دەکاتەوەو چەند دڵۆپێك خوێن فیچقەدەکاو دەپرژێتە سەر پێڵاوە ماندوو شەکەتەکانی، دەبێت تا مێژوو مێژووە بۆ حەوت پشت بیگێڕێتەوەو لە مۆزەخانەی سەروەریدا وەك ئەرشیف هەڵیانبگرێ و ڕۆژانە سەردان بکرێن. بەڵێ لێرەوە ڕووندەبێتەوە چ پێڵاوێك بەنرخەو چ مرۆڤێکیش ناچیزو چکۆلەو بێ ئەرزشە )).

لەنێو دووکانی پینەدۆزییەکەیدا باپیرم ڕەفەیەکی تەختەی دروستکردبوو بە چواردەوری خۆیدا سووڕابووەو بەچەند بزمارێکی پۆلا بەدیوارەوە چەسپی کردبوو. لەسەریدا چەندین پێلاوی هەمەچەشن و گەورەو بچووک هەبوون وەك ( جووتە پێلاوێکی لاستیکی ژنانە، جزمەی درێژی سەرئەژنۆ، جووتێك کالەی دڕاو، جووتێك پێلاوی ڕەشی منداڵانە، جووتە پاتەیەکی لاستیك، پووت، پێلاوی چەرم لووس، پێلاوی لە قەڵتاغ دووراو....چەندینی دی ) هەریەکەیانی بەوپەڕی وەفاو ئەمەکەوە لەوێدا هەڵگرتبوو.

لەیادمە مانگەشەوێکی درەنگ وەخت بوو من و دایکم و نەنکم و خاڵ و پوورەکانم هەریەکەمان لەنێو جێگای خۆماندا پاڵکەوتبووین و گوێمان لەباپیرم گرتبوو، کە ئەو لەژوورەکەیەوە دەیویست بەسەرهات و سەربوردەی هەر یەکێك لەو پێلاوانەی سەر ڕەفەی دووکانەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، گەرچی هیچ ڕووناکییەك لەژوورەوە دانەگیرسابوو، بەلام بەهۆی تریفەی مانگەشەوەوە بەباشی یەکترمان دەدیت و ڕۆشناییەکی بێوێنە خۆی بە نێو ماڵەکەدا کردبوو. لەو جێگایەی من لێی پاڵکەوتبووم بەرامبەر ژوورەکەی باپیرم بوو، بۆیە زۆر بەچاکی دەموچاویم لێوەدیاربوو بەتایبەت ئەو لایەی کە ڕووناکیەکە ڕاستەوخۆ کەوتبووە سەری. هەمیشە لەژێر پەنجەرەکەوە دەخەوت بۆیە سەرینەکەی هەڵکێشابوو پاڵی پێوەدابوو. بەتانییەکی ئەستوورو گوڵ گەورەی دابوو بەخۆیداو قاچەکانی لەبنەوە لێ ڕاکێشابوو، کلاوە قووتە چڵکنەکەیشی هەر بەسەرییەوە بوو. جاربەجارێك کە تەواو لە قسەکانی گەرمدەبوو یادەوەرییەکان قورسایی و هێزێکی زۆرو مەحکەمیان لەسەر ڕۆح و دڵی دادەنا بە پەنجەی دۆشاومژە چاویلکەکەی بۆ سەر کەپووی هەڵدەکێشایەوە، لەبەرئەوەی گەر هەڵینەکێشابایەوە تۆزێك بەگنی قسەیدەکرد وەك بڵێی لووتیان بەگیرەیەك گرتبێ، چونکە چاویلکەکەی قورسبوو لەهەردوولاوە ئازاری کەپووی دەدا. ئەو دەیووت:

(( هەمووتان گوێگرن ( ماردین ) کوڕم تۆش باش گوێچکەکانت بکەوەو نەکەی خەو بتباتەوەو بهێڵی بەسەرتدا زاڵبێت، لەبەرئەوەی تۆ کەمێك خەوخۆشیت و قەت تێرخەو نابیت. ئەو پێلاوە کۆن و چەرمە دڕاوو قەیتاندارو جزمەو پاتەلاستیکانەی لەسەر ڕەفەی دووکانەکەم بەرامبەر خۆم ڕیزمکردوون هەریەکەیان بەسەرهاتێکی درێژو حیکایەتێکی پڕ ئازارو غەمهێنیان هەیەو جیاوازن لەیەکتری. ڕۆژانە چەندین کەڕەت لەوەختی ئیشکردنمدا تەماشایاندەکەم و لێیان ورددەبمەوە، بەتایبەت دەمی نیوەڕۆیان کە بازاڕ چۆڵدەبێ و کڕیاران کەمدەبنەوە بەدەم دیشلەمە خواردنەوەوە بەدیاریانەوە دادەنیشم و جارجارەش هەڵدەستمە سەرپێ و لێیان نزیك دەبمەوە، ئەوانەی قەیتانیان کراوەتەوە گرێیان دەدەمەوەو دەیانبەستمەوە، تۆزیان لەسەر دەتەکێنم، فوو لەناویان دەکەم و بە پارچەیەك پەڕۆی نەرم هەردوو دیویان دەسڕمەوە. ئەگەر یەکێکیان بزمارێکی لەبنەوەی هاتبێتەدەرو نەختێك شل بووبێتەوە دوو چەکوشیان پێدادەکێشم و دەیانخەمەوە جێگای خۆیان. نامەوێت هیچ شتێك بەسەر ئەو پێلاوانەدابێت، گەر مردیشم دەیانسپێرم بە یەکێکتان تا وەك وەفایەك بۆ

ڕۆح و گۆڕەکەم بیانپارێزن و لەماڵەوە وەك ئەرشیفێکی گرانبەها هەڵیانبگرن و نەکەونە دەستی کەس، چونکە هیچ کەسێك نرخ و بەهایان وەك من نازانێت و بێخەبەرن لەوەی هەچ کامێکیان ڕۆژگارو سەردەمێك ڕۆحێکی ئازوردەو جەستەیەکی شەکەت و جووتێ قاچ و دەپە نجەی ماندوونەناسیان هەڵگرتووە. زۆر جێگایان پێکوتراوەتەوەو شەونخوونیان پێوەچێژراوە و دڵۆپ دڵۆپ عارەقەی غەم و حەسرەتیان چووەتەوە ناو.

ئەوانە پێڵاوو جزمەو پاتەو لاستیکی ئاسایی نین، چۆن بۆ گشت یاسایەك شتێکی ناوازەو ئەوتۆ هەیەو لەوانی دی ناچێت ئەوانەش بۆ من وان. گە ڕۆژێك لەڕەنگ و شێوەو دوورینی هەریەکەیان هەمان شتم بۆبێنن و لەتەنیشتیانەوە دایانبنێن کە زەحمەت بتوانرێت بناسرێنەوە تا ئەو ڕاددەیە بەلای هەمووانەوە لێك بچن وەها هاوشێوەو هاوبەرگ بن، ئەوە ئەو کەسە منم زۆر بەئاسانی دەتوانم پێڵاوو جزمەو پاتەکانی خۆم بدۆزمەوەو لێکیان جیابکەمەوە، بەڵێ تەنیا من دەتوانم ئەمە بکەم)).

من چیدی بەخۆم نەوەستام و هەڵمدایە: ((ئەرێ دە دەی باپیرە بۆ سەر کرۆکی باسەکە بڕۆو بەسەرهاتەکانیان بگێڕەوە)). لە ژوورەکەی دیکەوە وەڵامیدامەوە: ((پەلەمەکە ڕۆڵە گیان خەمت نەبێت هەر دەیانبیستیت))، پاش ئیستێك دەستی بە قسەکانی کردەوە: ((شەوێك دەمامك بەسەرێك بەخۆیی و چەقۆیەکی درێژی بەر پشتێنیەوە هێرشی بۆ سەر دووکانەکەم کردو دوو چەکوشی گەورەی بەهەموو هێزی لەقوفڵی دەرابەی دووکانەکەمداو شکاندنی و بۆ ژوورەوە چوو، هەموو پێڵاوو جزمەو پاتەکانی کردنە گوێنیەیەك و ڕەفەکەیشی بە بەر چەکوشانداو وردوهەڕایکردن، پێڵاوەکانیشی لەبەردەمی دووکانەکەم لەنێوجەرگەی بازاڕو قەیسەریدا ئاگرتێبەرداو سووتاندنی. من دوور بە دوور وەستابووم چاوم لێبوو چۆن گڕی بەردایە گوێنیە پێڵاوەکان، بەلام هێندەی دەمکرد نەمدەتوانی لەجێگای خۆم بجووڵێم و هاواربکەم و بقیژێنم. ئەوەندەی گوڕو تینم دەدایە بەرخۆم بێسوودو بێئاکام بوو. لاقەکانم قورسبوون هەستمکرد ساردو بێڕۆح بوون، ئەژنۆم نەبوو دڵەکوتێیەکی لەناکاوو بێئامان دایگرتبووم و دەمەویست کابرای دەمامك بەسەر بگرم و هەر بەچەقۆکەی بەرپشتی خۆی هە نجن هە نجنی بکەم بەلام هیچم پێنەکرا. شوکور بۆ خوا لەخەوەکەمدا ڕاچڵەکیم و بینیم لەماڵەکەی خۆمدامەو هەموو شتێك باشە، بۆیە ئەو ڕۆژە زۆر زوو بۆ دووکان ڕۆیشتم، کەبینیم پێڵاوەکان لەشوێنی خۆیاندانە ئینجا ئۆخەیم کردو یەك بە یەك گشتیانم ماچکرد)).

هەموومان لەجێگای خۆمانەوە شڵەژابووین، وامانزانی ئەوەی دەیڵێ بەڕاستی ڕوویداوە بۆیە نەنکم بە هەناسە سوارییەوە وتی: (( دەك سەرت شینکەی خۆ هەناوت بەردراینەوە وەك بڵێی هەموو ئەوانەت بەسەرداهاتووە وەها دەیانگێڕیتەوە)).

****************

**بەسەرهاتی پێڵاوەکان لەسەر زاری باپیرمەوە.**

**بەسەرهاتی جزمە درێژەکانی سەرئەژنۆ.**

**باپیرم دەستی بەگێڕانەوە کردو وتی:**

((جزمە درێژەکانی سەر ئەژنۆ یەکێکە لەوانەی سەرگوزشتەیەکی سەیریان هەیە، خاوەنەکەی دەمێك ساڵە مردووە ناوی (عوبێدوڵڵای حەمباڵ) بوو. لە گوندێکی نزیك ئەم شارەی خۆمان کە هەر نیو سەعاتێك لێرەوە دوورە بەناوی گوندی (مازووان). ئەو پیاوە لەوێدا ژیابوو کەسێکی شەرمن و لەسەرەخۆو بێوەی بوو. ماڵێکی بچکۆلانەی بەقوڕو خشتی سورو تەنەکەی کۆن پێکەوە نابوو. سێ کوڕو کچێکی جوانی هەبوو، لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا ژیانیان بەهەژاری و دەست کورتی و نەداری بەسەردەبرد. بە ماندووبوون و عارەقەی نێوچەوانی حەمباڵی دەکردو نان و بژێوی بۆ ماڵ و منداڵی دابین دەکرد. پیاوێکی باڵا بەرزی ئەسمەرو سمێڵ ڕەشی چوار شانە بوو هەمیشە فانیلەیەکی تەنك و چاکەتێکی ڕەشی بەسەریدا لەبەر دەکرد، لەگەڵ شەرواڵێکی قاوەیی پان و پۆڕ بە جووتێك جزمەی سەر ئەژنۆوە. زستان و هاوین بەو شێوەیە بوو وەك ئەوەی نەخۆی بشوات و نەخۆی بگۆڕێت وا هاتۆتە بەرچاو.

کەسێکی زاڵم و شەلاتییەکی سمێڵ بابڕو چڵکاو خۆر بەناوی (فەتحوڵڵای شاروخیان) لەو گوندەی ئەواندا کار بەدەست بوو، هەموو شتێکی کردووە بە قوربانی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتیەکەی، تەنانەت گەر ئەو شتە عەرزو ناموسیش بووبێت بۆی گرنگ نەبووە لە بەرامبەر دەسەڵاتیدا. ڕۆژانە کاری بە وەرزێرو پاڵەو جوتیارەکان کردووەو ڕەنج و ماندوو بوونیانی بۆ باغەڵی خۆی دزیوەو بەشێکی کەمیشی بە ماستاوچییەکانی دەوروبەری خۆیداوە. ڕۆژێکیان (عوبێدوڵڵای حەمباڵ) لەکاری قوڕ شێلان بووەتەوەو ویستویەتی لەوێوە بۆ حەمباڵی بەرەو ماڵێك بچێت تا ئێوارە لوقمەیەکی زیاتر بۆ منداڵان بباتەوە. لەسەرە ڕێدا توشی پیاوە مل هوڕەکان بووەو گاڵتەیان پێکردووەو بەلاقرتێوە قسەی سوك و نابەجێیان پێ وتوە، ئەویش تکای لێکردوون لەسەر ڕێگای لابچن بەڵام ئەوان لەسەر ئەو سوکایەتی و گاڵتەیەی خۆیان هەر سورو بەردەوام بوون بەتایبەتی (فەتحوڵڵای شاروخیان) کەسەردەستەی پیاوەکان بووەو تەواوی گوند بە گەورەو بچوك و ژن و پیاویەوە لێیترساون. زەوی خەڵکی داگیرکردووەو حەزی لە هەر کچێکی تازە پێگەیشتووی دێیەکە بووایە بە پیاوەکانی فڕاندویەتی و شەویش دەستدرێژی کردۆتە سەری، بەیانیش بەسەر شۆڕی بەڕەڵای کردووە، هەر کەسێکیش بەرامبەری وەستابایەوە یان قسەی پێ گوتبایە نەدەبوو شەوو ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕێ، دەبوایە بیرفێنن و پاشانیش لە دۆڵێکی بەردەڵان و شاخاویدا دەیان کوشت و تەرمەکەیان فڕێ دەدا. خەڵکی دادو بێدادیان بووە لەدەستی و چەندین جار ڕیش سپی و

مەلای مزگەوتیان لێ ئاگادار کردبووەوە، کەچی کەس گوێی پێ نەدا بوون لەبەرئەوەی ئەو مەسینە هەڵگری یەکەمی کار بەدەستانی میری شار بوو بەردەوام دەمی پیاوانی حکومەتی چەورکردووەو کچی بۆ لە ژوورەوە کردوون .

پاش ئەوەی ( عوبێدوڵلاّ ) لێیان پاڕاوەتەوە وازی لێبهێنن و هەر یەکەیان بەڕێی خۆیاندا بڕۆن، ئەوان هەر وازیان نەهێناوە بۆیە لێیان هاتۆتە دەست و خاکەنازێکی گەورەی بەدەستەوە بووەو ڕایوەشاندووە، هەر ئەو وەختە یەکێ لە پیاوەکانی کوشتووە ئەوانی دیکەشی دا پلۆسیوە هەر چۆنێك بوە لەبن دەستی ڕایان کردووە. ئەو وەختە ( فە تحوڵلاّی شارۆخیان ) بەتەنیا ماوەتەوەو ترسێکی زۆر دایگرتووەو تکای لێکردووە بەرەڵای بکات و نەیکوژێت, بەلاّم ( عوبێدوڵلاّ ) زۆر لەوە دڵگەرم و بەجۆشتر بووە وەك لەوەی ئەو تێبگەیشتووە، هەر بۆیە خاکەنازەکەی دەستی فڕێداوەو وتویەتی: (( دەبێت بەم جزمە پیس و ماندووانەی عارەقەو بەدبەختی چەندین ساڵەیان پێوە ڕەقبووەتەوە بتکوژم، لەبەرئەوەی یەکێکە لەو شتانەی لەژیانمدا شانازیم پێوە کردوون ))، بۆیە جوامێرانە لێی هاتووەتە دەست و لەناو خۆڵە پۆتەدا گەوزاندویەتی و قاچێکیانی خستۆتە سەر دەم وچاوی تا زیاتر هاواری کردووەو دەستی هەڵبڕیوەو پەلەقاژەی کردووە ( عوبێدوڵلاّ ) ڕق ئەستورانەترو زێدەتر پاڵی بە جزمەکانیەوە ناوەو پاژنەکەی خستۆتە ناو دەمی و وازی لێنەهێناوە، پاش چەند خولەکێك ( فە تحوڵلاّی شاروخیان ) لە ژێر قاچ و جزمەکەیدا خنکاوەو ڕوخساری پلیشاوەتەوە. ساڵانێك عوبێدوڵلاّ گیرا پاشان بەرەڵاّ کرا، لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد, بەلاّم گەورەترین مێژووی سەروەری بۆخۆی تۆمار کرد، منیش سەردانی ماڵەکەییم کردو جزمەکانیم لێوەرگرت ئێستاش لەسەر ڕەفە تەختەکەی دوکانەکەمدا دامناون، خۆ زانیتان ئێستا ئەو جزمانەم بۆ هێندە لا بەرزو پیرۆزن )).

هەمووما سەرا پای جەستەمان کردبووە گوێ تا باشتر و سافتر قسەکانی باپیرم لە ژوورەکەی دیکەوە ببیستن. من چاوم زەق ببوەوەو بە وردی سەرنجیم دەدا لەبەرئەوەی لەلای منەوە دیار بوو، کەمێك بالیفەکەم داکێشایە خوارو ئانیشکم خستە سەری و دەستم لە پەنا گوێم داناو ڕوانینم لەسەر باپیرم لانەدەبرد, ئالەو ساتەدا باپیریشم هەردوو قاچی لەژێر بەتانییەکەوە هەڵکێشابوو لەوە دەچوو سڕ بووبێت دیسان چاویلکەکەی باشتر خستەوە سەر لوتی و لەبن کلاّوە چڵکن و قوتەکەیەوە کەمێك سەری خوراند، وەك ئەوەی بزانێ چیرۆکەکەی چەندە کاری تێکردووین، چەند جارێك ئحمی کردو سەری بەرزتر کردەوەو دەستێکی بە سمێڵە سپیەکەیدا هێناو هاتە سەر بەسەرهات و گێڕانەوەی جووتە پاتە لاستیکەکە. دایکم لەناکاو وەك بڵێی خۆی یەکێك بووبێ لەوانەی لەڕووداوەکە لەگەڵ بووبێت وتی: ((ئەوەیە پیاوی جەسوورو ئازا کە هیچ سەرشۆڕی و نامەردییەك قبوڵنەکات هەزار ڕەحمەت لەگۆڕەکەی بێت )).

### بەسەرهاتی جووتە پاتە لاستیکەکە.

باپیرم درێژەی بەقسەکانیداو هاتە سەر باسکردنی ئەم جووتە پێڵاوەو وتی:

((لەم شارەدا کوڕێکی سوورو سپی خڕکەلانە هەبوو، دووچاوی سەوزی بچووك و زیتی لەگەڵ سمێڵێکی کورت و پڕهەبوو، بەلام لوتی هەندێك پان و هەلکشاوبوو هەر بە لوتی بەراز دەچوو, وەختێك قسەشی دەکرد هێندە بەخێرایی و پەلە پەل دەمولێوی دەجولاند و دەیدان بەیەکدا وشەکانی لەناو دەنگە گڕەکەیدا عاسێ دەکردن و بەقورسی دەری دەبڕین، وەك کاسێتێك سالانێك هەلگیرابێ و خۆلی زەمانەی کەوتبێتە سەرو تۆش بیهێنی و تاقی بکەیتەوە. لەو ساتەدا دەبینیت شریتەکە پچڕپچڕ بووەو دەنگەکەیشی دەیجوێتەوە و ناتوانیت بەباشی حالی بیت لێی. ئەو کوڕە بەو دەنگ و تۆن و ئاوازەوە قسەی دەکرد. خوا نەکات گەر کەمێك لێی چووبایتە پێشەوە ئەوا لەکاتی قسەکردنندا دەموچاوی نەدەهێشتی و هەمووی تەڕ دەکرد, چونکە لەهەر چەند ڕستەیەکیدا تۆپەڵك تفی لە زارەوە دەردەپەڕییە دەرو پشتە دەستێکیشی بەدەمیدا دەهێنا. تا بلێیت جوامێرو چەلەنگ و چاونەترس بوو، تاقانەی دایك و باوکی بوو هەر ئیشێکت پێ بسپاردبایە بە دلێکی گەورەو بێ ئەوەی فێڵ بکات، یان چاوی لە مالی کەس بێت دلسۆزانە یارمەتی دەدایت و بۆی جێبەجێ دەکردی. چەندین جار ڕووم لێناوەو کارم پێی بووە گەلێك مەردانە هاتووەتە پێش و هاوکارم بووە، لەبری ئەوانەشدا خەلکی خۆشیان دەویست و پارەیان پێ دەدا ئەویش دایك و باوکە پیرەکەی پێ بەخێو دەکردو لە پالیشیدا کرێکاری دەکرد. زۆرجار لەناوەڕاستی بازاڕدا دیتوومە گولەبەڕۆژەو وردەوالەی فرۆشتووەو بووە بە دەستگێڕ. ئەو کوڕە هەر بە (نەزیفە سوور) بانگیان دەکرد سیفەتێکی جوانتری هەبوو، ناحەقی لەهەر شوێنێك و هەر کەسێك بدیبا قبولی نەدەکرد گەر خۆیشی لەسەر بەکوشتدابا, بەلام هەندێك ڕەفتارو هەلسوکەوتی مندالانەی هەبوو ئەوە وایکردبوو خەلك بە شێت و گەمژە ناوی ببەن .

سەر لە ئێوارەیەکی کەمێك درەنگ دنیا تەواو تاریك داهاتووە ( نەزیفەسوور ) بەرەو مال بووەتەوەو لە سوچی کوچەکەی پێش مالی خۆیان ویستویەتی پێچ بکاتەوەو قاچ بخاتە سنوری کۆلانەکەیان, ئا لەوێداگە نجێکی جوان و سەرنجراکێشی بینیوە هەردوو قاچی پێوە نەبووەو دۆشەکۆلەیەکی بە قنگەوە دووراوە، تا بتوانێت لە جیاتی قاچەکانی دەستی لەسەر زەوی بچەقێنێ و باز بدات و بڕوات. (نەزیفەسوور) کە باشتر لێی وردبۆتەوە بینیویەتی جەستەی هێندە ڕوون و ناسك بووە هەر بە نایلۆن و جەلاتین چووەو ئەوسەری کۆلانەکە لەنێو سینگ و پشتیەوە دیاربووە، بەلام ئەو بڕواینەکردووە کەچی کە زیاتر لێیچووەتە پێش لەوە دلنیابووەتەوە هەست و چاوەکانی بەلاڕێیاندا نەبردووەو تەواو وەك ئەوەیە بینیویەتی. دەستی پێداهێناوە لەودیوەوە سەرە پە نجەکانی خۆی لەنێو جەستەی ڕوونیدا بینیوە، دەستی بۆ ڕوومەت و سەرو قژی بردووە هەستی بەوە کردووە، چۆن لەنێو تەشتە ئاوێکدا پە نجەکانی هاتووچۆ دەکەن وەها بەئاسانی ئەمسەرو ئەوسەریانکردووە لە لەشیدا. (نەزیف) بۆئەوەی دلنیاتربێت لەوەی کە بەڕاستی مرۆڤێکی بێ قاچەو لەبەردەمیدا دانیشتووە سلاوی لێکردووە تابزانێت وەلامیدەداتەوە یانا، پاش کەمێك وەلامی سلاوەکەی بیستووەتەوە، ئینجا پرسیاری کردووە تۆ کێیت و بۆچی لێرەیت؟ لەبەرچی وات بەسەرداهاتووەو قاچت لەدەستداوە؟ ناوت چییە؟ (نەزیف) هەر نەریتی خۆییوو هەمیشە

پرسیارەکانی بەسەریەکەوە دەکردو چاوەڕێی وەڵامی نەدەکرد،بۆیە لەوکاتەشدا ویستوویەتی تەواوی وەڵامەکانی بەسەریەك و بەیەکجار وەرگرێتەوە.

گەنجە بێ لاقەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژیوەو سەری بەرزکردووەتەوەو پێی وتووە: ((تۆش وەکو من دانیشە چونکە ناتوانم وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەت وەها خێرا بدەمەوە، هەر نا با چاومان لەیەك ئاستدابێت من ملم دێشێت ئەوەندە بەسەر بەرزکردنەوەوە قسەت بۆبکەم)). (نەزیف) بەرامبەری دانیشتووەتە سەرچۆك ئینجا گەنجەکە دەستی بەقسە کردووە: ((ناوم (فەرزەند) ە لەدایك و باوك و دنیاو شوێنێکی زۆر لەدایك و باوك و شوێنەکەی تۆ جیاوازتر لە دایکبووم. سەر بەجیهانێکم کەم کەس دەتوانێت ببینێ و هەستی پێبکات، گەر تەنیا بۆ جارێکیش ببینێت و هەستی پێبکات ئەوە بۆ هەتایە غەمدیدەو ژاکاوو دڵتەنگ دەبێ، بۆیە هیچ پرسیارێکم لەمبارەیەوە لێمەکەو ناچارم مەکە بەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەکت پێبدەم، با تاکۆتایی تەمەنت ژاکاوو غەمگین و مەلوول نەبیت.

من کوڕێکی قۆزو سەرنجڕاکێش بووم بالایەکی بەرزو بەرچاوم هەبوو، لەزانکۆ دەمخوێند بەلام دیسانەوە پێتدەڵێمەوە ئەوەی خۆم نەمەوێت ناتوانم لەبارەیانەوە هیچ زانیارییەکت پێبدەم. زانکۆکە لەم جیهان و سەرزەمینە نەبوو ئەوانەیشی لەگەڵ من دەیانخوێند گشتیان وەك من ڕوون و ناسك و نایلۆنی بوون تەنانەت مامۆستاکانیشمان وابوون. کچەکانی هاوڕێ و هاوپۆلمان ئەوەندەی خۆیان دەپۆشی و ستیانیان دەبەست ئێمە هەر بەڕووتی دەماندیتن و مەمکە قووت و سپی و فنجانیەکانیانمان زۆر بە چاکی لێوەدیاربوو. گەلێکیان عاشقم ببوون بەلام نازانم بۆ من عاشقی هیچیان نەبووم، زۆریشم لەخۆم نەدەکرد واهەستبکەم یەکێکیانم خۆشبوێت تەنیا هاوڕێم بوون و هیچی دی.

ساڵێك بەرلەوەی زانکۆ تەواوبکەم بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەو دەگمەنەوە قاچەکانم لێبوونەوە. سەرەتا برین و قەوارەی شین و سووریان تێکەوت گوێم پێنەدان، تا وایلێهات شەوان ئازارێکی بێوێنەو بێحەواس ڕوویان تێکردم، ئەو وەختەش دەبوو دەرزییەکی ئازارشکێنم لێبدەن ئینجا خەوم لێدەکەوت هەموو شەو یەك دەرزی. سەردانی زۆر دکتۆرو حەکیمی گەورەو بە ئەزموونم کرد، تەنانەت ئەوانەیش کە بڕوانامەی گەلێك لەوانی دی بالاتریان هەبوو، بەلام نە توانیان دەرمانم بکەن نە هۆکارو چۆنیەتی دروستبوون و تەشەنەسەندنی نەخۆشیەکەشیان زانی و دۆزییەوە. قاچەکانم وردە وردە بلۆقی گەورە گەورەیان تێکەوت هەریەکەیان ئاوێکی ڕوون ڕوونیان تێدازا، ئینجا پاش چەند ڕۆژێك دەتەقین و ئازارێکی سەیرم دەبوو، کە تەنیاو تەنیا مانای ئەو ئازارانە خۆم دەیانزانم و ناتوانم نەگوزارشتیان لێبکەم نەبیانگێڕمەوە چۆن بووە، چونکە هەر خۆم بەتەنیا دەمچەشتن و کەسی دیکە نەیدەزانی، ئەوەش بزانە ئازار تەفسیر ناکرێت و لێکنادرێتەوە.

بەیانییەك لەخەو بەئاگا هاتمەوەو هەستمکرد ئازارەکەم نەماوە هێندە دڵخۆش بووم بڕواناکەیت. جار هەیە ئاسودەیی و کامەرانی تا دوا سنورو ئەوپەڕی لوتکەی ئامانجت دەبەن وادەزانی ئەمە ئێرەیە سەرەتاو کۆتایی بە ختەوەرییەکانت لێرەوە

ژیان لەترۆپك و بەختیارییەکانی خۆیدا دەژی و ترپەی دڵێکی تازە لێدەداو ڕۆحێکی نوێت تێدەگەڕێت. لە پڕ شتێك خورپەیەك دەخاتە دڵتەوەو لەسەر لوتکەکەشەوە هەڵدێرو خەرەندێکی هەزار بە هەزارت پێ نیشان دەدات، بۆیە لەو بەرزاییەوە کە لە ڕووبەری لێژی ئەو خەرەندە دەڕوانیت، ئیدی سەرە گێژەت پێوە دەنوسێت و تلۆر دەبیتەوە خواری هەڵدێرەکەو هەر هەموو گیانت تێك دەشکێت. بەڵێ ئەو بەیانییە من وەکو ئەو کەسە بووم ئاسودەییەکەم زۆری نەخایاند، چونکە کە دەستم بۆ قاچەکانم برد بەر هیچ شتێك نەکەوت، هەر بە پاڵکەوتنەوە باشترپەلم کوتا و پەنجەکانم گێڕا دیسان بەر هیچ شتێك نەکەوتنەوە, لەناکاو هەستامەوەو دانیشتم بینیم هەردوو قاچم پێوە نەماوەو لێم جیا بوونەتەوە و هیچ شوێنەوارێکیشیان جێ نەهێشتبوو، ئەو وەختە دەستم بە گریانێکی بە کوڵ کرد .

لەو ڕۆژەوە وازم لە زانکۆ هێناو بۆ هەتایە نەگەڕامەوە, ناشمەوێت بەسەر کورسی پەککەوتاندا دابنیشم و لەبری قاچم ڕەوڕەوەی عەرەبانەکە لەسەر زەوی بێت. من کەسێکم هەمیشە شەڕم لەگەڵ ئەستەم و مەحاڵەکاندا کردووە، مادام قاچەکانم بێبەش بوون لەوەی بیاننێم بەسەر زەویدا دەبێت دەستەکانم میراتگرو شوێنگرەوەی بن. تۆ بەقاچەکانت دەڕۆیت هەمووکەس وایە بەقاچەکانی دەڕوات، تەنانەت باڵندەکانیش وان لە دوای نیشتنەوەیاندا لەسەر زەوی سود لە قاچەکانیان دەبینن وەك زیاتر لە باڵەکانیان تەنیا من نەبێت بەدەستەکانم دەڕۆم. برادەر من تۆ ناناسم و سەر بە دنیای یەکتر نین بەڵام ئەوە بزانە مرۆڤ تا ئەندامێکی جەستەی یان هەر شتێکی دیکەی گرنگ و بە بایەخی لەدەست نەچێت نرخ و سەنگ و بەهایان نازانێت چەندە و چی دۆڕاندووەو لەدەستداوە. لەدەست چوونی ئەم شتانە وەك لە دەستدانی زێڕو مرواری و سەروەت و پارە نییە, ملوانکەیەکی ئاڵتون نییە لە ئاهەنگێکدا ونت کردبێت, ئەمستیلەیەکی نقێم یاقوتی نییە تەنیا وەك جوانی و بەشێك لە غروری مرۆڤانە کردبێتتە دەست و دواتر بزرت کردبێت. ڕاستە هەموو لەدەست چوونەکان ناخۆش و ئازاراوین، بەڵام کەدەستێك یان قاچێکت دەپەڕێ و جیا دەبنەوە لێت واهەستدەکەی جەستەت کراوە بە دوو لەتەوە، لەتێکیان ئەوەتا بەسەر زەوییەوەیەو لەتەکەی دیکەشیان سالانێکە بەرلەتۆ خراوەتە گۆڕو ڕزیوەو مردووە. کاتێك دووپشك و مارەکان لە ژێرەوە دەیانخۆن یان دەیانکرۆژن و پارچەیان لێ دەکەنەوە تۆ لە جێگای خۆتەوە، لەگەڵ هەر قەپالێکیان موچڕکەیەکی پڕ ئێش و ساردو تەزیوت بەدڵدا دێت. ژیان ئێستا لای تۆ نییە لای منەو بەس تۆ نایبینیت ئەو ژیانە لەبیر کراوەو فەرامۆشەمت لێ دیار نیە، یان هەموان دەیبینن و بەس لە خەمی ئێمەدا نین. لەماڵەوە هەزاران جووت گۆرەوی و پێڵاوم هەیەو کڕیوە هەمووشی گرانبەهان و پارەیەکی زۆرم پێداون، تێیاندا هەیە چەرمێکی ئەوەندە ئەستوریان هەیە هیچ شتێك ناتوانێت بیانبڕێت مرۆڤ تا دەمرێت ئەو جووتە پێڵاوەی بەسە. لەنێویاندا هەیە قەڵتاغن و بەدەست دوراوون و دروست کراون هەموو کارە دەستیەکانیش بەهایەکی جیاوازی دیکەیان لەوانی دی هەیە. هەندێکیانم هەیە لە خۆشکردنی پێستی تیمساح دروستکراون, هەر لە چنراوی فەروی سمۆرەوە بیگرە تاوەکو فەروە ڕێوی و کەروێشکە کێوی، تەنانەت لە پێستی زیبراش هەمە کە ئێمە پێیان دەڵێین کەرە کێوی، چەندانی ترم لەلایە زۆرن و ئێستا ناتوانم بیانژمێرم.

ئەوكاتەی لە زانكۆ دەمخوێند بەتەنیا دوو جووتە پێڵاوی زستانەو هاوینەم هەبوو لە پێم دەكردن، كەچی ئێستا نازانم چۆن و بەچ شێوەیەك قەرەبووی ئەو لاقانەم بكەمەوە هەست كردنم بە كەمی و نوقسانی بەچ شتێك پڕ كەمەوە. ناچارم لەو ڕۆژەوە پێڵاوو گۆرەوی دەكڕم و كۆیان دەكەمەوە، تا مردنیش بەردەوام دەبم و هەر دەكڕم و دەكڕم. بڕواناكەم هیچ دوكانێكی پێڵاو فرۆشی یان كارگەیەكی دروستكردنی پێڵاو هێندەی من پێڵاویان هەبێت, بەڵام دووجووتە زستانەو هاوینەكەم بۆ یادگاری هەر ماوەو بەردەوام لەگەڵمن، ئەوەتانێ ئێستا هاوینەو پاتە هاوینیەكانم لەدەستم هەڵكێشاوە گەر زستان و كرێوەش هات پوتە فەروەكەم دەكەمەوە دەستم، كەئەوەتا لەژێر ئەو پەڕۆكەوەیە كە بەسەر كۆشی خۆمم داداوە)).

(نەزیفەسوور) جاربەجارێك بۆ دووكانەكەم دەهات و ئاگاداری ئەو پێڵاوە دەگمەن و بێهاوتایانەش بوو كە من لە هەوڵی كۆكردنەوەیاندام تا لە ئەرشیف هەڵیانبگرم و دوای خۆشم بپارێزرێن. وەك هەمیشە بە پەلەپەل و زمانەلاڵە پەتێ و دەرپەڕینی تۆپەڵە تفێكەوە لەدەمی چیرۆكی منی بۆ باسكردووەو گێڕاوەتەوە، ئەویش زۆر پێی سەیربووە لەو ڕۆژگارەدا مرۆڤی وەها مابێت نرخی شتە كۆن و كەسە ئاساییەكان بزانێ و وەك توحفە هەڵیانگرێ و لەبیلبیلەی چاو خۆشتری بوێن، بۆیە بەخۆشحاڵیەوە (فەرزەند) جووتە پاتەكە لەدەستەكانی دەردێنێ و دەیدات بە (نەزیف) و دەڵێ قەیناكا هەتا دەگەمەوە شوێنی خۆم ئەم جووتە زستانییە دەكەمەوە دەستم، چونكە بۆ من جیاوازییەكیان نییە هەر كەی گەیشتمەوەش پاتەی لاستیكی هاوینەم گەلێك زۆرە وەك سەرەتا پێمووتی ئەوان لە دەستەكانم هەڵدەكێشمەوە. (نەزیف) یش خێرا لێی وەرگرتووەو شەو لەگەڵە خۆی بۆ ماڵێی بردوونەتەوەو خواخوای بووە ڕۆژی لێبێتەوە، بۆیە كە بەیانی چووم بۆ دووكان (نەزیف)م بینی لەسەر سەكۆی دووكانەكەم دانیشتووەو بەخۆیی و جووتێ پاتەی لاستیكەوە چاوەڕوانی دەكردم. پرسیارم لێكرد ئەم پێڵاوانە چینە بەدەستەوەت و بەم بەیانیە زووە لێرە چیدەكەیت؟ ئینجا پێكەوە بۆ نێو دوكانەكەم چووین و هەموو شتێكی لە نووكەوە بۆ گێڕامەوە، منیش بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە لێموەرگرتن و كۆڵێك سوپاسم كرد لەبری ئەوەشدا بڕێكم پارە پێدا. بەسەرهات و سەرگوزەشتەی جووتە پاتە لاستیكەكەش بەمجۆرەبوو كە بۆم باسكردن)).

باپیرم كە لەقسەكانی تەواوبوو سەرنجێكی گرتە من و وایزانی نووستوومە هەرچەندە لێیەوە كەمێك دووربووم، بەڵام من زیتەی چاوم دەهات و بەشێوەیێ بەرەو نێو جیهانی پاتەو چیرۆكەكەی ڕۆچووبووم وا ئاسان خەوم لێنەدەكەوت. هەر زوو وتم: ((باپیرە وەها لێم ورد مەبەوە نەنووستوومە هەرچەندە كەس نەماوە بەخەبەربێت جگە لە من و تۆ)). ئەو دەستەی لەژێر چەناگەمدابوو زۆر سڕببوو چاوانم تین و تاویان تێدا نەمابوو، بۆیە داوام لە باپیرم كرد بخەوین و زۆر درەنگ بووە، ئەویش قاچەكانی ڕاكێشاو سەرینەكەی لە پاڵ دیوارەكە كردەوەو خستییەوە ژێر سەری و وەكو مار خۆی بۆ نێو جێگاكەی خزاندەوە و بە زەردەخەنەوە وتی: ((شەوتشادبێ (ماردین) گیان هیوادارم خەو بە پێڵاوە دەگمەن و پڕشكۆكانەوە ببینیت، گەر دەرفەت بوو لەیەكێ لەشەوانی داهاتوومانداا بەسەرهاتی پێڵاوی دیكەشت بۆ دەگێڕمەوە دەزانم ئەوانی دی خەویان

لێکەوتووە، لەم شەوەوە چیدی پێتنالێمەوە خەوخۆش، چونکە بەڕاستی سەلماندت کە خەوخۆش نیت)). کلاّوە چڵکنەکەی لەسەری لابردو خستییە بن بالیفەکەیی و خەوتین.

*****************

**بەسەرهاتی (شێخ موکری زمانزان)**

لەشاری (سەیلاو) عەتارێکی وەجاغ کوێر بەناوی (شێخ موکری زمانزان) هەبوو، مرۆڤێکی تا بڵێی زیرەك و زۆرزان و دنیا دیدە بوو. بالاّیەکی درێژو باریك و لاوازی هەبوو قژی ڕووتابووەوە، بەدوو چاوی بچکۆلەو لوتێکی پان و دوو لاجانگی قووپاوەوە, سمێڵی هێندە چڕو درێژ بوون دەمیان داپۆشیبوو، لەو کەسانە بوو کە نەتدەزانی ئاخۆ دەمی هەیە یان نا. کەسێکی بە شێوەو دیمەن ناشرین بوو بەلاّم گەلێك دەست ڕۆیشتوو بەدڵ و بە ئەمەك بوو, هەردەم سەعاتێکی بەزنجیری درێژی بەر باخەڵی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و ناو بەناو بەتایبەتی نیوەڕۆیان و دەمی نوێژ لە گیرفانی دەری دەهێنا و قەپاغە ستیل و زەخرەفە دارەکەی هەڵدەدایەوەو تەماشایەکی دەکرد و هەڵیدەگرتەوە. زۆرجار باپیرم دەیووت دەڵێت: ((من قەت ناتوانم سەعاتی دی بکەمە دەستم مەچەکم عارەقە دەکا و سوور دەبێتەوە، ئینجا لێم دەبێت بە نەخۆشی پێست بۆیە هەروا فێر بووم و خووم پێوە گرتوە))، هەر ڕۆژەش سەعاتێکی لە گیرفانی دەرهێناوە بە زریزەی زێڕو زیوو ستیلەوە، کە هەر یەکەیانی لە شارو مەملەکەت و دوکانێکی توحفەو گرانبەهادا کڕیبوون.

دوکانی ئەو پیاوە لەودیو کۆلاّنی دوکانەکەی باپیرمەوە بوو، زۆر کەمیش ڕێدەکەوت بێتە لای باپیرم و دا بنیشێت، جار بە جارێك نەبێت پاش نوێژکردن کە لەمزگەوت گەڕاوەتەوە بەتایبەتی پاش نیوەڕۆیان سەردانێکی باپیرمی کردووەو دیشلەمەیەکی لا خواردووەتەوە. (شێخ موکری) بۆیە پێیان دەووت زمانزان وەك وتم گەلێك زیرەك بووەو سەفەری زۆری بۆ دەرەوەی ولاّت و شارو دەوڵەتی جیاواز کردبوو، چەندین زمانی دەزانی و دەیتوانی قسەیان پێ بکات. دەگێڕنەوە جارێکیان ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێکی بیانی هاتووەو پیاسەیەکی بەنێو بازاڕو قەیسەریدا کردووەو پرسیاری لەبارەی مێژووی شارو شارستانیەت و کۆنی ئەو شارەدا کردووەو هیچکەس و هیچکام لەدوکاندارەکان نەیانتوانیوە وەلاّمی بدەنەوەو تێینەگەیشتوون چی دەڵێت, بۆیە خێرا هاواریان بردووەتە بەر (شێخ موکری) عەتاری زمانزان و مەسەلەکەیان بۆ ڕوون کردووەتەوە، ئەویش هاتووەو قسەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکە کردووەو هەر شتێکی ئەو ویستویەتی و مەبەستی بووە، لەبابەت مێژووی شارو کۆمەڵێك شتی دیکەوە هەر هەمووی بە جوانی بۆ شیکردووەتەوەو حاڵی کردووە. ئەوەش بووەتە جێگای سەرسامی ڕۆژنامەنووسە بیانییەکە، کە وا پیاوێك بەو تەمەنەوە نزیکەی سەرووی شەست ساڵ بووە وەها بەوشێوەیە بدوێت و قسە بکات.

( شێخ موکری ) هاوڕێیەکی لەتەمەنی خۆیدا هەبوو، بەڵام لەو شارەی خۆی نا بەڵکو لە شارێکی دوور تر لە ( سەیلاو ) کە وا دووسەد کیلۆمەتریك زیاتریش لەوێوە دوور بووە بەناوی ( شا ئەشکەوت ). ئەم شارەی ئێستا ئێمە لێی دەخوێنین و وەها گەورەو فراوان بووەو چەندین زانکۆو پەیمانگای تێداکراوەتەوەو لەگشت لایەکەوە خەڵکی ڕوویان تێکردووە زۆر لە ( سەیلاو ) و شارەکانی دیکەی دەوروبەری گەورەترە، سەرەتاش هەر گەورەبووە بەلام وەك ئێستا نا قۆناغەکانی ژیاری و گەشەسەندن و پێشکەوتن و مامەڵە بازرگانی و تێکەڵبوونەکان هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ ئەو بەرفراوانی و گەورەییەی. لەگەڵ ئەو هاوڕێیەیدا هێندە یەکتریان خۆشویستووە ئامادە بوون گیانی خۆیان بۆ یەکتر بەخت بکەن.

شاری ( شا ئەشکەوت ) ناوەکەی پەیوەندی بە مێژوویەکی زۆر کۆن و سەربردەیەکی درێژەوە هەیە، بەڵام من هەر چەند شتێکی لەبارەیەوە دەزانم و بیستومە گوایە دەڵێن لە دەورووبەری ئەم شارەی ئێرەدا کێوێکی یەکجار گەورەو زەبەلاح و پڕ لەتاشە بەردی نوك تیژو ڕەق و سفت هەبووە، کە هەر یەکەیان بەسەر دەیەها خەرەندو چاڵ و چۆڵی بێ بن و هەزار بەهەزاردا ڕوانیویەتی. لە دوورەوە کە سەیری ئەو شاخ و کێوە زلەیان کردووە چەندین خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیا جیایان بۆکردووە. یەکێ لەوانە ئەوەبووە کەهەندێك شەوان دوای ئاوابوونی خۆر و بالکێشانی سەنگی تاریکی بەسەرییەوە وەك ژنێك دیتویانە کە بەسەر تەنیشتدا پاڵ کەوتووەو منداڵێکی ساوای لە باوەشدایە، مەمکێکی دەرهێناوەو خستویەتیە دەمی تا شیری پێبدات. هەندێکی دی هەر لەوشەوەدا وەك کوڕو کچێکی نیوە ڕووت بینیویانە, کوڕەکە دەستی خستۆتە ناو قژی کچەکەو بەلای خۆیدا ڕایکێشاوە ئەویش چاوانی نووقاندووەو دەمی خستووەتە دەمیەوە. هەندێکی دیکەش دەڵێن لە پاش سەعات دوانزەی نیوەشەوەوە لە سەربانەوە زۆر باش سەرنجمانداوەو لێی ڕاماوین شێوەی منداڵێکی دەم بە پێکەنینی وەرگرتووە، کە دەمانچەیەکی بەدەستەوە بووە وەك بڵێی گەمەی پێ بکات.

بە پێی بڕوای زۆرینەش بێت دەڵێن گوایە ئەشکەوتێك لە دیوە نەبینراوەکەی کێوەکەدا هەبووە، چۆن خەڵکی بەو ڕووەی لەنێو ماڵ و سەربان و بازاڕو کوچەکاندا بەئەندازەیەکی گەورە لێیان دیاربووەو بینیویانە، ئەوا بەدیوەکەی دی و ڕووەکەی تردا ئەشکەوتێکی چاڵ و تاریك و بێوێنە هەبووە لە دایناسوڕێك چووە دەمی بەشکردبێتەوە. دەوران دەورو لێواری ئەشکەوتەکە گابەردی درێژو تیژو باریك و زل لەسەرەوە شۆڕبوونەتەوەو لە خوارەوەش بۆ سەرەوە چوون تەواو وەك ئەوەبووە ددانەکانی دایناسوڕەکە بێت. لەناوەوەیدا هەزارەها پلیکانەی قوڕو لیتاوی پڕ قەوزەی تێدا بووە، هەر کەسێك بەو شێوەیە بیدیبووایە ئەستەمبووە ترس و لەرزێکی پێش وەختە نەچووبێتە ناخ و ڕۆحیەوە. ڕۆژێك پێنج کەسی یاخی و سەر کێش بۆ وێ چوون، بەڵام هەر لەوێدا سیانیان مردوونەو لەکێوەکە هەڵدێراون و نەگەڕاونەتەوە، دووانەکەی دیکەش پاش هەوڵ و بەگژداچوونەوەیەکی زۆرو ململانێیەکی کەم شێوە لەگەڵ سروشت و شاخ و تاشەبەردو خەرەندی بەسامدا توانیویانە بگەڕێنەوەو بەسەرهاتەکە بۆ خەڵکی بگێڕنەوە.

دۆستە خۆشەویستەکەی ( شێخ موکری زمانزان ) لەم شارەی ئێستادا بووە بەناوی ( عەلی مەقام ).دواتر خۆتان لەچیرۆکەکەدا دەزانن ئەو پیاوە چ پەیوەندییەکی گۆشت و خوێنی لەگەڵ مندا هەبووە. پیاوێکی کورتیلەی قژ ماش و بر نجی کەمێك ورگن و چاویلکەدار بووە بەردەوام بەڕێگادا ڕۆیشتووەو بۆڵەبۆڵێکی لێوە هاتووەو گۆرانی وتوە. لەسەرەتای گەنجی و هەرەتی پێگەیشتنیدا لە دانیشتنی یانەی شەوانەی هاوڕێکانی، یان هەر بۆنەو ئاهەنگێکدا داوەت کراوەو گۆرانی و مەقامی هەمە چەشنی بەدەنگە زوڵاڵەکەیەوە وتوەو هەمووانی مەست و حەیران کردووە. ئەو پیاوە عەرەق خۆرێکی بێ وێنەو بێ هاوتا بووە کەم کەس لە دانیشتنی سەرمێزدا توانیویەتی لەگەڵیدا بخواتەوەو ڕێ دەرببات، وەختێکیش تەواو سەرخۆش بووەو بەیەکجاری چووەتە دنیای مەستییەوە چاویلکەکەی لە چاوی لابردووەو دەستی بە گریانێکی بە سوێ کردووەو هیچکام لە هاوڕێکانی نەیانتوانیوە لێی نزیك ببنەوەو بەری پێبگرن, چونکە هەموو شارەزای بوون هەرچی لەگەڵیدا بکەن بێسودو بێئاکام بووە .

شەوێك ( عەلی مەقام ) لە گوندێکی نزیکیان داوەتی بۆ نەیەکی ژن گواستنەوە کراوە بۆ ئەوەی هەمووان بە مەقام و گۆرانییە خۆشەکانی مەست و حەیرانکات، بۆیە لەوێدا لەنێو ئاهەنگەکەدا عاشق و شەیدای کچێك بەناوی (زوڵفا ) بووە کە بە (زوڵفای ڕەشیدی ناڵبەند) ناسراوە. ئەو کچەش بەهەمانشێوە عاشق و حەیرانی دەنگی ئەو بووەو نیگای پڕلە خۆشەویستییان گۆڕیوەتەوەو پردی عەشقێکی قووڵ و پتەویان ڕایەڵکردووە. ( زوڵفا ) سێهەمین کچی بنەماڵەکەی بووەو برای نەبووە بەتەنیا ئەو سێ خوشکە بوون، پەروەردەی دەستی دایك و باوکێکی هەژار بوون، هەر لە گوندەکەی خۆیاندا زەوییەکی بچووکیان هەبووەو کوشتوکاڵیان تێداکردووە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان. ئەوکاتە (زوڵفا ) کچێکی تازە پێگەیشتوو جوان و بەرچاو بووە, باڵایەکی مام ناوەندی و گۆشتنی هەبووە و ڕەنگی پێستی گەنمی بووە، بە چاوو برۆیەکی ڕەش و گەورەو دەم و لوتێکی نوقلی و قنج و قژێکی ڕەشی پڕی هەبووە کە تا سەر کەمەری هاتووە .

( عەلی مەقام ) لەو ڕۆژە بەدواوە ئاگای لەخۆی نەماوەو شەوانە دەستی بە خواردنەوەی عەرەقی زیاتر کردووەو لەسەر گریانە بەسوێکانیشی بەردەوام بووە. لەو گوندەدا هەر بۆنەیەك هەبووایە بانگهێشت کرابا یان نا ئەوا لەبەر خاتری ئەوەی (زوڵفا ) ببینێ و جارێکی دی چاوی پێی بکەوێتەوە چووە, بۆیە لەیەکێك لە ڕێکەوتی ئەو داوەت و بانگهێشتانەدا بینیویەتی و قسەی لەگەڵ کردووەو نیازپاکی خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیوە، ئەویش هەمان هەست و سۆزی بۆی هەبووەو لەسەرەتاوە دڵیان بۆ یەك لێیداوە. چەند جارێکی دیکەش یەکیان بینیوە ( عەلی مەقام ) پەیمانی ئەوەی پێداوە بەزوویی بۆ خوازبێنی بچێت و داوای بکات, بۆیە شەوێك لەگەڵ چەند پیاو ماقوڵ و ڕیش سپییەکی ناسراوی گوندو ناوچەکەدا چووەتە ماڵیان و داوای (زوڵفا )ی لە باوك و دایکی کردووە، ئەوانیش بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە ناسیویانەو ناوو ناوبانگیان بیستووە، بۆیە لەسەردەستی هەمووان باوکی ( زوڵفا ) کچەکەی پێشکەشی ( عەلی مەقام )کردووە.

لە پاش ساڵانێك گوزەران و ژیان ( عەلی مەقام ) لەم شائەشکەوتەدا ماڵی خۆی لەگەڵ ( زوڵفا ) داناوەو نیشتەجێ بوونە، ئینجا خودا دوو کچ و سێ کوڕی پێداون کە کوڕە گەورەو نۆبەرەکەیان ناو ناوە ( بەهادین ) .

## سەرەتای ناسینی ( شێخ موکری زمانزان ) و ( عەلی مەقام ).

سەرەتای ناسینی ( شێخ موکری زمانزان ) و ( عەلی مەقام ) بۆ ساڵانی لاوی و گە نجێتی دەگەڕێتەوە، لەوەی کە هەردووکیان لەیەکێك لە شارەکانی باشوورو لەیەکەیەکدا سەربازبوونەو یەکتریان ناسیوە. لەکاتی پشووەکانیاندا ( عەلی مەقام ) لەوێش بەدەنگە خۆشەکەی هەر گۆرانی وتووەو سەربازانی یاوەری دڵخۆش و مەستکردووەو بۆنێو دنیای پڕ لەیادەوەری و سەرگوزەشتەی درێژی ڕابردوویانی گەڕاندوونەتەوە، هەر ئەوەش وایکردووە ( شێخ موکری ) زیاتر لێی نزیکبێتەوە، چونکە دەنگەکەی زۆر بەدڵ بووە وەختێك گۆرانی چڕیوە لەجێگای خۆیەوە مەست و بێدەنگ و حە پەساو بووە. شەوانە هەموو سەربازانی یەکەکە لەهۆڵێکی گەورەدا پێکەوە خەوتوون، ( شێخ موکری ) بۆ لای ( عەلی مەقام ) ڕۆیشتووەو بنی قسەو باس و گفتوگۆی لەگەڵدا داناوەو ژیانی خۆی بۆ باسکردووەو گێڕاوەتەوە، بارگەی پڕ لەنهێنی دڵی بۆ داگرتووەو هەگبەکەی بۆکردووەتەوە، بەوەشدا وردە وردە شارەزای دەروون و ڕەفتارو ڕەوشتی ( عەلی مەقام ) بووەو زانیویەتی مرۆڤێکی بەرزو دەروون پاکە. ئەوە دەسپێکی ناسین و تێکەڵاوبوونی هاوڕێیەتی و وەفادارییان بووە.

گوزەران و باری دارایی ( شێخ موکری ) گەلێك باشترو بناغەدارتر بووە لە گیرفان و گوزەرانی ئەوانی دی، بەهۆی ئەو میراتە زۆرەوە کە لە باپیرە گەورەیەوە بۆی جێمابوو. تاکە سەربازی فەسیلەکەیان بووە لە دەوڵەمەندی و باخەڵ پڕیدا کە هەندێکیان ئیرەییان پێبردووەو چاوییان پێهەڵنەهاتووە، بۆیە لەنێوخۆیاندا ڕێککەوتوون شەوێك لەشیرین خەودا وەختێك هیچکەسێك بەئاگانەبێت بچن بیخنکێنن و ئەو پارەیەی لە بەرك و ژێرجل و زنجیری پەناوپێچی جانتاکەیدایە بیبەن و لەنێو یەکترا دابەشیبکەن.

درەنگانی شەوێکی تاریك کە ڕووناکیەکی کز لەنێو هۆڵی سەربازەکاندا داگیرساوەو گشتیان خەوتوون، ئەو چەند کەسەی ڕێککەوتبوون و لەگەڵ خۆشیان سەربازبوونە، بەسکەخشکێ و خۆنەویکردن و دزییەوە بەرەو لای جێگاکەی شێخ موکری چوون. وا ڕێککەوتووە عەلی مەقامیش چەند خولەکێك زووتر بەهۆی ئازاری گەدەیەوە خەوی زڕاوەو ویستوویەتی لەجانتاکەیدا شووشە حەبەکەی دەربێنێ و دانەیەك بخوات، چونکە بەردەوام پێی بووە بەهۆی خواردنەوەی ئەو هەموو عارەقەوە برین لە گەدەیدا دروستبووە، بەڵام کە هەستاوە بینیویەتی چەند سەربازێك لە ( شێخ موکری ) نزیکبوونەتەوەو خەریکە دەست بنێنە بێنەقاقایەوەو بیخنکێنن، کە ئەو دیمەنە دزێوو چاوەڕوان نەکراوەی دیتووە پەشۆکاوەو پڕ بە گەرووی هاواریکردووەو تەواوی سەربازانی هۆڵەکەی بەئاگاهێناوەتەوەو کردوویەتی بە هەراو دەنگەدەنگ شێخ موکریش بەئاگاهاتووەتەوە، بەڵام هەر کە چاوی کردووەتەوە چەند کەسێکی بەسەر سەری خۆیەوە بینیوەو دەستیان لە گەردنی

نزیككردووەتەوە، خێرا پاڵێکی پێوەناون و سەربازانی دیکەش هاتوونە و داویانن بەزەویدا و قۆڵبەستیان كردوون. هەواڵیان بە بەرپرسی یەکەکەیان داوەو ئەویش بە پەلەو هەڵەداوانەوە هاتووە، تا لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکە بێت عەلی مەقامیش هەموو شتێکی لە نووکەوە بۆ گێڕاوەتەوە، کە چۆن ویستوویانە ئەو بەستەزمانە بخنکێنن مەبەستیشیان تەنیا پارەکانی بووە، بۆیە هەر بەو شەوە بەدەستی بەستراوەوە بۆ زیندانیان بردوون بەتۆمەتی هەوڵدانی کوشتن و دزی پاش ماوەیەکیش بەرەو شارێکی دوورو گەرم و زەحمەتتر گوازراونەتەوە.

(شێخ موکری) لەدوای ئەوەی ئەو هەڵوێستە مەردو جوامێرانەیەی لە (عەلی مەقام) بینیوە، پێشتر چەند خۆشی ویستبوو دوو ئەوەندەی دیکەشی خستۆتەسەرو سوپاسێکی بێپایانی کردووەو هیوای خواستووە ڕۆژێك بێت و بتوانێت چاکەو پیاوەتییەکەی پێبداتەوە، هەرگیزیش بیری ناچێتەوەو داوای هەرشتێکیشی لێبکات بۆی جێبەجێ بکات، بەڵام (عەلی مەقام) پێیوتووە هەستناکەم کارێکی وەها گرنگم کردبێت، هەر ئەوەندە نەبێت ئەرك و ڕەفتارو ڕەوشتی خۆمم بەجێهێناوەو هەرکەسێکی دیکەش بووایە لەجێگای من بەدڵنیاییەوە هەمان شتی دەکرد، هیچ شتێکیشم لێتناوێت هاوڕێیەتی و ئاشنابوونمان خۆی خەڵاتێکی بەنرخ و بێوێنەیە. لەو ڕۆژە بەدوواوە ئیدی هەردووکیان بۆ یەکتری بوونەتە دوو هاوڕێی فرە خۆشەویست و جێ متمانە، زۆربەی مۆڵەتەکانیان لەیەکە سەربازییەکەیاندا پێکەوە بووە تا بەیەکەوە بڕۆن و بگەڕێنەوە، تەنانەت وایانلێهاتووە سەردانی کەسوکاری یەکتریشیان کردووەو پتر تێکەڵاوی یەك بوون. وەختێکیش گەڕاونەتەوە شەوانە زۆر نهێنی ژیانیان بۆ یەکتری درکاندووەو بیروڕاو باسی هەمەجۆریان لەگەڵ یەکدا گۆڕیوەتەوە.

پاش تەواوکردنی ماوەی سەربازی و گەڕانەوەیان بۆ شارو زێدی خۆیان، چەند جارێك سەردانی یەکتریان کردووەو یادگارییەکانیان بەیەکەوە گێڕاوەتەوە، بەڵام دوایی بەهۆی سەرقاڵی ژیان و گوزەران و ماڵ و منداڵەوە چەند ساڵێك لەیەکتر دابڕاون و ئاگایان لێك نەماوە. لەدوای ئەو ماوەیە بەهەر شێوەو دۆخێك بێت (شێخ موکری) لەبەرئەوەی باری داراییەکەی باشترو لەبارتربووە سەردانی عەلی مەقامی لە (شائەشکەوت) دا کردووەو چەند شەوێکیش لە ماڵەکەیدا ماوەتەوەو کات و ساتێکی زۆر خۆشیان پێکەوە بردووەتەسەر.

دەمەوێت ئەوەبڵێم کە ئەمە دووا دیداری (شێخ موکری) و (عەلی مەقام) بووە. ساتی ماڵاوایی (شێخ موکری) بەگاڵتەوە بە عەلی مەقامی وتووە هیوادارم تۆش منت بیرنەچێتەوەو جارجارە سەردانێکمان بکەیت بابە خۆ ئێمەش فەقیرین چاوێکت لێمانبێت. هەردووك دەستیان کردووەتە پێکەنین بەڵام (عەلی مەقام) حەسرەت و دڵتەنگییەکی بێئارام و ناکاو خۆی بەنێو هەست و ناخیدا کردووەو سەراپای ڕۆحی تەزینێکی سەیر دایگرتووە، وەك ئەوەی پێشبینی کردبێت دووا چاوپێکەوتن و یەکتردیتنیانە، وتوویەتی: ((شێخ موکری براو هاوڕێی زێدە خۆشەویستم من لە تۆ زیاترم پێخۆشە زوو زوو یەکتر ببینین

هەوڵیش دەدەم دریغی نەکەم، بەڵام نازانم بۆ وا هەستدەکەم جارێکی دی یەك نابینینەوە، ئەگەر لەژیاندا مام دڵنیابە سەردانت دەکەم ئەگەریش نەمام گەردنم ئازادکە، سەربازبوون گەر هیچی پێنەبەخشیبم ئەوەم بەسە تۆم تێدا ناسی )).

## تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەو دوا دیدارەدا.

پاش تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر ئەو دوا دیدارو ماڵ ئاواییەدا (عەلی مەقام ) بە مەبەستی ئیش و بژێوی ژیان ڕووی کردووەتە شارێکی باشوور بە مەبەستی نان پەیدا کردن لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە. لەوێدا هیچ خانە خوێ و دۆست و ناسیاوێکیان نەبووە، بۆیە بەناچاری لە میوانخانەیەکی هەرزان و لاچەپدا ماونەتەوە کە کەوتۆتە بەشی خۆرئاوای شارەکە، زۆریش گەورە نەبووە دوو کۆڵان ئەودیوتر بەسەر شەقامێکی سەرەکیدا ڕوانیویەتی کە شەوانە لەبەر دەنگی ماشێن و هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان و هات و هاوارو سەدای شۆفێران زەحمەت خەویان لێکەوتووە. ژێرەوەی میوانخانەکە چایخانە و چێشتخانەیەکی کەمێك گەورەی تێدا بووەو هەراو زەنای ڕێبوارو کرێکارو بێزارو لادەرانی شەویش جارێکی دی لەوێدا هەراسان و گێژی کردوون. زۆربەی شەوان (عەلی مەقام ) سەری خستۆتە ژێر سەرینەکەی تاکو گوێی لەو دەنگە دەنگ و هەراو هۆسەیە نەبێ و تۆزێك هێمن بخەوێت. ئەوە وێڕای ئەوەی چەند ژوورێك لەتەنیشتییەوە بووە درەنگانێك بێدارو سەرخۆشانی شەو سەرحاڵ و گێژ بە لاتەلات و گۆرانی و چەپڵە ڕێزان و فیکو هۆڕەوە بەڕاڕەوی ئوتێلەکەدا هاتوون، کاتێکیش بە ژوورەکەی خۆیان گەیشتوون تا هێزیان تێدا بووە پاڵیان بە دەرگاکەوە ناوەو زرمەیەکی وەهای لێوە هاتووە لە سەرانسەری میوانخانەو ژوورەکانیدا دەنگی داوەتەوە .

خاوەنی میوانخانەکە پیاوێکی بەتەمەنی پارە پەرست بووەو هەمیشە چەند ڕۆژێك پێش سەری مانگ پێشی لە(عەلی مەقام )و هاوڕێ و میوانەکانی لەوێ ماونەتەوە گرتووەو وەك قارچك لەبەردەمیان قوت بووەتەوەو داوای کرێی لێکردوون. پیاوێکی ڕیش سپی قەمبوور بووە، بەردەوام لە پانتۆڵ و چاکەتێکی قاوەیی چڵکندا لەپشت مێزی دەروازەی پێشوازی ئۆتێلەکە بینراوە خەریکی پارە ژماردنەکانی بووە .

(عەلی مەقام ) مانگی جارێك بەسەردان بۆ ماڵێ گەڕاوەتەوە، کە ئەو وەختە منداڵەکانی کەمێك هەراش و گەورە بوون بەتایبەتی (بەهادین ) چونکە لەوانیدی گەورەتر بووە. (زوڵفا )ی دایکیان ژنێکی ئاقڵ و فامیدە بووە کاتێك باوکیان لەوێ نەبووە شوێنی ئەویشی گرتووەتەوەو خستونەتییە ژێر باڵ و سایەی خۆیی و بەوپەڕی ڕەوشت بەرزی و سەربەرزییەوە پەروەردەی کردوون، تەنانەت نەیهێشتووە ڕۆژێکیش لەقوتابخانەو وانەکانیان دابڕێن و دوابکەون. لەهەر سەردانێك و گەڕانەوەیەکدا باوکیان پارەی بۆ بژێوی پێداون و بای ئەوەندەشی بۆ جێ هێشتوون تا ئەو ماوەیەی لایان نییە بەشیان بکات و پێویستیان بە هیچ شتێك نەبێت. قورسی ژیان و پەیداکردنی نان وایان لە (عەلی مەقام ) کردووە تین و تاوی

گۆرانی وتنی نەمێنێ، هەرچی ئومێدی هەبووە لەوەدا کورتی کردووەتەوە ژن و منداڵەکانی پێویستیان بەهیچ نەبێ تائەویش ئەرکی سەرشان و باوکایەتی خۆی بەجێ بهێنێت .

لەیەکێ لەو سەفەرانەی کەهەمووی هەفتەیەك بووە بۆ سەر ئیشەکەی گەڕاوەتەوە، ئێوارەیەك ماندوو کەساس بۆ ژوورەکەی لە میوا نخانەکە گەڕاوەتەوەو دەرگاکەی پێوەداوە, بێ ئەوەی هیچ شتێك بکات جارێ لەسەر تەختی خەوەکەی پاڵ کەوتووەو سەرخەوێکی شکاندووە. خەوی بە ژن و منداڵەکانییەوە دیوە، لەنێو چاڵێکی قووڵ و درێژدا بوون هەرچەندی قیژاندویانەو هاواریان کردووە نەکەس گوێی لەدەنگیان بووە نەزانیویشیانە ئەو هاوارو قیژەیە لە کوێوە ڕادێت. بۆ خۆشی لەسەر لێواری چاڵەکە وەستاوەو یەك بەیەك بانگی کردوون. هاواری زولفای کردووەو نەیزانیوە چۆن دەستی پێیان بگات. دەوران دەوری دیواری بازنەی نێو چاڵەکە تاوەکو گەیشتووەتە خوار پڕبووە لە کەللە سەری مرۆڤ و بەنێو بەردەکاندا چەسپیوو لکاوبوون. کەللەی وای تێدابووە لە هی منداڵ چووە, کەللەسەری کچی چواردە ساڵان بە قژی ڕەش و درێژەوە لەنێویاندا بووە چاڵی چاوانیان جاڵجاڵۆکە هێلانەی تێدا کردووەو تەونی تێداچنیون. پیرو گەنج و منداڵی تازەبوو، کەللەی بەیەکەوە نوساو هەر هەموویانی تێدا بووە .

چاڵەکە لەو ڕوخسارە ئێسك و دەمە داچەقیوو ڕزیوو مردوو ترسێنەرانە تژی بووە. ( عەلی مەقام ) لەوێدا هەوڵی ئەوەیداوە شۆڕبێتەوەو ببێتە فریاد ڕەس و ڕزگارکەریان، بەڵام هێندەی کردوویەتی نەیتوانیوە بچێتەخوار لەناکاو وەك ئەوەی چاڵەکە کێوێکی گڕکان بووبێت ئاگروکڵپە و بڵێسەیەکی بێ ئامان و تۆقێنەر لە نێویەوە هوروژمی هێناوەو لەزارکی چاڵەکەوە دەرپەڕیوەتەدەرو گڕەکەی بەرەوتەشقی ئاسمان بەرزبووەتەوە. دووکەڵ و گەرمی و هاڵاوی پڕ تینی ئاگرەکەش خەریکبووە عەلی مەقام بخنکێنن، بۆیە بەهەردوو دەست گەردنی خۆی گرتووەو پڕ بە گەرووی کۆکیوەو ڕوخساری سوتاوەو هاواری کردووە ( زولفاااااا ).

وەختێك ڕاچڵەکیوەو خەبەری بووەتەوە هەستی بەتوندی هەناسەی کردووەو قوڕگی گیراوە، بەباشی نەیتوانیوە هەوا هەڵمژێت گەرچی دەمی بەتەواویش کردووەتەوە، تەواوی جەستەی گەرم داهاتووەو شەڵاڵ بووە لە عارەقە, هەستی بە بۆن کروزو سووتانێك لە چواردەوری خۆی کردووە، لەپڕ وەکو شێت لەسەر تەختی خەوەکەی هەستاوەو هاتووەتەدەر، تەواو بێئاگابووە لەخۆی تا ئەوکاتەش زەبری کاریگەری خەونەکەی بەسەرەوە بووە، وەك بڵێی یەکێك هەردوو قاچی لەسەر سینگی داناوە وەها سینەی قورس بووەو دڵی پەلەپەلی کردووە. پاش کەمێك بینیویەتی هەموو شتێك ئاساییە نەختێك هێمن بووەتەوە، بەڵام داڵغەو خەیاڵی هەر لای ژن و منداڵەکانی بووەو دڵی زۆر تەنگ بووە، بۆیە بۆ ژووری هاوڕێکانی چووە بەنیگەرانییەوە سەرلەبەری خەوەکەی بۆ گێڕاونەتەوە، ئەوانیش کەمێك ئارامیان کردووەتەوەو هەوڵیانداوە دڵنەوایی بکەن و دەروونی بۆ باری ئاسایی خۆی بگەڕێننەوە.ئەو خەوەش دواتر هەر هاوڕێکانی بۆ ژنەکەی ( عەلی مەقام )یان گێڕاوەتەوە.

دوو ڕۆژ دوای خەوەکە ئۆقرەی نامێنێ و پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ داوای مۆڵەتی لە خاوەن کارەکەی کردووە، لەو کارگە چیمەنتۆیەی کاری تێداکردووە ئەویش لەبەر ئەوەی( عەلی مەقام )کەسێکی دەستپاک و بێ فێڵ و بەڕەوشت بووە داواکەی قبوڵ کردووە، بۆیە هەر ئەو وەختە بۆ گەراج ڕۆیشتووەو لەوێ لەگەڵ سێ سەرنشینی دیکە بەرەو شا ئەشکەوت گەڕاوەتەوە. خەوەکەی ( عەلی مەقام ) تەواو پێچەوانە دەرچوو لەبری ئەوەی ژن و منداڵەکانی بسووتێن و ببنە قەرەبرووت و پێیان ڕانەگات، ئەوان بەسووتان و بوون بەخەڵوزی ڕانەگەیشتوون، لە ڕێگادا ئوتومبێلەکەیان وەرگەڕاوەو کەوتوونەتە کەندوو لاپاڵێکی نەدیوو ئاگریان تێبەربووە. درەنگانی شەو تیمەکانی فریاکەوتن و پۆلیس بەسەریاندا ڕاگەیشتوون و ئوتۆمبیلەکەیان بینیوە تەنیا قاوغێکی ڕەشی سووتاوی لێماوەتەوە، شوفێرو (عەلی مەقام) و هەرسێ سەرنشینەکەی دیکەش زۆر زەحمەت ڕوخساریان ناسراوەتەوە. گۆشت و پێست و ئێسقانیان وەها برژاوەو سووربووەتەوە بە جلەکانیانەوە نوساوون و بوونەتە خەڵووز. دوانیان هەر تەنیا ئێسکە پەیکەریان لێ جێماوە وەك دواتر دەرکەوتوە یەکێك لەو دوانە ( عەلی مەقام ) بووە.

دوای چەند مانگێك هەواڵی ئەو مردنە پڕئێش و بە سوێ و چاوەڕوان نەکراوە بە (شێخ موکری زمانزان) گەیشتووە. جەرگ و دڵ و ناخی هەڵدڕیوەو گەلێکی فرمێسك بۆ باراندووەو گریاوە، ئینجا پاش ماوەیەك سەردانی ژن و منداڵەکانی کردووەو دڵ نەوایی داونەتەوە، ئەوانیش زۆریان دڵ پێ کراوەتەوە چونکە دەیانزانی خۆشەویست و نزیکی باوکیان بووە. هەرچەند مانگ جارێك بۆ لایان چووەو پارەو خۆراکی بە بڕی پێویست بۆ بردوون و ئەرکی منداڵەکان و خوێندنیانی وەك وەفایەك بەنهێنی گرتووەتە ئەستۆی خۆی. گەلێك شەوان خەوی بە عەلی مەقامەوە بینیوە لەخەوەکاندا دڵخۆش بووەو پێکەنیوە، بەڵام لێی دووربووەو نەیتوانیوە نزیك بێتەوەو قسەی لەگەڵدا بکات. گەلێکجار پێشبینییەکانی عەلی مەقامی بیر هاتووتەنەتوە، کە لەدوا ماڵ ئاواییدا پێی وتبوو گەر نەمردم سەردانت دەکەم ئەگەریش نەمام گەردنم ئازاد بکە. بەدەست خۆی نەبووە (شێخ موکری) ڕۆژانە چەندین جار ئەو ڕستەیەی لە گوێدا زرنگاوەتەوەو بەبیری هاتووەتەوە، هەمیشە چاوانیشی پڕبوون لەئاو گەر کەسیشی لەو ساتە لا نەبووایە سێ و دووی لێ نەکردووەو دەستی کردوە بە گریان .

***************

دایکم ئەوکات لەماڵی باوکی بووەتە کچێکی سەلارو سەنگین و بەرچاوو پێگەیشتوو، بەڵام بەهەمان شێوەی جارانی و تەمەنی حەوت هەشت ساڵانی بەردەوام بووە لە گەسکدان و شووشتن و پاککردنەوەی دەرگاو دیواری ماڵ و سڕینەوەی زەوی و بەخێوکردن و خزمەتکردنی خوشك و براکانی. لەو وەختەشدا پێویستە ئەوە بڵێم کە خوشك و براکانیشی گەورە بوونەو جار بە جارێك هاوکاری و یارمەتیان داوە، بەڵام دایکم هەر سروشتی وابووە دڵی بە ئیش وکاری هیچ کامێکیان ئاوی

نەخواردووەتەوە. کچێکی وەها جوان و بە ڕەوشت لەو گەڕەك و شارەدا هەروا نەماوەتەوەو خوازبێنی و داواکاری زۆر بووە، بەڵام ئەو خۆی هەستی کردووە جارێ زووە بۆئەوەی  شوو بکات و لەگەڵ یەکێکی دی ماڵێك کۆیان بکاتەوە.

جوانییەکەی بێوێنەو دەگمەن بووە بەتایبەت لەتافی پێگەیشتن و هەرەتی نەشوونمای باڵاکردنیدا. من هیچم لە زاری خۆیەوە نەبیستووە بەڵام هاورێ و دەستە خوشکانی گەڕەك و سەردەمی منداڵی خۆی زۆر شتیان بۆ باسکردووم و گێڕاومەتەوە. ئەو چیرۆکانەشی لەسەر جوانیەکەی بەر گوێم کەوتوون لەدەمی چەند هاوڕێیەکی نزیکییەوە بووە وەك (ئەختەری سابیری توونچی) و (فەیرۆزی حەسەن ناڵبەند) و( نەجیبەی شەفیعی ڕاوچی) یەوە، کە وتویانە: ((دایکت کچێکی هێندە جوان و قەشەنگ بووە هەر بە مرواری دەریا لەنێو خۆماندا بانگمان کردووە، گەرچی بۆخۆی ناوی (گەوهەر) بووە کەچی ئێمە هەم لەجوانی هەمیش لە خۆشەویستیدا وامان ناو لێناوە. جارێك مارێکی درێژی ڕەش و ئەستوور لە ماڵەکەیاندا بووە ڕۆژانە لەنێو گەڵاو گوڵ و پەنا دیوارەکاندا خۆی شاردووەتەوەو سەرنجی دایکتی داوەو چاوی لەسەر لانەبردوە، وەختێك کە لەماڵدا ئیشی کردوەو لە هاتووچۆیەکی بەردەوام دابووە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ زیانێك یان ئازارێك نەبەو نە بە کەسی دیکەی ماڵەکە بگەیەنێت.

دایکت یەکەم جار بینیویەتی زۆری لێترساوەو شەو لەرزوتای گرتووە، بەڵام دوایی سەیری کردووە ئەو مارە نە جارێك و نەدوان، بەڵکو بەردەوام ڕۆژانە لەهەموو سووچ و لایەکی ماڵەکەوە لێیڕوانیوەو وردبووەتەوە. جاربەجارێك ویستوویەتی لێی نزیك بێتەوە بەردێك یان هەرشتێك ببێتە هۆی کوشتنی پێیدا بکێشێت، بەڵام مارەکە ڕایکردووەو خۆی لێ شاردووەتەوە پاش چەند خولەکێك دیسانەوە لە کونێکی دیکە سەری دەرهێناوەو سەرنجی داوەتەوە. شەوێکیان وەختێك دایکت بۆ سەر جێگاکەی چووە تا بخەوێت ئەوکات خەڵکی لە گەرمای هاویناندا لەسەربان خەوتوون، بۆیە چووەتە سەر قەرەوێڵەکەیی و ڕاکشاوەو خەوی لێکەوتووە، کەچی درەنگانێك نەنکت بەئاگاهاتووە هەمان ماری ڕەشی لەسەر قەرەوێڵەکەو تەنیشت دایکت بە ڕاکشاوی بینیوە، ئەویش زۆر ترساوەو باپیرتی لەخەو هەڵساندووە، بەڵام لەو دەنگە دەنگ و هۆسەیەدا مارەکە بۆی دەرچووەو ڕایکردوە. ئەوان لەمەسەلەکە تێگەیشتوون و زانیویانە مارەکە عاشقی دایکت بووەو حەزی لێکردووە، بۆیە شەوی ئایندە بۆسەیان بۆداناوەتەوە لەو وەختەی دایکت خۆی کردووە بەخەوتوو، مارەکەش وەك شەوی پێشوو هاتووەو لەتەنیشتییەوە خۆی لێك کێشاوەتەوەو ڕاکشاوە، بەڵام زۆر هێمن و بە ئەسپایی باپیرت بە پێداکێشانی خاکەناسێك کوشتوویەتی و لە ناوەڕاستیدا دوولەتی کردووەو لە کۆڵ دایکتی کردۆتەوە)).

بیستوومە خاڵەکانم کاتێ هەرزەکار بوون کۆتریان لەنێوماڵدا بەخێوکردووەو شوێنی تایبەتیان بۆ دروستکردوون، یەکێ لە کۆترەکان دەمی هەموو سپێدەیەك بەرامبەر ئەو شوێنە هەڵکورماوە کە دایکمی لێ نوستووە تا لێوەی دیار بێت، وەختێکیش کە زانیویەتی بەئاگا هاتووەتەوەو لەبەیانی و ڕۆژێکی تازەدا چاوی کردووەتەوە، هەمان کۆتر فڕیوەو خۆی

بەكراسەكەیەوە نووساندوە ڕێك ئەوشوێنەی نزیكی ڕووخساری بووە و لەسەرەخۆ دەنوكی بە دەمولێوی دایكمدا هێناوەو هەڵفڕیوەتەوە. ئەمەو چەند چیرۆكێكی دیكەش كە هاو شێوەی یەكن و شایەتی جوانییە سەر سوڕهێنەرو خەیاڵییەكەی دایكمن.

هێزێكی ئەفسوون و نادیار لە ڕۆح و خەیاڵی دایكمدا بوونیان هەبووەو هەستی پێكردووە، كە پێشبینی كردنی بۆ ڕووداوە گەورەو كارەساتە هەرەسهێن و چاوەڕوان نەكراوەكان بووە. لەیادمە جارێكیان (نەجیبەی شەفیعی ڕاوچی) هاوڕێی دایكم بۆی گێڕاومەوە، كە شەوێك دایكم خەوێكی ئاڵۆزوتێكەڵ و پڕپێچ ولۆچی بینیوە لەو خەوەیدا سەرا پای جەستەی شاری دیتووە لەرزێكی بێسنوورو لەڕاددەبەدەر گرتوویەتی، هەرچی باڵەخانەو كۆشك و كوچەو كۆڵانی هەبووە وەك شەقشەقە لەرزیون و سەمایەكی ناشیرین و ناڕێكیان كردووە. هەموو چۆلەكەكان لەبۆشایی خنكێنەری ئاسمانی بێسنووردا دەستی یەكیان گرتووەو هەمان سەمایان دووبارەكردووەتەوە.خانووەكان جێگای خۆیان گۆڕیوەو ئەمسەروئەوسەریان كردووە، دارتەلەكان پساون و درەختەكان گۆڕانێكی ناماقووڵیان لەشێوەی هەڵكەوتنی خۆیاندا كردووە، هەر درەختەو بە قەڵەمبازێك خۆی ئاوەژوو كردووەتەوەو گەڵاو گوڵ و بەرو میوەكانیان خستووەتە نێو ناخی گڵ و ڕەگەكانیان چووە بە ئاسماندا، ئەوەندە پەرش و بڵاوبوونەتەوە بەجۆرێك سەرا پای ئاسمانیان داگیركردووە. چۆلەكە سەماكەرەكان دیارنەماون و مانگ بەسەر زەویدا پیاسەی كردووەو ئەستێرەكانیش خەریكی سێكس بوون لەگەڵ یەكتری.

سبەی بەیانی وەختێك دایكم ئەو خەوەی گێڕاوەتەوە هەموو ترساون و هەستێكی كپ و نامۆ دایگرتوون و بۆخۆیشی پێیوابووە خەوەكەی بێهۆو بێسۆنگە نیە، خەونێك نیە لەخۆڕاو بێ هیچ مەبەستێك لەقاپی خەوی دابێت و دەرگای لێكردبێتەوە، بەڵام هیواداربووە خودا لەگەڵیانبێ و هەستی پێشبینی و ڕووداوەكانی بەدرۆ دەرچن. دوو ڕۆژ دوای گێڕانەوەی خەوەكە بوومەلەرزەیەكی بەهێزو بەتین لەشاردا هاتووەو تا هەفتەیەك بەردەوام بووەو وازی لێنەهێناون، شەوانە خەڵكی نەیانوێراوە لەنێو ماڵەكانیاندا بخەون، نەوەك بوومەلەرزە بێت و خانووەكەیان بەسەردا بڕمێنێت بۆیە هەموو بە یاتاغ و نوێنیانەوە لە كۆڵان و بەردەرگاكانیان بە ترسێكی زۆرەوە خەوتوون، هەر دەنگێك یا لوورەیەكیان بیستبێت ڕاچڵەكیون و خەویان زڕاوەو نەیانوێراوە بنوونەوە. لەو ماوەیەشدا خەڵكانێكی زۆر كەوتوونەتە ژێر داروپەردووی خانوو شوێنە گشتیەكان و بەسەریاندا ڕووخاوەو مردوون.

ئەوكات ساڵانێكی زۆر بەسەر مردنە جەرگبڕو دڵتەزێنەكەی (عەلی مەقام) دا تێپەڕیوەو بەهادینی نەوبەرەشی كوڕێكی پێگەیشتوو عاقڵ و سەنگین بووە، خوێندن و زانكۆی بەخوشك و براكانی تەواوكردووەو هاوكارێكی زۆری ماڵەوەش بووە. زوڵفای دایكیشیان كەوتووەتە تەمەنێك و دڵی زۆر بەكوڕە گەورەكەی خۆشبووە كە وەها ژیرو بە وەفاو دانا دەرچووە. لەو ساڵانەدا بەهەر شێوەو ڕێگایەك بووە بەهادین دەرفەتێكی دۆزیوەتەوەو سەفەری بۆ شاری (سەیلاو) كردووە، ناونیشانی

(شێخ موكری زمانزان) و عەتتاری بینوەتەوەو لەناكاو ڕۆژێك خۆی بەدووكانەكەیدا كردووە ئەویش سالآنێكبووە نەیدیوە، چونكە پاش مردنی باوكی سەردانی كردوون و تەنانەت خەرجی خوێندن و بژێویشی بۆ دابینكردوون، بەلآم پاش ئەوەی منداڵەكان وردە وردە گەورەبوون بەتایبەت (بەهادین) كەمتر بۆسەردانیان چووە، تاوایلێهاتووە سالآنێك بووە هەواڵی نەزانیون بەهۆی نەخۆشی و دەردە پیرییەكەیەوە كە هێزو تینی وەك پێشوو تێدا نەهێشتووە.

یەكە مجار گومانیكردووە و نەیناسیوەتەوە بەلآم كەم كەمە كە وردبووەتەوەو سەرنجی لێداوە ئەدگارو شێوەی هەر لە ڕەحمەتی باوكی چووە باوەشی پێداكردووەو دەستی بەگریان كردووە، بەهادینیش دەستی ماچكردووەو لەگەڵێدا گریاوە. عەتتار فەرمووی لێكردووەو دانیشتوونە، بەلآم تا چەند خولەكێك قسەی بۆنەكراوە لەبەر گریان و هەنسك، دواتر بەسەرخۆیدا زاڵبووەو كەوتووەتە هەواڵپرسینی خوشك و براو دایكی و خانەوادەكەی. پێیوتوە: ((من ئێوەم بیرنەچووەتەوەو بیریشم ناچنەوە، بەلآم لەمێژە نەخۆشم و چەند نەشتەرگەرییەكم بۆكراوەو نەمتوانی بۆ یەك شوێنیش بچم)). بەهادینیش پێیوتووە: ((مامە شێخ ئێمە نازانین چۆن و بە چ شێوەیێ سوپاست بكەین و پاداشتی چاكەو پیاوەتییەكانت بدەینەوە هەردەم پشت و پەناو چاوساغمان بوویت، بۆیە تا مردن سوپاسگوزاری تەواوی كردەوە جوانەكان و وەفاو ئەمەكتین)).

دوای ئەوەی لەقسەكانیاندا گەرم داهاتوونە (شێخ موكری) پرسیاری ئەوەی لێكردووە ژنی هێناوە یا نا، ئەویش لەوەلآمدا وتویەتی: ((ناوەلآ نەمهێناوە لەبەرئەوەی هەر خەریكی گوزەراندنی ماڵەوەبووم تا پێویستیان بەهیچ نەبێ و بووم بە كۆڵەكەو ڕاگریان ڕاستە منیش بڕوانامەیەكم بەدەستهێناوە، بەلآم لە پاڵ ئەوەی فەرمانبەرم وەختی پاشنیوەڕۆیانیش كارو كاسبی و مامەڵەی سەرپێیی دەكەم)).

## (شێخ موكری) خوازبێنی (گەوهەری مستەفای پینەدۆز) بۆ (بەهادینی عەلی مەقام) دەكات.

(شێخ موكری) عەتتار لەبازاڕو گوزەرو قەیسەرییەكەدا ناووناوبانگی (مستەفای پینەدۆز)ی باپیرمی لە سەخاوەت و ڕەفتارو ڕەوشتی بەرز بیستووەو زانیویەتی كەسێتییەكی چەندە بەهێزو تۆكمەو دان بەخۆداگرتووی هەیە. ئەوەیشی زانیوە كچێكی عاقڵ و سەلارو جوانی گەورەی هەیە و خەڵكێكی زۆر ستایشیان كردووەو بەسەریاندا هەڵداوە، چونكە لەچەند كۆلآنێكی پشت ماڵی باپیرمەوە چەند خزم و ناسیاوێكی هەبووەو هامووشۆی بەردەوامی لەگەڵیاندا بووە، هەربۆیە لە زاری ئەوانەوە زۆر شتی لەبارەی باپیرم و (گەوهەر)ی كچییەوە بیستووە. ڕۆژێك پاش نوێژی عەسر سەردانی باپیرمی لەدوكانی پینەدۆزییەكەیدا كردووەو بەدەم دیشلەمە خواردنەوەوە بنی قسەو مەبەستەكەی لەگەڵدا كردووەتەوە كە بۆچی هاتووە. سەرەتا كەمێك ڕاڕابووەو نەیزانیوە لەكوێ و چۆن و بەچ شێوەیێ دەست پێبكات. بەردەوام قسەكانی هێناوەو بردووە، بەلآم باپیرم دنیادیدەو پیتۆڵتر بووەو لەجووڵەو ڕەفتاری خێراو نائاسایی چاوانی تێگەیشتووە، كە بەپەلەپەل بەسەر پێڵاوەكانی سەر ڕەفەو مەكینەو دیواری دوكانەكەو دەڕابەكەیدا گێڕاوە، هەستیكردووە شێخی زمانزان قسەیەكی لە دڵدایە

و هەر بۆ ئەو قسەوباسەش هاتووەتە لای، ئەگینا دۆستایەتی ئەوەندە قوڵ و لەمێژینەی لەگەڵیدا نەبووە. هاوڕێی کۆن و منداڵی و پڕ یادەوەری و گاڵتەو گەپی هەر تەنیا لەگەڵ (وەستا ئەنوەری خمچی) و (عەباسی تفەنگچی) و (حەیدەری میراو) هەبووە. باپیرم چەکوش و بزمارەکەی دەستی لەسەر مەکینەکە داناوەو کەمێك چووەتە نزیکیەوەو چاوی لە چاوی بڕیوەو پێی وتووە: ((شێخ موکری گیان دەزانم دەتەوێت شتێك بڵێی، هەر بۆ ئەو مەبەستەش هاتوویی فەرموو قسە بکە هەرشتێك بەمن بکرێت و بتوانم، گەر خزمەتێکی بچوکیش بێت لەبەرامبەرتدا پێمبکرێ بە مسۆگەریەوە کەمتەرخەم نابم. جەنابتان کەسێکی ماقوڵ و بە ئەزمونن دەستگیرۆی هەژارو بێ دەرەتانانیشن. ئەوانەی لەسەر شەرەف و کەسێتی تۆ بیستوومن هەر لایەقی پیاوێکی وەکو تۆن. لەوەش دڵنیام ڕووناکەیتە هەموو کەسێك و هەموو شوێنێك گەر لە بەرامبەرەکەت ڕانەبینی و نەزانی چ کەسەو چ ڕەوشتێکی هەیە، بۆیە بزانم چیتدەوێ ئەوەی بەمن جێبەجێ بێت دەیخەمە سەرسەرو سەرچاوان)).

(شێخ موکری) کاتێك گوێی لەو قسە پڕسۆزو میهرەبانانەی باپیرم بووە بەو جۆرە هەڵیسەنگاندووەو نرخێکی بەرزو پایەیەکی گەورەی پێداوە، کەمێك هەڵسوکەوتی ئارامتر بووەتەوەو جووڵە خێراکانی دەست و چاوی کەمتر کردووەتەوەو چەند جارێك سەعاتەکەی بەر باخەڵی دەرهێناوەو نەختێك خۆی سوڕاندووە، تا بەباشی ڕوخساری باپیرمی لێوە دیار بێت، ئینجا دەستی خستووەتە سەر لێواری مەکینەی درومانەکەو بە کەمێك زەردەخەنەی تێکەڵ بە شەرم و دڵە ڕاوکێوە وتویەتی : ((کاك مستەفای بەڕێز سەرەتا سوپاسی ئەو قسانەت دەکەم کە لەسەرمنت کرد، ئومێدەوارم لەو پلەو ئاستەدا بم کە جەنابتان وتتان. بۆ مەسەلەی یارمەتی هەژارو لێقەوماوانیش تامردن ئەوەی لەدەستم بێت درێغی ناکەم و بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، ئەوانیش وەك ئێمە مرۆڤن و دوودەست و دوو قاچ و دوو چاویان هەیە، بەڵام چی دەکەی لەگەڵ قیسمەت و چارەنوسێك کە خوا دابەشی کردووە. ئەوەی ڕاستی بێت بۆ شتێك هاتووم و هیوادارم دەست بەڕوومەوە نەنێی، ئەویش ئەوەیە بیستومە کچێی گەورەو ئاقڵ و جوانتان هەیە خوا لێتان نەستێنێ، هەڵبەتە کچی پیاوێکی وەك جەنابتان بێت هەردەبێت وابێت، جا منیش بۆ خوازبێنی کچەکەتان هاتووم بۆ کوڕی هاوڕێیەکی کۆنم کە لە شائەشکەوت دەژی و باوکی هاوڕێی سەردەمی سەربازیم بووەو پیاوێکی ڕەوشت بەرزو کەسێتیەکی بەهێزی هەبوو لەڕووی ئێوە نەبێت, بەڵام ساڵانێکە نەماوەو بەکارەساتێکی ئازاراوی و جەرگبڕ مردووە. ئەو کوڕەشیان نۆبەرە بووەو وردە وردە کە گەورە بووە بڕوانامەیەکی بەدەست هێناوەو دامەزراوە. ئێوارانیش ئیش دەکات و بووە بە سێبەری دایك و خوشك و براکانی و خستونییە ژێر باڵ و سۆزی خۆی، لە گوزەران و زەحمەتی و دڵ ڕەقی ژیان پاراستوونی و نەیهێشتوە پێویستیان بە هیچ بێت، ئەوە بێجگە لەوەی کەسێکی ژیر و گوێ ڕایەڵ و بەوەفاو نمەك بە حەڵاڵە, چونکە گەر وانەبوایە دڵنیابە بۆ ئێرە نەدەهاتم و خۆم بۆ شەرمەزار نەدەکرد، لەبەرئەوەی نامەوێت گەر سبەی شتێك ڕوویدا وەختێك بەبەردەمی دوکانەکەتدا ڕەتبووم و چاوم بەچاوت کەوتەوە عارەقەی خەجاڵەتی بەڕوومدا بێتە خوارو نەتوانم وەك جاران دیشلەمەکەت لا بخۆمەوە)).

پاش تەواوکردنی قسەکانی دەستی بۆ یەخەی کراسەکەی بردووەو قۆپچەیەکی سەرەوەی کردووەتەوەو هەندێك دەستی بە سمێلە درێژو چڕەکانیدا هێناوە، جووڵە جووڵ و ڕاڕاییەکەی دەست پێکردووەتەوە جارجارەش سەعاتەکەی بەر باخەڵی دەرهێناوە بێئەوەی قەپاغەکەی هەڵداتەوە، یان بزانێ سەعات چەندبووە خستوویەتییەوە گیرفانی, تفێکی بەهێزی فوت داوەتەوەو نەختێك گوێچکەکانی سوور هەڵگەڕاون و چاوی لە سوچێکی دوکانەکە بڕیوەو چاوەڕێی وەڵامی باپیرم بووە.

باپیرم پیاوێکی مەردو سەربەرز بووەو بەڵێنی ئەوەی پێداوە قسە لەگەڵ کچە گەورەکەیدا بکات و بتوانن لەگەڵ ئەو کوڕە یەکتربببینن و وتوویەتی: ((ئەگەر یەکتریان بەدڵبوو ئەوا منیش لەسەر دەستی تۆ کچەکەم پێشکەشی کوڕی هاوڕێکەت دەکەم بێ هیچ پێشەکی و پاشەکیەك دیسان دەیڵێمەوە لەسەر دەستی جەنابتان، چونکە من ئەو کوڕە ناناسم و نازانم کێیە، بەڵام مادام تۆ کەفالەتی هەموو شتێکیت کرد منیش هیچ قسەیەکم بۆ وتن نەماوە))، ئینجا کەمێك بە پێکەنینەوە بۆ ئەوەی (شێخ موکری) زیاتر دڵنیا بێتەوەو دوودڵیەکەی بڕەوێتەوە وتویەتی: ((یاشێخ ئێ بابە زەمانەو ژیان خۆ هەر وابووە کچە دەبێت شوبکات و کوڕە دەبێت ژن بهێنێت ئەی قابیلە ئێمەو مانانیش هەر وا نەبووینە)). ئەوکات (شێخ موکری) هێمن و ئاسایی بووەتەوەو سەری بۆ لەقاندووە، ئینجا بە پەلە هەستاوەتە سەر پێ و کۆڵێك سوپاسی باپیرمی کردووەو وتویەتی: ((بێگومان هەر چاوەڕێی قسەیەکی وەهام لە جەنابتان دەکرد سوپاس بۆ ئەم دانیشتن و دەرفەتەی پێتدام و بە دڵشکاوی و ڕووشکاوی بەڕێت نەکردم، کەواتە من چاوەڕێی هەواڵ و مزگێنی تۆم)).

پاش ئەوەی باپیرم گەڕاوەتەوە ماڵێ و ئەو بابەتەی لەگەڵ نەنکم و گەوهەردا باس کردووەو دیسان زۆر بەشان و باڵی (شێخ موکری)دا هەڵداوەو وتوویەتی: ((ئەگەر کوڕەکە لەو ئاستە پێویست و بەرزەدا نەبێت دڵنیام بەهیچ شێوەیەك پشتیوانی و کەفالەتی هەموو شتێکی ناکات، چونکە هاوڕێی کۆنی باوکی بووەو لە منداڵییەوە ئەو کوڕە دەناسێ و دەزانێت ڕەفتارو ئەتواری چۆنە، ئەگەر وانەبێت (شێخی عەتتار) پیاوێکی ناسراوو بەناوبانگە لە شارەکە و ئامادە نییە بەو شێوەیە بەرگری لێ بکات با هەر هاوڕێی کۆنی باوکی بوبێت))، ئینجا ڕووی کردووەتە گەوهەرو پێی وتوە: ((ڕۆڵە گیان هیچ شەرمی ناوێت تۆش کاتی شووکردنت هاتووە، بۆیە داوات لێدەکەم بڕیاری بە پەلەو خێرا مەدەو بیری لێ بکەوە ئەمە چارەنووستەو نابێت بەگاڵتەو هەڕەمەکیانە لێی بڕوانیت. منیش تازە بەڵێنی ئەوەم داوە مژدەو وەڵامێکی خۆش بە (شێخ موکری) بدەم، هەڵبەت دوای ئەوەی تۆ بڕیارتداو لەگەڵ ئەوکوڕە یەکتریتان بینی. من داوەتی ماڵەوەیان دەکەم و بەوپەڕی ڕێزەوە لەبەر خاتری تۆ میوانداریيان دەکەم, ئاخر کچم خۆتۆ لای من ئەوەندە کەم نیت زۆر بەنرخ و بەهاداریت، گەر تۆش مەبەستت بێ و من عەقڵم کوڕەکە نەگرێت ڕازی نابم لەبەر ئەوەی دەمەوێت بتنێرمە بەهەشت و لەم ژیانەی ئێستای خزمەتکردنی خوشك و براکانت ڕزگارت بکەم، نەوەکو بۆ دۆزەخت بنێرم جا کەوایە هەر لێرە و لەماڵەوە لەبەرچاوی خۆمان باشترە بمێنیتەوە)).

قسەکانی (مستەفای پینەدۆز) زۆر کاری لە (گەوهەری) کچی کردووە، ئەویش بیری لێ کردووەتەوەو پاش چەند ڕۆژێك بەدایکی وتووە: ((من شەرم لە باوکم دەکەم ئەو ڕۆژەش کە قسەکانی لەبارەی شوکردن و چارەنووس و ئەو شتانەوە لەگەڵدا کردم شەرمێکی زۆر دایگرتبووم نەمدازانی بڵێم چی تۆ پێی بڵێ بابێنە ماڵ و داوەتیان بکەین تا بزانین کوڕەکە چییەو چۆنە)).

دوای چەند ڕۆژێك نان و خوانێکی زۆریان دروستکردووەو لەسەر سفرەیەك بەجوانی لەمسەر بۆ ئەمسەر ڕزاندوویانەتەوە. لەناوەڕاستی ژوورەکەدا(شیخ موکری و بەهادین) لەتەنیشت یەکترەوە دانیشتوون.(مستەفای پینەدۆز) و کوڕەکانیشی بەرامبەریان،هەموو ئەڵقەیەکیان بەچواردەوری خوانەکەدا دروستکردووە بەدەم پێکەنین و گێڕانەوەی بەسەرهات و باسکردنی بارودۆخی وڵاتەوە خەریکی نان خواردن بوون. (بەهادین) شەرمێکی زۆری کردووەو هەر گەمەی بە نان و چێشتەکە کردووەو هیچی بۆ نەخوراوە، گەر پێی عەیب نەبووایە دەستی دەکێشایەوە، بەڵام نەیویستووە هەر لە سەرەتادا شەرمن و بێ ئیرادە دەرکەوێ و بەجۆرێکی دیکە لێی بڕوانن. جاربەجار گەوهەر خاتوون کە لای هاوڕێکانی بە (مرواری دەریا) ناسرابوو هاتووەتەژوور بۆئەوەی بزانێت هیچیان ناوێت. دوای نانخواردن هەموو دانیشتوون و قسەیان کردووە ئالەو نێوانەدا(گەوهەر)سەرنجی (بەهادین)ی داوەو ئەویش بەهەمان شێوە لە (گەوهەرخان) ورد بووەتەوە.

(بەهادین) کوڕێکی باڵا بەرزی قژڕەشی بێ سمێڵ بووە، بە دووچاوی بچووك و لوتێکی قنجەوە ئەسمەرێکی خوێن شیرین و ئێسك سووك بووە لەو جۆرە کەسانەی گەر نەشیناسی خۆشت دەوێن و دەچنە دڵتەوە. پاکی و بێگوناهییەك لە چاوانیدا درەوشاوەتەوە دەوروبەرەکەی لەخۆڕا هەستیانکردووە کەسێکی دڵساف و بێ فڕوفێڵە، هەر لەیەکەم نیگاوە کە (گەوهەرخاتوون)ی بینیوە عاشقی بووەو زۆری کەوتووەتە دڵی، خۆشی ویستووەو وایزانیوە فریشتەیەو خوا بۆی ناردووە. وای بیر کردووەتەوە ئەو هەموو ساڵ و عەیامە ئەو کچە لەکوێی دنیا بووە ئەم نەیزانیوە، وەها جوان و دڵگیر بووە زۆر زۆری کار تێکردووە.

زۆر جار کچێك دێتە سەر ڕێگات و لە پڕ هەموو شتێکت لێ دەفڕێنێت و هەست و هۆشت بە تاڵان دەبا و وادەزانی عەیامێکی زۆرە ئەو کچە دەناسیت، بەڵام ڕێك نەکەوتووە وەك ئەم کات و ساتە ڕووبەڕووی یەك ببنەوەو چاو بخەنە نێو چاوی یەکتری. ڕۆژانە سەدەها کچ لە شارو مەملەکەتی خۆت و ئەوانی دی و کوچەو کۆڵان و شوێنە گشتییەکاندا دەبینی و بە خەیاڵتدا نایەت و وادەزانی هەر نەشتبینیون, بەڵام لەناوەخت و بێ هیچ ئامادەییەك کچێك دێت و جیاوازە لەوانی دی هەمەڕەنگە و بۆنی جوودایەو خولیای شتێکی دیکەیە، چاوی ڕازی وەهات پێدەڵێ کچە یەك ڕەنگ و یەك بۆن و یەك خولیاکان پێیان نەوتووی. لەیەکەم نیگادا لە گلێنەکانیەوە ڕوانینت شۆڕ دەبێتەوە ناخی کە ژێرزەمینێکی درێژ لەوێدا هەیە بەدەرگایەکی ئاسنینی گەورە دا پۆشراوە، دەرگاکە دەکەیتەوە دەرگایەکی هاوشێوەی ئەم هەیە کە دەیکەیتەوە لەبەردەمتا دەرگایەکی دیکە

قوتبووەتەوە. لەپشت هەر دەرگایەکی کراوەدا هەزاران دەرگای داخراوی دی هەیەو فریاناکەویت هەر هەموویان بکەیتەوە سەر گازەرەی پشت و بە دواهەمین دەرگا ڕابگەیت، لەپشت ئەویشەوە ئایا دەرگای دی هەیە یان ئەمە دوا دەرگایەو لە پشتیەوە وەك چیرۆکە سیحرییەکان جادووگەرێکی لووت درێژی فڕیو هەیە پێویستە بیکوژیت، ئینجا دەبیتە پاڵەوانی سەرەکی خەوی چەندین ساڵەی کچە شازادە. تاقمێك لە کچان هەن سەر بەهۆزو خێڵکن لەبیر ناچنەوە وەك خەسڵەتێکی بۆ ماوەیی ئەمەیان لە خوێن و ڕۆحیاندا هەڵگرتووە, تاقمێکی دیکە هەن سەر بەخێڵ و هۆزی لەبیرکردن و لەیادچوونەوەن هەر کامێکیان ببینیت گەر هەزار جاری تریش بیان بینیتەوە وادەزانی یەکەمجارە.

لەو نیوەڕۆ خوانەدا بەهادینی باوکم بەو شێوەیە لە گەوهەری دایکمی ڕوانیوەو خستوویەتییە تاقمی یەکەمەوە کە سەربە خێڵ و هۆزی لەیادنەکراوەکانن. پاش چەند هەفتەیەك گەوهەر لە ڕێگای دایکییەوە بڕیاری کۆتایی داوەو پێی وتووە: ((دایە من شەرم لەباوکم دەکەم هەروەك جاری دیکەش پێموتووی، بۆیە حەزناکەم لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکەم و تۆ پێیبڵێ کە من ڕازیمەو شووی پێدەکەم و کوڕەکەم بەدڵ بوو, بەڵام ئێستا لەبەردەمی تۆ کە وادەڵێم توخوا وانەزانی کچێکی عەییارو چاو لەدەرو حەز لە مێردم، تەنیا ئەوەیە ئێوە پێتان خۆشە شووبکەم و بۆ ماڵ و حاڵی خۆم بڕۆم. ئێستاش هەر چەندی من بمەوێت گەر تۆو باوکم ڕەزامەندیتان لەسەر نەبێت بێشك منیش پاشگەز دەبمەوە، جا بزانە قسەی کۆتایی باوکم چییە)).

پاش ئەوەی دایکی قسەی لەگەڵ باوکی کردووەو هەموویان ڕازی و دڵخۆش بوون (مستەفای پینەدۆزی ) باپیریشم چووەتە دووکانەکەی (شێخ موکری زمانزان) و ئەو هەواڵ و مژدەیەی پێداوە، ئەویش دەستی کردووەتە ملی و یەکتریان ماچ کردووە، بۆیە (شێخی عەتتار) هەواڵی بۆ (بەهادین) ناردووە لە فڵانە ڕۆژو ڕێککەوتدا لەگەڵ دایك و کەسوکاری بۆ خوازبێنی بێن. ئەوانیش لەدوای چەند ڕۆژێك هاتوونەو (مستەفای پینەدۆز)(گەوهەری)کچی پێشکەشی (بەهادینی عەلی مەقام) کردووەو لەدوای مانگێك و زەماوەندێکی خێزانی کەمێ گەورەدا بە هەڵپەڕکێ و شادی دایکم بووە بە بووك و گوازراوەتەوە. دایکم و باوکم دەستی یەکیان گرتووەو بەرەو شائەشکەوت بەڕێکەوتوون. لە خانوویەکی بچکۆلانەدا ژیانیان بردووەتە سەرو زۆریش بەیەکەوە دڵخۆش و ئاسوودە بوون و زیاد لە پێویست یەکتریان خۆش ویستووە .

*******************

## ترس و خەون و پێشبینییەکانی دایکم.

ئەو چەند ساڵە کەمەی دایکم و باوکم لەم شائەشکەوتەدا پێکەوە ژیانیان بردووەتەسەر لەخۆشترین و کامەرانترین ساتەکانی هەردووکیان بووە لەچاو ساڵانی پێشوویان. باوکم بەیانیان بەکاری میرییەوەو پاشنیوەڕۆیانیش سەرقاڵی

مامەڵەو کاری سەرپێیی بووە. دایکم کەسێکی هێمن و بە قەناعەت بووەو حەزی لە ژیانێکی سادەوساکاربووە، بۆیە هەرچۆنێبێ خانوویەکی بچووکی دوو ژووریان بەکرێ گرتووە کە حەوشەیەکی بچووك و سەربانێکی کەمێك بەرینی هەبووە لەگەڵ دارمێوێك لەژێر قادرمەیەکی مل درێژدا. ڕۆژانە دایکم بەکاری نێوماڵەوە خەریکبووەو چاوەڕوانی باوکمی کردووە لەو ساڵانەی دایکم شووی بە باوکم کردووە (کەمالی خۆشنوس)ی خاڵم بۆ خوێندنی پیشەسازی و بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ ئەم شارە هاتووە، لەبەرئەوەی ئەو وەختە لە (سەیلاو) ئەو جۆرە قوتابخانەیە نەبووەو ئەوەی ویستوویەتی بۆ ئێرە هاتووە. ئەوکاتەیش (شائەشکەوت) هەر فراوانترو قەرەباڵغ و بەبایەختربووە لەناوچەکانی دەوروبەری بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافی و ئابوورییەکەیەوە. دایکم زۆری پێخۆشبووە چونکە ئەو دووانە هەردەم وەك دایك و کوڕ زیاتر لە خوشك و برا مامەڵەیان لەگەڵ یەکدا کردووە، هەروەك سەرەتا وتم خاڵم بە دایە بانگی کردووە لەبەر سۆزو میهرەبانییە بێسنوورەکەی، بۆیە دایکم ئەمەی بە دەرفەت و هەلێك زانیوەو پێیوتوە: ((نابێت بەهیچ شێوەیەك بۆ بەشی ناوخۆیی بڕۆیت مەحاڵە من خۆم قسەم لەگەڵ بەهادیندا کردووە، ئەویش زۆری پێخۆشبووەو حەزیکردووە لامان بمێنیتەوە تۆ لە ژوورێك و ئێمەش لەژوورەکەی دی دەخەوین گەر نانێکیشمان دەسکەوت دەیکەین بەسێ لەتەوە)).

یەکەمجار کەمالی برای تۆزێك شەرم دایگرتووەو حەزینەکردووە بچێت و پێیوتووە: ((خوشکە جوانەکەم دایکە ڕۆحییەکەم پێمخۆشە بێم هەر نا لێتەوە نزیکدەبم، بەڵام نازانم بۆ هەست بە شەرم و شکۆیەك دەکەم و دەترسم کاك بەهادین لەبەر دڵی تۆ وابڵێ و پێیخۆش نەبێت من بێم و لەگەڵتاندا بژیم گەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت))، بەڵام دایکم لەسەر پێداگرییەکەی سوور بووەو پێیوتووە: ((بەهیچ جۆرێك نابێ و ڕازی نابم خۆشت بەم قسە بێمانایانەوە ماندوومەکە من پێمووتی دێیت واتە دێیت. بەهاددین کەسێکی ڕاستگۆیەو ئەملاوئەولای نییە گەر حەزینەکردبا ڕاستەوخۆ پێیدەوتم. ئێمە لەسەر ڕاستبێژی و هەقبێژی یەکمان ڕاهێناوە ئێستا تێگەیشتی؟)) پێویستە ئەوەشتان پێبڵێم لە ئێوارەی دووەمدا کە دایکم لەنێو تارماییەکاندا بانگی کەمالی خۆشنووسی برای کردووەو ڕوخساری ئەوی لێ بەدیکردوون هێشتا ئەو بۆ خوێندن جارێ نەهاتبووە شائەشکەوت.

لەو ماوەیەدا کەمالی خۆشنوسیش لەگەڵیاندا ژیانی بەسەربردووەو تەنیا بۆ خەوو کارەکانی گەڕاوەتەوە ژوورەکەی خۆی، کە هەموو دەم قەڵەمی ئەستوورو نووك ئەندازەیی و قامیشی تاشراوو چەندین شووشە مەرەکەبی هەمەڕەنگ و جۆرەها قەڵەمی تایبەتی خۆشنووسی تێدابووە، لەگەڵ هەندێك تابلۆ کە خۆی قسەی زاناو دێڕە هۆنراوەی شاعیرانی بەشێوازێکی جوان و پڕ هێڵ و ڕەنگ و زەخرەفەیی لەسەر نووسیووە. وەها هونەرمەندانە نەخشاندوونی شێوەی تاووس و کەو یا کتێبی نیوەکراوەو مۆمی نەختێك تواوەی بە وشەو پیتەکان بەخشیوە. زۆریش بە شێوازی نووسینی خەتەکانی فارسی و سولس و ڕوقعە کاریگەربووە، هەروەك لەڕۆژانی دوواتریشیدا پاش زەمانێك ئەو جۆرە خەتانەی هەر پێجوان و سەرنجڕاکێش

بووە.زۆربەی تابلۆو نووسینە هونەرییەکانی بەو شێوە هێڵ و خەتە شکاوو سەماکارانە نووسیوە کە زۆر قەشەنگ و بەرچاوبوون. شەوانە لەدوای تەواوکردنی وانەکانی خەریکی بەسەربردنی کات بووە لەگەڵ هێڵ و ڕەنگ و لە نجەولاری خەتەکان وەك زۆرجار پاش سالآنێك کە گەورەبووم خۆی پێیدەووتم: ((خۆشنووسی ئەو هونەرەیە سەر بەهەموو سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی دنیایە، هەر تابلۆیەکی خەت کە خۆشنووس دەیکێشێت هیچی لەو تابلۆیەی نیگارکێشەکان کەمتر نییە کە دروستیدەکەن بە هەمان شێوەو هەمان پێوەر پڕن لە فیگەرو هێڵ و سێبەرو ڕووناکی و شکاندنەوەی دیوە دیارو نەبینراوی مەتریالەکان جا چ ڕۆح لەبەربن یان بێڕۆحبن. نیگارکێش و خۆشنووس وەك دوو دیوی تەواوکەری یەکترن هاوشێوەی پەیوەندی ڕۆح و جەستە وان هیچیان بێ ئەوەی دیکەیان نابێ و هەمیشە لەقووڵاییەکانی یەکتریدا کاردەکەن و ڕەنگ و هێڵ و پیت و سکێچەکانیان ئاوێتەی یەکدی دەکەن. هەموو نیگارکێشەکان لەسەرەتاو دەسپێکی ئیشکردنیان سەروسەودایان لەگەڵ خەت و هێڵ و وشەو بەسەریەکدا شکاندنەوەی تەن و کەرەستەکاندا هەبووە. خۆشنووسەکانیش بەهەمانشێوە لەگەڵ کەرەسە زیندوو ڕەنگدارو وێنە جووڵاوەکاندا ژیاون. چەندە جوانە ڕۆژێك لەخەو هەستین و تەماشابکەین سەرا پای ئاسمان بووبێتە تابلۆیەکی پڕ ڕەنگی هەمەجۆرو شێوەی تەنی زیندوویان وەرگرتبێ، نیوەی تابلۆکە وشەو پیت و خاڵ و هێماکان نەخشاندبێتیان بەخۆچەماندنەوەو پاڵکەوتن و سەماکردنەوە، نیوەکەی دیکەش ڕەنگ و فیگەرو ڕوخسارو سروشتی پۆرترێتی پەری و ئەستێرەکان بن و پەلکەزێڕینەش لە خۆرهەڵاتەوە دەرکەوتبێ و بووبێتە چوارچێوەی ئەو تابلۆیە. تادەمرم من هەر خەو بەو دیمەنەوە دەبینم)).

دایکم ساڵێك بەسەر شوکردنیدا تێپەڕبووە کە دیمەنە بەسام و تۆقێنەرەکانی پێنج ئێوارە ترسناکەکەی بینیوە، بەڵام بێ ئەوەی هیچکام لە نمایشە بە ترس و مەرگهێنی ئێوارەکان بۆ بەهادینی باوکم باس بکات و بگێڕێتەوە، یان هیچ ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی نائاسایی وەها بنوێنێ باوکم هەست بە ناسروشتی بوونی بکات و کونجکۆڵی زانینی هۆکارەکەی بێت, بەڵام دایکم هەمیشە ترساوەو ڕەنگ پەڕیوو ئاشوفتەحاڵ بووە، دیسان هەستی بەوە کردووەتەوە پێشبینییەکانی بە جووڵە کەووتوونەتەوەو کاری خۆیان لەداهاتوودا دەکەن. جارجارە لەوەش زیاتر ترس و غەمگینی نیشتووەتە سەر دڵی و ئەوکاتەی بیرهاتووەتەوە کە لەماڵی باوکیدا کچ بووەو شەوێك خەوێکی ناخۆش و ئاڵۆزی بە شارو خانووی خولاوو سەماکەرەوە دیتووە، ئیدی لە ڕاستیدا بوومەلەرزە هاتووەو تا هەفتەیەك بەرۆکی شارەکەیانی بەرنەداوە. کە بەتەنیا بووە لەدڵی خۆیدا بیری کردووەتەوە: ((تۆ بڵێی ئەو تارمایی و شتە ترسناکانەی من لەو پێنج ئێوارەیەی بینیمن هەر بەتەنیا فێڵی چاوو هەڵخەڵەتاندن و واهیمەی خەیاڵەکانی خۆم بن، یان بەڕاستی ئەو تارمایی و نمایشە سەیرو سەمەرانەم دیتووەو بەڵگەی ڕوودانی کارەساتی گەورەو زەنگی مەترسیداری خنکان و ئاوەژوو بوونەوەیەکی پێشوەخت و چاوەڕوان نەکراوبن؟ لەوانەشە هەر هیچیان نەبێت بەڵکو دڵەڕاوکێکانی خۆم بن وایان لێکردبم. نا دەترسم زۆریش دەترسم هەر لە منداڵیمەوە ترسێکی گەورەم لە لەدەستدان هەبووە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ترساوم لەوەی کۆمەڵێك کەس لەدەستم دەرچن و نەیان

بینمەوە. ئەگەر وابێت ئەمە چ هێماو نیشانەیەکی سامناکن ئەو ئێوارانە. باشە خۆدەبێت ئەوکەسەی لەدەستی دەدەم بزانم کێیە..؟ نانا نازانم کێیە هیچ کەسێك نییە. ئەی ئەگەر کەسێك بوو وەك باوکم, دایکم,بەهادین, کەمال ئەوکاتە چی ؟!))

دایکم لەو بیرکردنەوە قووڵ و تاریك و فرە هێڵانەدا بووە لە پڕ بەشێکی لێوی خوارەوەی بەر ددانەکانی کەوتوون و ئازارێکی زۆر چووەتە دڵیەوەو بەئاگا هاتووەتەوە. هەمیشە وەك خوونەریتێك ئەگەر زۆر بیری لە شتێك کردبایەوە یان دوودڵ و پڕ گوومان بووایە خێرا دەستی بە کرۆشتنی لێوەکانی خۆی دەکردو ئاگای لە هیچ کەسێك نەدەما. لەمە بەدواوە ئەو ئێوارانە بوونەتە مۆتەکەو دێوەزمە بۆ دایکم شەوو ڕۆژ داڵغەو بیرو هەست و هۆشی لایان بووە، دەیان پرسیاری سەیرو غایلەی پووچ بە خەیاڵیدا ڕەتبووەو مێشکیان خواردووە، وەکو باشە بۆچی هەر ئەو پێنج ئێوارەیە تارماییە ترسناکەکانم دیت؟ بۆچی نەبوون بە شەش یان حەوت یان بیست ئێوارە ئەو ژمارەیە بۆ؟ ئەی خۆ هەر تەنیا پێنج لەنێو ژمارەکاندا نییە ئەویش لە هەژمارکردنی ڕیزبەندی ژمارەکاندا یەکێکە؟ ئەو ڕوخسارو شێوانەی بینیمن بۆ هەموویان لە ئەدگارو وێنەی ئەو کەسانە چنرابوون کە دەمناسین و لێمەوە نزیك بوون ؟! لەبەر چی ڕوخسارو شێوەی جیاوازو هەمەجۆر نەبوون کە هەرگیز نەبینیبێتم نەباسیشم کردبن ؟.

چوارساڵ بەسەر ژیانی دایك و باوکمدا خەریکبووە تێپەڕێ، لەو ماوەیەدا هیچ کۆرپەیەك بەسکی دایکم نەکەوتووەو دووگیان نەبووە، ئەوەش وایلێکردووە پەرێشان و نیگەرانبێ و بەردەوام بیری لێبکاتەوە، بەڵام باوکم بە پێچەوانەوە نەیکردووەتە بابەتێکی گرنگ و سەرەکی و هەردەم لە خەیاڵی خۆیدا بیهێنێت و بیبات وەك دایکم، کە کردوویەتیە ماخۆلیاو هیچ بیری نەچووەتەوە. زۆرجاران یەخەی باوکمی گرتووەو داوای لێکردووە بۆ پزیشکی تایبەتی ببات، تا هەرچی زووترە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە یا گەر هەر نەخۆشییەکی هەبێت پێی بزانن، بەڵکو ئەمە خوایە دەوایەکیان پێبداو وەك خەڵکی بتوانن ببنە خاوەنی منداڵ. گەلێك جار بە باوکمی وتووە: ((بڕوابکە بەهادین حەزناکەم بۆنێو هیچ کۆڕو مەجلیس و ئاهەنگێك بڕۆم و سەردانی هیچ کەسێك بکەم. تۆ بۆخۆت دەچیت ئارەزووی خۆتە ڕێگات لێناگرم،بەڵام زیزمەبەلێم من نایەم و پێمخۆش نییە)). وەختێك باوکم پرسیاری لێکردووە: ((هۆکاری ئەو نەهاتن و گۆشەگیرییە چیە بۆم ڕوونبکەوە)). دایکم وتوویەتی: ((خۆزگە دەمی خەڵك کونێك بووایە و بەتۆپەڵێك قوڕ بمگرتایە لەوانەی پرسیاری پڕوپووچ و بێمانام لێدەکەن. بۆ تا ئێستاکە منداڵت نەبووە؟ بۆ ناچیتە لای پزیشك؟ مێردەکەت حەزی بە منداڵ نیە یا خۆت ناتبێ و نەزۆکیت؟ باشە توخوا بەهادین گەر ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی تۆش بکرێنەوە غەم ناخۆیت و هەستێکی تاقەت پرووکێن داتانگرێت؟ منیش دوای ئەم پرسیارە هەمەجی و دووبارانە گەر لە خۆشترین زەماوەندو ئارامترین جێگای دونیادابم وا هەستدەکەم لەنێو چواردیواری ژوورەکەی خۆمدام، بەهیچ شێوەیەك چێژ لەو جێگایە وەرناگرم. نازانم لەبەرچی خەڵك هێندە بە یەکترەوە ماندوونە! باشتروایە هەریەکەیان لە غەمی کەموکوڕی و عەیبەکانی خۆیاندابن، گەر هەریەکێکمان لە ئاست خۆیەوە ڕەخنە لەخۆی

بگرێ و خاڵە لاوازەکانی بزانێ و پەنجەیان بخاتەسەر، بێ هیچ دوودڵیەك کۆمەڵگەیەکی ژیرو فامیدەو پێگەیشتوومان لێدەردەچێت)). باوکم هێمنانەو لەسەرەخۆ هەوڵیداوە ئارامی بکاتەوەو بۆ باری دەروونی ئاسایی بگەڕێنێتەوەو وتوویەتی: ((گەوهەر گیان خۆ دەزانم هەموو ئەو شتانەی باستکردن ناخۆشن، منیش بێگومان حەز بە منداڵ دەکەم و دەمەوێ ببمە باوك، بەڵام با کەمێکی دی چاوەڕێی ڕەحمەتی خودا بکەین بزانین چۆن دەبێت. هی وا هەبووە دە ساڵ زیاتر ژن و مێرد بوونەو منداڵیشیان نەبووە، کەچی دوواییش دەرگایان لێکراوەتەوەو چەند ساڵێك بەدووای یەك منداڵیان بووە)).

دایکم بە حەپەساوییەوە وەڵامیداوەتەوە: ((بەهادین ئەوە بزانە هەموو کچێك بەرلەوەی شووبکات خەونێکی هەیە ئەویش ئەوەیە ڕۆژێك کوڕێکی جوان و سەلارو کەسێتی بەرز وەك فیلمەکان یا حیکایەتە کۆنەکان بە ئەسپێکەوە بۆ بەردەرگای ماڵەکەی بێت و بەخۆشەویستییەوە لەباوەشی بگرێ و سواری سەرپشتی ئەسپەکەی بکات و لەگەڵ خۆیدا بۆ شوێن و جێگایەکی دووردوور بیبات و ئەوەندەی کە خودا تەمەنی داوە لەوێدا بەیەکەوە بیبەنە سەر، ئەوە خەونی یەکەمی کچێتییە. خەونی دووەمیشیان لەدوای سەفەرکردنییەتی بە ئەسپەکە بۆ ئەو شوێنە دوورو نیشتەجێیە ئەویش خەونی بوون بە دایکە، بۆیە لێم مەگرە گەر هەرشتێك لەمبارەیەوە بڵێم. لەم گەردوونە بێسنوورو بەرینەدا مەحاڵە ژنێك بدۆزیتەوە نەیەوێت ببێتە دایك یا خەو بە ساوایەکەوە لە ئامێزیدا نەبینێ دەمی نابێتە مەمکیەوەو قوم قوم و چۆڕ چۆڕ شیری لێبخواتەوە. ئێوەی پیاوان لەدەردی بێچارەی نەبوونی منداڵ و نەزۆکی و ئەم جۆرە شتانە تێناگەن، چونکە تەنیا شتێك بەلاتانەوە گرنگ بێت سێکسە، ژنیش تەنیا شتێك بەلایەوە جێبایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردن بێ بوون بەدایکە. ڕاستە ئێوەش حەز بەمنداڵ دەکەن تا بەیانی پاش مردنتان شوێنگرەوەو میراتگرێکتان هەبێ، نەوەك ئەوەی ساڵەهایە کۆیدەکەنەوە بۆ خەڵکی نەناس و غەرییە بێت، بەڵام ئێمەی ژنان نە بایەخ بەموڵك و ماڵ نە میرات و جێگرەوە دەدەین تاکە ئومێدی شووکردنمان بە دایکبوونە. ڕاستە لەنێوماندا هەیە حەزی لە سەروەت و پارەو سامانە، بەڵام لەناخەوە ئەو هەستی بوون بەدایکە لەڕۆحی ئەویشدا خەوتووەو بەردەوام لە هەوڵی بەئاگاهێنانەوەیەتی. سەرنجدە ئەو ژنانەی هیوابڕاوو ئومێدخوراو بوون لەوەی ئیدی ناتوانن ببن بە دایك چەندە ژاکاوو سیس و مەلوولن و بەزۆر ژیاندەکەن، وەك گەڵایەك گەر بیکەیتە چواربەش سێ بەشی زەرد هەڵگەڕاوەو بەشێکیانی سەوزە بە تێپەڕبوونی کات ئەویش زەردو نەخۆش و بەلاڵێدراو دەبێ)).

چوار ساڵی پێکەوە ژیانی دایك و باوکم تەواوبووەو پێیان ناوەتە ساڵی پێنجەمیان ئەو ساڵەی وەك دواتر دایکم هەمیشە پێیدەوت ساڵە شووم و نەگبەتەکە. ئالەو ساڵەدا دایکم بەردەوام هەر غەمگین بووەو خەمۆکی و بێدەنگییەکی نامۆ وەك مشەخۆر ناخ و ڕۆحیان کرۆشتووەو هەمیشە بیرو خەیاڵی هەر لەو پێنج ئێوارە بەترس و سیحرییەبووەو تارماییەکانی پشت پەنجەرە وازیان لێنەهێناوەو هەردەم لەبەر دیدەی خەیاڵی لەهاتووچوودا بوون. ئەوەی زیاتریش کزومەلول و داماویان کردووە، ئەوەبووە لەو ماوەیەی پێکەوە ژیانیان بەهیچ شێوەو جۆرێك ئەوشتانەی بەباوکم نەوتوەو بەردەوام لێی

شاردووەتەوە, گەر باوکیشم جاربەجارێك هەستێکی کەمی بە بێتاقەتی و ڕەنگ هەڵبزرکاوی دایکم کردبێت پرسیاری ئەوەی لێکردبێ بۆچی وایە، ئەوە خێرا دایکم بابەتەکەی گۆڕیوەو خۆی لێدزیوەتەوە. هەر چەندە هەرگیز کارێکی وەها نائاسایی و دەگمەنی نەکردووە تا لەبەر چاوی باوکم سەیرو نامۆ دەرکەوێت، بۆیە هەموو کات دیتنی ئەو تارماییانەی پێنج ئێوارەکە لە هەگبەی ڕۆحیدا هەڵیگرتوون و حەشاریداون، چونکە دڵنیابووە لەوەی ئەوانەی دیتونی لەخۆڕا نەبووەو درەنگ یان زوو شتێك هەر ڕوودەداو یەکێکی نزیکی لەدەست دەچێت. لەبەرئەوەی هەستی پێشبینییەکەی شتێکی وەهایان پێنەوتوە دەروونی ئاسایی بێتەوەو لەناخەوە وا پێشاندا هیچ شتێك نەبووەو نییە هەر ئەوەش وایکردووە ڕۆژ دوای ڕۆژو سات لەدوای سات ترسەکەی لەزیاد بوون و هەڵچوونی پتردا بێت.

## دایکم لەدواساڵی پێکەوە بوونی لەگەڵ باوکمدا خەوێکی ترسناکی بینیوە.

لەساڵی پێنجەمدا شەوێك دایکم خەوێکی زۆر سەیرو بێ هاوتای بینیوە لەوخەوەیدا ئەو ژوورەی ئەوکات لێی خەوتووە کەمێك ڕووناك و کەمێك تاریك بووە، وەك تابلۆیەکی گرافیك دابەشبووەتە سەر دوو جیهانی ڕەش و سپی. ڕەنگی هەمە چەشنی تێدا نەبینیوە بەتەنیا لەسوچێکدا دانیشتووەو دەستی بە نێوچەوانی خۆیەوە گرتووەو بۆ خۆشی نەیزانیوە لەژێرەوە پێکەنیوە یان گریاوە. جاربەجار سەری بەرزکردووەتەوەو نیگایەکی بە دیوارو پە نجەرەو دەرگای داخراوی ژوورەکەدا گێڕاوە. لەناکاو هەستی بەگرمەگرم و لوورەیەك کردووە کە تا ئەو وەختە لەژیانیدا نەیبیستووە، هەستاوەتە سەرپێ و لەناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستاوەو دەستی بە گوێچکەکانییەوە گرتووە، تا بێ زیاتر و توندتر پاڵی بە دەستەکانییەوە ناوە جەستەی وەك ژوورەکە دابەش بووە، نیوەی تاریك و نیوەیشی ڕووناك پەڵە پەڵەی سپی بەسەر دەست و ڕوخساریدا پەیدا بوون، پاشان هەڵتۆقیون و بوونەتە دوومەڵ دومەڵێکی ڕەش ڕەش، بەڵام بێ ئەوەی ئازاریان هەبێ. هێندەی زانیوە خوروشتێك کەوتووەتە خوێن و جەستەیەوە نەیزانیوە چی بکاو چۆن دایمرکێنێتەوە، بۆیە بەنینۆك و چڕنوك بەربووەتە لەشی و خوراندوویەتی و زامداری کردووە، کەچی بێ سودبووەو نەیزانیوە خوروشتەکەی نێو خوێنی چی لێبکات و بە چ شێوەیەك دەستی بیگاتێ, بۆیە قە پاڵی توندی لەهەر دە پە نجەی دەستەکانی خۆی گرتووەو تا خوێنیان لێ نەچۆڕاوە وازی لێنەهێناون، ئینجا لە ڕێی ئەو خوێنەوە توانیویەتی پە نجە بە جەستەو دەمارەکانیدا بکات و خوێنەکەی بخورێنێ. هاواری کردووەو قیژاندویەتی لوورەلوورەکە نزیکتر بووەتەوەو هەراسان و ترساوتریان کردووە. لە پڕ هەرهێندەی زانیوە هەڵۆیەکی گەورە خۆی بە پە نجەرەو دیواری ژوورەکەدا کێشاوە ئەوەندە بەهێز باڵەکانی لێکداوەو پیایدا کێشاون وردە وردە تۆزو خۆڵی سەربان و بنمیچە دارەکە بە لێشاو هاتوونەتە خوارێ و ڕژاونەتە سەر سەرو پۆتەلاکییەوە. تۆزو خۆڵێکی بێ ئامان بووە هەرچەندی خۆی تەکاندووە خۆڵاویتربووە، ئینجا هەڵۆیەکە بە قاچەکانی دیوارەکانی لەدەرەوە وێرانکردووەو لەسەر سەربانەکەوە هەڵپەڕیوە. سەرەتا لادیوارێکی ڕووخاندوە ئینجا دوولاکەی تریشی، تەنیا یەك دیوار ماوەتەوە ئەویش

ڕووخاوەو لەگەڵ کەوتنیدا هارەی کردووەو پارچە بەردو گەچ و کەستانەی تیژ هوروژمیان هێناوەو گوژمی دارمانەکە بەرەو لایەکی نادیاری ژوورەکەی بردوون. دایکم بە پەلە ڕایکردووەتە حەوشەو بەدەم گریان و ناڵەو فیغانەوە لەژوورە ڕووخاوو دارماوەکەی ڕوانیوەو ئا لەوێدا پڕ بە گەرووی قیژاندوویەتی و خەبەری بووەتەوە.

سەرو قژی وەك شێت پرژاوەتە سەر ڕوخسارە زەردو سپی هەڵگەڕاوەکەی، چاوە جوانەکانی زەق بوونەتەوەو دەستی بەهەمان گریانی بەکوڵ کردووەتەوە کە لەئێوارەی پێنجەمدا وەختێك تارمایی خۆی بەسەر عەرەبانەی پەککەوتواندا بینیبوو. ئەوە دووەم جار بووە وەها بەکوڵ بگریەت، بۆیە باوکم خێرا بەئاگاهاتووەتەوەو لەباوەشی گرتووەو پێی وتوە: ((مەترسە ئەوەتام من لەتەنیشتتەوەم ڕەنگە دێوەزمەو مۆتەکەت بینیبێت)). پەرداخێك ئاوی بۆ هێناوەو هەوڵیداوە هێوری بکاتەوە، بەلاّم دایکم هێندە ترساوو حەپەساوبووە باوکم لەوە ترساوە شتێکی بەسەردابێت، بۆیە بەهەر شێوەیێ بووە ئارامی کردووەتەوە بێ ئەوەی نە ئەو لێی بپرسێت چ خەوێکت بینیوە نە دایکیشم هیچی لەبارەی خەوەکەوە بۆ گێڕاوەتەوە.

*******************

مەرگی (بەهادین) لەئێوارەیەکی ساردا.

چەند ڕۆژێك بەسەر خەوە گوماناوی و ناخۆشەکەی دایکمدا تێدەپەڕێ، بەلاّم هەرگیز بیری نەچووەتەوە هەر ترساوەو زوو زوو سەیری دیوارەکانی ژوورەکەو بنمیچ و دەرگاو پەنجەرەو حەوشەکەی کردووە، تا دڵنیابێت لەوەی وەك خۆیان ماون و نەڕووخاون! تا ئەم ساتەی ئێستاش کە من ئەم چیرۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە دایکم ترسی لە خانووی ڕووخاوو ژووری کاول و وێرانە ماڵ هەیە. هەر کەسێك خەوێکی لەم جۆرە ببینێ و بیەوێت بیگێڕێتەوە دایکم بەپەلە توند دەمی دەگرێت و پێیدەڵێت لێرە مەیگێڕەوە بڕۆ بۆ بەردەمی بەلوعەو ئاوەکە بکەوەو بۆ ئەوی بگێڕەوە تا زووە با لەگەڵ خۆیدا بیبات نەکا خەوەکە ئازیزێکت لەگەڵ خۆیدا بەرێت.

دایکم وەك هەموو ڕۆژەکانی دی لە ئێوارەیەکی کەمێك درەنگدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکمی کردووە. نازانێت بۆ ئەبەد چاوەڕوانی دەبێ و ئەوە دوائێوارەی چاوەڕوانییە ڕاستەقینەکانییەتی. لەو وەختەی باوکم گەڕاوەتەوە قەرەباڵغی و جەنجاڵییەکی زۆری لەبەردەمی دوکانێکدا بینیوە، کە نزیکبووەتەوەو دیقەتیداوە دەبینێ دوو گەنجی سەرشێت و کاڵفام دەستیان ناوەتە یەخەو بەرۆکی یەکترو بەشەڕهاتوون، خەڵکیش چواردەوریان گرتوون و لێیان دەڕوانن وەك بڵێی بەدیار فیلمێکەوەبن. باوکیشم ئەوەی پێ قبوڵنەکراوەو ڕوویکردووەتە خەڵکەکەو پێیوتوون: ((ئێوە شەرم لەخۆتان ناکەن و داناوەشێن وا بەدیار شەڕی ئەم دوو گەنجەوە وەستاون و تەماشایاندەکەن، لەبری ئەوەی هەوڵدەن لێکیان کەنەوەو بچنە نێوبژیوانیان بەدەوریاندا ئەڵقەتان بەستووەو سەرنجیان دەدەن))، بۆیە باوکم چووەتە بەینیانەوەو پاڵی پێوەناون تا

یەخەی یەکتری بەڕەڵا بکەن کە وەك سەگی دڕ کەوتوونەتە ویزەی یەك و ڕوخساریان بەخوێنەو جەستەیان تێکشکاوەو قۆپچەیان بەبەرۆك و جلی یەکترەوە نەهێشتووە. یەکێکیان دەموولووتی وەك چۆڕاوگە خوێنی پێدا هاتووەتەخوار. ئا لەو ساتەدا چەند کەسێکی دیکەش غیرەت گرتوونی و لەدوورەوە شەڕو قەرەباڵغییەکەیان دیوەو بەڕاکردن چوونەتە بەینیانەوە. کاتی نێوبژیوانی و دوورخستنەوەیان لەیەك یەکێکیان داخ لەدڵتر بووەو جەستەیەکی کەتەترو قۆڵ و باسکێکی بەهێزتری لەوی دیکەیان هەبووە، چەقۆیەکی دەرێناوەو هێرشیکردووەتە سەر گەنجەکەی دی و چەند جارێك چەقۆکەی بەرزکردووەتەوەو بەتوندی چەقاندوویەتی لە شان و مل و پشتی باوکم. هەرچەندە ئەو بۆ باوکمی نەوەشاندووە بەڵام هەمیشە لەنێوبژیوانی و نزیك کورەی ئاگرەوە پڕیشکت هەر بەردەکەوێ، کەچی چ پڕیشکێك بەر باوکم کەوتووە؟! پڕیشکێ بۆ هەتایە تروسکەو ڕووناکی کوژاندووەتەوەو خستوویەتییە ناخی گڵەوە. هەر بەتەنیاش ئەو ڕۆشناییەی خۆی نەبردووەتە بن گڵ و هەناوی ڕەش و تاریکستانی زەوییەوە، بەڵکو هی ئێمەشی لەگەڵ خۆیدا خستە بارگەیەك و پێچایەوەو بردی. مەرج نییە تەنیا مردووەکان حەزو ئومێد لەگەڵ خۆیاندا کۆکەنەوەو بۆ سەفەرێکی ئەبەدی و بێ گەڕانەوەیان ببەن. زۆرجار زیندووەکانیش لەسەر هەمان نەزم و ئیقاع دەڕۆن. هەموو ئەو کەسانەی بەقووڵی ژیانیان لەڕەگەوە پێکەوە گرێدراوە ئەستەمە بتوانن ئەو گرێیە بکەنەوەو هەریەکەیان بەڕێگایەکی جیاواز لەویتریان بڕوا بێ ئەوەی ئاوڕ لەیەکتری بدەنەوە. نا ناتوانن گەر خۆشیان بیانەوێت، چونکە لە ساتەوەختی مردنی یەکێك لەوانەی کە سەرەداوی گرێیەك بەوانی دیکەوەی بەستوونەتەوە هاوشێوەی شەمەندەفەرێکە چۆن ناتوانێ جگە لەو هێڵە ئاسنینەی بۆی دروستکراوە بە هیچ ڕێگایەکی دیدا بڕوات، بەوشێوەیە ئەوانی دیکەش وەهان بەهەمان ڕێڕەوی مردووەکەدا دەڕۆن با هەر زیندووش بن.

زیندووبوونی جەستە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی ڕۆح پێویستە زیندوو سەلامەتبێت. هەموو دەبن بە زنجیرێکی هەزار ئەڵقەیی ترازانی هەر کامێکیان ترازان و لەبارچوونی ئەوانی دیکەشە. تەواوی ئەو کەسە ئازیزانەی مرۆڤ لەدەستیان دەدات و قووڵ بە ژیانیانەوە گرێدراون وەك هەمان شەمەندەفەرو هەمان زنجیری ئەڵقەدارن. نامەوێت ئومێدبڕاوو بێهیواتانکەم بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییەیە من لە ژیاندا هەستمپێکردووەو لەنزیکەوە بۆن و تامم کردووە. بەڵێ پارچە ئاسنێکی نوك تیژی دەسکدار توانیویەتی کۆتایی بە هەناسەکانی باوکم بێنێ و منیش بۆ هەتایە هیچکەسێك نەبووە پێی بڵێم (باوکە). ئەوە ئەو وشەیەبوو من حەزم لێبوو بیڵێم. کاتێك لەکۆڵان و گەڕەك و قوتابخانەو ماڵە دراوسێدا گوێم لەهاوڕێ و هاوتەمەنانی خۆم دەبوو بانگی باوکیان دەکرد، وەك ئەوە وابوو شیشێکی پۆلاییینی داغکراو بنێن بەجەرگ و ڕۆحمەوە، بەدزییەوە بۆ سووچێکی حەوشەکە دەچووم و لەسەر ئەژنۆکانم دادەنیشتم و دەستم بە چاوانمەوە دەگرت و هۆن هۆن فرمێسکم دەڕژانە داوێن. بۆ ئەبەد لە وتنی ئەم وشەیە بێبەشبووم بۆ ئەبەد.

پاش ئەوەی لەو شەڕە ناوەخت و ئێوارە ساردەدا باوکم شەلاڵی خوێن بووە و کەوتووەتە سەر زەوی و بەهەڵە پێکراوە، دەمودەست گیانی لەدەستداوەو ڕۆحی سپاردووە، دایکیشم لەماڵەوە هەر چاوەڕوانی بووەو ئەمسەرو ئەوسەری ژوورەکەی پێواوە، چەند جارێکیش سەری لە کۆڵان خوارکردووەتەوە بەڵام هیچی نەبینیوە. خەریکبووە تەنیایی و تاریکی ڕۆحی دەربێنن بۆ بەدبەختیش (کەمالی خۆشنووسی) برای لەوێ نەبووەو مۆڵەتی وەرگرتووەو چەند ڕۆژێك پێشتر بۆ (سەیلاو) گەڕاوەتەوە. ئەوەش ئەوەندەی دی دایکمی بێچارەو ماندوو کردووە، ئینجا لەدوای ئەوەی هەواڵەکە بەدایکم گەیشتووە سەری لێشێواوەو نەیزانیوە چیبکات بەهەر شێوەیێ بووە خۆی گەیاندووەتە لای دایك و خوشك و براکانی باوکم و بە هەڵەداوان هەموویان بۆ نەخۆشخانە چوون، بەقیژەو هاوارو ناڵەو لەخۆدانەوە قاوشەکانیان پڕکردووەو هیچکەسێك نەیتوانیوە پێشیان پێبگرێت و هێوریانکاتەوە. دایکم سەرو قژی ڕنیوەتەوەو خۆی بەزەوییەکەدا داوەو جلەکەی بەری هەڵزڕاندووەو بە تەواوی هێزییەوە بەسینگی خۆیدا کێشاوە، بەدەم لەخۆدان و زیڕوهۆڕەوە بەرەو ئەو بەشەی باوکمی لێبووە بەمردوویی ڕایکردووە، کە چووەتە ژوورەوە لەسەر قەرەوێڵەیەکی شڕ پاڵیانخستووەو چەرچەفێکی سپیان بەسەریداداوە بەشێوەیێ ڕوخساریشیان لەگەڵدا داپۆشیوە. دایکم کە ئەو دیمەنە دڵتەزێن و جەرگبڕەی بینیوە ئەوەندەی دی پەشۆکاوو پەرێشان بووەو وەك شێت سەری هەڵداوەتەوە، دەموچاوو سینگ و لاملی بینیوە خوێنێکی تازەی ئاڵیان پێوە ڕەقبووەتەوە لەخوێنی مردوو نەچووە. شوێنەواری چەند چەقۆیەك بەسەر چواردەوری گەردنی بەجێماوەو جەستەیەکی وەك ئەو ئێوارەیە ساردو بێ گیان و تەزیو بووە، خەندەیەك سەرلێوانی گرتووەو لەوە نەچووە مردبێ. چاوانی نیوەکراوەبووە چاوەڕێ بووە چاوەڕێی زۆر شت وەك چاوەڕوانی هەموومان. دیسان هەستیکردووە کە نەمردووە، بۆیە خۆی بەسەر ئەو جەستە بێڕۆحەدا داوەو ماچیکردووەو دەستی بەسەر ڕوخسارو شوێن و برینی چەقۆکاندا هێناوە.خوێن دەستەکانی سوورکردووە وەختێك ڕوومەتەکانی ڕنیوەتەوە خوێنەکەی باوکم بە ڕوومەت و سینگ و بەرۆکیدا لکاوە. ویستوویەتی لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵێی بباتەوە بۆ ژوورەکەیان تا ئەوخواردنەی ئەو ئێوارەیە دروستیکردووە پێکەوە بیخۆن. هاواریکردووەو قیژاندوویەتی بەگریانەوە خۆی ڕنیوەتەوەو بڕوای بەمردنی نەکردووە، هەستیکردووە زیندووەو گەمەیەکی لەگەڵدەکات بەڵام چ گەمەیەکی ناخۆش. لەو وەختەدا شتێك وەك بروسکە بەمێشکیدا ڕەتبووەو ئێوارەی دووەمی لە پێنج ئێوارەکەی ساڵی یەکەمی شووکردنی بیرکەوتووەتەوە، چۆن لەپشتی پەنجەرەوە لەنێو دارەمەیتەکە لەپشتەوە باوکم خۆی پیشانداوەو شوێنی هەڵکۆڵینی چەقۆی بەسەر جەستەیەوە دیبوو، بەڵام چەند کەسێك خەیاڵەکەیان لێتێکداوەو پەلیان گرتووەو بردوویانەتە دەرو ئیدی لەبەر دەرگا بەرچاوی تاریکبووەو هیچ شتێکی نەدیوەو بووراوەتەوە.

بەیانی پاش ئەوەی کەسوکاری دایکم هەواڵیان پێگەیشتووەو ئەوانیش بەپەلە بۆ (شائەشکەوت) هاتوون، شێخ موکری زمانزانیشیان لەگەڵدابووەو دڵنەوایی دایکمیان داوەتەوە، کە تازە چیبکەین قەوماوەو لەگەڵ کاری خوادا هیچناکرێت. لە مەراسیمێکی شایستەو پڕشکۆدا لەپێش نیوەڕۆیەکی پاییزدا کزەبایەکی وشکی هاتووە وەك هەمان کزەبای ئێوارەی یەکەمی

دیمەنە ترسناکەکان باوکمیان بەرەو گۆڕستان بردووەو لەوێ بەخاکیان سپاردووە. تاوانبارەکانیش ماوەیێ لەلایەن پۆلیسەوە گیراون و خراونەتە زیندانەوە کەسوکاریشیان هەژاربوونەو زۆر بۆ بەرقاپی دایکم و کەسی باوکم هاتوونەو هەزاران جار تکایان لێکردوون و پاڕاونەتەوەو خۆڵی بەردەرگایان ماچکردوون، کە کارەساتەکە بەدەستی ئەنقەست و مەبەستێکی دیاریکراو نەبووەو پێشتر هەر یەکتریشیان نەناسیوەو هیچ دوژمنایەتییەکیش لەنێویاندا نەبووە، بۆیە دایکم و کەسەکانی باوکم بەوپەڕی ناچارییەوە پێیان ناوەتە سەر جەرگ و دڵی خۆیان و چوونەتە بەردەم دادگاو لێیان خۆشبوون. ئەوانیش دوای وەرگرتنی ڕێکارە یاساییەکان بەڕەڵاو ئازادکراون ئێمەش بۆ هەتایە بی سەرپەرشت ماینەوە. بەداوای لێبووردن و لێخۆشبوونێك کارەساتێکی وەها گەورەو مۆتەکە ئاسا و دڵئاوسێن بۆ هەمیشە دەبێتە سێبەری ژیانی من و دایکم.

تەواوی ئەو ڕووداوەم چەندین کەڕەت لەدەمی دایکمەوە بیستووەو خۆی سەرلەبەری ڕووداوەکەی بۆگێڕاومەتەوە، ئەگەرچی لەهەموو گێڕانەوەکانیدا وەك ئەوەی یەکەمجاری بێت هەردەم بەگریان و هەنسکەوە قسەکانی بۆ تەواوکردووەمە و وتوویەتی: ((تادەمرم هەرگیز ئەو ئێوارە مەرگبارەم بیرناچێتەوە کاتێك قسەکانت بۆدەکەم واهەستدەکەم لە هەمان بەشی نەخۆشخانەکەدام و باوکت بەمردوویی دایانپۆشیوە، تەواوی ڕووداوەکان وەك فیلمێك دێنەوە پێشچاوم چا نییە تۆشم هەی ئەگینا من قوڕی کامە خاکم کردبا بەسەری خۆمدا)).

*****************

مانگە شەوێکی ڕووناك و پڕ تریفەبوو ئاسمان بەجۆرێك ڕۆشن و بریقەداربوو هەرگیز بەو شێوەیە نەمبینیبوو. هەموومان لە ژوورەوە دانیشتبووین بەدەم و شەوچەرە خواردنەوە قسەمان دەکردو پێدەکەنین. کەمالی خۆشنووسی خاڵیشم لە ژوورێکی دی هەروەك نەریت و خووەکانی پێشووی لەسوچێکدا بەدانیشتنەوە خۆی نوشتاندبووەوەو مەرەکەب و قەڵەم قامیش و کاغەزە ڕەنگدارە گەورەو بچووکەکانیشی لەتەنیشت خۆیەوە ڕیزکردبوو، خەریکی نووسینی وتەیەکی جوان و بەنرخی یەکێك لە زاناو حەکیمەکان بوو کە من نازانم کێ بوو تەنیا ئەو ڕستەیەم لە یادە کە ئەو شەوە دەینووسی ئەویش ئەوەبوو ((هیچ کەسێك ناتوانێت بێتە سەر کۆڵت، ئەگەر بۆ خۆت خۆتی بۆ نەچەمێنیتەوە)). بەلامەوە وتەیەکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوو. دوای تێپەڕینی ساڵانێك بەسەر ئەو شەوەدا ئێستاکەش هەر لەیادمە، ئینجا ئەوەشم لەبیرە هەر وشەیەکی وتەکەی بەڕەنگێکی جیاوازی مەرەکەبی نێو شووشەکان دەنووسی. پارچە کاغەزێکی کەمێك ئەستووریشی لەبەردەمی خۆی دانابوو تا بەر لەنوسین لەسەری تاقی بکاتەوە. قەڵەم قامیشەکەی پێدادەهێناو نووکەکەی پێخۆشتر دەکرد، بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی هەر زبری و ناڕێکیەك لەنووکی قامیشە کەرت بووەکەدا بێت چارەی بکات. دەیان قامیشی لەتەك خۆیدا بەهەموو قەبارەکانیانەوە ڕیزکردبوو، لەکاتی پێویستدا دەستی بۆ هەر یەکێکیان دەبردو پێی دەنووسین.

لەو ژوورەی هەموومانی لێ کۆببووەوە سەرم خستبووە سەر قاچی دایکم و پاڵ کەوتبووم، ئەویش قاچەکانی ڕاکێشابوو ماکسییەکی ڕەشی لەبەردابوو قژی لەدواوە بەستبوو، دەستی بە سەرو پرچی مندادەهێناو جاربەجاریش تۆزێك خۆی دەنوشتاندەوەو بە هەموو هێزیەوە ماچێکی لێدەکردم، منیش هەمیشە لێی توڕە دەبووم و پێمدەوت: ((دایە تکایە واز لە شڵپە شڵپی ئەم ماچانە بهێنە))، بەڵام وەك ئەوەی گوێی لێنەبووبێت ئەو هەر لە کارەکەی خۆی بەردەوام بوو. لەو شەوە دا لە دەرەوە هەموو شتێك ڕووناك بوو بە جوانی دەینواند. من هەر دەم حەزم لەوە بووە لە مانگە شەودا لەبەر پەنجەرە بووەستم و لەدەرەوە بڕوانم و وردببمەوە. ڕووناکی مانگە شەوەکە وەها جوان و یەکسان دابووی لە زەوی و بەسەر شتەکاندا پەرشببوو جوانیەکی بێ هاوتایان پیشاندەدا، ئەوبریقە هێمن و بێدەنگانەی لەسەر گەڵامێوو لاسکەکانیان بوو جۆرە نەشئەیەکی تایبەتیان پێدەبەخشیم، یان کە پشیلەیەکی توکنی ڕەش لەناکاو بەسەر ڕۆخی دیوارەکەدا تێپەڕ دەبوو چەندە جوان سەرپشت و چاوانی دەبریسکانەوە، یان پرتەقاڵێك کە دڵداری لەگەڵ مانگە شەودا دەکاو ڕازو نیازی خۆی بەڕەنگە نارنجییەعەیارەکەیەوە بۆ دەدرکێنێ. منداڵ بووم هەردەم لە وەختی مانگەشەودا کە بۆ سەربان یان حەوشە دەڕۆیشتم ئەوەندە مەست و حەیران دەبووم دەموت: ((دایە خودا گڵۆپی خۆی داگیرساندووە ئەها تەماشای گڵۆپی خودا بکە چەندە ڕووناك و جوانە!)) کەمن ئەو کەسانەی چێژ لە مانگەشەو وەردەگرن و بەخت یاریان دەبێت، چونکە شەوێکە جیاوازە لە شەوەکانی دی تەنانەت واهەست دەکەم مانگەکەیشی لەمانگی شەوانی پێشوو ناچێ و جودایە، بۆیە ئەو شەوەش هەمان هەست و هەمان مۆسیقای تایبەت لە ناخمدا دەیان ژەنی و لە پەنجەرەوە چاوم لەشەوق و ڕووناکیە بەکاوەخۆوو کەمدووەکەی حەوشەکە بڕیبوو، شڵپەی ماچەکانی دایکم نەبا کە جار بەجار بە ئاگای دەهێنامەوە ئەوا بەدیارییانەوە خەوم لێدەکەوت.

لەو شەوەدا باپیرم لەلایەکی ژوورەکە دانیشتبوو دیسان چاویلکەکەی هاتبووە خوارو سەرلوتی گرتبوو، قاچی خستبووە سەر قاچ و کەم کەم بەشداری قسەکانی نەنکم و دایکم و پورەکانمی دەکرد. هەندێ جاریش بەکەمی دەستی بۆ شەوچەرە دەبردو تۆزێکی لێ هەڵدەگرت، لەپڕ قاچی لەسەر یەك لابردو نەختێك خۆی هەڵکێشاو چاتر پاڵی بە دیوارەکەوەدا، ئینجا چاویلکەکەی هەڵکێشا تاکو بە گنی قسەکانی نەکات. کڵاوەکەی بەحاڵ لار ببووەوە دەستێکی بۆ بردو ڕاستی کردەوە، تۆزێك ڕیشی خوراندو تەماشای کردین و وتی: ((مادام هەموو لێرە کۆبوونەتەوەو کەستان نەنوستوون هەرچەندە هێشتا بۆ خەوتن ماویەتی و جارێ مریشك هەڵنەنیشتووە بەسەرهاتی پیلاوەکانتان بۆ تەواو دەکەم و دەگێڕمەوە، وابزانم لەمێژە دەرفەتمان بۆ نەڕەخساوە لەو شەوەوەی من ببوومە حیکایەت خوانتان و ئێوەش هەموو نوستبوون، جگە لە (ماردین) نەبێت ڕۆحەکەی باپیرە بەخەبەر بوو بەحەزەوە گوێی بۆ بەسەرهاتەکانم گرتبوو)). هەر کە ناوی بەسەرهاتی پیلاوەکانم جارێکی دی لەزاری باپیرمەوە بیست ئیدی بۆ خۆشم نەمزانی ئەو تین و تاوو وزە لەناکاوە چی بوو بەخوێن و دەمارمدا تێپەڕی، خێرا سەرم لەسەر قاچی دایکم لابردو لە شوێنی خۆم قیت بوومەوەو ڕووم لە باپیرم کردو وتم: ((دەی توخوا باپیرە گیان زۆر بەسەرهاتی خۆش بوون بۆمان بگێڕەوە بەڵێنت پێدەدەم وەك ئەو شەوەی کە هەموویان خەوتن من نەبێت، ئەمشەویش

نانووم و بەو پەڕی چاوەڕوانییەوە گوێت لێدەگرم و هەموو ئەندامانی لەشم دەکەمە گوێ تەنیا تۆ زووبەو دەست بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی پێڵاوەکانی دیکە بکە )). باپیریشم زەردەخەنەیەکی گرت و وتی باشە دەی مادام وایە هەموو گوێ بگرن دەست پێدەکەم .

## بەسەرهاتی پێڵاوەکان لەسەر زاری باپیرمەوە:

### بەسەرهاتی جووتێك پێڵاوی لاستیکی ژنانە.

(( لەسالآنی زوودا بێوەژنێك لەم شارەی ئێمەدا بەناوی ( پور ئەستی ) هەبوو، خاوەنی سێ کچی بچووك و جوان و ژیکەڵە بوو باوکی ئەم کچە وردیلەو قەشەنگانە ناوی (ساڵح ) بوو، پیاوێکی بالآبەرزی ئەسمەر وسمێل ڕەشی چاوبزبوو لە درێژی خۆیدا ناوەڕاستی پشتی نەختێك چەمابووەوە، بۆیە بە (ساڵحە کووڕە ) بانگیان دەکرد. لە شەوێکی تاریك و ڕووداوێکی تەموو مژاوی نادیاردا لەسەری کۆڵانەکەی خۆیان کوژرا، جگە لە شوێنەواری چەند گوللەیەك بەسەر سینگییەوە هیچی دیکەی لێ جێنەما بێ ئەوەی هیچ کەسێك تا ئیستاکەش بزانێ بۆ. لەوکاتەدا کۆمەڵێك قسەو باس و دەنگۆی فرە ڕووی بەماناو بێ مانا بلآوبوونەوە. یەکێ لەوانە ئەوە بوو گوایە (ساڵحە کووڕە ) دوژمنداری لەگەڵ خانەوادەیەکدا هەبووە، دوژمنایەتییەکی کۆن و پڕقین و بوغز کە بێ چارەسە مابووەوەو بەکوژرانی ئەو کۆتایی هاتووەو چارەسەر بووە. هەندێکی دی دەیانوت سەردەمێك سیخوڕی بۆ پیاوانی حکومەت کردووەو ماڵی یاخی و شۆڕشگێڕەکانی پیشانداون، ئەوانیش ماڵ وحاڵیان کاولکردون و کەسوکاریان دەربەدەربوون، بۆیە لەوشەوەدا کوشتویانەو تۆڵەیان لێکردووەتەوە, هەندێکیتر دەیانوت بۆخۆی خۆی کوشتووە نەخۆشی دەرونی هەبووە. ئەمەو چەندین دەنگۆی دیکە.

پاش کوژران و مردنی (ساڵحەکووڕە ) ( ئەستێ خانی ) ژنی بەخۆیی و سێ کچە جوانەکەیەوە بەناکامی و بێ سەرپەرشت ژیان دەکەن و هەر ڕۆژە لەگەڕەك و کۆڵانێك ژوورێکیان پێدەدەن و پاش ماوەیەك کەناتوانن کرێکەیان بدەن، خاوەنەکەی وەدەریان دەنێ و بەناچاری بۆ شوێن و جێگایەکی دی دەڕۆن. ئەو پورەئەستێیە ژنێکی جوان و بەرچاوو گۆشتن بوو بە بالآیەکی کەمێك مام ناوەندی و دوو چاوی ڕەشەوە، لەبەر ئەوەی لەتەمەنێکی زوو لێی قەوماوەو بە بێوەژنی ماوەتەوە چاوی زۆر تەماحکارو ناوگەڵ پیسی چووەتە سەرو چەندین جار هەوڵی ئەوە دراوە دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەرو ناوو ناتۆرەی بۆ هەڵبەستن و شەرەف و کەرامەتی لە نێوشاردا بزڕێنن, بەڵام ئەو یەکێك بووە لەو ژنە سەربەرزو چاونەترسانەی کە زەحمەت شەهوەت بازوو چەتەکانی ناموس توانیویانە ڕامی بکەن و وەك باڵندەیەك بەئارەزووی خۆیان پەڕووباڵی بکەن و دەستەمۆیکەن. هەردەم خۆی لەهەموو ئەو پیاوانەی دەیناسین و ئەوانەشی نەیدەناسین گەورەترو سەربەرزتربوو. زۆرجار لە زاری ئەو کەسانەی لێیەوە نزیك بوون بیستوومە وتویەتی: (( ئەو تاڵەمووانەی لەسەرو قژی کچە جوانەکانم بەردەبنەوە

بە گشت پیاوانی دنیای نادەم و ناگۆڕمەوە. دەمەوێت دایکێکی نمونەی بم و جێگای باوکیشیان بۆ بگرمەوە، ئەو کەلێنانەی بێ باوکی بۆی دروستکردوون ئەوانیش پڕبکەمەوە. من بیر لە ئێستای خۆم ناکەمەوە بەڵکو بیر لەداهاتووی ئەوان دەکەمەوە، بەیانی گەورە دەبن و شوو دەکەن نابێت عارەقەی شەرم و خەجاڵەتی بەڕوویاندا بێتەخوار لەو مەجلیس و شوێنانەی باسی دایکیان دەکرێت, دەبێت سەربەرزو چاو بڵندو ڕەق ڕاوەستاو بن بەرامبەر ئەو کەسانەی باسی کەسایەتی دایکیان بۆ دەکات. ئالەو وەختەدا پێویستە وەك ئالآیەکی شەکاوەو سەر بڵند بن نەوەك بەیداخێکی چەماوەو شکاوو دۆڕاو، هەمیشە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە هەر ئەوەیەو هیچی دی)).

ڕۆژگار دێ و ڕۆژگار دەڕوا ژوورو هەیوانێکی بچووك لە نهۆمی سەرەوەی ماڵێك بەکرێ دەگرن و لەژێرەوە خاوەن ماڵەکەی تێدا دەژی، کە پیاوێکی خڕکەلەی ڕەزاگرانی ئێسك تاڵ بوو هیچ مووی بەسەرەوە نەمابوو سمێڵێکی درێژو ڕەش و بڵاوو ناشرینی هەبوو، ئەمسەرو ئەوسەری بادەداو وەك سمێڵی سوڵتانەکانی عوسمانی لێدەکرد، بە دووچاوی زەق و لوتێکی پان و گەورەو سەرو کەللەیەکی ناڕێکەوە، هەمیشە کچەکانی (ئەستێ خان) کەبینیویانە بەدزییەوە پێی پێکەنیون و گاڵتەیان پێ کردووە. کاتێ لەبەردەرگای ماڵەکەشی دەوەستا وەك خوویەکی دزێوو قێزەوەن دەستی بە سمێڵەکانیدا دەهێناو ئەملاو ئەولای بادەداو لە خەڵکی دەڕوانی. ئەو پیاوە بڵح و چارە قورسە ناوی (مەهدی)بوو کە لە کۆڵانەکەدا بە(مەهدی ئامە چرچە) بەناوبانگ بوو، دایکی ژنێکی ڕەقەڵەی لاوازو درێژبوو ئێسکەکانی مل و لاجانگ و مەچەکی دەستەکانی دیار بوون و دەرپەڕیبوون، سکی بە پشتیەوە نوسابوو وەك ئەوەی تۆزقاڵێك گۆشتی پێوە نەبێ و ئێسکە پەیکەرێك بێ و بەسەر زەویدا بڕوات. هەر ئەوکوڕەی هەبووەو پاشان بە نەخۆشی مردووە. کەباسیان لە مردنەکەی دەکرد من لێرەوە خەفەتم بۆ مارو دووپشك و مشکەکانی گۆڕەکەی دەخوارد، چونکە ئەوان لەچاوەڕوانی کەسێکی قەڵەوو گۆشتن ددانی خۆیان لە جیڕەوە بردووە بەلام ئەو ئامەچرچەیان بەدیاری بۆ چووەو ئەو شەوە بێ شێو ماونەتەوە.

(مەهدی)پیاوێکی نەوسن و چڵێسی شەهوەت بوو لەپاڵ ئەوەی ژن و منداڵ و خێزانیشی هەبووە، بەڵام هەر چاوی پڕ نەبووەتەوەو هەردەم هەوڵیداوە لەلایەکەوە شتێکیتر ژێربەژێری بەدەست بهێنێت, بۆیە زۆر چاوی لەسەر (ئەستێ)خانی بێوەژن و کرێچییەکەی بووە. بەردەوام بیری لای ئەوە بووە بەچ شێوەیەك ڕازی بکات و لەگەڵیدا بخەوێت. چەند جارێك سەرە ڕێگای لێگرتووەو پێیوتوە کرێی ئەم ژوورو هەیوانەت لێوەرناگرم تامردن خۆت و منداڵەکانت تێیدا بژین بەمەرجێك لەگەڵتدا بخەوم و بێیتە باوەشم, بەڵام (پورە ئەستێ) وەك سەرەتا وتم لەو کەسە سوك و کرچ و کاڵانە نەبووە هەروا بەئاسانی بە چەقەنەیەك بێتە سەر ڕێگاو ڕازیببێت. ئەو ژنێکی گەورەو بەشکۆ بوو بۆیە زۆر بەتوڕەیی پێیوتوە: ((کاك مەهدی من وەك برایەکی گەورە سەیری تۆم کردووەو چاوەڕێی قسەیەکی وەها ناشرینم لێنەکردووی,بەڵام لەبەر خاتری ژن

و مندالّت جاریٚ هیچ نالّیم با مالّت لیٚ تیٚك نەچیٚ و ناوی منیش نەزڕیٚت و سەرگەردان نەبم، بەلاّم لەوە دلّنیابە جاریٚکی دی بەم جۆرە لیّم بڕوانی و قسەم لەگەڵدا بکەی زەرەر دەکەیت و لەسەر ئەم زەویە خۆت بە زیندوویی نابینیتەوە تیٚگەیشتی )).

( ئەستیٚ ) خان بە نانکردن و جل شتن کریٚی ژوورەکەی داوەو زۆر بەباشیش کچەکانی بەخیٚوکردووە، وەك هەمیشە کە خۆی وتوویەتی: (( تا لەسەر هیٚزوتوانای ئیٚستام دابم و بە بازوو عارەقەی نیٚوچەوانم خۆم و مندالّەکانم دەژیەنم و پیٚویستیم بە هیچ کەسیٚکی دی نییە، ئیشکردن شەرەفەو دەست پانکردنەوە لە ناکەسیٚك کە بەرامبەری ئەمە داوای ئابڕووت لیٚدەکا بیٚ شەرەفیە )).

شەویٚکی گەرمی هاوین پوورە ئەستیٚ و کچەکانی لەسەربان و قەرەویٚلّەی خۆیان خەوتوون و چیغیٚکی توندوتۆلّ و مەحکەمیان بەدەوری خۆیاندا گیٚڕاوەو زۆر بەچاکی لەگشت لایەکەوە بە قەرەویٚلّەکانیان بەستووەتەوە، تا گەر ( با ) یەکی بەهیٚزیش هەلّبکات نەکەویٚت و لەشیان دەرنەکەویٚ. لەو شەوە گەرم و درەنگەدا کە تەواوی خەلّکی لە پرخەی خەوی شیرینیاندابوونەو سەدان مندالّیش لەباوەشی گەرمی دایکیان، بەلاّم ڕەنگە سەدان ژن لەئامیٚزی میٚردەکانیاندا لە دواترۆپکی چیٚژی سیٚکسیاندابووبن و هەزاران کچ و هەزاران کوڕیش لەژیٚر لیٚفەو بەتانیەکانیاندا لەخەیالّی پیٚکگەیشتن و دالّغەی چیٚژە غەریزییەکانیاندابووبن. لەو سەربانەی ئەواندا ژیان ڕیتم و ئاوازیٚکی دیکەی هەبووەو جۆرە نالّەیەکی غەمگین و ئومیٚدبڕاو لە شمشالّەکەیانەوە دەرچووە. سیٚ کچی بچووکی هەتیوو بیٚ باوك و ژنیٚکی جوان و حەسرەت لەدلّ کە غەریزەو لەززەتە هەستیارەکانی ناخی خۆی خنکاندووەو کپی کردوون بۆ هەتایە. ژیان ئەوەتا والەویٚ بووە لەو سەربان و نیٚو ئەو چیغە غەمبارەدا، لەدوورەوە دیار بووە چ نالّەو هالاّویٚکی پڕ لە داخی لیٚبەرزبووەتەوە.

پوورە ( ئەستیٚ ) خەوی زڕاوەو چەندی کردووە خەو نەبووەتەوە میوانی چاوانی و لیٚی تۆراوەو سەیری ئاسمانی بیٚسنوورو پڕ لە ئەستیٚرەو نەیزەکی کردووە. خەیالّ بۆ سەردەمی تازەی شووکردنی بردوویەتییەوە بۆ لای ( سالّحە کووڕە ) و پیٚکەوە ژیان و مندالّبوون و کاتە خۆشەکانیان، لەناکاو خشپە خشپیٚکی ناوەخت خەیالّەکەی لیٚ تیٚکداوە ئەویش لە درزی چیغەکەوە لە سەربانەکەی ڕوانیوە، سەیردەکا ( مەهدی ) زۆر بەئەسپایی بەسەر قادرمەکاندا بەدزی ژن و مندالّەکانیەوە خەریکە سەردەکەویٚت و وردە وردە لەچیغەکەیان نزیکبووەتەوە. ( ئەستیٚ ) خان ترس و لەرزیٚکی زۆر دایگرتووە، چونکە ئەو گەلیٚك لە حەیاو کەرامەتی خۆی ترساوە، بۆیە دلّەکوتیٚی گرتووەو ڕاڕابووەو نەیزانیوە چیبکات و لەم ناوەختەدا هاوار بۆ کیٚ ببات، بۆیە بەهیٚمنی و لەژیٚرەوە دەستی بۆ جووتە پیٚلاّوە لاستیکەکانی بردووەو بەدەستیەوە گرتوون و لە ئامادەباشیدابووە. ( مەهدی ) ئەوی نەبینیوەو جۆریٚك لە دلّەڕاوکیٚشی هەبووەو جارجارە ئاوڕیٚکی لەدواوەی خۆی داوەتەوە. هەر کە نزیکتر بووەتەوەو ویستوویەتی چاوی بە درزەکانی چیغەکەوە بنیٚت ( ئەستیٚ ) خان لیٚی هاتووەتە دەست و بەهەموو هیٚزو توانایەوە ئەو جووتە پیٚلاّوە لاستیك و قورسەی بەنیٚو هەردووچاویدا کیٚشاوەو دەسبەجیٚ بەربووەتەوەو لەهۆشخۆی چووەو خویٚن بە

ڕوخساریدا هاتووەتەخوارێ، ئینجا پوورە (ئەستێ) بەهاتوهاوارو قیژەقیژ دەرودراوسێی بەئاگاهێناوەتەوەو ژن و منداڵەکانیشی گوێیان لەو دەنگەدەنگە بووە، کە بەخەبەر هاتوون بینیویانە (مەهدی) باوکیان لەسەرجێی خۆی نەماوە، وەختێك بۆسەربانەکە هاتوونەو ئەو دیمەنیان دیتووە، باوکیان لەسەر زەوی بێهۆش کەوتووەو خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە. (ئەستێ) خانیش بەهەردوو جووتە پێڵاوە لاستیکەکانیەوە بەسەرییەوە وەستاوە تێدەگەن مەسەلەکە چیەو چۆنبووە، چونکە تەواوی گەڕەك شارەزای ڕەوشت و ڕەفتاری هەرزەکارانەو چاولەدەری (مەهدی) بوون. ئەوەی لەوکاتەدا لەوێ بووە دەسخۆشیان لێکردووەو ژنەکەیشی زۆر شەرم دایگرتووە، لەگەڵ ئەوەیش هەستی بەناپاکی کردووە بۆیە هەمان شەو مەهدیان بۆ نەخۆشخانە بردووەو پاش ماوەیەکیش ژنەکەی داوای جیابوونەوەی لێکردووەو جیابوونەتەوە، منداڵەکانیش لەگەڵ دایکیان ڕۆیشتوون و ماڵەکەیان بۆ جێهێشتووە. (ئەستێ) خان لەو ژوورو هەیوانەی سەرەوە نەماوەو بۆ کوچەو کۆڵانێکی دی ڕۆیشتووەو هیچ کەسیش قسەی ناڕەواو تۆمەتی بێ جێی نەداوەتە پاڵی، هەروەك وتم تەواوی ئەم شارە لە ڕەفتارو ڕەوشتی بەرزو شکۆمەندی ئەو بێوەژنەو بێ ڕەوشتی (مەهدی) بەڵەدبوون. لەدواییدا ناوەکەی لە (مەهدی ئامە چرچە) وە گۆڕاوەو بووە بە (مەهدیە کوێر) لەبەرئەوەی بەهۆی پێداکێشانەکەوە چاوێکیانی لەدەستداوەو بۆ هەتایە بە تەنیا چاوێك ماوەتەوە، بەدەرلەوەش تەواوی خەڵك بە بێشەرەف و سووك و ڕیسوا ناویان بردووەو لەو گەڕەکەش وەدەریان ناوە بۆهەتایەش مۆرو پەڵەی بێحەیایی پێوە لکاوە.

لەو ساڵانەی دواییدا پوورە (ئەستێ) بە نەخۆشی دڵ مردو کچەکانیشی شوویان کرد، وەك دایکیان دەیوت هەمیشە بیر لە ئایندەی ئەوان دەکەمەوە تا هاوشێوەی ئاڵایەکی بەرزو شەکاوەبن وەختێك باسی کەرامەتی منیان بۆ کردن. ئێستا کچەکانی شانازی بەو ڕابردووەوە دەکەن کە دایکیان بۆی دەسەبەر کردوون و بۆ هەتایە وەك میدالیا بە بەرۆکی خۆیانەوە هەڵواسیوە. بەر لەمردنی من بۆخۆم سەردانیم کرد لەبەرئەوەی چیرۆکەکەم بیستبوو داوای ئەو جووتە پێڵاوە لاستیکانەیم کرد، کە هەر هەڵیگرتبوو وەك هێمایەك بۆ شەرەف و سەربەرزی، بەڵام زۆر کۆن ببوو ئەویش بەخۆشحاڵیەوە پێیدام و زەردەخەنەیەکیشی بۆ کردم و وتی: ((ئەم پێڵاوانە پڕن لەیادەوەرییەکی تاڵی شەوێکی گەرمی هاوین، بەڵام هەرچەندی چاوم پێیان دەکەوێت تین و تاوێکی شیرین بە دڵ و ڕۆح و دەمارمدا تێدەپەڕێت، بۆیە تکات لێدەکەم لایخۆت بیانپارێزە، چۆن لای من ئازیزن با لایتۆش هەروابن)). منیش دڵنیام کردەوە لە دوکانەکەی خۆم و جێگایەکی تایبەتدا لەگەڵ بەسەرهاتی پێڵاوەکانی دیکەی هاوڕێی هەڵیانگرم و وەك گلێنەی چاوم بیانپارێزم)).

باپیرم کاتێك لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بووەوە سەری تۆزێك نەویترکردو چاوی کزترکرد، تا باشتر سەرنجمان بداو لێمان بڕوانێت و بزانێ کەسمان خەومان لێنەکەوتووە، ئینجا بەدەنگێکی گڕو ناخۆشەوە وەك دەنگی کەسێك لەسپێدەیەکی زوودا تازە لەخەو هەستابێ و ژێیەکانی قوڕگی تۆزو خۆڵی خەونەکانی شەویان هەر بەسەرەوە مابێ وتی: ((ئەرێ ئێوە

هەمووتان بەخەبەرن خۆ کەستان نەنووستوونە؟ چونکە جارێ قسەیدیکەم ماوە)).ئێمەش وەڵاممان دایەوە: ((نەخێر نەخەوتووین لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی پێڵاوەکانت بەردەوامبە))، بەلام لەو وەختەدا وەك بڵێی کاریگەری بەسەرهاتەکەی پێشووم هەر بەسەرەوە مابێت و حەزم کردبێ دەستێکی منیش لەگەڵ دەستی پوورە (ئەستێ) بووایە تا چاوەکەی دیکەیشیمان کوێر بکردایە هی (مەهدیە کوێر)، بۆیە لەگەڵ بیرکردنەوەکانم بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پەنجەکانی دەستم گرژ دەکردو خرمدەکردنەوە سەر یەك و دەمکردنە مشتەکۆڵە و خاوم دەکردنەوە. باپیرم پاڵی بە بالیفە درێژکۆلەو خرەکەی دابوو کە نەنکم پڕی لە پەڕە مریشك کردبوو بۆی،کەچی ئەوجارە هێنایی و ختسیە بن دەستەکانی و لەسەر قاچی خۆی داناو چاویلکەکەی هەڵکێشایەوە سەر چاوی و دەستی بەقسەکانی کردەوەو وتی: ((بۆ مەسەلەی جووتە کالە دڕاوەکەش پێویستە سەرەتا باسی شتێکی دی بکەم وەك بەسەرهاتەکانی دی، چونکە پەیوەندییان پێکەوە هەیە وەك میوەیەکن کە لەسەر هەمان لق و هەمان درەختدابن)).

دووای تەواوکردنی قسەکانی هەستمکرد تۆزێك غەمگین و بێهێز دەرکەوت بۆیە پێموت: ((باپیرە چیتە ئەوە دەگریت وا چاوانت پڕبوون لەئاو، گەر دەزانی بێتاقەتدەبیت چیتر قسەمەکە قەیناکا))، کەچی وەك ئەوەی بیەوێت ئەو هەستە ڕاستەقینەیەی ناخیم لێ بشارێتەوەو وتی: ((نا ڕۆڵە گیان ئەم قسەیەت لەکوێوە هێنا هەرخۆم چاوەکانم زۆر تەواونین دەم دەمە ئاودەکەن تۆ گوێ بەم شتانە مەدە)). دوای کەمێك بێدەنگی دەستی بە قسەکانی کردەوەو بەسەرهاتێکی دیکەی بۆگێڕاینەوە.

## بەسەرهاتی جووتە کالە دڕاوەکە لەسەر زاری باپیرمەوە:

((ئەم شارە بچووکەی ئێمە زەمانی زوو کەسێك بەڕێوەی دەبردو ئیشوکارەکانی جێبەجێ دەکرد پیاوی حوکمەت بوو، دەسەڵاتێکی فراوان و بێ وێنەی هەبوو، هەر شتێك ئەو بیوتبایەو بیوویستبایە دەبوایە بکرێت و ڕەتبوونەوەی بۆ نەبوو.ئەو بەڕێوەبەرە ناوی(زاهیر) بوو کە لەم ناوچەو دەوروبەرەدا بە (زاهیر بەخشندە) ناوی دەرکردبوو. پیاوێکی بالا بەرزو چوار شانەبوو هەردەم لە دەستێك قاتی ڕەش و بۆیمباغێکی سوور دەبینرا، سمێڵێکی باریك و قەیتانی هەبوو بە چاوو برۆیەکی ڕەش و کە پویەکی نەختێك گەورە. کەسێکی زیاد لە پێویست باش و داوێن پاك و سەنگین بوو بۆ هەر شتێك ڕووت لێنابایەو بچوبایتەلای گەر ئەوەندە لە دەسەڵاتی ئەودا بووایە درێغی بۆ نەدەکردی و ئیشەکەی ڕادەپەڕاندی. دەست و دڵێکی فراوان و بەسەخاوەتی هەبوو لە پاش کاری فەرمی بەیانیانی بەدەستێك جلی ئاسایی و کرێکاری بۆ نێو کوچەو کۆڵان و بازاڕ دەچوو پیاسەیەکی بەنێو شاردا دەکرد، لای دوکانداره بەتەمەن و ڕیش سپییەکانی ئەوسا دادەنیشت و چایەکی لا دەخواردنەوە، بێ فیزبوو هەمیشە لەخزمەتکردنی شارو خەڵکی ناوچەکەدا بۆ هیچ کەس و هیچ شتێك کەمتەرخەم نەبوو, گەلێك شتی پێویستی دروستکرد و بینا کرد بڕیاریدا هەر ماڵەو لەبەر دەرگاکەی خۆی دارێك بچێنێت, جگە لەوەی لەسەر هەر شەقام و

جادەیەکی سەرەکیدا بۆ خۆی چەند ڕیزە درەختێکی ڕوواند. زۆر شوێن هەبوون پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەو ئاوەدانکردنەوە هەبوو ئەویشیانی کرد, زۆر لاڕێ و شوێنی وەهای قیرتاو کرد کە سالآنێك بوو خەڵکی بەدەست خۆڵ و پۆتەلآکی هاوین و قڕوو لیتەی زستاندا دەیان نالآند. پردو ئاووئاوەڕی خراپ و ڕزیوو پەرپووتی چاککردەوە، چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی و نەخۆشخانەیەکی بچوکی دیکەی کردەوە. بەکورتی ئەو (زاهیر بەخشندە) یە کە بە ڕاستی بەخشندەو لێهاتوو دڵسۆز بوو زۆری خزمەت کردین و خەڵك لە هەڵسوکەوتوو کردەوە مرۆڤایەتیەکانی ڕازی بوون, بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند لەدوای چەند سالێك خزمەتکردن و باشترکردن و جوانکردنی شار بە بڕیارێکی فەرمی لێرە نەماو بۆ شارو مەملەکەتێکی دیکە گوازرایەوەو کەس نەیزانی چی بەسەر هات و هۆکاری گواستنەوەکەی چی بوو.

زۆر کەم ڕێدەکەوێت بەرپرس و دەمڕاستانی خەڵك وەها پیاوی بەخشندەو دەستپاك و بێ فێڵ بن و لەسەر خوێن و گیرفانی کەسانی نەدار نەژین و چاویان لەشەرەف و ناموسی ژن و کچانی شار نەبێت، پێموانیە نە لە پێش (زاهیر بەخشندە) و نە لەدوای ویشەوە کە بەم تەمەنە گەیشتووم پیاوی وا هەبووبێ یان دیبێتم، ئەوەش ئەو بەلآیەیە کە بەرۆکی خەڵك و میللەت دەگرێت، ئەگەر لە تاعوون و ئافاتێك زیاتربێ کەمترنییە. سیاسی و کاربەدەستان هەمیشە لەگەڵ میللەت و خەڵکیدا لە شەترەنجێکی بەردەوام و بێ پسانەوەدان لەو گەمەیەشدا نایانەوێت بدۆڕێن و کۆشك و قەلآیان بگیرێ و سەربازو وەزیریان بکوژرێت یا دیل و زەلیل دەستبەسەربکرێن، چونکە کۆتاییەکەی کش مەلیکەو سەرشۆڕو خۆبەدەستەوەدەر دەبن. ئەگەریش سەربازو وەزیرو گزیریان کوژراو لەنێوچوون دەمڕاستی دی زۆرن تا بیانکەن بە وەزیری ناچیزو کارتۆن و سەربازی ماندوو شەکەت، گەر هات و ئەوانیش نەیانتوانی لە شەڕەکە براوەبن و دەستبەسەربوون ئەوا ئەوەی گرنگە و زەحمەت لەدەستیان دەردەچێت قەلآو مەلیکە، پاسەوانێکی زۆری چڵکاوخۆری نانخۆری جێگر بەدەوریانەوەن، تاکو پارێزگاری لەو دووانە بکەن کە ماونەتەوە. لەدواییدا هەردەم میللەت و خەڵکی بێچارەو بێ پشت و پەناکان دەدۆڕێن و کش مەلیکیان لێدەکرێت.

پاش (زاهیر بەخشندە) ی بەڕێوەبەر پیاوێکی دی بەسەرو پۆتەلآکێکی دیبەوە وەك بەڕێوەبەری فەرمی ئەم شارە دەست بەکاربوو ناوی (حەمید) بوو کە بە (حەمید شوارب) ناسرابوو. کەسێکی کورتەبنەی ورگن و ڕەزاقورس بوو بە سمێڵێکی ڕەش و قەترانی درێژەوە کە تاکو ئەملاو ئەولای چەناگەی درێژ کردبوونەوە، دوو چاوی زیت و لە دز چووی هەبوو قژی ئەوەندە نارێك ڕووتابۆوە لە دەغلێك یا بێستانێکی پڕ لە کاڵەك دەچوو نیوەشەوێك ڕەوە بەراز هاتبن و گێرەیان تێدا کردبێ و کاڵەکیان پێوە نەهێشتبێت. هەندێ شوێنی سەری مووی پێوەبوو کەمێك لەولاترییەوە پێوەی نەبوو جا تەواوی تەپڵەسەری لەسەر ئەو ڕێتمە کەچەڵ ببوو کە هێندەی دی دزێوو بڵحیان کردبوو. هیچ کات و ساتێك کەس نەیدیبوو بە چاکەت و پانتۆڵەوە، بەڵکو هەردەم لە دەستێك قاتی سەوزی سەربازیدا دەردەکەوت چ لەنێو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی چ لە دەرەوە، کە لە بۆقێکی سەوزی بەهار دەچوو ئەوانەی لەدەم کارێزو ژێرقەزەکاندا دەیانەوێت لە ئاودا بپەڕنەوەو بەسەر

تاشەبەردەکاندا بازبدەن. بەردەوام دارێکی بەدەستەوەبوو گەر قسەی لەگەڵ یەکێك بکردبایە لەسەریەك لەلاقی خۆیدەدا، تەنانەت قسەکردنیشی زۆر ناخۆشبوو دەنگێکی گڕو کەرخی هەبوو هەموو ڕستەکانی بە فڵتە فڵتەوە بەسەریەکەوە دەوت، گرنگ نەبوو بۆی بەرامبەرەکەی لێی تێدەگات یا نا. ئای خودایە مەخلووقی چۆن دروستدەکەیت!

ئەم نانەجیبە بەردەوام بەشوێن شەرەف و نامووسی خەڵکەوەبوو بەئاشکرا دزی دەکرد، باجێکی زۆری لە دوکاندارەکان وەردەگرت و هەرچی ناوی خزمەت و خزمەتگوزارییوایە بەلایدا نەدەڕۆیی، شەوانەش هەر لەئێوارەوە بۆ یانە شۆڕدەبووەوەو تاکو درەنگانێ لەگەڵ هاوبیرو هاوپیشەکانی دەیانخواردەوە، مەزەی سەر مێزەکەشیان خەڵکی ئەم شارەو ڕووت و ڕەجاڵە بوو، کە بەدەم عارەق خواردنەوەوە بە گاڵتەوە باسیاندەکردن و پێیان ڕادەبواردن. لەماوەو سەردەمی ئەودا شار گەیشتە ئەوپەڕی لاوازی و پەرپووتییەکانی خۆی لەبارەی خزمەت و ئاوەدانکردنەوەوە، شەقام و جادەو کۆڵانەکان هەمووی پێویستیان بەچاوپێداخشاندنەوەو چاك کردن بوو، ڕاستە (زاهیر بەخشندە) خزمەتی زۆرو بێوێنەی پێشکەشی ئەم شارە کردبوو، بەڵام هێشتاکەش کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری و بواری چاککردنەوەو چاکسازی هەر مابوو، ئەو فریایان نەکەوت و ئەوەی توانی لەسەرووی تواناکانیشییەوە کردبوونی.

نەخۆشخانە دەرمان و چارەسەری پێویستی تێدانەبوو، لەقوتابخانەیەکی سەرەتاییدا جۆرە نەخۆشییەکی پێستی کوشندەو خوروکەیەك بڵاوببۆوە، گەر تیمەکانی فریاکەوتن لەشوێنی دییەوە بەهانامان نەهاتبان و زوو پێشیان پێنەگرتبا و کۆنترۆڵیان نەکردبا ئەوا تەواوی شار تووشی ئەو دەردە مەترسیدارە دەبوو. لەو کاتەدا چەند منداڵێك بەهۆی نەخۆشیەکەوە گیانیان سپارد. کرێی خانوو بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەوەو کەس نەبوو بتوانێت ڕێگا لەخاوەن خانوو موڵکدارەکان بگرێت و هەژارو نەدارەکان ڕزگار بکات. شار لەدۆخێکی زەحمەت و ئاستەنگێکی قورسدابوو، هیچکەس خۆی بە خاوەنی نەدەزانی چونکە ئەو (حەمید شوارب)ە لەبەر گەندەڵی و بێناموسی و کارە خراپەکانی خۆی ئاگای لەهیچ شتێ نەمابوو، بەیانیانیش کە بۆ سەر ئەرکە فەرمیەکەی دەچوو بەقسەی ئەوانەی کاریان لەلای هەبووە، هەر سەرخۆش بووەو هێشتا کاریگەری عەرەقەکەی شەوی بەسەرەوە بووەو بۆنی تەگەی بزنی لێهاتووە.

ئێواران زۆرجار لە فولکەیەکی شاردا بەهەمان جلی سەربازی سەوزەوە بەدارەکەی دەستیەوە دەوەستاو تەشقەڵەی بە گەنج و لاوەکان دەکرد بانگی دەکردن و بیانووی بێمانای لێدەدۆزینەوەو ئازاری دەدان، گەر یەکێکیشیان بەجۆرێك وەڵامی دابایەوە دەستبەسەری دەکردو دەیخستە زیندان و تۆمەتی ناڕەوای دەدا پاڵی. چاوی لەسەر چەند کچێکی شار بوو دەیویست بەهەر فرۆفێڵێك بێت دەستی پێیان بگات و ئیشی خۆیان لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی یەکێکیان کە لە جوانیدا وێنەی نەبوو ناوی (سەمەرقەند) بوو. ئەو کچە بالایەکی عەرعەری هەبوو فریشتەیەك بوو بۆخۆی بەدووچاوی ڕەش و گەورەو دوو ئەبرۆی کەوانی عەبیارانەو دەمێکی بچووك و لووتێکی ڕێك و باریك. ئەسمەرێکی خوێن شیرین و ڕوخساری خڕو گۆشتن بوو، قژێکی

ڕەشی تاسەر کەمەری هەبوو، گەلێك جار لەگەڕەك وبەردەرگای خۆیاندا بینیبووم. لەو جۆرە کچانە بوو کە لەنێو حیکایەتە کۆنەکاندا گەر لە جوانیدا وەسف بکرانایە دەیانوت (برای خۆی حەیرانی دەبێ). لە خانەوادەیەکی هەژارو دەست کورت بوو یەك برای لەخۆی بچووکتری بەناوی (جوانڕۆ) هەبوو، کە لەگەڵ باوکە بێچارەکەیدا ڕۆژ تا ئێوارە کرێکاریان دەکردو پشتیان ڕاست نەدەکردەوە، سەمەرقەندیش بەردەوام لەگەڵ دایکی لەژوورەوە بوون و خزمەتی ئەو باوك و برا تاقەنەیان دەکرد کە بە ڕەنج و ماندووبوون نانی شەرەف و سەربەرزییان بۆ پەیدادەکردن))

لەنێو گەرمەی قسەکانی باپیرم دوو پشیلە لەسەر دیواری حەوشەکەمان کەوتنە شەڕو میاوە میاوو مرەی ترسناك و پڕ هەڕەشەیان لێبەرزبووەوە، باپیرم قسەکانی لێ تێکچوو هاواریکرد: (( ئەرێ ئەو پشیلە نەگریس و نەگبەتانە چیانە بەم شەوە وا بەشەڕ هاتوون دەڵێی هاربوون خۆ زراوم چوو)). دایکیشم هەڵیدایەو وتی: (( بەخوا منیش ترسام وا چووبوومە نێو بەسەرهات و ڕووداوەکان)). منیش بەکەمێك پەشۆکانەوە وتم: ((بووەستن یەك خولەك ئێستا دەچم دەریاندەکەم و دەیانڕەتێنم)). ڕامکردە دەرەوەو تاکە نەعلێکم تێگرتن و ڕاوم نان و دوورم خستنەوەو هاتمەوە ژوورو ڕووم کردە باپیرم و وتم: (( دەی باپیرە دەست پێبکەوە ئێستا خۆ دەنگی پشیلەکانیش نەمان)). باپیرم نەختێك وەستاو وتی: (( باشە باش بەس بەخوای بیرمچووەوە ئەرێ لەکوێ بووم بەبیرم بێننەوە)). دایکیشم وتی: ((لەو شوێنە بووی کە وتت جوانڕۆو باوکی ئیشیاندەکردو سەمەرقەندو دایکیشی خزمەتیان دەکردن))، ئینجا باپیرم بیری کەوتەوەو درێژەی بەقسەکانیدایەوەو وتی:

((حەمید شواربی بەناو بەڕێوەبەری شار زۆر عەوداڵی (سەمەرقەند) بوو بەهیچ شێوەیێ فیکرو خەیاڵی لەسەر لانەدەبردو چەند جارێك خەڵکی ناردبووە لای تا شەوێك داوەتی بێت، بەڵام هەرگیز قبوڵینەکردبوو. مەبەستی ئەوە نەبووە کە بچێتە خوازبێنی و داواییکات، بەڵکو ویستوویەتی ناوی بزڕێنێ و ئابڕووی لەکەدار بکات. دەیزانی لە خێزانێکی هەژارەو باوك و براکەی کرێکاری دەکەن. ماوەیێ بەسەر ئەو مەسەلەیەدا ڕەتدەبێ و بەیانییەك (جوانڕۆ) و باوکی بۆ سەر کاریان دەڕۆن، هەر تۆزێك لەماڵ دوور دەکەونەوە چەند کەسێك ڕێگایان پێدەگرن کە نێردراوی (حەمید شوارب) بوون، بە زەبرو زەنگ و لێدان قۆڵبەستیان دەکەن و دەیانبەن، ئەوانیش لەڕاستی مەسەلەکە تێنەگەیشتوون و نەیانزانیوە هۆی گرتنیان لەبەرچیبووەو ئەوانە کێن! چاوو دەستیان دەبەستن و بۆ لای حەمید شواربیان دەبەن و لەوێدا چاویان دەکەنەوە، ئەویش پێیاندەڵێ بێگومان نازانن بۆچی و لەبەرچی فەرمانم کردووە وا بەم بەیانیە زووە بۆ ئێرەتان بێنن، هەڵبەتە لێرەو لای من دەمێننەوە تاکو (سەمەرقەند) ڕازیدەبێت و بە پێی خۆی بەرەو لام دێت، ئینجا منیش ئێوە ئازاد دەکەم و ئەو بەمیوانی لام دەمێنێتەوە. هەردووکیان هەر گوێیان لە ناوی (سەمەرقەند) و هەڕەشەکانی ئەو ناڕەسەنە دەبێ ئاگر لەچاویان دێتەدەر. (جوانڕۆ) بەخێرایی دەیەوێ پەلاماری بدات و بیکوژێت، بەڵام پاسەوانەکانی دەیگرن و بە عەرزی دا دەدەن. دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ (حەمید شوارب) ئەو هەواڵە بۆ (سەمەرقەند) دەنێرێت و ڕادەسپێرێت دەبێت بەو دوو مەرجەی بۆی داناوە

ڕازی ببێت. ئەویش ئەوەیە یا باوك و براكەی دەكوژێت یا ئەوەتا خۆی دێتە خزمەتی و ئەوان ئازاد دەكات. پێویستە بەزووترین كاتیش وەلآمداتەوەو یەكێكیان هەڵبژێرێت.

سەمەرقەندی بێچارەی نازداریش لەگەڵ دایكی هەر دەگریەن و نازانن چ بڕیارێك بدەن، ناشوێرن ڕاوێژ بە هیچكەسێك بكەن چونكە هەڕەشەیان لێكراوە، بەلآم لە پڕ بەوە ڕازیدەبێ خۆی بكاتە قوربانی و باوك و براكەی ئازادبكات، بۆیە لەسەرەتای ئێوارەدا دەچێتە خزمەت بەڕێوەبەر ئەویش بێ ئەوەی چاویان پێكبكەوێت لەلایەكی دییەوە باوك و براكەی ئازاد دەكات، بەلآم ئەوان نازانن چۆن وا بەئاسانی بەڕەلآیان كردوون، چونكە ئاگاداری ئەو پەیامە نهێنییە نەبوون كە بۆ (سەمەرقەند) نێردراوەو ئەویش لەبەرخاتری سەلامەتی گیانی ئەوان لەخۆی بووریوەو پێی بەسەر دڵ و جەرگی خۆیدا ناوە. وەختێك دەگەڕێنەوە ماڵێ و (سەمەرقەند) دیارنییە (جوانڕۆ) پرسیار لەدایكی دەكات خوشكەكەی لەكوێیە؟ دایكیشی سەرلەبەری مەسەلەكەیان بۆ دەگێڕێتەوە. (جوانڕۆ) پڕ بەگەرووی هاواردەكات: ((چۆن شتی وای كردووەو لەبەرچی بە وەها مەرجێك ڕازیبووە، بائێمەیان بكوشتایە باشتربوو لە ژیانی سەرشۆڕی، كە تاهەتایە وەكو قیڕی كەوای سپی لەنێوچەوانمان نابێتەوە، ئەوە پەڵەی خەجاڵەتییەو بۆ ئەبەدو تا مردن لە داهاتوو كەرامەتمان جودانابێتەوە، یەكجار مردباین لەوە چاتربوو هەموو ڕۆژو هەموو ساتێك بمرین و زیندووببینەوە. ئەی هاوار دایە تۆ بۆچی هێشتت بڕوات ئەی نەدەبوو ڕێنماییت بكردبایەو ڕێگات لێگرتبا؟ ئەمشەو یان دەبێ من بمرم یا (حەمید شوارب) بەلآم نازانم چۆن و بە چ شێوەیێ)). دوای قسەكانی چاوەڕێی دایك و باوكی ناكات بەخێرایی دەرگای حەوشە دەكاتەوەو ڕادەكات هەرچەندی بانگی دەكەن و بەگریانەوە لێی دەپاڕێنەوە كاری وا نەكات و نەڕوات، بەلآم ئەو گوێی لێنەگرتوون و مەردانە بۆی دەرچووە.

كاتەكەی بووە بە سەرەتای شەو سەمەرقەندی چاوبەڵەك و فریشتەئاسا هێشتا هەر میوانی بەڕێوەبەری شاربووە، جارێ دەستی لێنەداوە بەلآم لەسووچێكدا دانیشتووەو هەر دەگریەت و فرمێسك لەچاوانی وشك ناكات و تكا لە (حەمید شوارب) دەكات بەڕەلآی بكات، كەچی ئەو بەدەم هەڵدانی پێكە عارەقەكەیەوە پێی پێكەنیوەو بە لاقرتێوە پێی وتوە: (( ناسك و نازدارو حۆرییەكی وەك تۆ ئازادكەم، جا مەگەر كەری لە بابی كەربم ئەگینا چۆن شتی وا دەكەم. جارێ سەرەتای شەوەو هیچ پەلەیەكمان نیە با من نەختێكی دی بمگرێت و سەرخۆشبم و دووشیش كەبابیشی لەدووا بخۆم، ئینجا وردە وردە دەست بەكاری خۆمان دەكەین. ئەو گریان و نازو فیزەت لەچییە دەزانم مەكر دەكەیت دەنا تۆ لەمنت پێخۆشترە ئێ خۆ تۆش مرۆڤیت وانییە؟!)) بەوشێوەیە گاڵتەی پێكردووەو هەڕەشەی دۆڕاندنی پاكیزەیی لێكردووە، لەگەڵ قسەكانیشیدا چەند جارێك لێی نزیكبووەتەوەو بەهەموو هێزی شەپازللەی بە پەنا گوێیدا سرەواندووەو قژی ڕاكێشاوەو دەمی نزیك كردووەتەوە تا ماچی بكات، بەلآم (سەمەرقەند) چەنگێك تفی لەنێوچاوی كردووە، ئەویش هێندەی دی ڕق ئەستوور بووە و زۆری ئازار داوەو دەمولووتی پڕخوێن كردووە.

ئەو خانووەی (حەمید شوارب) تێیدا ژیاوە وا هەڵکەوتبوو دەرگاکەی کەوتبووە سەر شەقامی سەرەکی شار، پشتەوەیشی بەدیواری گۆڕستانێکەوە لکابوو، کە جێگایەکی چۆڵی پڕ دارودرەخت و دڕکەلانێکی چڕبوو، گەر بێت و مرۆڤ خۆیشی لێشاردبایەوە هیچکەسێك نەیدەدۆزییەوە، وێڕای ئەوەش کەم کەس بۆ وێ دەچوو لەبەرئەوەی گۆڕو کێلەکان لەوێوەشەوە دیاربوون و لەخۆوە مرۆڤ ترسی لێدەنیشت و نەیدەوێرا بۆ وێ بچێت. لەوکاتەدا پاسەوانێك لەبەردەرگا دەوەستێ و یەکێکی دیکەش بەسەربانەکەوە چاوەدێری ئەو ناوەی کردووە. (جوانڕۆ) لەنێو گۆڕستانەکەدا بووەو دنیاش تەواو تاریك داهاتووە، درەخت و دڕك و بێشەلان و کێلی گۆڕەکانیش جۆرە سامێکی ناوەختیان بەڕۆح و گیانی داوە. بەهەرشێوەیێ بێت لەنێو گۆڕەکانەوە بەسکەخشکێ خۆی بەنێو دارو دڕکەلان و گژوگیا چڕەکەدا هەڵداوەو کەمێك دەست و ڕوخساری ڕووشاوەو زامدار بووەو پەلەدار بە جەستەیدا ڕۆچووە. (جوانڕۆ) زۆرباش پاسەوانەکەی سەربانی لێوەدیاربووە، بەلام پاسەوانەکە نەوەك هەر نەیبینیوە بەڵکو زۆر بە کەمیش ئاوڕی بەلای گۆڕستانەکەدا داوەتەوە، دیارە وای بیرکردووەتەوە ئەوێ ولاتی مردووانەو هیچ شتێ لەوێوە ڕوونادات، بۆیە (جوانڕۆ) لەدەرفەتێکی کەمێك گونجاو گەڕاوە تا بەسەر دیواری ماڵەکەدا هەڵگەڕێت و خۆی بۆ ئەودیو فڕێدات. وەختێك پاسەوانەکە پیاسەی بەسەربانەکەدا کردووەو پشتی کەوتووەتە گۆڕستانەکەو ڕووی کەوتووەتە ئەوبەری شەقامە سەرەکییەکە کە پاسەوانێکی دی لەبەردەرگاکەیدا وەستاوە، ئەو بەخێرایی کالە دڕاوەکانی لە پێی کردووەتەوەو قەیتانی هەردوو تاکەکەی لەیەکەوە گرێداوەو کردوویەتییە ملی و بەسەرشانیدا شۆڕبووەتەوە، چونکە نەیتوانیوە بەدەستیانەوە بگرێت، ئەوەیشی بۆیە کردووە تا بە پێخاووسی باشتر بتوانێ پێ هەڵگەڕێ نەبا خشپەیەك بێ و پێبزانن، ئینجا بەدیوارەکەدا هەڵزناوە گەرچی بەرزبووە، بەلام مانەوەی سەمەرقەندی خوشکی لەوێداو لەبەردەستی ئەو سەگە وایلێکردووە لەهیچ شتێ نەپرسێ و نەترسێت، بەپەلە خۆی هەڵداوەتە حەوشە لەوێشەوە بە خۆ چەماندنەوەوە تا بەر پەنجەرەی ئەو ژوورەی خوشکەکەی لێبووە ڕۆیشتووە. لەوێ لە پەنا کۆڵەگەیەك لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و بەبێدەنگی سەیری ژوورەکەی کردووە، لەمابەینی پەردەکانەوە هەرچەندە کەمێك لێڵ و تەماوی دیاربووە، بەلام خوشکەکەی بینیوە و ناسیوەتەوە لەسەر کورسیەك دانیشتووەو دەم و لووتی بەخوێن بووەو قژی تێکالاوەو دەگریەت، بەلام هەر جلەکانی خۆی لەبەردابووەو لەوەنەچووە ئەو سەگە دەستکاری کردبێ هەر ئەوەندەیە ئازاردراوە.

(حەمید شوارب) بەرامبەری وەستاوەو پانتۆڵێکی سەوزو کراسێکی ڕەشی لەبەردابووەو قۆپچەکانی کراسەکەی کراوەتەوەو تەواو سەرخۆشبووە، پەنجەی لە خوشکەکەی ڕاوەشاندووەو پێکە عەرەقەکەیشی بەدەستەوەبووە، (جوانڕۆ) هەر ئەو دیمەنەی بینیوە خەریکبووە عەقڵ و شعوری لەدەستبداو مێشکی بتەقێت، بەدەستی بووایە یەکسەر ڕایدەکردە ژوورو دەیکوشت، بەلام کەمێك دانی بەخۆیدا گرتووە و ویستوویەتی لە دەرفەتێکی شیاودا ئەوە بکات. لە پەنای کۆڵەگەکەوە هەندێك هەڵساوەتە سەرپێ و بۆ بەرپەنجەرەکە چووە، لە ئەنجامی زۆر سەرەتاتکێکانییەوە (سەمەرقەند) هەستی بەشتێك کردووە بەلام نەیزانیوە چیەو کێیە.

بەڕێوەبەری ناکەس بەچە هەر کە چاوی سەمەرقەندی بینیوە چەند جارێك بەسەرنجەوە بە پەنجەرەدا گێڕاویەتی دوودڵ بووەو دەمانچەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرتووەو بەرەو لای پەنجەرەکە چووە. (جوانڕۆ) بەباشی ئەوی دیوە بۆیە تا (حەمید شوارب) نزیکتربووەتەوە (جوانڕۆ) لەدەرگای ژوورەکە پتر هاتووەتە پێشێ. لەناکاو بە پرتاوو هەڵەداوان (حەمید شوارب) بەدەمانچەکەی دەستیەوە دەرگاکەی کردووەتەوەو هەنگاوێك زیاتر هاتووەتەدەرو ویستوویەتی لەڕاست و چەپی خۆی بڕوانێت، بەلام (جوانڕۆ) مەردانە لێی هاتووەتە دەست و جووتە کالەدڕاوەکەی سەرشانی داگرتووەو قەیتانە گرێدراوەکانی کردووەتە گەردنی (حەمید شوارب) و بە تەواوی هێزو توانایەوە بەرەو لای خۆی ڕایکێشاوە، بەڕاددەیەك قەیتانەکان چوونەتە نێو ملیەوە گۆشتیان بڕیوە، ئەویش پەلەقاژەی زۆر کردووەو هەوڵی دەربازبوونیداوە تا پاسەوانە گەمژەو گێلەکانی ئاگادارکاتەوە، بۆیە بەهەرجۆرێك بێت فیشەکێکی تەقاندووە، بەلام تا ئەوان گەیشتوونەتە جێ بەڕێوەبەری شار خنکاوەو بەچاوی زەق و دەرپەڕیووەوە لەم گۆڕەدا کەوتووە، کە(سەمەرقەند) بۆ حەوشە ڕایکردووەو ئەو دیمەنەی بینیوە پڕ بە گەرووی قیژاندوویەتی: (( جوانڕۆ بۆ واتکرد من لەبەر خاتری ئەوەی گیانی ئێوە نەکەوێتە مەترسی بۆ ئێرە هاتم، تا ئەم سەگەپیسە هەرچی دەیەوێ لەگەڵمدا بکات، بەلام تازە ژیانمان فەوتا)). (جوانڕۆ) دڵی زۆر خۆشبووەو قەیتانەکانی لە ملی بەڕێوەبەر دەرهێناوەو کالەکانی لەپێ کردووەتەوە، بەلام ڕوخساری ژاکاوەو عارەقێکی گەرمی دەرداوەو دەستەکانی لەرزیون و لەخوشکەکەی چووەتە پێش و پێی وتوە:((تەنیا ئەوەندە بڵێ فریاکەوت لێت نزیکبێتەوە؟))، ئەویش وتویەتی: (( نا فریانەکەوت چەند جارێك هەوڵی بۆ دام، بەلام نەمهێشت و چەنگێ تفم لەڕووی کرد بۆیە ئەویش کەوتە گیانم و بە شەپازللە دەم و لووتی پڕ لەخوێن کردم)). (جوانڕۆ) کە ئەو قسەیەی لێ دەبیستێت کەیف و سەفایەکی سەیر لە چاوەکانی دەدرەوشێتەوەو لە هەستی چاوانی بکوژێك ناچن، بۆیە بەخەندەو ئومێدێکەوە وتویوتی: (( ئۆخەی خوشکە جوانەکەم من هەر ئەوەندەم بۆ گرنگ بوو هیچی دی، ئیدی هەرچیم لێدەکەن بابیکەن خۆ تازە من گەر بشمرم بەڕوو سوورییەوە دەمرم، نەك بە خەجاڵەتی بژیم و لوقمەی سەرشۆڕی بخەمە دەممەوە)).

دوای دەنگی تەقەکەو مردنی(حەمید شوارب)پاسەوانەکان گەیشتوونەتە جێ و جوانڕۆیان دەستبەسەر کردووەو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بەرەو پۆلیسخانەیان بردووە، ئینجا پاش چەند هەفتەیەك سۆراغ و توێژینەوەی ورد (جوانڕۆ) حاشای لێناکات و دان بەوە دادەنێ ئەو خنکاندوویەتی و وتوویەتی: (( لەبری ئەوەی دەبووایە ڕازییم و لەماڵەوە دانیشم و خوشکەکەیشم دەستدرێژی بکرێتەسەرو لاقە بکرێت ئەوەم کرد، بۆیە بەهەرچی شتێك سزامدەدەن من قایلم یاسا چۆن و بە چ جۆرێك دایناوە، بەلام ئەوە بزانن کە من لەبەر پاراستنی شەرەف و ئابڕووم وامکردووە تا ئێستاکەش دەستم بەخوێنی هیچکەس سوور نەکردووە، کرێکارێکی هەژارم و خەریکی نان پەیداکردنم، ئەوە بزانن هەژاری مانای بێدەسەلاتی و گەمژەیی نییە هەر کەس بیەوێت و بە ئارەزووی خۆی مامەڵەی لەگەڵدابکات و بیچەوسێنێتەوەو بێگاری پێبکات. هەژاری واتە سەربەرزی واتە قبوڵنەکردنی ناداد پەروەری و ڕازینەبوون بە ملکەچی و سەردانەواندن بۆ گشت یاساو ڕێسایەك، کە مرۆڤە زەلیل و

نەخۆشەکان دایاننناوە)). دوواجار هێندە گوێ بەقسەکانی نادرێت و بەتاوانی کوشتن، حوکمی زیندانی تاهەتایی بەسەردا دەسەپێنرێت، کەچی ئەو دڵخۆشەو بێتاقەت نییە گەر بشیانکوشتایە ئەو تۆڵەی خۆی کردبووەوە. پاش ئەوەی جلەکانی دادەکەنێ و جلی زیندانی تایبەتی پیاوکوژانی پێدەدەن و دەیپۆشێت کەسوکاری جلەکانی کرێکاری و جووتە کالە دڕاوەکەی بۆ ماڵەوە دەبەنەوەو هەڵیاندەگرن. من ئەوکاتە لە هەوڵی کۆکردنەوەی پێڵاوە بەنرخەکاندا بووم، بۆیە بۆ ماڵەکەیان چووم و بەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەو جووتە کالە دڕاوەم لێوەرگرتن و بۆ هەتایە بەڵێنم پێدان بیانپارێزم، لەبەرئەوەی ئەوە گەورەترین شەرەف بوو سووخۆرو ئابڕووبەرێکی وەك سەگی پێ تۆپێنرابوو. بەسەرهاتی جووتە کالە دڕاوەکەش بەوشێوەبوو کە بۆم گێڕانەوە)).

باپیرم لەوەدەچوو خەوی بێت بەدەنگێکی نیوەخەواڵووەوە وتی: ((ماردین گیان دەزانم دیسان هەر تۆ بەخەبەری ڕۆحەکەی من، ئەوانیدی ئاگام لێیانبوو لەنیوەی ڕووداوەکان خەویان لێکەوت منیش دەچمە سەر جێگاکەی خۆم و تۆش بڕۆ سەر جێگای خۆت و با بخەوین شەو درەنگ بووە)) شەوشادمان کردو خەوتین.

سێ شەو دوای بەسەرهاتی چیرۆکی جووتە کالەکە درەنگانێك باپیرم لەژێر بەتانییەکەیەوە پاڵکەوتبوو قاچێکی هەڵکێشابوو ئەویدیکەشیانی ڕاکێشابوو، کڵاوە چڵکنەکەی لەسەرنەبوو بەڵام چاویلکەکەی هێشتا هەر بەسەر لووتیەوە بوو، گەلێکجار خەویشی لێدەکەوت هەر داینەدەنا بیرمدەکردەوە تۆ بڵێی خەوەکانی دەشیبینێت هەر بە چاویلکەوە بێت؟! هێشتا دیاربوو خەوی نەدەهات بە دەنگە گڕەکەی بانگی کردم: ((ماردین پێناچێ تۆش خەوتبێت ئەگەر وایە وەرە ژوورەوە لایمن با بەسەرهاتێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە)). منیش هەر کە گوێم لەوەبوو لە جێگاکەمدا دەرپەڕیم و ڕامکردو وتم: (( نەخەوتووم باپیرە دەی باسکە ئەمجارەیان چییەو کام بەسەرهاتەیە؟)). باپیرم نەختێك خۆی هەڵکێشایە سەرەوەو سەرینەکەی وەها دانا کە پاڵی پێوەبداتە دیوارەکەوە ئینجا دەستی بەقسەکانی کرد:

### بەسەرهاتی پێڵاوە ڕەشەکانی ( پەرسیلە )

((نزیکەی پانزە ساڵێك پێش ئێستا ئەو کارەساتە ڕوویداوە، ژن و مێردێك هەبوون ناویان (سوارە) و (گوڵنیشان) بوو ژیانێکی ئاسایی و خۆشبەختیان پێکەوە بەسەردەبردو گەلێکیش ئاسوودەبوون، هەردووکیان پێش ئەو ژیانەیان ئامۆزای یەکتربوون، دوایی بەجۆرێکی شێتانە یەکیان خۆشویستبوو پاشان ماڵێك کۆیکردبوونەوە، تەنیا لەمپەرو کۆسپێك لە ژینیان هەستپێکرابایەو ببینرابا ئەوەبوو منداڵیان نەبوو، سەردانی چەندین پزیشکی ناوازەو بێوێنەیان لە شارە گەورەکانی دی کردبوو زۆر وڵاتی دەرەوەش ڕۆیشتبوون، ئەو پارەیەی دەستیان دەکەوت لەو مەسەلەیە خەرجیاندەکردو دەیانەویست ئەو هەموو خۆشەویستییەی بۆ یەکتریان هەیە ئەنجام و بەرهەمێکی لێبکەوێتەوە، تا زێدەتر لێك نزیك ببنەوەو بوونەورێك بە

عەشق و خۆشەویستییەوە بێننە دونیاوە بەلام بێئاکام بوو، بۆیە وازیان لەهەموو شتێك هێناو چیدیکە بۆ پزیشك و ئەملاوئەولا نەچوون و خۆیان دایە دەست قەدەر.

پاش پانزە سالّ چاوەڕوانی و هەولّ و بەگژاچوونەوەو دواتر بێهیوابوون، (گولّنیشان) خان دووگیان بووە و منداڵێکی بە سك کەوتووە ئەوەش ئەوپەڕی بەختەوەری و کامەرانی بۆ هێناون، ژیان بەو گەورەییەی خۆیەوە لە ئومێدێکی وەها کت وپڕو چاوەڕواننەکراودا بینیویانەتەوە. (سوارە) هەموو شتێکی کردووە تەنیا خێزانەکەی ڕازی و خۆشحالّ بێت و منداڵەکەیان بگەیەننە سەرو بەچاوی خۆیان ببینن. لەزاری دۆستێکی نزیکیانەوە ئەوەم بیست هەردەم وتوویەتی: ((گوڵە گیان نەکەی بیر لەهیچ شتێك و هیچ مەسەلەیەك بکەیتەوەو غەم و خەفەتی بۆ بخۆیت، چونکە شتێ شایستەی ئەوەنیە لەم کاتەدا بیریان لێبکەیتەوە،تەنیا شتێ مایەی بیرلێکردنەوەو خۆشبەختی بێت ئەم منداڵەی سکتە نەکەی دوای پانزە سالّ چاوەڕوانی هیوابڕاوم بکەیت)). ئەویش بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێی وتووە: ((بێخەمبە سوارە گیان ئەو هیواو ئومێدەی تۆ هەتە هی منیشە، هەر لە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم لەدایك بێت)).

پاش نۆمانگ و نۆ ڕۆژ (گولّنیشان) کچێکی جوان و خەپەتۆڵەی بووە. هێندەی هەموو دونیا بەختەوەربوون و دڵیان پێیخۆشبووە. منداڵێکی سوورو سپی چاوڕەش کە دوایی بووەتە کچێکی جوان و ژیکەڵەو ژیرو ناویان ناوە (پەرسیلە). ڕۆژان دەڕوات و تێدەپەڕێت ئەو کچە جوان و خاتوونە گەورە دەبێ و دەچێتە قوتابخانە، یەکێك لە زیرەکترین و وریاترین قوتابیەکانی پۆلەکەی بووە، کە جێی ئاماژەو باسی مامۆستاکانی بووە. تەمەنی بووەتە هەشت سالّ و لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووە ئەو وەختە قژێکی ڕەش و جوانی هەبووە، کە دایکی لەدوواوە بۆی لوول کردووە تاکو بۆی بکاتە کەزییەکی پێچراو بەجووتێ قردێلەی سوورەوە بیەستێ. دووچاوی ڕەشی بادامی و دەم و کەپووەکی بچووك و نوقلّ ئاسای هەبووە، هەردەمیش زەردەخەنەیەك بەسەر لێوەکانیەوە بووە، کاتێ پێکەنیوە ڕوومەتی ڕاستی چالّ بووە ئەمەش جوانییەکی بێوێنەی دیکەی پێبەخشیوە.

ڕۆژێك کە قوتابخانە تەواو دەبێ و دەمی نیوەڕۆ مامۆستاکانیان دەیاننێرنەوە ماڵەوە، (پەرسیلە) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەجانتایەکی گەورەی شان و بەدەم پێکەنین و کێك خواردنەوە بەڕێگادا دەڕۆن و دەیانەوێت لەشەقامی سەرەکیدا بپەڕنەوە، دووانیان بەخێرایی بۆ ئەوبەری شەقامەکە ڕادەکەن و دەپەڕنەوە، بەلام ئەو کەمێك ترس دایدەگرێ و نازانێ چۆن بپەڕێتەوە. وشیاری شوفێرانی ئەم شارو مەملەکەتەش ئەوەنیە جێ متمانەبن و لەچاوەڕوانی منداڵێکدا بووەستن تا بە لاقە کورت و بچووکەکانیەوە بپەڕنەوە، بۆیە بە پەلە ڕادەکاو بێ ئەوەی سەرنج لەملاوئەولای بدات ئوتومبیلێکی گەورە بەخێراییو تیژڕەوییەکی کەموێنە ڕەتدەبێ، کتوپڕو یەکسەرە زرمەیەکی بەهێزی لێبەرزدەبێتەوەو لە (پەرسیلە) ی کچی هیواو ئومێدو پانزە سالّ چاوەڕوانیەکە دەدات و نایەڵێت ببێ بە هێشووە ترێیەکی پێگەیشتوو، ئەو جوانکیلەیە چەند مەترێك

بەرزدەکاتەوەو بە دڵی ڕەقی زەوی دادەداو دەمودەست هەر لەوێ گیانی دەسپێرێ و دەمرێت. خوێنێکی ئاڵ بەدەمولووتیدا دێتە خوارو جانتاکەی شانی دەکەوێتە ئەوبەری شەقام و دەفتەرو کتێبەکانی لەسەر ئەو جاددەیە پەرش و بڵاو دەبنەوە، وەختێ با لێیاندەدات پەڕەکانی هەڵدداونەتەوە. قەڵەم، دادەر، لاستیکی سڕینەوەو ڕاستە هەمووی بەو گۆڕە وەردەبن، گۆرەوییە سپیەکانی تا سەر ئەژنۆ هاتووەو جووتە پێڵاوە ڕەشەکەشی کە هەر تاکەی گوڵێکی سووریان بەسەرەوەبووە لە قاچی دەرهاتوونەو لە نزیکی کتێب و دەفتەرەکانیەوە کەوتوون. شوفێرەکە دادەبەزێ و بەسەری خۆیدا دەکێشێ و خەڵك لێیان کۆدەبێتەوەو قەرەباڵغی لەوناوەدا دروستدەبێ و شەقامەکە بەتەواوی دەگیرێت. خەڵکەکە پەرسیلەی فریشتە لەباوەشدەگرن و بۆ خەستەخانەی دەبەن، یەکێك لە هاوڕێکانی بەگریانەوە پێڵاوو کتێب و دەفتەرو کەلوپەلەکانی بۆ کۆدەکاتەوە، کە هەواڵەکە بە دایك و باوکی گەیشتووە تووشی حەپەسان بوونەو نەیانزانیوە دەبێ چیبکەن و چی بڵێن و نونتقیان گیراوەو هەرگیز بڕوایان بەهەواڵێکی لەوجۆرە نەکردووە، بەڵام کە بۆنەخۆشخانە دەچن و کچە بچووکەکەی پانزەساڵ چاوەڕوانییەکەیان بە مردوویی دەبینن، زەردەخەنەکەی هەر بەسەر لێوەوە بووەو چاوانی لە ئومێدێك بڕیوە کە هەر بەتەنیا هی خۆی نیە هی دایك و باوکیشی بووە، بەسەری خۆیاندا دەکێشن و پڕ بەگەروویان دەقیژێنن. دایکی قژی بەسەری خۆیەوە نایەڵێ و دەکەوێتە لێدانی سینگ و ڕوخساری خۆی، بەڵام مەخابن بێسوود بووە هەزار جار مخابن.

پاش دوو ڕۆژ دایکی بەرگەی ئەو ئازارو کۆست کەوتنە گەورەیەی نەگرت و گیان دەسپێرێت و دەمرێت، باوکیشی عەقڵی لەدەستدەداو تووشی هیستریایەکی سامناك دەبێ و تەنیا وشەیەکیش چییە ناتوانێت بیدرکێنێت. لەدوای سێ ساڵ و زستانێکی سارددا بەمردوویی لەکۆڵانێکدا دەیدۆزنەوە ڕەقبووەتەوە. شوفێرەکەش ساڵانێکی زۆر لەزیندان دەباتەسەر، پاشان ئاگام لێی نەما داخۆ ئێستا ماوە یامردووە ئازادکراوە یا هەر لەزینداندایە. هەرچۆنێبێ من ئەو جووتە پێڵاوە ڕەشانەی پەرسیلەم دۆزییەوەو بەشوێن و سۆراغیدا ڕۆیشتم، ئێستاش لەتەنیشت پێڵاوەکانی دیکەم داناوەو هەرچەندی سەیری دەکەم ئەو بەسەرهاتە تاڵ و سەربوردە پڕ ئازارەم بیردێتەوە)).

باپیرم کاتێك قسەکانی تەواوکرد دەستی بەگریان کرد منیش لەگەڵیدا گریام. پاش ئێستێك بێدەنگیمان باپیرم لەژێر چاویلکەکەیەوە فرمێسکەکانی سڕی، ئەو ئاوەی بەلووتیشی دا دەهاتە خوار هەڵیدەکێشایەوەو لوشمە لوشمی دەکرد، ئینجا وتی:((ماردین ئەوە چەند بەسەرهاتێکم تا ئێستا لەبارەی پێڵاوە هەمەجۆرەکانەوە بۆگێڕایتەوە، هەرچەندە گەر بەردەوامیشبم هەر تەواو نابن چونکە کلۆڵی و بەدبەختییەکانی مرۆڤایەتی ئەوەندە زۆرن کۆتاییان نایەت، بەڵام جارێ چیدیکەت بۆ ناگێڕمەوە لەبەرئەوەی کە زۆر قسەدەکەم هەناسەم توندەبێت، گەر لەژیاندا نەمام و مردم و دەرفەتی گێڕانەوەیانم نەبوو ئەوە دەبێت بمبووری. زۆرجاران نەزانین لە زانین باشترە لەیادت نەچێ مرۆڤ چەندە کەم زانیاری و ناوشیاربێت ئاسوودەترو بەختیارترە)). منیش بە شڵەژاوییەوە وتم: ((قسەی وامەکە باپیرە گیان یاخوا قەت هیچت

لێنەیە بەسەرهاتەکانت زۆر خۆشبوون، گەرچی خەفەتیشم لە هەندێکیان خوارد ))، ئینجا بە زەردەخەنەیەکی بێماناوە وتی: (( ئێستا درەنگەو با بخەوین منیش ڕۆژ دوای ڕۆژ تەندروستیم خراپتر دەبێ شەوتشاد )).

باپیرم ڕاستیدەکرد دوای ئەو ساڵانە بۆم دەرکەوت هەموو زاناو ئەدیب و حەکیم و فەیلەسوفەکانی دونیا غەمگین و داماوو زەلیلن، دواجار بەهۆی تێگەیشتن و قوڵبوونەوەیان لەنێو ئەم جیهانە پڕ ژان و ئازارەدا بەدەستی خۆیان کۆتایی بەژیانیان دێنن و خۆیان دەکوژن. ئێمە لەژیاندا دوو جۆر ئیرادەو خۆڕاگریمان هەیە یەکێکیان سەرچاوەکەی لە گەمژەیی و دەبەنگییەوە دێت، کە بەردەوام ئادەمیزادی گێژو حۆل و دڵخۆش و کامەران بەرهەمدێنێ، ئەویدیکەشیان سەرچاوەکەی لە هۆشیارییەکی تەواوو گومانێکی هەمیشەیی و گەیشتن بە حەقیقەتەوە هەڵدەقووڵێت، کە هەردەم مرۆڤی یاخی و دڵتەنگ و نابەختەوەر دروستدەکات. نامەوێ لە جۆری یەکەمیان بم بەڵام میلی ئەو قیبلەنومایەش دەگۆڕم کە ئاڕاستەکەی لەسەر جۆری دووەمیان بووەستێتەوە. دەمەوێت کەسێك بم قاچێکم لەجۆری یەکەم و قاچەکەی دیکەم لەجۆری دووەمدا بێت، بەڵام جارجارە گەر ویستم و حەزمکرد کامەران و ئاسوودەبم قاچەکەی دیکەشم بۆ نێو دنیاو سەرزەمینی جۆری یەکەمیان دێنمەوە، با ئەوەی کە لە ژیاندام تام و چێژی ئاسوودەگی بکەم و بزانم گێژی و نەفامی چەندە دڵخۆشمدەکەن و لە زەمەنی توندوتیژو دڵڕەق وێڵم دەکەن، وەك بیابانێك هەر دەڕۆیت و پێتوایە بە قومێك ئاو گەیشتوویت، کە نزیکدەبیتەوە دەبینی سەرابەو فریوت خواردووە. بەڵێ هۆشیاری عەقڵت پێدەبەخشێ و هۆش و فیکرت وەها لێدەکات ئامادەو تەیارو تۆکمەبێت، بەس ئەوەت لێدەسێنێتەوە کە خۆت دەتەوێت، واتە ئەو کامەرانییەی لەناخەوە داوای دەکەیت هاوشێوەی هەنجیرێکی گەییوو لەژێر پێیەکانیدا دەپلیشێتەوە، بۆیە پێویستە هەموومان تاوناتاوێ گەمژەو کاڵفام بین لەبەر خاتری بەختەوەرییەکی تەمەن کورتمان.

باپیرم سەرینەکەی لەسەر جێگاکەی پاڵخستەوەو وەك مار بۆ ژێر بەتانییەکەی خزی و دەستێکی خستە سەر چاوی و خەوت منیش بۆ سەر جێگاکەی خۆم چوومەوە، بەڵام تا درەنگ خەوم لێنەکەوت هەرچەندی کردم بیرم هەر لای قسەکانی باپیرم بوو، بەسەرهاتی پێڵاوی پەرسیلەی جوان و فریشتەش لەوێ بووەستێ کە بە چ ئومێدو چاوەڕوانییەك دوای پانزە ساڵ هاتە بوون و چاوی بەم دنیا بێ سفەت و حەرام زادەیە هەڵێنا، پاشان جەنگاوەرانی چارەنووس لەکێوێکی بڵندتر لەکێوەکانی مرۆڤەوە پێکایان و کوشتیان. مردنەکەشی ئەوەندە تراژیدی و مەرگبارانەبوو دایك و باوکیشی لەدوایەوە بەرگەیان نەگرت و مردن، ماڵەکشیان کە بەو خۆشەویستیە قووڵەوە پێکیانهێنابوو بووە جێگایەکی چۆڵ و کاوول و بێ عەشق. ئاخر هەندێك کۆست کەوتن ئاسان نییە.

*******************

پاش مردنی بەهادینی باوکم بەو ڕووداوە جەرگبڕو بە ئازارەو ئازادکردنی تاوانبار بە ماوەیەکی کەم، باپیرم و نەنکم هەر دوای پرسەکە گەوهەری کچە بەدبەخت و وێڵ و سەرگەردانەکەیان بۆ ماڵی خۆیان لە ( سەیلاو ) بردووەتەوە، چونکە چیدی لە ( شائەشکەوت ) نەیتوانیوە بمێنێتەوەو بەرگەبگرێت. دایك و خوشك و براکانی باوکیشم کەمێك دڵگران بوون، حەزیانکردووە زیاتر لایان بمێنێتەوە بەڵام دایکم زۆر لەوە دڵگەرمترو ڕۆح ناسکتربووە لەوەی ئەوان تێبگەیشتوون. بەرگەی بێ بەهادینی نەگرتووەو لەگەڵ کەسوکارەکەی بۆ زێدو شوێنی ژیانی پێشووی گەڕاوەتەوە. هەموو هەفتەیەك گەوهەری دایکم لە سەیلاوەوە بۆ شائەشکەوت چووەتە سەر گۆڕی باوکم. شەوێك یادووان لەوێ ماوەتەوەو ئینجا بۆ ( سەیلاو ) گەڕاوەتەوە. ماوەیێ لەسەر ئەو ڕیتم و نەریت و شێوازە بەردەوامبووە بێ ئەوەی گوێ بە باری تەندروستی خۆی بدات، لەگەڵ ئەوەی باپیرو نەنکم ڕێنماییان کردووەو ویستوویانە پێشی پێبگرن، بەڵام بێسوود بووەو هەر لەسەر ئەو هۆگرییەی خۆی بەگۆڕی باوکمەوە سووربووەو لاساری نوواندووە. لەناخەوە هەمیشە پەنگی خواردووەتەوەو ئازارێکی بەسوێ چووەتە دڵ و ناخییەوە، وەك چۆن برینێك تازەو تەڕبێت پەرستارێك بێت تیماری بکات و دەرمانی پێدابکات چەندە بە ژان و پڕ ئەشکەنجەو ئێشە، ئەویش هەمان هەست لەناوەوە وەك کرمێکی کوشندە کرۆشتوویەتی و خواردوویەتی. دەروونێکی نەخۆش و ژاکاوی بووە مەحاڵبووە ئاسان لێکبدرێتەوەو بخوێنرێتەوە. هەموو ئەوکەسانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە شەوانە بڕێك لە ئارامیان تێدەگەڕێتەوە، کەچی ئەو سات بە سات و لەهەموو کاتەکان لەبارێکی دەروونی ناخۆش و ئاڵۆزدابووە، هاوشێوەی ئەڵقەیەکی ئاسنین چواردەوری دڵیان گرتبێت وەها دڵی گوشراوەو ئازاری چەشتووە، کە تەنیا بە وتن ئاسانەو کەم کەس توانای خۆڕاگرتن و بەرگەگرتنیانی هەیە. کە گەورەبووم ڕۆژێك بۆیگێڕامەوەو وتی:

(( کاتێك بۆ سەر گۆڕی باوکت چووم سەرەتا هێمن بووم و هیچم نەکردووەو لەشوێنی خۆم نەجووڵاومەتەوە، تەنیا لە گۆڕەکەییم ڕوانیوە. گۆڕێکی هەتیوو بێناز لەژێریدا یەکێك بە کەساسی و دنیایەك ئومێدو هیواوە پاڵکەوتووەو دێوی تاریکی جەرگەی قووڵایی زەوی دەستیان ناوەتە بێنە قاقایی و خنکاندوویانە، بەجلێکی سپییەوە کە نە جارێکی دی دادەکەنرێت تا لەجیاتیدا شتێکی دی بپۆشرێت نە دەگۆڕدرێت و دەشۆردرێت لەسەر ئەو زەوییە تۆزو خۆڵاوییە زەردبووە. تەنیا جلێك کە مرۆڤ ناتوانێ بیگۆڕێ و بیشوات کفنە. لەسەرەوە دوو کێلەبەردی ڕەق و دزێوو ناشیرین ئەمسەرەو ئەوسەری گۆڕەکەیان گرتبوو، هەر بە تەماشاکردنی تین و تاوم تێدا نەدەماو هێزێکی ترسێنەرو جاڕز وەك مەچەکێکی پۆڵایین دڵت بگوشێ و توند توند بیگرێت وام لێدەهات. چاوم بە هەر یەك لەگۆڕەکانی هەر گۆڕستانێك دەکەوێت هەستێکی وەهام تێدا دروستدەبێ، مەرج نییە مردووەکەم ناسیبێ و یادگاریم لەگەڵیدا هەبووبێ و بەچاوپێکەتنی گۆڕەکەی بیرەوەرییەکانم بیرکەونەوە، نا ئەو هەستەی قوڕگم دەگرێ و خوێنم لە جەستە وشك دەکاو عارەقەیەکی ساردو گەرمم پێدەکات بەرامبەر هەموو مردوو هەموو گۆڕێك هەمە )). دایکم لێرەدا کەمێك وەستا دەیەویست درێژە بەقسەکانی بدات، بەڵام قوڕگی گیراو لەوەنەدەچوو بتوانێت بەردەوامبێ.

قسەکانی دایکم ڕاست بوون گۆڕ هەرخۆی شوێنەوارێکی زیادە مرۆڤ گەر مرد هیچ چاڵ و قەبرێك ناتوانێ لە فەوتان و ونبوون بیپارێزێت. پاش چەندین عەیام و تێپەڕبوونی زەمەنێکی زۆر گەر گۆڕەکان هەڵدەینەوە لە کەللەسەرو ئێسك و پروسك زیاتر هیچی تێدا نەماوە، ئەو جێگایەش مردووەکەیان لێ پاڵخستووە چاڵ بووەو بووەتە لانەی مارو مێروو، ئەویش دوای چەندین ساڵ و زەمەنی دی دیسان گەر سەری گۆڕەکان هەڵدەینەوە هیچ شتێ لە ئێسکەکەش نەماوە تەنیا ئەوەی ماوەتەوە مووە، چونکە تاڵە مووەکان هێزو توانایەکی چاتریان لە بەشەکانی دیکەی جەستەدا هەیەو بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەتوانن بەرگە بگرن و بمێننەوە، بەڵام ڕۆژێك دێت تاڵە مووەکانیش نامێنن و گۆڕێکی چۆڵ و خاڵیمان لە مردوو بۆ دەمێنێتەوە. ئەوەی ئێمە دەیبینین لە قەبرێکی کۆنکرێت و چیمەنتۆی ڕەق و ئازاراوی و هیستری زیاتر هیچیترنییە، کەواتە لەیادەوریماندا مردووەکان هەڵدەگرین وەك جەستەیەکی خەیاڵی و بیرەوەرییە زیندووەکانیان. ئەوە ڕۆح و ئەندێشەو قووڵاییەکانی یادەورییە ئازیزە مردووەکا نمان لە نیشتنی خۆڵی زەمانە لەسەری و کەوتنە ژێر چینەکانی ڕۆژگارو بن پێی لاقە درێژو زەبەللاحەکانی زەمەن دەپارێزێ و وەك خۆیان هەڵدەگرێت، هەر وەختێکیش بمانەوێت لێیان دەڕوانین و نانیان لەگەڵدا دەخۆین و لەنێو یەك جێگا پێکەوە دەخەوین، پیاسەدەکەین و گەشت دەکەین وەك چۆن سەرەتا زیندووبوونەو چیمان لەگەڵدا کردوون و بۆ کوێ ڕۆیشتووین هەمان شت و هەمان کردەوە دووبارە دەکەینەوە. بەڵێ ئەوە ڕۆح و یادەوریمانە ئەوە دەکات نەوەك گۆڕێکی ساردوسڕ کە لە کاسە سەرو دوو گوێی درێژی دێوێك دەچێ لە ژێر زەوییەوە بیەوێت وردە وردە سەردەربێنێ و بێتەدەرەوە.

تکام لێکرد کاتێکی دی قسەکانی تەواو بکات گەر ئێستا ناتوانێ، بەڵام دایکم بەهەرشێوەیەك بوو تفێکی توندی قووتدایەوەو وتی: ((وتم تەنیا لەگۆڕەکەم دەڕوانی وەك بڵێی بڕوام نەکردبێت مردبێ یا وامزانیوە خۆی لێشاردووەمەتەوەو گەمەیەکی نالایق و ناماقووڵم لەگەڵدا دەکات کە شیاونەبووە بیکات،بەڵام دوای چەند خولەکێك تووڕەگەی یادگارییەکانی تۆزە تۆزە لەناخەوە دەجووڵان و گرێکەیان دەکرانەوە، دەمەویست خۆم بگرم کەچی گەرووم دەگیراو بینابیم لێڵ دەبوو بەجوانی نەمدەبینی و فرمێسك بەری سۆماو گلێنەکانیان پێدەگرتم، گەر نەگریابام دەخنکام بۆیە چیدی بەرگەم نەدەگرت و بەدەنگی بەرز دەگریام، خۆم بەسەر گۆڕەکە دادەداو خۆڵ و تۆزو وردە بەردەکانی سەریم بە چەنگان هەڵدەگرت و بەسەرو چاوی خۆمدا دەکرد. لەسەرەوە تاخوارەوە گڵەکەم ماچدەکردو دەستم بەکێڵە ساردو بێگیانەکاندادێنا. هەڵدەستامەوە سەرپێ و لەسەرەوە لێیڕادەمام، ئینجا دەستم بە لالانەوەو شیوەن گێڕان دەکردوو بەردەبوومە ڕوخساری خۆم بە چنگەڕنێ و لە چەند لایەکەوە خۆم زامدارو ڕووشاو دەکرد، خوێنم لێدەچۆڕاو بەدەم گریانەوە دەموت: دەمزانی پێکەوەبوونمان زۆر ناخایەنێت و بەمزووانە دەمریت لە دوای ئەوەی کە ساڵی یەکەمی بەیەکەوە ژیانمان بوو، پێنج ئێوارەی ناخۆش و بەترسم دیت پڕ لەتارمایی و سێبەرو بەژن و باڵای ڕەش و سووتاوبوون. ئەو ئێوارەیەم لەیادە لەنێو دارەمەیتەکەوە پشتت برینی تێکەوتبوو ئاوڕت لێنەدەدامەوە بەس من بە سەروقژتدا زانیم تۆی، ببوویتە تارمایی و هەواڵی مەرگی نزیکتم پێدەدەی هەر ئەو پێنج

ئێوارەیە ئەو تارمایی و دیمەنە تۆقێنەرو هیستریانەم دیت و ئیدی جارێکی دی نەمبینینەوە. خەوەکەی بەر لەمردنت بینیم کە هەڵۆ گەورەکە خۆی بەسەربان و دیواری ژوورەکەماندا کێشاو بەڕیز ڕووخاندنی و منیش بۆ حەوشە هەڵاتم، دەمزانی ئەو خەوەم لەخۆڕانییەو زۆرنابات تۆ دەمریت. لەکۆنەوە بیستبووم گەر لەخەودا لە ژوورێکدا بوویت کەحەشارگاو پارێزەری نهێنی و خۆشی و ناخۆشییەکانتەو تێیدا حەساویتەوە لە پڕ داڕماو کاولبوو، ئەوە ئەو ژوورە هەمان ئەو کەسەیە کە مەحرەمی ڕازو نیازەکانتەو هێندە نابات ئەو سێبەرەی بەسەرتەوەیە نامێنێ و کاڵدەبێتەوە، وەك (با) یەك بێت و گەردوتۆزی زەمانە ڕامالێ و لەگەڵ خۆیدا بیبات وەها دەیبا، وەك نەخۆش و کەنەفتێکی پڕ ئومێد لەچاوەڕوانی چاکبوونەوەو دیتنەوەی ڕۆژو هەتاوو مانگەشەوو کازیوەو باڵندەو بارانی تازەیە، بەلاَم لەناکاو ئەجەلی پێشوەخت دێت و هەموو هیواکانی یەك بەیەك کۆدەکاتەوەو وەك کۆڵە پشتییەك دەیخاتە ئەستۆیی و لەگەڵ خۆیدا بەرەو نادیارو بۆشایی و بێمانابیدا دەیبات.

من لەتۆ نزیکترم نەبوو نە ئەوسا نەئێستاش چاك دەمزانی ئەوەی دەمرێت تۆی نەك کەسی دی، بەلاَم هەم ئێوارە ترسناك و تارماییەکانم لێشاردیتەوە هەم خەوەکەیش، دڵم نەهات بۆتیان بگێڕمەوەو ئازارتدەم و بتترسێنم. حەزمدەکرد ئەو ئێوارەیەی لە پشت پەنجەرەکەوە دووانەی دووهەمم و کۆپی خۆمم بەسەر کورسییەکی پەککەوتانەوە بە تەنیا قاچێکەوە بینی نمایشی مەرگی خۆم بێت لەداهاتوو ڕۆژێکی نزیکی بەر لەمردنی تۆ. ئاخ بەهادین ئێستاکە من وێڵ و سەرگەردانم و نازانم چیبکەم و چۆن بژیم و لەیادتکەم، هێشتا تەواو یەکمان نەناسیبوو مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا پێنج ساڵ بۆ ناسینی تەواوو ڕۆحی بەسکات، لەو پێنج ساڵەشدا مەگەر چۆن بە ڕۆژ یەکترمان بدیبایە،ئەگینا تاکو شەو یەکتریمان نەدەبینییەوە ئەوەش ماوەیەکی زۆر زۆر کەم بوو. چیدەبوو گەر ساڵانێکی دوورو درێژو بەتەمەنتر پێکەوە بژیاینایەو باشتر ناخ و هەستی یەکمان بخوێندبایەوەو تامی ژیانمان بکردایە. چیدەبوو گەر ئێمەش وەك سەدان و هەزاران ژن و مێردی دیکەی دونیا حەفتا هەشتا ساڵ لەگەڵ یەکباین و تامی گەنجی و دەردی پیریمان پێکەوە بچەشتایە، چەندین کوڕو کچی جوانمان ببووایەو هەفتەی جارێك کوڕەکانمان لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان، کچەکانیشمان لەگەڵ مێردو منداڵیان لەماڵی خۆمان کۆببانەوەو نەوەکانمان لەباوەش بگرتبایە)).

دەستم کردە ملی دایکم و توند بەباوەشی خۆمەوە لکاندو تا دەمێك هیچ قسەیەکمان نەکرد، هەردووکمان دڵمان پڕببوو قوڵپی گریانمان قووتدەدایەوەو تەنیا وشەیەکیشمان بۆنەدەوتراو لەناخەوە دەگریاین و ژانێکی بەسوێ چووبووە دڵمانەوە، دوای کەمێك بەسەرخۆمدا زاڵبووم و پێم بە جەرگی خۆمەوەناو وتم: ((دایە گیان خۆت حەز بە باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەکەیت یان هەر پێتخۆشە جارێکی دیکە بەبیرت بێتەوە؟ چونکە بابەتێکی دڵخۆشکەرنییە وازی لێبێنە هەر لێبگەڕێ چاترە))، کەچی دایکم زۆر لەوەی چاوەڕوانم لێی دەکرد بەهێزتربوو وتی: ((ڕۆڵە گیان گەر باسیانکەم ئەوە لە دڵمدا دێنە دەرو نەختێك دەروونم ئاسوودە دەبێ و هەست بە هێمنییەکی خۆش دەکەم، ئێ خۆ دواییش

هەر پێویستە تۆش ئەو شتانە لەدەمی خۆم یا کەسێکی نزیکەوە بزانی و ببیستیت)). منیش هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو وتم: ((ئەی ئاخر هەستدەکەم لەگەڵ قسەکانتدا زۆر بێتاقەت دەبیت و دەگریەیت، ئەمەش من خەفەتی پێدەخۆم)). بەقووڵی لەچاوانی ڕووانیم و وتی: (( جا کوڕم دەتەوێ ئەو بەسەرهاتە غەمگین و پڕ ئازارەت بۆباسبکەم و بێتاقەت نەبم و نەشگریەم! قەیدیناکا چێژ لە گریانەکەش دەبینم هەروەك پێموتی ناخ و دەروونم لەگەڵ گێڕانەوەیاندا ئارام دەبێتەوە))، ئەوسا وتم:((باشە بەکەیفی خۆت بکە هەرچەندی دەتەوێ باسکەو بگێڕەوە))، ئەو وەختە دەستی بەقسەکانی کردەوەو وتی:

((کردبوومە پیشەی سەرەکیم هەفتەی جارێك سەفەرمدەکردو بۆ سەر گۆڕی باوکت لە (شانەشکەوت) دەچووم، هەمان قسەو هەمان نوزانەوەو لالآنەوەم دووبارەدەکردەوەو هەردەمیش چەند کەسێکم لەگەڵدابوو. بەلآم وارێکەوت جارێکیان ڕێگام بەکەس نەدا لەگەڵمدا بێت، ویستم هەر خۆم بەتەنیا بۆ سەر گۆڕەکەی بڕۆم و لەگەڵ مێردە مردووەکەی خۆمدابم، بۆیە دوای نیوەڕۆیەکی کەمێك هەوراوی بۆ گۆڕستان ڕۆیشتم لەوێشەوە بەرەو گۆڕی باوکت چووم. لەدوورەوە گۆڕەکەم لێوە دیاربوو هەستم بە سێبەرو تارماییەك کرد دەجوولآیەوە، بەلآم حوکمی چاوم تەواو بڕینەدەکرد تابزانم چییەو چۆنە. کاتێك تەواو نزیکبوومەوە باوکمتم بینی، لەگۆڕەکەی هاتبووەدەرێ و پاڵی بەیەکێك لەکێلەکانی دابوو، خەریکبوو برینەکانی جەستەیی و شوێن چەقۆکانی بە لۆکەیەکی تەڕ تیماردەکردو مەرهەمێکی سپی پێدادێنان و تەماشای دەوروبەری خۆیشی نەدەکرد، کە دڵنیابوومەوە خۆیەتی بە پەلە بەرەو لای ڕامکردوو چوومە بەردەمی و بانگیم کردو دەستم بە سەرو قژیدا هێنا، بەلآم ئەو هیچ قسەیەکی نەکردو نەیتوانی تەنیا وشەیەکیش بدرکێنێت، ئەوەندە نەبێ بەگریانەوە سەری بەرزکردەوەو چاوی لە چاوم بڕیم و لۆکەی سەر برینەکانی پیشاندام، دەستێکیشی لە کفنەکەی دەرێنابوو مەچەکی پێوەنەمابوو هیچ خوێنێکی لێنەدەهات.

دەستم لە لۆکەکانداو لەسەر برینەکان لامبردن هەر هێندە دەستی بەرزکردەوە ئیدی فوارەی خوێنێکی ئاڵ فیچقەی کردو سەرا پای کفنەکەو جلەکەی منیشی سوورکرد. ترسام و خێرا تۆپەڵێك لۆکەی دیکەم کە باوکت لە تەنیشت خۆیەوە دایابوون هەڵگرت و ئاخنییە دەمی برین و زامەکانەوە ئەو وەختە خوێنەکەی وەستا. پرسیاری زۆرم لێکرد وەك بۆچی بووی بە ناوبژیوانی شەڕکەرەکان؟ لەبەرچی بەرگەی ئازارو برینەکانت نەگرت و وەها ئاسان خۆتدا بەدەست مەرگەوە؟ بۆ وا زوو جێتهێشتم؟ بەگریانەوە هەردووشانیم گرت و بەهەموو توانامەوە ڕامتەکاندو داوای وەڵامم لێکرد، کەچی هیچی نەوت و بچووکترین شتیشی لەدەم نەهاتە دەرێ، وەك ئەوەی هێزی قسەکردنی بیرچووبێتەوە پیتەکان سەرەتا لە چ کانگایەکەوە دێنەدەرو دوایی بە چ شێوەیێ دەیانکات بە وشەو ئینجا ڕستەی ماناداریان لێدروستدەکات! بەدەستەکەی دیکەی ئاماژەی بۆ دەمی کردوو تێیگەیاندم تینوویەتی، ویستم خێرا لەو ناوەدا پەرداخێك ئاوی بۆ پەیدابکەم بۆیە بە ڕاکردن ڕۆیشتم.

زۆرینەبرد بە پەرداخە ئاوێك گەڕامەوەو بەنێو داروبەردو تۆزو خۆڵی گۆڕستانەکەدا غارمدەداو بەسەر گۆڕی تازەی هاوشێوەی گۆڕی باوکتدا بازمدەدا. گۆڕی سەیرو نامۆم بینین وەك گۆڕی زۆر زۆر بچووك کە هی منداڵی ساواو نەفامیدەبوو بۆ چەند ساتێکی کەمخایەن بۆ دونیا هاتبوون، نەخۆیان و نەخوداش نەیانزانیبوو بۆچ پەیامێك سلاَوێکیان لە ژیان کردبوو ڕۆیشتبوون. گۆڕی گەورەی پیرو بەسالاَچووان ئەوانەی بۆخۆشیان وەڕزو جاڕس بوون بەدەست هەلاکەتی ژیانەوەو تێر عەمر بوون، نازانم حیکمەتی تەمەنی مردووە ساواکان و پەککەوتەو پیرەکان لەچیدایە ئیلاهی منداڵێك هێشتاکە هەر پارچە گۆشتێکەو نازانێت تامی ژیان سوێرەیاتاڵە یاشیرینە مراندووتە، پیرێکیش چێژی هەموو تامەکانی هەزارجار ئەزموونکردووە بەلاَم هەرنامرێت. گۆڕی گەنجەکان تازە گوڵێك لەداوێنییانەوە شکۆفەی کردبوو. قەبری ئەو کچانەی خۆیان کوشتبوو یا ئەو ژنانەی غەمێك کوشتوونی کە نەبوونی خۆشەویستی بووە لەماڵێك لەگەڵ پیاوێکدا کە هەرگیز خۆشی نەویستووە. گۆڕی جەنگاوەران و بێدەست و قاچەکان کە بەر لەخۆیان نێژراون و چەندەها گۆڕی دی. قەبری وەهای تێدابوو سەریان بەکراوەیی جێمابوو دانە پۆشرابوونەوە یا کەمێکیان لێ پڕکرابووەوە. تێیاندابوو تەنیا کفنەکەی تێدا مابووەوە یا ئێسك و تاڵە مووەکانی سەرو سەرە پەنجەکانی دەست و قاچ و ملوانکەی شین و تەزبێحی قەزوان و مووروودار. سەعاتی دەست، گوارەی ئاڵتوون، زریزەی زیو، ئەموستیلەی نقێم سوورو جۆرەها متوموورو گەردنبەندو بازنی هەمەچەشن، قوماشی گوڵدار، کفنی سەوزو بووکەشووشەو قەڵەمی بەرباخەڵ، پانتۆڵ و شەرواڵی پینەکراوو کراسی ڕەش وسپی، ئەو چۆغەرانەی تەنیا یەخەوانەیان مابووەوەو چەندین کالاَو شتی هەمەجۆری دی. لەڕێگاو نێو گۆڕستانەکەدا ئەوانەم بینین یەك بە یەك تەماشام کردن و بەوردی سەرنجم لێدان و وەستام و بەدیارییانەوەو خافلاَم، بۆیە لە پڕ باوکتم بیرکەوتەوەو بە هەڵەداوان بەخۆم و پەرداخە ئاوەکەی دەستمەوە بۆ لای ڕامکرد، بەلاَم کە گەیشتم باوکت لەوێ نەمابوو بۆ هەتایە بۆ نێو ماڵ و گۆڕە تاریکەکەی خۆی گەڕابووەوە، تەنیا چەند لۆکەیەکی بەخوێن لەپشتی کێلەکەی پاڵی پێوەدابوو جێمابوو، منیش بەگریان و بێهیواییەکی کوشندەو دڵگوشرانێکی زۆر لەنێو گۆڕستانەکە هاتمە دەرەوە)).لەدوا ڕستەیدا گریاو هەردوو دەستی بە دەمووچاوییەوە گرت و منیش هیچم بۆ نەوترا.

******************

هەستی دایکم کاتێك دەزانێت دووگیانە.

پاش مردنی باوکم و گەڕانەوەی دایکم بۆ نێو کەسوکارەکەی لە (سەیلاو) ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستی بەبێ هێزی و لاوازی و کەمخوێنییەکی زۆر کردووەو توانای هیچ شتێکی نەماوەو بەردەوام لەیەکێك لە ژوورەکان بەبێئاگایی و کەم تین و تاقەتەوە پاڵکەوتووە، ڕۆژێك نەنکم بۆی باسکردم و وتی: ((جاربەجارێك هێڵنجی ئەوەندە توندی دەهات گەر نەگەیشتبایەتە گەرماو تەواوی ژوورەکەی بەڕشانەوە پیسدەکرد، بۆیە لەوێدا دەڕشایەوە بەلاَم کە هەڵدەستایە سەرپێ سەری گێژی

دەخواردو بەرچاوی تاریك دەبوو بەردەبووەوەو خێرا پێی ڕادەگەیشتین. گەلێکجار لەناکاو حەزی بە خواردنی هەندێ شتی سوێر یا توون یا شیرین دەکرد، یان زۆر لەخۆراکەکان کە لەژیانیدا نەیخواردبوون و تامینەکردبوون چەشەو ئارەزووی دەچووە سەرو داوایدەکرد هەر ئەو وەختە بۆی ئامادەبکەین. ئێمەش هەموو لەخوامان گەرەك بوو دایکت داوای شتێ بۆ خواردن بکات، چونکە دوای ئەو کارەساتە مەرگبارو غەمهێنە هیچ شتێکی داوا نەدەکرد، بۆیە تەواو بێ جورم و لاوازببوو هەردەم گریان و غەمی کردبووە پیشەی سەرەکی و هەناسەی ساردی لەناخ و ڕۆحیەوە هەڵدەکێشا)). نەنکم تۆزێك بێدەنگبوو وەك تەواوی ئەو ساڵانەی هاتبنەوە پێشچاوو ئاگای لەخۆی نەمابوو، بەپەلە بەئاگام هێنایەوەو وتم: ((ئەرێ دەی نەنە گیان چیبوو لە پڕ وا دەنگت نەما قسەکانت زووبە تەواوکە))، ئەوکاتە سەری باداو پێی خستەوە نێو ئەو واقیعەی تێیدابوو وتی: ئائا کوڕم ڕۆژێك بەدزییەوە بە باپیرتم وت: (( مستەفا ئەو حەزو تامەزرۆیە لەناکاوو ئارەزوو چوونە سەر خواردنی تیژو تاڵ و سوێری (گەوهەر) ئاسایی نییە، من خەیاڵم بۆ شتێك دەڕوات بەلام گەر بیڵێم کەس شێتم نەکات ئەوە تۆ شێتم دەکەیت)). باپیریشت بە کەمێك سەرسوڕمان و وردبوونەوەیەکی پڕ پرسیارو گومانەوە پێی وتم: ((جا ژنەکە بۆچی شێتت دەکەم خۆ دوواجار هەر تۆ ژنیت و چاتر لەدنیای پڕ نهێنی (گەوهەر) شارەزایت و تێدەگەیت، بلێ بزانم دەتەوێ چی بڵێیت و مەبەستت لەم قسانە چییە نەکا کچەکەمان نەخۆش بێت و شتێکی خراپی بەسەرهاتبێت؟ من دەستم بەئاسمانەوەیە ئەو داوای خواردنێك بکاو حەزی بچێتە سەری، ئێستاش ئەوە داوای دەکات کەچی تۆ قال و قیلی لێدەدۆزیتەوەو بەگومانەوە سەرنجی دەدەیت!؟))، لەوساتەی باپیرت ئەو قسانەی دەکرد من برۆکانم تێکنابوو سووچەکانی چاوم پڕکردبوون لە لۆچ و دەمولێوم وەك نیشانەیەك لەڕاڕایی خڕکردبووەوە سەریەك و سەیری باپیرتم دەکرد ئینجا وتم: (( پیاوەکە واهەستدەکەم (گەوهەر) دووگیان بێت بۆیە ئەو ڕەفتارو کردەوانە دەنوێنێت هەر لەبەر ئەو شتانەشە پێم ئاسایی نین))، هەر کە باسی دووگیانیم کرد ئیدی باپیرت چاوانی زەقبوونەوەو زاری بەشکردەوەو سوور هەڵگەڕاو وەك ئەوەی ساڵانێك بێت خەوتبێ و بەو قسەیە کوتکێکم دابێت لەسەری و بەئاگام هێنابێتەوە، چەند جارێك سەری ڕاوەشاندو پتر لێم هاتە پێش و بەدەنگێکی نەختێ نزمەوە وتی: ((وتت دووگیانە؟ دووگیانی چی کچێ ژنەکە پێنج ساڵە شوویکردووەو منداڵی نەبووە، ئاخر هەموو جار کە دەڵێم ئێوەی ژنان عەقڵتان قوندەیە توڕەدەبیت و باوەڕم پێناکەیت. لەوە زیاتر شێتم مەکە دەزانم خۆت مێشکت لەسەردا نەماوە)).

دەنگم بڕێك بەسەر باپیرتدا بەرزکردەوەو بەتووڕەییەوە بەرۆکیم گرت و لەخۆم نزیکتر کردەوەو پێموت: (( هێواش هێواش دەنگت بەرزمەکەوە با کەس گوێی لە مشتومڕمان نەبێت، ئەها سەرەتا وتم قسەیەکت پێدەڵێم بەلام دەزانم شێتم دەکەی هەر واش بوو ئەوەتا خەریکە بە عەقڵ نوقسان و گێل و گەمژە لەقەڵەمم دەدەی، بزانە ئەوە ئێمەنین کە حۆل و نەفامین ئێوەی پیاوانن ناتوانن و نەشتان توانیوە لەدونیای ژنان تێبگەن و هەموو عەقڵ و مەعریفەتتان تەنیا لەسەر جووت بوون و جێگاکردندا کورتکردووەتەوە تێگەیشتی یانا؟! ئەوە من پێمووتی حاڵەتێکی نائاسایی لەو کچەدا بەدیدەکەم و دەبینم

تەواوی ئاماژەو هێماکان هەمان شتم پێدەڵێن. تۆ چوزانی؟ بۆیە ئێستاکەش وتم تاکو زووە لەنەخۆشخانە پشکنینی بۆ بکەین و لێی دڵنیابینەوە گەر بێت و شتێکی وا لە ئارادابێت، ئەگینا دوایی دووگیان بێ و ڕۆژ بە ڕۆژ سکی بەرزبێتەوە خەڵکی هەموو پێیان سەیردەبێ و هەزاران بەیت و بالۆرەو قسەی بێ جێمان بۆ هەڵدەبەستن و دەڵێن ئەوە پیاوی نەماوە ئەی باشە ئەو سکەی لەکوێ بوو؟! خەڵکان وەك مشەخۆر لەسەر دەنگۆو قسە بێماناکان دەژین و بێ ویژدانانە لەسەر یەکتری دروستدەکەن و هیچ کەس بەزەیی بەویتریان دانایەتەوە، بەتایبەتی گەر یەکێك خوانەکات لەم شارو مەملەکەتەی ئێمە شتێکی لێ بقەومێت، ئەوە لێناگەڕێن ڕۆژی لێببێتەوە دەف و تەپڵی بۆ دەکوتن و ناوی دەزڕێنن و شاربەدەری دەکەن. جا وەرە مەردی خوابە با ئەو کارە بکەین تا حەیایان نەبردووین، مستەفا قسە لەزارەکی دەکەوتە شارەکی )).

باپیرت وەختێك گوێی لەو قسانەم بوو دەمی داچەقاندوو نوقمی ڕاڕایی و بیرکردنەوەیەکی قووڵبوو، هیچ شتێکی نەوت تەنیا لەچاوانی ڕوانیم، بۆیە وەك لە مەستیەوە بۆ هۆشیاری هاتبێتەوە خێرا وتی: (( باشە باش بەقسەتدەکەم جارێ تۆ قسەی لەگەڵدابکەو هەوڵدە ڕازیکە، بەلام جارێ شتێکی وەهای بەبەر گوێمەخە تابەیانی بۆ نەخۆشخانەی دەبەین )). ڕۆژی دوایی دایکت بۆ خەستەخانە ئامادە دەبێ بەلام لەلایەك جەستەی بێهێزو بێ تینە و سەری گێژدەخوات، لەلایەکی دیکەشەوە غەمی کۆستکەوتن و بە تەنیا مانەوەی ڕۆحی کرۆشتووە. کاتێك لە نەخۆشخانە پشکنینەکەی بۆدەکەن پێی دەڵێن پیرۆزە دووگیانی ماوەکەیشی مانگێکە. دایکت کە ئەوە دەبیستێ دەست بەگریان و واوەیلاو خۆکوتان و قیژەقیژ دەکات و دەڵێ: (( دووگیانی چی من سکم ناوێت لە پاش (بەهادین) منداڵم بۆچیە، پێنج ساڵان چاوەڕێیووم تا کۆرپەیەك لەگەڵ باوکیدا بگرمە باوەش و پێکەوە گەورەی بکەین و نازی پێبدەین کەچی نەبوو، منیش ئێستاکە نامەوێت و لەم کات و ساتەدا خۆم لێ بەلایە چ جای ئەوەی کەسێکی دیکە لە ناخمدا هەڵبگرم و نەشتوانم نازی بدەمێ. منداڵی بێ باوکم بۆچییە بیهێنمە دونیاوە تا ئەویش کە گەورەبوو گلەییم لێبکاو بەر نەفرەتی خۆییم بخات. ئەیهاوار دایە بابە فریامکەون چیملێدەکەن من منداڵی هەتیووم ناوێت ))، لەکۆتایی قسەکانیدا دایکت بوورایەوەو کەوت. هەر کە چاوی کردەوە لەماڵەوە بە زەردەخەنەوە دەورماندابوو بە ئومێدو شادییەکی بێوێنەوە لێی ڕامابووین، کە ئێمەی بینی بەگریانەوە وتی: (( بەڕاستی من دووگیانم؟ باپیریشت بەدووچاوی هەم پڕ لە ئاسۆی ڕوون و هەمیش پڕ لە فرمێسك لێی نزیکبووەوەو پێیوت: (( کچی خۆم بەڕاستی وایە تۆ دووگیانیت لەو وەختەوەی زانیومانە هەموومانی دڵخۆش و کامەران کردووە. ئەها نابینی بەوپەڕی حەزەوە ئەڵقەمان بەدەورتدا بەستووە، ئەو منداڵەی دێتە ژیانەوە تەواوی غەم و مەراقمان لەدڵدا دەڕەوێنێتەوەو ڕادەماڵێ و دەبێتە غەمڕەوێن. ئێمە هەموو بۆی دەبین بە باوك ڕاستە (بەهادین) مردووەو هێشتا کفنەکەی زەردنەبووە، بەلام هەر یەك لە ئێمە بەهادینێك دەبین بۆ پەروەردەو خزمەتکردنی، نابێت پێتناخۆشبێ بە پێچەوانەوە پێویستە لەوپەڕی بەختیاریدا بیت کە دەبیتە دایك و منیش دەبمە باپیرەو منداڵێك دووامدەکەوێ و بە باپیرە بانگمدەکات، گەر تەنیا جارێکیش بێت گوێم لەو وشەیە بێت لەدەمییەوە ئیدی پاش ئەوە بشمرم قەیدی نیە )).

نەنكم هەڵوەستەیەكی كردو هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو زەردەخەنەیەكی ئاوێتە بە غەم و شادی بۆكردم، بەڵام من واقم وڕمابوو نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم لەوەها كاتێكدا كە باس لە هاتنە دنیاو سەرەتای دروستبوونی من دەكات، بۆیە بە چاوی ئەبڵەقەوە لێیڕامابووم و پێیموت: (( نەنە گیان دەی قسەكانت تادێت خۆشترو بەتامتر دەبن بەردەوامبە ))،ئەوكات ئەویش درێژەی بەقسەكانیداو وتی: (( ئەو خۆشحاڵی و كامەرانییەی لەوكاتەدا هەمانبوو تۆزقاڵێكیش بەدڵی دایكتدا ڕانەبوورد، چونكە هەستیدەكرد بێكەسەو هیچكەس نییە بەدەورییەوەبێ، لەبەرئەوەی منداڵێك بە بێباوكی لەدایك دەبێ ))، هەمووجار پێیدەوتم: (( ئەوە پێنج ساڵە شووم كردووە منداڵم نەبووە دایكە، چیبكەم بەڕای تۆ بەهادینیش زۆر گوێی پێنادات و دەترسم هەر یەكجاری نەمبێت )). منیش دڵیم دەدایەوەو وامڵێدەكرد بەرگەی زیاتر بگرێت و ئارامتربێت. كە لە پڕ هەواڵێكی لەوجۆرەی بیست بێگومان سەری سوڕما هەر لەبەر ئەوەش بوو كە باوكتی لەدەست چووبوو، ئیدی دوای ئەوە هیچ شتێكی دیكەی بەلاوە گرنگ نەبوو، كوڕم كارەساتی وا ئاسن نییە. نەنكم هەر بەردەوامبوو لەسەر قسەكانی هەندێكجار دەیەویست خۆی لە هەندێ شت بدزێتەوە، كەچی من وازم لێنەدەهێناو وامڵێدەكرد تەواوی شتەكانم وەك خۆی بۆ بگێڕێتەوە، بۆیە دەستی پێكردەوە:

((دایكت لەو ماوەیەدا بەدزی و بە ئاشكرا چەندجارێك هەوڵی لەباربردنی سكەكەیدا، جارێكیان یەكێ لە پوورەكانت بەسەریداچووبوو كە خەریكبووە لەسەر تاقێكی كەمێك بەرز خۆی هەڵبداتە خوارو چەند كەڕەتێكیش كردبووی. پوریشت بەڕاكردن بۆ لام هات و وتی: ((گەوهەرخانی خوشكم لەتاقەكەی ئەودیوەوە بازدەدات و سەرلەنوێ بۆ سەر تاقەكە دەچێتەوەو خۆی فڕێدەداتەوە)). منیش بە پەلە غارمداو بینیم دایكت بێهۆش لە ناوەڕاستی ژوورەكەدا كەوتووەو ئاگای لەخۆی نەماوەو هێندەی دی گێژبووە لەئەنجامی بازدان و ماندووبوونەوە سەری سووڕابوو بەربووەوە، بۆیە خێرا هەڵمانگرتەوەو هێنامانەدەرو نەختێك ئاومان بە دەموچاویدا كردو چەند قومێكیشمان پێدا، ئینجا هاتەوە هۆش خۆی. بەگریانەوە لێی پاڕامەوە جارێكی دیكە كارێكی لەمجۆرە دووبارەنەكاتەوە با منداڵەكە لەناونەچێت، لەبەرئەوەی ئەمە تاوانەو ئەو پلەگۆشت و خوێنە هیچ گوناهێكی نییە كە خوا پێیداوە بۆ ئەوەیە ئازارو غەمەكانی بەهادین و بێبەشبوونی ئەو پێنج ساڵەی پێشووت بیرباتەوە. هەموومان بە بەختیارییەكی زۆرەوە چاوەڕوانی لەدایكبوونی دەكەین بۆیە ئەو خۆشی و چاوەڕوانبوونەمان لێتێكمەدەو مەشێوێنە، بەڵام دایكت ئەو قسانەی بە خەیاڵدا نەدەهات و هەر لە هەوڵەكانی بۆ كوشتن و لەباربردنی سكەكەی یا باشتروایە بڵێم لەباربردنی تۆ بەردەوام بوو. ماردین ئەمشتانەت كە بۆ باسدەكەم مەبەستم ئەوەنییە ڕقت لەدایكت بێتەوە، چونكە هەر كەسێك بووایە لەجێگای ئەو خراپتری دەكردو لەبارێكی گەلێك ناخۆشی دەروونیدا كاتەكانی تێدەپەڕاند، وابزانم بۆخۆیشی هەندێك شتی لەمجۆرەی بۆ باسكردوویی)). منیش بەتێڕامانەوە وتم: ((نانا نەنە گیان وابیرمەكەوە ئەوشتانە وامڵێبكەن ڕقەستووربم بەرامبەر دایكم، بەپێچەوانەوە ئەمانەو هەموو شتەكانی دیكەش دایكمیان لا گەورەتر كردووم، چونكە ئێستا منیش منداڵ نیمە ڕاستە لە هەرزەكاریدام بەڵام دەشتوانم

بایی ئەوەندە چاکی و خراپییەکانم لێك جیابکەمەوە )). پاش قسەکان نەنکم هەستا بۆ چێشتخانە ڕۆیی تا بەکارەکانی ڕابگات، هەرچەندە پیربببوو بەلاَم بەهێزبوو خۆی نەدەخست.

دایکم لەسەرووی ئەوانەشەوە لەو ڕێگا دوورەوە هەفتانە بۆ سەر گۆڕی باوکم لە ( شائەشکەوت ) چووە تا ڕۆژێك خۆی بۆی باسکردم و وتی: (( لەوێ لە تەنیشت باوکت لەسەر ئەو خۆڵە پۆتە ڕاکشام و بەدەم هەنسك و گریانەوە قسەم لەگەڵ ئەو گۆڕە ساردوسڕە دەکردو دەموت: ( بەهاددین ) هەستە لەو خەوە درێژە من سکم هەیەو دەبیتە باوك ئەها لەبیرتە هەموو جار پێمدەووتی من منداڵم دەوێت و بمبە لای پزیشك، دەمەوێت ببم بە دایك و ئیدی با خەوەکەم بێتەدی؟ بەلاَم ئێستاکە خۆم دووگیانم کەچی نامەوێت ببمە دایك لەبەرئەوەی تۆم لەگەڵدا نیەو بەتەنیامە. چۆن گەورەی بکەم گریمان گەورەشم کرد گەر هات و ڕۆژێك وتی کوانێ باوکم چی وەلاَمدەمەوەو و چ درۆو فێڵێکی لێبکەم؟ گەر ڕاستگۆ نەبم ئەوە هەر دەتوانم ساڵێك یا دووان بیخەڵەتێنم دوایی لێمدەپرسێتەوەو لێمناگەڕێت. هەستدەکا لە هاوڕێکانی جیاوازەو کەس نییە بە باوکە بانگی بکات، بۆ ناتەوێ لێم تێبگەیت دە هەستەوە گەر لەبەر دڵی منیش نا ئەوە لەبەرخاتری ئەو منداڵەی سکم هەستەوە )).

دایکم چەند جارێکی دیکەش هەوڵی لەباربردنمی داوەو ناهەقیشی نەبووە بەدزییەوە بۆ لای خەڵکی شارەزا ڕۆیشتووە. ئەمەش هەرخۆی بۆیگێڕامەوەو وتی: (( ژنێك هەبوو ناوی( حەمدیە )خان بوو مامانێکی زیرەك و کەمشێوە بوو، ئەزموونێکی زۆری لە مەسەلەی لەدایکبوون هەبوو گەلێك ژن و منداڵی ئەم شارەی لە مردن ڕزگارکردبوو ببووە فریادڕەسیان، نیوەی گەنجی ئەو شارە ( حەمدیە ) خانیان بەدایکی خۆیان دادەنا، چونکە هەموو لەسەر دەستی ئەو هاتبوونە دونیا. ڕۆژێك بەدزییەوە بۆ ماڵی ( حەمدیە ) خان چووم و دەمزانی لە چ گەڕەك و کۆلاَنێکدان بەسەرهاتەکەی خۆی لەنووکەوە بۆ گێڕایەوەو داوالێکرد منداڵەکەی سکم لەباربەرێت، بەلاَم ئەو ئامۆژگاری کردم و وتی: (( کچم تازە خوا بەسکی خستووی تاکو برێك باری غەمەکانت سووك بێ کە هاتە دونیاوە پێیەوە سەرقاڵ بیت و ئەوەندە نەپرژێیتە سەر ئەوەی غەم لە ڕابردووت بخۆی ئێستا ئیشێکی وەها لەمجۆرە بۆ دەکەیت؟ بۆ تۆ گوناهەو بۆ منیش تاوانە سکت لەئێستادا خەریکە گەورەدەبێ و لە گەشەسەندندایە، هاکا بەدووامدا هاتن ومنداڵەکەتم لەسکتدا دەرێناو بوومە دایکی وەك چۆن دایکی زۆرێك لە گەنج و لاوەکانی ئەم شارەم، بۆیە من ئەمە ناکەم و تۆش نابێت لە هەوڵی لەباربردنیدابیت. کچم ئەم گوناهە مەخەرە ئەستۆی خۆت، هەرچۆنێبێت بەرگە بگرەو چاوەڕێی ئومێدو هیوای گەش و ڕووناکت بکە )).

کوڕم لەو هەوڵەش سەرکەوتوو نەبووم و بە دڵشکاوی بۆ ماڵێ گەڕامەوە، بەلاَم لەو ماوەیەدا تووشی تەنگژەیەکی قورسی دەروونی بووم، خەمۆکییەکی بێ شێوە بەرۆکی گرتم و بەرینەدەدام بەتایبەتی لەدوای پاشنیوەڕۆی درەنگەوە ئیدی هەموو ڕۆژێك دڵتەنگی و دڵگوشرانێکی نامۆ دایدەگرتم و دەستم نەدەچووە هیچ شتێ تەنیا بەردەوام دەگریام. جاری وا هەبووە فرمێسکم پێنەماوەو بەربوومەتە گیانی خۆم و بەمشتەکۆڵە بەسینەمدا کێشاوە، بە چنگەڕنێ ڕوخساری خۆم زامدار کردووەو

قژم ڕنیوەتەوە لە حەسرەت و داخێکی بەکوڵ بەرۆکی خۆمم دادڕیوەو ماکسیەکەی بەرم لەسەرەوە تاخوارەوە هەڵزڕاندووە. دەستیان دەگرتم و پاڵیان دەخستم، ئینجا کەمێ ئاویان بە دەموچاومدا دەکرد تا هێور ببمەوە. بەدەم هەناسە سوارییەوە وردە وردە بێهۆش دەبووم وام هەست بەجەستەی ماندووم دەکرد کە دڵم نەوەك لەسینەمدا، بەڵکو لە تەواوی بەدەنم لێیدەدا، ئەو وەختە لەشم ساردو خاودەبووەوەو خەوێکی قووڵم لێدەکەوت، کە لەڕاستیدا جگە لە بێهۆشییەکی غەمگین چیتر نەبوو))، لەگەڵ قسەکانیدا لەدڵی خۆمدا دەمووت باشە دەبێ چ هەستێکی هەبووبێ و چەندە لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی دەروونیدا ژیابێت، وای دایە گیان چەندە بە کوڵ خەفەتت خواردووەو چەندەت ئازار چەشتووە، جا بۆئەوەی هەستم پێنەکات بێتاقەتم و قسەکانیم بۆ بگێڕێتەوە دەموت: ((ئێ دایە گیان دەی بەردەوامبە گوێم لێتە و تەواو لەناخت تێدەگەم))، دەیوت: ((ئاخر گەر بزانم زۆر غەمبار دەبیت هیچ ناڵێم))، بە پێکەنینێکی درۆزنەوە پێمدەوت: ((نانا گرنگ نییە غەمباریشبم تازە هەموو شتەکان بەسەرچوونەو بوون بەڕابردوو))، بۆیە درێژەی بە قسەکانی دا:

((ماردین ئەو حاڵەتە هیسترییە وازی لێنەدەهێنام بەئاسانی لێم نەدەبووەوەو شەوو ڕۆژ وەك سێبەر بەدووامەوە بوو، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام نەختێك باش بووم ئەویش زۆر بەکەمی، لەجێگادا دادەنیشتم و نەدەگریام تەنیا لە پوورەکانتم دەڕوانی، لەماڵەکە هاتووچۆیان دەکردو خەریکی ئیش و چێشت و جۆرەها کاری دیکەبوون، بەڵام من نەمدەتوانی لەجێگای خۆمدا بجووڵێم، هەر لەشوێنی خۆمەوە لێیان ڕادەمام و دیقەتم دەدان و زۆرم پێ سەیربوو توانای ئیش و کارو قسەو پێکەنینیان هەبوو، ئەی باشە بۆچی من ناتوانم وەك وان پێبکەنم و ئیشبکەم و بجووڵێمەوە؟! هەڵدەستامە سەرپێ تینم دەدایە بەرخۆم بەڵکو بتوانم شتێ بکەم، بەڵام هەرئەوەندە تۆزێك دەڕۆیشتم خێرا بەردەبوومەوە،بەپەلە هەڵیاندەگرتمەوەو لەسەر جێگاکەی خۆم پاڵیاندەخستمەوە، وەك بڵێی ئەو کەسەش نەبووبم کە خوشك و براکانم دەشووشت و جلیانم دەگۆڕی و چێشتم بۆ دەکردن و ماڵم گەسکدەدا، ئینجا دواییش بۆ ئەوەی بێکار دانەنیشم قاپ و شووشەواتەکانم دەسڕینەوەو لە تۆزو خۆڵ پاکم دەکردنەوە. ئەی بۆچی ئێستا وام بەسەرهاتووەو هەموو بەزەییان پێمدادێتەوە. کوڕم ئەستەمترین سات ئەو ساتەیە لەجێگادا بکەویت و ببیتە جێی بەزەیی و ڕەحمی ئەوانی دی گەر هیچ شتێ نەتکوژێت غەمی ئەوە لەناخەوە هەلاهەلاتدەکات کە هەموو خەریکی خزمەتکردن و بەرزو نزم کردنتن، بۆیە گەر نەخۆشیش زەفەرت پێنەباو نەتتوێنێتەوە هەستی بەزەیی خوێندنەوەو ڕوانینی پڕ لە سۆزی چاوی ئەوانی دیکە دەتکوژێت، ئیدی ئەو ماوەیە لەو دۆخە ئاڵۆزو شکاوو نەخۆشەدا ساتەکانی ژیانم بەسەردەبرد)). دوای ئەوەی دایکم لە قسەکانی دەبووەوە چاوی لە خاڵێك ڕادەگرت و نەیدەجووڵاندەوە. منیش هیچ قسەیەکم لەگەڵ نەدەکرد دەمزانی تەنیا بە جەستە لامە و خەیاڵی لەشەقەقەی باڵیداوەو دوور ڕۆیشتووە، هێندەی پێنەدەچوو هەر بۆ خۆی تێهەڵدەچووەوە دەستی بە قسەکانی دەکردەوە:

((رۆڵە گیان شێخ موکری زمانزانی عەتتار جاربەجارێك ئەویش زۆر کەم لە بازاڕەوە لەگەڵ باپیرت بەدڵی پڕ غەمەوە دەهاتە ماڵ و سەردانی دەکردم و دەستی بەسەریدا دێنام و دڵێدەدامەوە، چونکە بەهادینی باوکتی لەجێگای کوڕی خۆی دانابوو زۆری خۆشویستووە، بۆیە لە یەکێ لەو سەردانانەی پێیوتم: ((کچم گەربێت و بمزانیبووایە هەر ئەو پێنج ساڵە لەگەڵ (بەهادین) دەژێت و ئەویش هەر ئەوەندەی تەمەن ماوە دڵنیابە لەوەی هەرگیز کاری وەهام نەدەکردو تۆشم بێچارەو بەخت ڕەش نەدەکرد. من ئەوەم بە ئیشێکی باش و خێر زانی چوزانم بە خراپ و نەگبەت دەشکێتەوەو کۆتاییەکەی بە مجۆرە بە ئازارو ژان دەبێت، توخوا کچم لێمببوورە هەستدەکەم من تاوانباری سەرەکیم، گەر تۆو ئەو منداڵەی نێو سکت گەردنم ئازاد نەکەن خواو پێغەمبەریش ئازادم ناکەن و لەو دنیاش بە قەزا پێمی دەگێڕنەوە ئەوەی من کردم تۆ مەیکەو بە بەخشندەییت بمبەخشە))، لەگەڵ ئەوەی کە (شێخ موکری) عەتتار هیچ تاوان و گوناهێکی لەو مەسەلەیەدا نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی بەکارەکە هەستابوو پاکانەی بۆ بەهادین کردبوو بەشان و باڵیدا هەڵدابوو کێیەو کوڕی کێیە لەسەردەستی ئەو ئیشەکە کرابوو بۆیە لەناخیدا هەستی بە تاوانێك دەکرد))، بەڵام کێ و چ کەسێك دەتوانێت لە گەمەی چارەنوس و قەدەر تێبگاو ئەو شەتڕەنجە بباتەوە. کێ دەزانێ ڕاوچی و تفەنگ بەدەستانی قەدەر لە چ ئانوساتێکدا بۆسەمان بۆ دادەنێنەوە و دەمانپێکن و دەمانکوژن, بۆیە لەدواجار جگەلە خۆ بەدەستەوەدان و کەوتنە چاڵی ڕەش و جەرگەی تاریکییەوە شتێکی دیمان بۆ نامێنێتەوە. ئەوەی بەسەر دایکیشم دا هاتبوو یەکێ لەو گەمە تاڵ و ناشرینانەبوو کە مرۆڤ هەرگیز حەزناکات یاری وەها بکاو لەسەر مێزێکدا لەگەڵ قەدەر دابنیشێ، چونکە دواتر ئەوە هەر مرۆڤە دۆڕاوو دەستەمۆو ترازاو دەبێت.

**دایکم لە ئێوارەیەکی ساردداجارێکی دی مێروولە سوورەکان دەبینێتەوە.**

دایکم پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ بانگیکردم و وتی: ((ئێوارەیەك حەزمکرد نەختێك هەوا بگۆڕم بۆیە بۆ حەوشە ڕۆیشتم و هەندێك پیاسەم کرد، دوایی قاچەکانم ماندووبون و لەسەر کۆسپەیەك دانیشتم, گەرچی هەوا ساردو مەیلەو شێدار بوو بەڵام چێژم لێ وەردەگرت و خەیاڵ و داڵغەکانم بۆ گەلێك وێستگەو ساتی جیاوازو لەیەك جودای ژیانم دەیبردمەوە. لەناکاو وەك ئێوارەی چوارەم لە بینینی دیمەنە ترسناکەکان هەمان نمایش و هەمان شتم بینییەوە، خۆیان بوون چاکم ناسینەوە مێروولە سوورەکان بوون. دیسان گەرداوێکی تووش و قێزەوەن و توڕەم بینی هەڵیکردبوو، جارێکی دی مێروولە سورەکان لەمابەینی تاوەرە بەردە لەمرۆڤ چووەکان و چاڵ و کونی ڕەش و تاریکدا دەهاتنەدەرو پێیاندا هەڵدەزنان. مێروولەکان ئەوجارە گەورەترو زلتر دەهاتنە بەرچاوم، ئەوناوە تەواوی ببووە شارە مێروولەو هەر هەمووی سوور دەچووەوە. نا ئەوان مێروولەی ئاسایی نەبوون قاچەکانیان لە ڕادەبەدەر درێژو ئەستور بوون, دوو گوێچکەی هەستیارو کەوانەیی و تاڵە موو ئاسا بەسەر سەریانەوە بوو، دەمیان وەك سەرە گازێك لەیەك نزیك دەکردەوەو دووریان دەخستەوە. بەدوو چاوی زەق و دەرپەڕییوو مۆرەوە کە وەك ئاوێنە بوون هەموو شتێك لەوێدا ڕەنگی دەدایەوە. تەواوی جەستەیان لە سێ بەشی

ئەندازەیی نایەکسان پێکهاتبوو، بەڵام بەشی خوارەوەیان وەك کوپە ئاوێکی پاڵ خراو وابو بەشی سەرەوەیان ئەستور بوو، بەڵام تا بەرەو خوار سەیرمدەکرد بچوکترو درێژکۆلەتر دەبووەوە. هەموو یەك قەبارە بوون وەك بڵێی هەر کە دایك و باوکەکان زاوزێیان کردبوو بێچووەکانیان هاوشێوەی خۆیان لە دایك ببوون. شەڕانی و بوغزن و فیتنە هەڵگیرسێن و پڕ بەڵا دیاربوون. بەهەموو جۆرە خواردنێکیش ڕازی نەبوون لەبەرئەوەی بەتەنیا عاشقی سەر شێتی جەستەی مرۆڤ بوون، پاش ئەوەی خوێنیان لە دەرچەیەکەوە لە لەشی بەرەڵا دەکرد. لە پڕ گەرداوە تووش و تورەکە هەڵیکردەوەو هەزارانی لەو مێروولە سوورانە لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و بردنی، زۆری پێنەچوو هەمووی هێنانەوەو بە گابەردەکانیدا کێشان لەو وەختەشدا تەقەو زرمەیان لێ بەرزدەبووەوە. لەدەوری قەڵا لمینە هەڵچنراوەکانیان هاتووچۆیان دەکردو بەسەمایەکی ناڕێك پێیاندا هەڵدەگەڕان. وەختێك سەرنجمداو بینیم باوکت بەڕووتی لەنێو مێروولە سوورەکاندا ڕاکشابوو، هەرچەندە زۆر زەحمەت ناسیمەوە،چونکە مێروولەکان سەرا پای گیانیان دا پۆشیبوو لەسەر لەشی دەجوولانەوەو پیاسەیان دەکرد, گوێ و دەم و قاچیان دەخولاندەوە لە پڕ جەستەی باوکتیان لێکهەڵوەشاند.دەستی,قاچی,سەری,پشتی,سکی,هەرهەموویان لێك ترازاندو بووە کەسێکی کوت کوت کراو هەر کۆمەڵە مێروولەیەك خەریکی خواردنی ئەوبەشە بوون کەبۆخۆیان دایان بڕاندبوو بردبوویان,نینۆکەکانیان دەخواردو گۆشتەکەیان زۆر چاك دەجنی و دەیا نخوارد. لێزانانە ئێسقانیان دەکرۆشت و کونێکیان لە سەرە پە نجەکانی دەست و قاچی دەکردو خوێنەکەیان لێ بەتاڵ دەکردەوە ئینجا دەیا نخوارد. چاویان هەڵدەکۆڵی سەرەتا گلێنەکەیان دەخوارد ئینجا سپێنەو سۆماییان دەجنی، گوێچکەکانی و زمانیان زۆر حەزلێبوو لە هەموو جێگاکانی دی چاتر دەیانکرۆشت.پاش ماوەیەك هیچ شوێنەوارێك لە باوکت دیار نەماو مێروولە سوورەکانیش چوونەوە نێو قەڵا لمینەکانی خۆیان.

دوای ئەو دیمەن ترسناکە هەندێ چاوم هەڵگلۆفێ و بینیم حەوشەیەکی سادەو بەرین و دوو دارهەناری مل ڕووتاوەشم بەرامبەرەو هەواش ساردتری کردووە. بۆ ژوورەوە گەڕامەوەو وتم: ((ئاگاتان لەو گەرداوە تووش و بوغزنە بوو چۆن هەڵیکردبوو؟ ئەی مێروولە سوورەکانتان بینی چۆن جەستەی بەهادینیان بە بەرچاوی خۆمەوە لێك ترازاندو مۆخ و گۆشت و ئێسقان و چاوو زمانیان کرۆشت و جوی و خوارد؟ بۆ کەستان وەڵامنادەنەوە ئێستا دەڵێن هەر من ئەو شتانەم دیوەو بە شێت و گەمژەم لە قەڵەم دەدەن. ئەوە جاری دووەم بوو دوای پێنج ساڵ ئەو مێروولە سوورانە ببینمەوە سامناك و تۆقێنەرو بێ بەزەیی بوون، دەترسام ڕۆژێك لە منیش بێنە دەست و پارچە پارچەم بکەن هەر پە نجەو دەست و قاچێکم بەدەم کۆمەڵێك مێروولەی سووری تووڕەو شەڕانی و تووشەوە بێ زۆر دەترسام. لە کاتی قسەکردندا جەستەم عارەقەیەکی سارد ساردی دەردابوو لە هەوای ئەو ئێوارەیە تەزیوتر دەلەرزیم و ددانە چۆقەم گرتبوو، ئەژنۆکانم تینیان تێدا نەمابوو بەرچاوم لێڵ ببوو تا وایلێهات هیچم لێدیارنەماو بوورامەوە )).

دایکم لەو ماوەیەدا قژی هەڵدەوەریت.

پاش ئەوەی لەو ئێوارە ساردەدا دایکم بۆ جاری دووەم مێرووله سوورەکانی بینیوەتەوە، ئیدی ئەوەندەی دی حاڵی خراپ بووەو دۆخی دەروونی بۆ ڕێگایەکی دژوارتر لێژبووەتەوە، بەتایبەت وەختێ باوکمی بینیوە مێرووله سوورەکان بەو شێوە دڕندەو بێ بەزەییانە لێکیان هەڵوەشاندووەو کوت کوتیان کردووە، ئینجا هەموو جەستەیان خواردووەو هیچی لێنەماوەتەوە وەك بڵێی هەر بوونی نەبووە. بۆ هەر جێگایەك ڕۆیشتووە هەستیکردووە کەسێك بەدوواوەیەتی لەسێبەرو تارمایی خۆیشی سڵی کردووەتەوەو ترساوە، دارو دیوارو دەرگاو پەنجەرەو هەموو شتێکی لێبووەتە مێرووله سوورەکان، هاتنە ژوورەوەو دەرکەوتنی لەناکاوو کتوپڕی پوورو خاڵەکانم تورەیانکردووەو بەسەریاندا قیژاندوویەتی کە بۆچی وا بەخێرایی و لە پڕ خۆیان بە ژووردا کردووە. لە پێوەدانی دەرگا ترساوەو لەگەڵ زرمەکەی ڕاچڵەکیوە، یەکێك کەمێك بە بڵندی بانگی کەسێکی لەکۆڵان کردبێت ئەو لە ژوورەوە ڕاچەنیوەو بەپەلە خۆی لەسووچێکدا قایمکردووە. لەو وەختەدا من لەسکیدا گەلێك گەورەبوومەو جاربەجار لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری سکی جووڵاوم و هاتووچۆم کردووە، دایکیشم بەتوندی دەستی لەسەر سکی داناوە تاکو من نەجووڵێم و ئازاری نەدەم. هەموو جووڵەو خشپەو چرپەیەك خورپەیەکی ناوەخت و چاوەڕێنەکراوی خستووەتە دڵیەوە لەوەبەدواوە غەمگین و دەستەمۆتر لەجاران دەرکەوتووە، گەر تاوناتاوێکیش هەندێ قسەی بێسەرو گوێی بۆ پوورەکانم و نەنکم کردبێت ئیدی بۆی تەواو نەکراوەو دڵی پڕبووەو دەستی بەگریان کردووە، وەك خۆی هەمیشە ئەوانەی بۆ باسدەکردم و لەخۆییم دەبیست.

ئاکامی ئەو دڵەڕاوکێیە بەهێزو ترسە قورس و پێشوەختانە هەڵبەت باش نەبوونەو تووشی حاڵەتێکی نامۆیان لەجەستەیدا کردووە. دوای مردنی باوکم دایکم بۆ بەردەمی ئاوێنە نەچووەو خۆی نەبینیوەو تین و تاوی ئەوەی نەبووە خۆی بڕازێنێتەوەو جوانبکا، ڕۆژێك پوورە (گوڵەندام) وتی: (( ڕۆژانە سەرلەبەیانیان وەك منداڵ دایکتم لەبەردەمی خۆمدادەناو وقژیم بۆ شانە دەکردو لەدواوە بۆم دەبەست، یا بە گیرەیەکی ناسك هەر هەموویم بۆ هەڵدەدایەوەو بەسەر سەرییەوە تۆپەڵم دەکرد، بێگومان لەسەر داوای خۆی نا بەڵکو ئێمە نەماندەویست بە بەرچاوی ئەم و ئەو ژاکاوو شڵەژاو دەربکەوێ و ئاشوفتەحاڵ بیبینن و وابزانن بێ خزمەتە )) منیش سوپاسی پوورمم کردو پێموت: (( نازانم چۆن چاکەی ئەو کردەوانەتان بدەمەوە، کە لەگەڵ دایکم کردووتانە ))، ئەویش وتی: (( ماردین گیان سوپاسی چیمدەکەیت، بەرلەوەی دایکی تۆبێت خوشکی گەورەی من بووەو خزمەتی هەمووماني کردووە، گەر دووهێندەی دیکەشمان بۆ بکردبووایە هێشتاش نەماندەتوانی قەرەبووی جوانییەکانی بکەینەوە. جارێ تۆ لەم شتانە گەڕێ با قسەکانمت بۆ تەواوکەم ))، ئیدی پوورم دەستی بەقسەکانی کردەوە: (( ڕۆژێك بەرێکەوت کە قژیم بۆ شانە دەکرد دەستم بەر شوێنێکی لووس و بێ موو کەوت، زیاتر دەستم بۆ نێو قژی برد نەکا بەهەڵەدا چووبم دیسان پەنجەم بەر هەمان شوێن کەوتەوە، بۆیە بەپەلە بانگی دایکم کردو مەسەلەکەم

تێگەیاند. ئەویش کە دەستی بەنێو قژیدا هێنا هەستی بەهەمان شت کرد، دوایی جوانتر پشکنیمان و سەرنجماندا بەئەندازەی بازنەیەکی تۆزێك گەورە سەری لووس ببوو ڕوتابووەوەو وەك لە پی دەست ساف و سادەبوو، دواتر کە نەختێکی دی سەرو قژیمان پشکنی بازنەیەکی وەك ئەوەی پێشوو بەڵام بچووکترمان دۆزییەوە، ئینجا باشترو پەشۆکاوتر گەڕاین و دەستمان کوتا، چەندین بازنەی وەها گەورەو بچووك و بێ موومان بینییەوەو پێم سەیر بوو، چۆن ئەو هەموو ماوەیە سەرو قژیم بۆ شانە کردووەو ڕێکخستووە نەمدیبوو، بۆیە هەموو ترساین کە ڕەنگە لە ئاییندەیەکی نزیکدا تەواوی سەری بگرێتەوەو تاڵێك مووی بەسەرەوە نەمێنێت. دایکت بۆ خۆیشی زۆر خەفەتباربوو گریا پێیوابوو ئەوە سەرەتای زەنگی نەخۆشییەکی مەترسیدارەو بەئاگای هێناوەتەوە.

ڕۆژی دوایی من و کەمالی خۆشنووسی خاڵت بۆ نەخۆشخانەمان برد. دوای مردنی باوکت و تێکچوونی ماڵی ئێوەو سەرگەردان بوونی دایکت و گەڕانەوەی بۆ ماڵی خاڵیشت شوێنی لێ دەگۆڕێ و لەگەڵ دوو هاوڕێیدا بۆ بەشە ناوخۆییەکی پیس و چە پەڵ دەڕۆن و هەردەمیش لەو کۆستە گەورەیەدا لەناخەوە بۆ دایکت دەگریا.

پزیشك دوای ئەوەی پشکنینی بۆ دایکت کرد داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر ژیان و گوزەرانی لێکردین. ئێمەش مەسەلەکەمان تێگەیاندو هەموویمان بۆگێڕایەوە، لە چ تەنگژەو بارودۆخێکی دەروونی ئەستەمدا شەوو ڕۆژی بەڕێدەکات. پزیشکەکە بە غەمەوە سەری باداو پێیوتین: (( ئەو حاڵەتەی خوشکەکەتان پێی دەوترێت (نەخۆشی ڕێوی) زیاتر تووشی ئەو کەسانە دەبێ کە لەدۆخێکی دەروونی ئاڵۆزدان و بەدەستیەوە دەناڵێنن، وەك نەخۆشییەکانی خەمۆکی و دووفاقی و دڵەڕاوکێی زۆرو ترسناك و واهیمەیەك نزیکبوویێتەوە لە کەناری شێتی. ئەوانە هەمووی ڕۆح و هەست و دەروون و جەستەی نەخۆشەکە ئاوەژوو دەکەنەوەو بەمشێوەیە موو لە لەشیان هەڵدەوەرێنێ، گەر بێت و پێشی پێنەگرین ئەوە دەبێتە بەڵاو وەك زریان خوشکەکەتان دەبات بۆیە هەرچی زووترە پێویستە ئەوکارە بکەین و ڕزگاری بکەین، وێڕای ئەوەی چارەسەرێکتان وەکو حەب پێیدەدەم، بەڵام تەنیا چارەو شاڕێگای دەربازبوون دڵنەوایی و دەستهێنانە بەسەریداو هەرگیزیش مەهێڵن تەنیا دابنیشێ و بیر لەخەم و ئازارەکانی ڕابردووی بکاتەوە، بەتاییەت لەم بارودۆخەی ئێستایدا کە دووگیانەو پتر لە پێشوو پێویستی بە بایەخدان و گوێلێگرتنە، بەڵێ ئەوە بەشێك لە چارەسەرەکەیە بەشێکی زۆریش گرنگیش )).

دایکت دوای ماوەیەك هەر بەردەوام بیری لەو قژوەرینەی دەکردەوەو ترسی ئەوە دایگرتبوو نەکا ڕۆژێك بێت و ئیدی بە تەواوی قژی پێوەنەمێنێ و سەری بڕووتێتەوە ئەوکات خەمەکەی گەورەتردەبوو، بۆیە ئەو چارەسەرەی پزیشك بۆی دیاریکردبوو بەباشی بەکارینەدەهێنا، گەر بەزۆریش پێمانبدابا نەیدەخواردن و یاخی دەبوو لەگەڵ ئەو ترسەشی کە هەیبوو لە نەمانی یەکجاری قژی، کەچی هەر سووربوو لەسەر پێداگیرییەکانی و دەیویست ئەوە نەخۆشیەکی درم و کوشندەبێ و زۆر نەخایەنێت بیکوژێت و لەو هەموو ئێش و ژانە ڕزگاری بکات. زۆرجار دەستی بۆ نێو قژی دەبردو پە نجەی

لەشوێنە لووس و بێ مووەکان دەدا. دڵەڕاوکێکانی ئەوەندە زۆربىوو تا وایلێهاتبوو موو لە تەواوی جەستەیشی هەڵدەوەری، گەلێکجار ئەو حەبەی تایبەت بوو بە نەخۆشییەکەی بۆمان دەکردە ئاوو ئینجا پێماندەدا بێ ئەوەی خۆی ئاگاداری هیچ بێت، لەگەڵ حەبێکی دیکە کە دەمی نیوەڕۆیان دەبووایە بیخوات بۆیە هەر کە دەیخوارد بێهۆش و گێژ لەجێگای خۆیدا دەکەوت و بۆ نێو خەوێکی دوورودرێژ دەڕۆیشت، وەك مردوویەك دەهاتە بەرچاو هەمیشە کەمالی خۆشنووسی خاڵێشت، کە وا بێگوناه و ستەملێکراو بەکۆڵێك قەهرو عەزاب و مەراقەوە بە نووستوویی دەیبینی بەکوڵ بۆی دەگریا )).

چەند مانگێك بەسەر مردنی باوکمدا تێپەڕیوەو دایکیشم لەو وەختەدا سکەکەی لەجاران زۆر گەورەتربووەو زۆری نەماوە ڕزگاری بێ و منی لێجیابێتەوە، کە زۆر هەوڵیدا لەبارخۆیم بباو بمفەوتێنێت کەچی بێسوودبوو. لەوماوەیەدا کەسوکاری باوکم چەند جارێك بۆ سەردانی دایکم هاتوونەتە( سەیلاو )و دڵنەواییان کردووە، وەختێکیش زانیویانە دووگیان بووە زۆریان پێخۆشبووەو وتوویانە لەجیاتی کوڕەکەمانە بەلاَم جارێکی دیکە گەورەی دەکەینەوە، کەچی لەسەر ئەو حاڵەشەوە کە زانیویانە دایکم نەساغ و چارەڕەشە و دووچاری گرژییەکی قورسی دەروونی بووەتەوە گلەییان لێکردووە. دایکم وتی ڕۆژێك هاتن و پێیان وتم: (( نەدەبوو هەر یەکسەرە دوای پرسەکەی ( بەهادین ) جێمانبێڵی و بۆ نێو کەسوکارەکەت بگەڕێیتەوە ))، بەلاَم من وتم: (( لەوە زیاتر چیدی نەمدەتوانی لاتان بمێنمەوە چونکە ئەوەی منی بەئێوەو ( شائەشکەوت ) بەستبووەوە ( بەهادین ) بوو، وەختێکیش ئەو مرد من لەوێ بەکۆڵێك ئازارو بیرەوەری تاڵەوە چیبکەم. دواییش من تووشی حاڵەتێکی دەروونی بوومە و لەخۆم بێزارو وەڕزم ئێستا کەی کاتی ئەو جۆرە قسانەیە؟ دۆعابکەن منداڵەکەی سکم بەسەلامەتی لەدایکبێت، ئێستا وادەڵێم کەچی کە سەرەتا زانیم دووگیانم پێمناخۆشبوو ویستم لەباری ببەم، بەلاَم چیبکەم تازە نسیبەکەم وەهابوو )).

قژ هەڵوەرین و ڕووتانەوەکەی دایکم هەر بەردەوامبووە لەگەڵ ئەوەی چارەسەریشی وەرگرتبوو بەنهێنی لەماڵەوە پێیاندەدا چونکە ئەو نەیدەویست بەکاری بێنێت، کەچی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بووەو لەگەڵیشیدا بارە دەروونیەکەی سات بە سات ئاڵۆزترو غەمگینتربووە. هەر ئەوەش وایکردبوو ( نەخۆشی ڕێوی ) یەکەی چاکنەبێتەوە یا هەر نا تۆزێك بەرەو باشتر بچێت. کارو پیشەی شەوو ڕۆژی لەجێگا دانیشتن و بەچاوی ئەبڵەق و گومانەوە سەیری هەمووانی کردووەو ئێوارانیش دەستی بەگریان و خوڕنینەوەو جل دادڕینی کردووە، چونکە ئالەوکاتانەدا خەمۆکیەکەی زۆری بۆهێناوەو ئەڵقەیەکی پۆلاَیینی بەدەوری دڵیدا دروستکردووەو ئازارێکی قورسی داوە، وەك خۆی دەیوت: (( گەربێت و بەوجۆرە نەگریابام و لەخۆمم نەدابووایە بێ شك دەمردم، بۆیە دوای کەمێك دەستیان دەگرتم و بۆ سەر جێگاکەی خۆم دەیانهێنامەوەو ئارامیاندەکردمەوەو خەوێکی قووڵم لێدەکەوت )).

********************

لەبەرەبەیانییەکی مانگی حوزەیراندا من لەدایك دەبم.

دوای نیوەڕۆیەکی کەمێك ساردبوو دایکم سات و ڕووداوەکانی لەدایکبوونمی بۆگێڕامەوەو وتی:

((کاتژمێر دووی نیوە شەو بوو لە خەوێکی قووڵ و دنیایەکی تێکەڵ و پێکەڵ بەدەم ئازارو ژانێکی زۆر لەنێو سکمدا خەبەرم بووەوە کە بەرگەگرتنی هێزێکی پتەوو تۆکمەی پێویستبوو. نەمدەزانی چیبکەم بنیم هەر هەموو لەخەوی شیرینی خۆیاندان و خەون بە حەزو خولیاو ڕازە شاراوەکانی خۆیانەوە دەبینن. لەنێو جێگاکەمدا کینگڵم دەداو ئەمدیوەوئەودیوم دەکردو دەستم بەسکی خۆمەوە دەگرت و خۆم مکوڕ دەکرد، وردەوردە لەتاو ژان ئارامم نەماو هەستامەوە سەرپێ و بەناوەڕاستی ژووردا بەدەم نرکەو ناڵەوە پیاسەم کرد. بارە دەروونیەکەشم لەو وەختەدا زۆری بۆ هێنابوومەوەو دڵم تەنگ ببوو دەگوشراوە ژانی سکیشم لەوێڕا بووەستێ. جارێکی دی خەرکیبوو ماکسیەکە لەبەر خۆمدا هەڵزڕێنم و دەست بەگریان بکەمەوە، نەنکت لە نرکەوناڵەم بەئاگاهاتەوەو یەکسەرەو بێئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێ بێت بەرەو جێگاکەم ڕایکردوو بینی لەوێ نەماوم و پیاسەدەکەم، بەوجۆرە کەبینیمی ترساو پێیوتم: ((گەوهەر گیان چیتە وا بەم درەنگانی شەوە خەبەرت بووەتەوەو نرکەو ناڵەتەو دێیت و دەچیت؟)).منیش بەدەنگێکی غەمگینەوە وتم: ((دایەگیان لە سەعات دووەوە لەتاو ژان و ئازاری سکم بەخەبەر هاتووم چەندی کردم نەمتوانی بنوومەوە، نەشمویست ئێوە هەستێنم و بێزارتانکەم و خەوتان بزڕێنم، ئێستاش وابووە بە چواری بەرەبەیان نازانم چیبکەم ژانەکانم ئەوەندە توندو قورس و بەهێزن وەختە ڕۆحم لەگەڵیاندا دەرچێت، ئەوەنیە نە کۆتایی بە ژانەکانم بێ نە کۆتایی بەخۆم)). نەنکت دنیادیدەو بە ئەزموون بوو لێمهاتە پێش و پێیوتم: ((کچم ئەو ژان و ئازارە توندو لەسەریەکەی تۆ باسیان دەکەی لەوەدەچێ هی منداڵبوون بن ئیدی ڕزگارت دەبێ و باریشت سووك دەبێت، چونکە سکەکەت گەورەبووە لەنێو مانگ و کات و ڕۆژی خۆتدایت کەمێکیتر بەرگە بگرە، هەر نا باتۆزێك دنیا ڕووناك بێتەوە باوکت یا هەر کام لەبراکانت بەشوێن ماماندا دەنێرم یا بۆ خەستەخانەت دەبەین و لەوێش ئەوەی پێویستە بۆتدەکەن، ئەگەریش بەرگەناگری و حەوانەوەت نییە تابانگیانکەم و شتێبکەین)). وەڵامدایەوە: ((نا قەیناکا کەمێکی دیش بەرگە دەگرم نامەوێ لەخەویانکەم جارێ بۆخۆم پیاسە دەکەم)).

هەرچۆنێبێ خۆم ڕاگرت و هەژاند وەك جۆلانە پاشان لەجێگاکەمدا پاڵکەوتمەوە، بەهەر شێوەیێ بێ خۆم ئارامکردەوەو خەوم لێکەوتەوە، بەڵام دیسان ژانەکان وەك بروسکەو قامچی کە بە ڕۆح و گیان و خوێنمدا بکێشن بەئاگایان هێنامەوە. لەوکاتەدا سپێدەیەکی نەختێك زووبوو ئاسمانیش تەواو ڕووناکبووەوە، هەر کە گوێم لە جریوەی چۆلەکەکان بوو بۆنی بەیانییەکی تازەو گەڵا و گوڵەباخ و ڕۆشنایی چوو بەسەرمدا، سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەش بەڵام دڵخۆشبووم بەوەی ڕۆژبووەتەوەو هەمووان هەڵدەستن و چارەیەکم بۆدەدۆزنەوە. کەم کەمە دۆخم بەرەو خراپبوون چوو نەنکت گشتیانی بەئاگاهێنایەوە لەوەی دووی نیوەشەوەوە من ئازارم هەبووەو خۆم ڕاگرتووە تا ئێستاکە، بۆیە پێیوتون: ((هەر ئێستا

یەکێکتان بەدوای (حەمدیە) خانی ماماندا بڕۆن و بیهێنن، ئەو شارەزایە گەرکرا ئەوا لەماڵەوە چارەی دەکات ئەگەریش پێویستیکرد بڕیاردەدا کە بۆ نەخۆشخانەی ببەین)). لەوکاتەدا کەمالی خۆشنووسی خاڵت بە پەلەو بێ دوواکەوتن ڕایکردوو بەشوێن (حەمدیە) خاندا چوو، پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵێی هێنا، بەرەو ژوورەکەی منی لێبوو ڕێنماییان کردووەو هاتە ژوورەوە)). وەختێك دایکم قسەی بۆ دەکردم نازانم چیبوو هەر لەخۆڕا موچڕکە بەگیانمدا دەهات. دایکیشم هەستیپێکردم و وتی: ((چیتە کوڕم پێموابێ لە پڕ گۆڕایت، گەر حەزناکەی بۆت تەواو ناکەم))، کەچی بێئەوەی بەسەرخۆم بێنم سەرم بەلای ڕاست و چەپدا کەمێك باداو پێموت: ((نا دایەگیان هیچ عەیبێکم نییە بەخوا، تۆ بەردەوامبە لەسەر قسەکانت پەلەمە زوو تەواویکەیت))، ئینجا دایکم درێژەی بە قسەکانیدایەوەو وتی:

((لە بەرەبەیانییەکی فێنك و دڵڕفێنی ناوەڕاستی حوزەیراندا کەباڵندەکان....)) دایکم تەواو نەیدەتوانی ئەو گوزارشت و هەستە پڕ لە کەف و کوڵەییم پێبڵێ، بۆیە هەر ئێ ئێ ئێ ی بوو، منیش نەمهێشت قسەکان بکات و بۆم تەواوکردو وتم: ((مەبەستت ئەوەیە دایە گیان لە بەرەبەیانییەکی فێنك و دڵڕفێنی ناوەڕاستی حوزەیراندا کەباڵندەکان بەسەر دار هەناری حەوشەوە بە یەك دەنگ و ڕیتم و ئاواز خوێندوویانەو گۆرانی نوێیوونەوەیان چڕیوە. ئاسمان لەڕۆژانی پێشوو ئاویتر نواندوویەتی و لەخۆرهەڵاتەوە هەتاو کڵاوەکەی نەختێك لارکردووەتەوەو ویستوویەتی بەیەکجاری لاییدا، ئینجا کەم کەمە بەرزبووەتەوە تا گەیشتووەتە سەر ماڵی باپیرم و بەحەزەوە وەك بڵێی چاوەڕێی شتێك بکات کە دەمێکە هەمووان چاوەڕوانین، بەڵام جارێ نازانرێ ڕوودەدا یانا. بۆنی کالیپتۆسەکانی دەرەوە ئەو ناوەی پڕ کردووە وەك بڵێی خودا لەبۆشایی و فەزای ئاسمانەوە عەتری پرژاندبێت. دەنگی کوکوختیەکانی سەر تاقی ژوورەکانیش ئاوێتەی دەنگ و بۆن و تیشك و ڕوناکی بونە و چاوی هەمووان پڕ گومان و دوودڵی و ڕاڕایی بووە، ویستوویانە هەواڵ و مژدەیەکیان لە ژوورەوە پێ بگات))، هەر قسەکانم تەواوکرد دایکم وتی: (( ئای لەو فەرمەسۆنەی وەڵا هەر دەڵێی ئاگات لێبووە لەو وەختەدا کە چ شتێك ڕوویداوە))، بە پێکەنینەوە وتم: (( دایەگیان تۆ بەوشێوەیە پڕبوویت لە هەستی جوان و ناسك و نەتدەزانی ئەو ساتەم چۆن تێبگەیەنیت، ئەوە من بۆم تەواو کردیت، دەبڵێ وانییە))، دایکم بەسەربادانەوە وتی: (( وەڵا وابوو کوڕم، دە تۆ جا لێگەڕێ باقسەکانی دیکەم بکەم))، ئەو وەختە دایکم دەستی بەقسەکردەوە:

((لەو ژوورەی ئێستای باپیرتدابووم کە پەنجەرەکەی بەسەر دەرگاو حەوشەوە دەڕوانێت، نەنکت و (حەمدیە) خانی مامانم لابوو، دەمزیڕاندو ژانەکانم قورستردەبوون تەواوی جەستەم عارەقەیەکی زۆرو گەرمم دەردابوو. بەهەموو هێزو توانام لێوەکانم دەگەست و قەپاڵم لێدەگرتن، بەجۆرێك بریندارم کردبوون خوێن و گۆشتم تێکەڵ کردبوون. هەموو ڕوخسارم ببوو بەچاو ئەوەندە گەورەو دەرپۆقیو بوون لەوساتەدا، هەر هاوارمدەکردو لەسەریەك دەمقیژاند. ژانێکی زۆرم هەبوو مامانەکە خەریکبوو یارمەتیمبدات تا بەئاسانی و بێ گرفت تۆ لەدایکبیت، نەنکیشت بەردەوام خاولییەکی تەڕی بەسەر نێوچەوا نمدا

دەهێنا، کەبەهۆی پلەی گەرمی بەرزی لەشمەوە یەکسەر وشکدەبووەوە، دووبارە تەڕیدەکردەوەو لەسەرنێوچەوا نمی دادەناوە. زۆری نەخایاند ڕزگارم بوو یەکەم گریان و زریکەی منداڵێکی ساوای بێ باوك و خێرلەخۆنەدیو بەسەرەتایەکی پڕ ئەشکە نجەو کوێرەوەری و غەمماڵەکەی پڕکردو دەنگیدایەوە. هەموو لە پشتی دەرگای ژوورو حەوشەو پە نجەرەوە لەخۆشیدا نەیاندەزانی چیبکەن لەتاوا دەستیان کردووە بەگریان، ئینجا دوای ئەوەی نەختێ هاتمەوە سەرەخۆ (حەمدیە) خان بەدزییەوە سەری هێنا پەناگوێم و وتی: ((بزانە بیرتە کچم ئەو ڕۆژەی هاتیە لام و داوات لێکردم لەباری ببەم و من ناڕازیبووم و نەمهێشت. ئێستا وەك گە نجەکانی دیکەی شار بوومە دایکی ڕۆحی ئەویش، ئومێدەوارم ببێتە مایەی خۆشبەختی و مزگێنی بەختیاری گەورەی پێبێت بۆت و فوویەکیش لە تۆزو غوباری ماتەمی سەر دڵت بکاو بیڕەوێنێتەوە. دڵنیام دەبێتە ئەو فریادڕەس و فریشتەیەی تۆ دەتەوێت، هەر وەختێك لەباوەشت گرت و چۆڕێکت شیر پێداو سۆزو خۆشەویستیتان ئاوێتەی یەکتربوو ئەوکاتە لەنرخ و بەهاکەی دەزانی و ئامادەنیت بەهیچ شتێکی ئەم گەردوونە بیگۆڕیتەوە، گەر منداڵ وەها خۆشەویست و ئازیز نەبووایە هیچ دایك و باوکێك نەیدەتوانی بەخێویان بکاو بەرگەی ئازارەکانیان بگرن و بێزاریش نەبن لێیان))، دوای ئەوەی (حەمدیە) خانیان بۆ ماڵی خۆی بردەوە باپیرو خاڵ و پوورەکانت خۆیان بەژووردا کردو ماچیانکردم و لەئامێزیان گرتم. تۆشیان لەسەبەتەیەکی پووشی بچووك و مەلۆتکەیەکی سپییەوە پێچاو لەتەنیشتمەوە پاڵیان خستیت)).

دوو وێستگەی پووچ و بێمانا لەژیاندا هەن یەکیان لەدایکبوونە ئەویدیان مردنە. وەختێ لەدایك دەبیت لە قوماتێکی سپییەوە لوولت دەدەن و بێ ئاگایت چاوت شتەکانی دەوروبەر نابینێ و ناناسێ، تەنیا هەست بەکۆمەڵێك دەنگی ڕەق و ژاوەژاوی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆز دەکەیت، بچووکی و هەرچیت لێبکەن بێدەسەڵات و نافامیدەی، فڕێتبدەن یا سەرتببڕن یان ڕووتتکەنەوەو داتبپۆشنەوە هەمووی لای تۆ وەکو یەکن. ماناکانی برسییەتی و لەززەت و ئازادی و عەشق و ئەمەك و وەفا یەك شتن. لە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی درێوو بێ ڕەواج هیچی دی نین کە گشتیان یەکسانن بە یەك و تەنیا ئە نجامێکیش دەردەچێت ئەویش هیچییە، لەنێو بۆتەی هیچێکی گەورەتر کە لە یەکەی ڕابردوو پێکهاتوون. وێستگەی دووەمیان مردنە دووبارە دەگەڕێینەوە سەر هەمان خاڵی سفرو بە دەستی بۆش و خاڵی خوداحافیزی دەکەین. قوماتە سپییەکەی لەدایکبوون کەمێك گەورەتر دەکەین و ناوەکەیشی دەگۆڕین بۆ کفن، ئەگینا هەردووکیان یەك بەرگ و یەك پۆشینن. مردوو نابینێ و ناناسێ چەند ساتێکیش دوای مردن بەماوەیێ هەست بەکۆمەڵە دەنگێکی ڕەق و ژاوەژاوی تێکەڵ و ئاڵۆز دەکەین و هەستی بیستن تا درەنگ لەکار ناکەوێ. زیندووەکان هەرچیمان لێبکەن بێدەسەڵات و نەفامیدەین، فڕێماندەن، سەرمانببڕن یا ڕووتمانکەنەوەو دامانپۆشن هەموو لامان وەك یەکە. جارێکی دی ماناکانی برسییەتی و لەززەت و عەشق و ئازادی و ئەمەك و وەفا لە کاژێ بەهاکانیان دێنە دەرو ڕیشەی خۆیان وندەکەن و هاوکێشە ماتماتیکیەکەی لەیەکەی ڕابردووی هیچی دروست ببوو، ئە نجامەکەی یەکسان دەبێتەوەو هیچێکی دی لە قاڵبی هیچێکی تردا دەتوێتەوە.

پێدانان لەسەر هەسارەی زەوی و سلاّولێکردن و پاشەکشەو ماڵئاواییەکەی یەکێکن زۆر زووش تێدەپەڕن. ئەمانە هەمووی پووچی بوون و خولانەوە بەدەورەی بازنەیەکی بۆش پیشاندەدەن، ساوا لەبێشکەدا بەتوندی دەییەستن تا ئیدی نەتوانێ بجوڵێتەوەو هەر کەی بیەوێت بێتەدەرەوە. مردووش بەهەمان شێوە توند شەتەکی دەدەن و دەییەستن تاکو گرێکانی نەکرێنەوەو مەحکوم بێت بەوەی بەسەریدا سەپیوە، لەنێو گۆڕیشدا لەچاڵێکی بچووك و درێژکۆلەی هاووێنەی بێشکە پاڵیدەخەن و تاشەبەردی گەورەی لەسەر دادەنێن و دایدەپۆشن. پەیوەندی بێشکەو گۆڕ پەیوەندییەکی قووڵی جاویدان و بەردەوام و ئەزەلییە، تا لەسەر ئەم هەسارە نەگبەتەی ناوی زەوییە هەناسە وەربگرین و بیدەینەوە ئەم پەیوەندی و خزمایەتییە درێژودرێژتر دەبێتەوە. لەمابەینی بچووکترین مەوداو کەمترین فاسیلەشدا لە هەر هەناسە وەرگرتن و دانەوەیەکدا هەڕەشەیەك لەدوورەوە وەستاوە کە هەڕەشەی مەرگ و چاوداگرتنی گەمەکانی ئەجەلە، وادەکات ئەو پەیوەندی و خزمایەتییە ڕەگی پتر داکوتێ و هەرگیزیش نە پسێت و ڕۆژێ لە ڕۆژان هەرەس نەهێنێت.

ژیان ئەو حەوزەیە کە پڕیەتی لە جۆرەها ماسی هەمەڕەنگ و قەشەنگ و لێوانلێو لە ئومێد، لەنێویشیدا سەدەفی پڕ مرواری و یاقووت و لەعلی گرانبەهاو کریستاڵی ڕەنگاوڕەنگ و فریودەریان تێدایە، بەڵام هەمیشە ڕاڕایی و دوودڵی و غەمگینییەك ڕۆحی ماسیەکان دەکرۆژێت و دەجوێت و لەناخەوە دەیانهاڕێت. کاتێك لەوپەڕی سەرگەرمی یارییەکانی ژیانیاندان و هەڵدەبەزنەوەو سەما دەکەن و پێدەکەنن، لەپڕ تیلەنیگایەك دەگرنە دەرەوەی حەوزەکە منداڵێکی چەتوون و سەرشێت لێیاندەبێتە فریشتەی مەرگ و ئەجەلەکەی ئێمە و دەیەوێ گەمەی زیندەگی و مردنیان لەگەڵدا بکاو بە چاوێکی پڕ لە فێڵ و عەییارانەوە لێیاندەڕوانێت و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکات ئەوەندەش دڵخۆش و کامەران مەبن، چونکە هەر کەی بمەوێت دەتوانم دەست بخەمە حەوزەکەو لە ئاوەکە دەرتانبێنم، لەمردنتان ڕا بمێنم و چاوی تکاو ڕوانینی پاڕانەوەتان ببینم کە چەندە زەلیل و کەنەفت و نەخۆش دێنەبەرچاو، بۆیە ماسییەکان واز لە گەمەکانیان دێنن و بە غەمگینییەکی زۆرەوە وەك غەمگینی ژیان خۆی بۆنێو کوچەو کۆلانە تەڕەکانیان دەگەڕێنەوەو لەسەر پێخەفی شەلاّڵ و تەڕو شێداریان پاڵدەکەونەوەو خەوی ئاوڕشێنکراو دەبینن و ڕادەچڵەکن و بەبێهیواییەکی کوشندەوە دەترسن، بەمجۆرە ئومێدێکیان لە ژیاندا بۆ نامێنێتەوەو بەردەوام هەڕەشەی کتوپڕی مەرگ گەمەو پێکەنین و خۆشیەکانیان لێ تێکدەدات.

دایکم کە قسەکانی بۆ دەکردم خۆشم نازانم لە چ حاڵ و دۆخێکی دەروونیدابووم، ئاوێتە بووم لە هەموو شتێك ڕاستە هەرزەکاربووم، بەڵام ئازارو غەمەکانم زۆر لەخۆم گەورەتربوون بۆیە منیشیان وا پیشاندەدا. تۆزێك زیاتر لە دایکم چوومە پێشەوەو وتم: (( ئێ دایە گیان دوایی چیتر، خۆت چ هەستێکت هەبوو دوای ئەوەی حەمدیە خانی مامان ئەو قسانەی پێوتی، دڵخۆشبووی بە هاتنە سەر دنیام یانا؟! )) دایکم وەڵامیدامەوە: ((ماردین گیان من هەر ئەوەندە بوو لە ئازارو ژانەکە ڕزگارم ببوو، ئەگینا سەرا پای جەستەم وەکو سەعات لێیدەدا، هۆشم لەخۆم نەبوو )) هەستمکرد لە پرسیارەکەم خۆی

دزییەوە لەوەی پێموت دڵخۆشبووی بە لەدایکبوونم یانا، بەڵام لەسەری نەڕۆیشتم چونکە هەر وەڵامێکی بدابامەوە لەدڵەوە پێی ڕازینەبووم، ورده ورده ڕۆژ دوای ڕۆژ هەست و سۆزی زیاتر کەوتووەتە سەرم و خۆشیویستووم. ڕاستە لەوانەیە سەرەتا دڵخۆش نەبووبێ منداڵێکی بێ باوکی هێناوەتە ژیان و بە تەنیا چیلێبکات هەرکەسێکیش بووایە لەشوێنی ئەو هەمان هەست و بیرکردنەوەی دەبوو. بەجۆرێکی دیکە هاتەوە نێو بابەتەکەو لەسەر قسەکانی پێشتری بەردەوامبوو: (( هەموویان بەدەوری من و تۆ دانیشتبوون پێدەکەنین و دەگریان. من حاڵم زۆرباش نەبوو ئازارم هەبوو هەر ئەوەندەبوو تۆم لێجیابببووەوە، پاشان نەنکت پێیوتن ژوورەکەمان بۆ چۆڵکەن بۆیە هەر بەتەنیا من و تۆو نەنکت ماینەوە. نەنکت سەرلەبەری جلەکانمی گۆڕی کە لە عارەقەیەکی پیس و بۆگەنی منداڵبووندا شەلاڵ ببوو، تەواوی جەستەی سڕیمەوەو دەموچاوی شووشتم، سەروقژی بۆ هەڵدامەوەو بەستی لەگەڵ دەستیشیدا تۆپەڵ تۆپەڵ موو بەدەستییەوە دەهات، بەڵام نەیهێشت من مووەکان ببینم و هەر زوو شاردنییەوە، ئینجا پاڵی خستمەوە سەر جێگاکەو پێیوتم هەوڵدە بخەویت لەسەعات دووی شەوەوە بەژان و ئازارێکی توندەوە بەئاگایت غەمی منداڵەکەشت نەبێت من ئاگام لێیدەبێ. ئیدی خەو لێکەوتووەو نەنکیشت بەدزییەوە لە پشت سەرم دانیشتووەو دەستی بەگریان کردووە، کە تائەوکاتە خۆی گرتبوو تا بەبەرچاوی منەوە نەگریەت و بەغەمگینی نەیبینم و بێتاقەتبم، ئەوە دوای سالأنێك خۆی بۆیگێڕامەوە وتی: (( وەختێ باوکت بە ئەسپایی بۆ ژوورەوە هات و منی دیت کە لە پشت سەری ئێوەوە بە ماتی دانیشتووم و دەستم ناوەتە ژێر چەناگەم و دەگریم و ئاو لەچاومدا وشك ناکات بۆ منداڵێکی بێگوناه و بێ باوك، بۆ بەختی ڕەش و کوێری تۆ، بۆ ئەوەی تووشی حاڵەتێکی قورسی دەروونی ببوویت و غەمۆکییەکی نامۆ کە تائێستاکە لەهیچ کەسێ نەمدیبوو یەخەی پێگرتبوویی و قژی ڕووتاندبوویەوەو مووی لە گیانی هەڵوەراندبووی. بۆ ئەو وەختانەت دەگریام گەوهەر کە بەرلەوەی شووبکەیت چەندە چەلەنگ و ئازاو ئێش ڕاپەڕبوویت و ئەو خێزانە گەورەیەت بەڕێوەدەبردو لە ئەستۆدابوو، کەچی ئەوسا نەتدەتوانی تەنانەت پەرداخە ئاوێك هەڵبگرێت و بیخۆیتەوە. لەهەموو شتێ دەترسایت و دوودڵ بووی لەوەی پەرداخەکە ڕەنگە لەدەستت بەربێتەوە ڕاڕابوویت و دەستەکانت دەلەرزین، هەستمدەکرد بەردەوام تارماییەك بەدواتەوەیە لەسێبەری خۆت و دارو دیوار دەتۆقی و گومانت لە بچووکترین شت دەکرد. لەقووڵایی خەودا ڕادەچڵەکایت و بەگریان و فرمێسك خەبەرت دەبووەوە. هەموو سەرلەبەیانییەك سەرەتا کەمێ باشبوویت، بەڵام دوای عەسرانی درەنگ دەروونت تەواو دەشڵەژا و ڕەفتارو کردارت وەك شێتی لێدەهات. لەخوشك و براکانت تووڕە دەبوویت و قسەت پێدەوتن و بە تەواوی هێزتەوە شتت دەدا بە زەویدا و دەتشکاند، خۆت دەڕنییەوەو بەسینەی خۆتدا دەکێشا، نوقورچت لە دەست و لاقی خۆت دەگرت، ئینجا چەند ڕۆژێك دواتر شوێنی بەجێدەماو دەبووە قەوارەی ڕەش و شین و خوێنیان تێدەزاو ئازاری زۆریان دەبوو پەشیمان دەبوویتەوە لەوەی ئیشێکی وەهات کردووە، بەڵێ کچم بۆ هەموو ئەو شتانەت دەگریام ئەوکات )). بەسەرسوڕمانەوە وتم: (( ئەی کە باپیرم بۆ ژوورەوە هاتووە چی بە نەنکم وتووە؟ )) دایکم نیگایەکی پڕ مانای

**تێگرتم و وتی: ((ورده ورده بۆت تەواو دەکەم هەموو ئەو شتانەی لەوکاتەدا دایکم بۆ منی گێڕاوەتەوە منیش بەتۆیان دەڵێم))، ئینجا دەستی پێکردەوە:**

**((باپیرت کە بەوشێوەیە نەنکتی دیوە ئینجا چاوی بە من و تۆدا گێڕاوە کە بەتەنیشت یەکەوە خەوتووین، ئەویش دڵی پڕبووەو لەلای نەنکت دانیشتووەو دەستی بەسەری خۆیەوە گرتووەو بەکوڵ گریاوەو دڵۆپە فرمێسک بەڕیشی نیوە سپی بوویدا هاتوونەتەخوارو لەبن چاویلکەکەیەوە سڕیوەتیەوە. دوای قەیرێك بێدەنگی نەنکت ڕووی لە باپیرت کردووەو بەهەنسکەوە پێیوتوە: ((ئەوە کچەکەشمان منداڵی بوو کوڕێکی بێ باوك و دایکێکی نەخۆش و سیس و پەژموردە من چیبکەم گەر (گەوهەر) هەروا مایەوەو بەرەو چاکبوونەوە نەڕۆیشت، گومانی تێدانیە کە منداڵەکە بەخێودەکەم بەس من خەمی ئەومە دەترسم ڕۆژبەڕۆژ حاڵی خراپترو غەمگینتربێ. وابزانم تۆزقاڵێك دڵی بەم منداڵە خۆشنیە، گەر هەر وابڕوات لەنازی دایکیشی بێبەشدەبێت. دەترسم (گەوهەر) شێت بێ و بەزنجیر بیبەستینەوە تاکو نەچێتەدەر ئەوە بووەتە داڵغەی شەوو ڕۆژم وەك کرمێك لەڕۆحمدا دەجووڵێ و دەخزێت لەوە ترساوو تۆقیوم. زۆرجاران بۆ چەند ساتێك بیرمدەچێتەوە بەڵام هەر کە کرمەکە دەستی بەجووڵەجووڵ کردەوە ئەوە دەمودەست بیرمدەکەوێتەوەو ئازارێکی قورس دەمگرێ. تائێستاش ئەم شك و گومانەم لای هیچ کامێکیان نەدرکاندووە ناشوێرم بیدرکێنم ئەوە بەتۆم وت تۆش باوکیت وەك چۆن من دایکم، نەکەی لای هیچیان لە زارت بێتەدەر دەبێ لێرە بەدوواوە هەوڵی تەواوی خۆمان بدەین تا کچەکەمان سوکنایی و فەرامۆشی بەمنداڵەکەی بێت و خۆی لەیادبکات، تەنیا ڕێگاو چارەسەر لەبەردەمماندابێت ئەم منداڵەیە و هیچی دی. ئەو هەموو مانگە نەمانتوانی باری دەروونی وەها لێبکەین کە نەگاتە ئەم ئاستە قووڵ و تاریکەی ئێستا تێیدایە، کە بەجۆرێکی لێهاتووە قژی بەتۆپەڵ هەڵدەوەرێ و لە چەند شوێنێکەوە سەری لووس و بێ موو بووە. غەمۆکییەکەی زۆری بۆهێناوەو وا ئاسان بەرۆکی بەرنادات لێرە بەدووا پێویستە ئەم منداڵە وەك دۆزەرەوەی ڕێگا چارە بەکاربێنین و سەرقاڵی بکەین، بەڵکو لەناکاو ڕۆژێك بێ بۆ هەمیشە غەمەکانی بیرچێتەوە))**

**باپیرت کە گوێی لەو قسانەی نەنکت بووە هەر لەخۆیەوە هەستێکی نامۆو لەپڕ سەراپای ڕۆحی گرتووەو کەمێك چاویلکەکەی هەڵکێشاوەو بە گومانەوە لێڕوانیوەو وتوویەتی: (( تۆ ڕاستدەکەیت تەنیا ڕێگاچارە ئەم منداڵە جوانکیلەیە کە خودا وەك خەڵات و دیاری پێیبەخشیوین دەبێ ئێمەش وەك پێویست قبووڵی بکەین. ڕۆژانە ئێوە لەماڵن زیاتر چاوەدێری بکەن و بزانن تا چەند واز لە غەمەکانی خۆی دێنێ و بەلای منداڵەکەیەوە دەچێت و لەباوەشی دەگرێ و شیری پێدەداو لەگەڵ گریانەکانی دەگری و لەگەڵ پێکەنینی پێدەکەنێ و لە هەموو ساتەکاندا قووڵ لەگەڵیدا دەژێ. یەکێك لەسیفەتە دیارو خەسڵەتە جەوهەرییەکانی دایك ئەوەیە بتوانێ لە هەموو ساتە پڕ لەززەت و ئازار بەخشەکاندا هاوزەمان و هاوهەست لەگەڵ کۆرپەکەی بێت. دایك ئەوەیە بەرلەوەی ڕۆڵەکەی بگری پێی بزانێ پێش ئەوەی برسی بێ خۆی سکی لەبرساندا**

بخووسێتەوە، بەر لە قۆناغی گاگۆڵکێ و سەرپێکەوتن درکی پێبکاو وشیاربێ لەهەموو هەستەکانی و لەگەڵ ژیانیدا بژیەو لەگەڵ هەناسەدانی ئەویش هەناسە بدات. دایك چیدی ناتوانێ زیندەگی خۆی بکاو بتوانێ پێشتر چۆن ژیاوەو پێکەنیوەو نانی خواردووەو خەوتووە دوای ئەوەی کۆرپەیەك دێنێتە دنیاوەش هەر بەهەمان شێوە بژیەت. هەمووومان پێویستە تۆوی ئەو سات بەسات لەگەڵ ژیانەدا لە ناخ و هەستی (گەوهەر) دا بچێنین، گەر هات و خۆی نەیتوانی لەڕۆحی خۆیدا بیڕوێنێت، وە هانی بدەین تا لەو خەسڵەتە جوان و قەشەنگانەی دایکایەتی بێبەش نەبێ و غەمەکانی خۆیشی بیرچێتەوە. هەر کاتێ (گەوهەر) دۆشداماو بەنێو خەیاڵە تاریك و نەبینراوەکانیدا ڕۆچوو تەواو لەچاڵی بێ بنی ڕابردوویدا هاواریکردو گوێی لەسەدای خۆی بووەوە، لەوساتەشدا کۆرپەکەی قیژاندی و دەستی بەگریان کرد بەهۆی برسێتی یا هەر هۆیەکی دیکەوە، ئەو ڕاچڵەکی و وازی لە خەیاڵە تاریکەکانی هێناو لەقووڵایی ئەو چاڵە بێ بنەشدا بە قەڵەمبازێك هاتەدەرو بەلای ساواکەیدا ڕایکردو گرتییە ئامێزو توند بەسینەی خۆیەوە نا، ئەوە مانای وایە توانیمان ئەو تۆوە لەناخیدا بڕوێنین و خەریکە چەکەرە دەکاو لەبەرەکەی دەخوات ئیدی لێرەوە دایکایەتی تەواو بەدەستدێنێت)).

کوڕم پاش چەند ڕۆژێك هیچ ناوێکمان بۆ تۆ پێنەدۆزرایەوەو هەریەکە ناوێکی دەوت، هەرچی لەدەرەوە گوێیان لێدەبوو کە دەهاتنەوە ماڵێ دەیانوت ئەوناوەی لێدەنێین، بەڵام هیچیانم بەدڵنەبوو لە پڕ ئەوەم بیرکەوتەوە ئێوارەیەکی هەینی لەگەڵ (بەهادین) پیاسەیەکی خۆشمان بەنێو بازاڕو قەیسەری شاردا کردو خەوی داهاتوومان بۆ یەکتر باسدەکرد، کە ئەگەر کوڕمان بوو چیبکەین و ناوی بنێین چی، گەر کچیش بوو چ ناوێکی ناسك و مۆسیقیانەی لێبنێین. ئەمەو چەندین گفتوگۆو پڕۆژەی هەمەجۆری دی جگە لەمنداڵ لەبارەی خانوو کارکردن و باشترکردنی بژێوی ژیان و گوزەرانمان. وەك هەر ژن و مێردێك سەدان خەونمان خستە سەریەك و کۆشکێکی گەورەمان لێدروستکرد، کە دەیەها پەنجەرەو بالکۆنیان هەبوو بەسەر چەندین باخچەو سەوزایی پڕ گوڵ و درەختی خەیاڵیدا دەیانڕوانی. ئالەو کاتەدا وتم: ((گەر هات و ڕۆژێك کچێکمان بوو نابێت دڵم بشکێنی و ناوی دەنێین (سەما))). باوکیشت دەسبەجێ وتی: ((ئەوە لەئێستاوە من ڕازییووم گەر کچ بوو با بەدڵی تۆبێت، بەڵام گەر کوڕ بوو ئەوە نابێت تۆش دڵی من بشکێنی و ناوی دەنێین (ماردین) هەرچەندە لەگەڵ ناوەکەی تۆدا لەسەر هەمان کێش و سەروادا نین، بەڵام بەڕای من جوانی و گونجان و مانای ناوەکانە نەوەك سەرواو مۆسیقاکەیان. تۆ دەڵێی چی ڕازیت یانا؟))، منیش ڕازیبووم و پێکەوە درێژەمان بەقسەو پیاسەکەماندا، کوڕم بۆیە ویستم ئاواتەکەی (بەهادین) بێنمەدی، گەرچی ئاگای لێنەبوو بەڵام حەزیدەکرد گەر کوڕبێ ناوی بنێین (ماردین) منیش ڕازیبووم. ئیدی لەسەر قسەکەی باوکت ناومنای (ماردین)، هەموویان دڵخۆشبوون بەدیاریکردنی ناوێکی خۆشی پڕمانا کە ڕۆژانە بەچەندین شێوەی جیاواز ناوەکەیان کورت دەکردیتەوەو بانگیان دەکردیت، هەڵیان دەپەڕاندی و ماچیاندەکردی، دەیانشووشتی و بەجۆرێکی بێوێنەو بەوپەڕی ئاسوودەیی و کامەرانی پەروەردەیان دەکردیت.

لەوماوەیەدا تەنیا جارێك کەسوکاری باوکت سەردانیان کردی، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی وایان هەستکرد کوڕەکەی خۆیانی، هەندێ جل و بەرگ و شیروکۆمەڵێك پێداویستی دیکەشیان بۆهێنابووی، بەڵام وەکو شتێك هەر لالووت بوون لەوەی لایان نەبووم و بەردەوام تۆیان لەباوەشدا نەبووە بەتایبەت دایکی باوکت. لەگەڵ ئەوەشدا گوێم پێنەدەدان چونکە لەوکاتەدا لە دژوارترین دۆخی دەروونی و جەستەیی خۆمدا دەژیام.

ماوەی چەند مانگێك بەسەر لەدایکبوونتدا تێپەڕیبوو،نەختێك پەرەوازەو چاوگەش ببوویت و بەهەستێکی منداڵانەوە لەدەوروبەری خۆت دەڕوانی و سەرنجت لەشتەکان دەداو سەیرو نامۆ بوون لەلات. لەخۆڕا پێدەکەنی و پەلەقاژەت دەکرد کە برسیت دەبوو دەگریایت، وەختێ تێریش دەبوویت بەباشی دەخەوتی کە پاشەڵێشت پیس دەبوو جاڕزو بێزار دەبوویی و لەسەریەك دەتقیژاند. بەسەعات لەمژینی پەنجەم وەڕزنەدەبووی هەر کەسێك لەباوەشی کردبای بڕۆکانت تێکدەناو بە مۆرەوە سەرنجت لێدەدا. لەوکاتانەدا من هەر نامۆبووم پێت دیسان بەردەوام ڕۆژانە دەگریام و بە هەمان شێوازی جاران لەسووچێکدا دادەنیشتم و دۆشدادەمام، خەیاڵ دەیبردمەوەو چاوم لە پنتێك دەبڕی و هەڵمنەدەگرت. نەنکت و پوورەکانت دریغیان لە پەروەردەکردنتدا نەدەکرد، بەڵام دەیانویست من پتر پێتەوە سەرقاڵبم کە گریایت و برسیت بوو قیژاندت، بۆئەوەی خۆم بەلاتدابێم، بۆیە زۆرجار کەسیان بە ئەنقەست بەلاتدا نەدەهاتن و بانگی منیان دەکرد تا لەئامێزتگرم و شیرت پێبدەم و ژێرتکەمەوە، ئینجا لەسەر کۆشی خۆم دامدەنایت و بێدەنگم دەکردی. کوڕم وانەبێت خۆشم نەویستبیت وام لێتدەڕوانی وەك ئەوەی ئاسمان دوولەت ببێ و تۆی لێکەوتبێتە خوارەوە، بەڵام من خۆم پێویستم بەوەبوو دڵنەوایی بکرێم و دەستم بەسەردا بهێنرێ و ئەو ئەڵقە پۆڵایینە خەمۆکییەی سەر دڵمی تەوقکردبوو بشکێنرێ و ڕزگاربکرێم.

هەمووان هەوڵیان لەگەڵ دەدام تاکو هێمن بمەوە،تا بتوانم بۆ دۆخی سەرەتای ژیانم بگەڕێمەوەو ئیشەکانم ڕا پەڕێنم و بە هەمان سیستمی پێشوو کارەکانم بکەم و چەلەنگ و ئازایانەش تۆ بەخێوبکەم، بەردەوامیش پاڵپشتی خۆیان بۆ دووپاتدەکردمەوە تا دووا وێستگە جێمنەهێڵن. هەندێکجار ئەو جۆرە قسانە بەشێوەیەکی کاتی کاریان تێدەکردم، بەڵام لەبەرئەوەی هەستی بەسەرخۆدا زاڵبوونم لاوازبوو، گوشارە ڕۆحییەکە بەتوندی دەستی بەسەر تەواوی گیان و ناخیدا گرتبووم و چەنگی لەبێنەقاقام نابوو، هەرزوو بۆ بارە دەروونییە گرژو ئاڵۆزەکەم دەگەڕامەوە، ژێربالْ و سایەی ئەوم پێخۆشتربوو لەبەرئەوەی بە ڕابردوو یادەوەرییەکانەوە پەیوەست بوو لە سەرزەمینی ڕاستەقینە دایدەبڕاندم. بە ئەندازەی ئەوەی ئاوڕم لە پێشوو دەدایەوە نیو هێندە لام لە داهاتووم نەدەکردەوە. هەر ئەمەشە سروشتی لاوازو بێ جورم و تینی مرۆڤ. (کەمالی خۆشنووس)ی خاڵت ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دڵنەوایی و هێورکردنەوەی دەروونی مندا بینی. لەناخەوە بێتاقەت بوو دەیوست بەهەرشێوەیێ بێت غەمەکانم بڕەوێنێتەوە.

دایکم قسەکانی تەواوکردو وتی: ((کوڕم ئێستا هەموو ئەو کات و ساتانەت زانی لەوەختی لەدایکبوون و چۆنییەتی هەستی من لەو وەختەدا؟)) منیش بە حەپەساوییەوە وەك ئەوەی لەسەربانێکەوە کەوتبێتمە خوارەوە وەڵامیمدایەوە: ((دایەگیان سوپاس بۆهەموو قسەکانت، ئێستا تەواوی شتەکان بەباشی تێگەیشتم لەوەخۆشترنییە سەرەتای هاتنە دنیاو چاو هەڵێنانت بەڕوناکی بۆباسبکەن، چونکە ئەوکات مرۆڤ هەست بەهیچ ناکا کە گەورەش دەبێ لەیادی نامێنێت))، دەستمکردە ملی دایکم و توند لەباوەشمگرت.

من کە گەورەبووم کەمالی خۆشنووسی خاڵم بایەخێکی زۆری پێدام و بەردەوامیش ئامۆژگاری دەکردم و ڕێنمایی وردو دروستی پێدەبەخشیم، لەهەموویشی گرنگتر گەورەترین حەزو خولیای لە ناخمدا خوڵقاند ئەویش خۆشەویستیم بۆ کتێب و خوێندنەوە بوو. هەر ئەمەش بوو وایلێکردم لەقۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییمەوە دەست بۆ کتێب ببەم و بەعەشقەوە لێی بڕوانم، چونکە ئەو خۆی بەدەرلەوەی کۆمەڵێك کتێبی لەبارەی دەستورو بنەماکانی خۆشنووسی و سەرەتاکانی دانانی هێڵ و خاڵ و پیت لەسەر ئاڕاستەیەکی نەخشە بۆکێشراو هەبوو. بەردەوامیش کتێبی دیکەی دەکڕی و دەیخوێندەوە، وەك دیوانی شاعیران و چیرۆك و ڕۆمان و سەرگوزەشتەی هونەرمەندان و مێژوو فەلسەفە کە لە پاڵیانەوەو بێ ئاگایی خۆم پەڕەکانم هەڵدەدانەوەو دەمخوێندنەوە، بەتایبەتی ئەو شیعرە لیریکیانەی بەرچاوم دەکەوتن هەرزوو بەخێراییەکی بێوێنە لەبەرم دەکردن و لەسەریەك دەموتنەوە. زۆرم شتم بەلاوە قورسبوو لەو پەرەگراف و دەستەواژەو زاراوانەی لەکتێبە مێژوویی و فەلسەفییەکاندا دەهاتنە پێشچاوم، بۆیە لەخاڵم دەپرسین تا ماناکانم بۆ ڕاڤەبکاو لێکبداتەوە ئەویش بەپێکەنینەوە پێیدەوتم: ((ماردین گیان ماناکانت بۆ ڕووندەکەمەوە بەلام جارێ بۆ ئەم کتێبە قورسانە زۆر زووە سەرەتا دەست بۆ دیوان و چیرۆك و ڕۆمانەکان ببە، ئەمە واتلێدەکات تۆزە تۆزە پاشخانێکی گەورەی ڕۆشنبیریت لا دروستبکات ئینجا وردەوردە فیکرو مەعریفەو توانا شاراوەکانی ناخت خۆیان دەردەکەون و داوای ئەم کتێبانەت لێدەکەن. ئەو وەختە تۆش بە وشیارییەکی فراوان لەدەروازەیان دەچیتەژوورو پەڕەپەڕە هەڵیاندەدەیتەوەو لەوشەوڕستەو ماناکانیان تێدەگەیت. پاش تەواوکردنیشیان دەتوانی قسەی خۆت بکەیت و کتێبەکە دەوڵەمەندتر بکەیت)). ئەوکاتە پێمناخۆشبوو وای پێدەووتم وامدەزانی نابمە هیچ و ناتوانم هیچ شتێکیش فێرببم، بۆیە بە زەردەخەنەوە پێمدەوت: (( ئێ زۆرباشە خاڵە گیان هەروەك تۆ وتت وادەکەم شتێکیش گەر تێینەگەیشتم ئەوا لە تۆ دەپرسم)). بێتاقەتییەکەم دەشاردەوەو وامنەدەکرد هەست پێبکات.

دوای ساڵانێك تێگەیشتم خاڵم قسەکانی لەو بارەیەوە ڕاستبوون، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستمکرد ئاسۆی تێڕامان و بیرکردنەوەم گەورەو فراوانتر دەبێ، وەك لەنێو بەلەمێکی بچووکەوە بەسەر دەریایەکی گەورەو بەریندا سەوڵ لێدەم و بۆ پێشەوەتر بڕۆم، لەوێ سنوری مابەینی ئاسمان و دەریاکە کۆتایی نایەت و هەر پێی ناگەم. ئەمە ئەو پەیوەندییە ڕاستەقینەیەیە کە خوێنەرو کتێب لێك نزیکتر دەکاتەوە، هەرچەندی خوێنەر هەستدەکا بەسنووری دەریاکە گەیشتووەو لەمانای کتێبەکە

حاڵیبووه، مانای دیکەو ڕاڤەی نوێتر دێنە خەیاڵی کە جیاوازە لەوەی پێشووی بۆیە دیسان لەئاسۆ دوور دەکەوێتەوە. جارێکی دیکە بەلێکدانەوەی چەندین خوێندنەوەی جیاوازترەوە دەچێتەوە بەردەمی و تیشکی زێدەتریان دەخاتەسەر. بەڵێ مرۆڤ سەوڵی زیاتر لەنێو دەریای زانیاری و مەعریفەدا لێدەدا تا ئەوکاتەی بەقووڵایی دەگات، لەوێشدا پێویستە پتر وەك لەجێگاکانی دی بووەستیّ و باشتر دیقەت بداتە ژێری ژێرەوە بۆئەوەی بەڕوونی مەخلوقاتی عەجایەب و خەیاڵی گەورەی بەرجەستەو هزری یاخیبوو کودەتای مەعریفی لەهەرە قووڵاییەکانی ئەوێوە ببینێت. هەر هێندە دیتنت ئیدی خۆت بۆ ناگیریّ و سەوڵەکەت فڕێدەدەیت و لەسەر کەنارو لێواری بەلەمەکەوە خۆت بۆ نێو ئاوەکە هەڵدەدەیت و بەرەو ئەو مەوداو فاسیلە درێژە دەڕۆیت کە کەوتۆتە نێوان ڕووکەشی ئاوەکەو قووڵاییەکەی. گەر بێت و مەلە بزانی و پاشخانە گەورە ڕۆشنبیرییەکەت هەبێت ئەوە ئاسان دەتوانی دەستت بەشتە تازەو سەرسوڕهێنەرەکان بگات، خۆ ئەگەر مەلەوانێکی چاك و شارەزاش نەبیت ئەوە هەر زوو دوای ئەوەی لەسەر ڕووی ئاوەکەوە بەرەو خوار دەڕۆیت دەخنکێیت پێش ئەوەی لەنزیکەوە هەموو ئەو شتە بەنرخ و توحفانەی لەبنەوەدان بیانبینی یا دەستیان لێبدەیت.

*********************

دایکم گەلێك جاران دەیوت: ((ساڵێك بەسەر تەمەنتدا ڕەتببوو کەوتبوویتە سەر پێکانت و بەنێو ماڵەکەدا هاتووچۆت دەکرد، هەموو یاریان لەگەڵدا دەکردی و بیّ ئەندازە خۆشیاندەویستی. لە کەلە پەل و یاری منداڵان و جل و بەرگ بێبەشیان نەدەکردی. باپیرت شەوانە لەسەر گازەرەی پشت پاڵدەکەوت و دەیخستیتە سەر سینەی خۆیی و هەڵیدەپەڕاندی و لەگەڵتدا ئاسوودەو کامەران بوو هەردەم دەیوت: ((هەموو ماندووبوون و هیلاکی دوکانم لەگەڵ پێڵاوەکان لەوەدا دەبینمەوەو بیردەچێتەوە کە دێمەوە ماڵ و (ماردین) لەسەر سینەمدا دەنێم)). کوڕم کەمێك لەجاران باشتربووم هەرچەندە خەمۆکییەکەم هەرمابوو، پاش نیوەڕۆیان بەدرەنگەوە دڵتەنگییەکەم بۆ دەگەڕایەوەو دەستم بەگریان دەکرد، بەڵام هەر وەختێك کە تۆ برسیت دەبوو یا دەگریای بەهەرشێوەییّ بێت لەباوەشم دەگرتی و لەسۆزی دایکایەتی بێبەشم نەدەکردی)).

(کەمالی خۆشنووس) نهێنی ژیانی بە (گەوهەر)خانی خوشکی دەڵێت.

شەوێکی تۆزێك درەنگ دایکم بۆیگێڕامەوە:

((ئێوارەیەك دوای ماوەیەکی زۆر بۆ بەردەمی ئاوێنە چووم و بەترسەوە لەڕوخساری خۆم ڕامام و سەرنجمدا، دووچاوی بەقووڵداچوو دوولاجانگی قوپاوو تێکشکاوم هەبوو، لە پشتەوە قژیان بەگیرەیەکی بچووك بۆ بەستبووم بەلام پێشەوەی سەرم زۆر تەنك ببوو لەنێو تاڵەمووە شانەکراوەکاندا پێستم بەئاسانی دیاربوو. دەمولێوێکی گرو لاوازم هەبووە ئەوەندە بێجورم ببووم گەر دەمیشم پێوەدابووایە زۆر ئاسان لەسەرەوەڕا ددانەکان دەژمێردران. ئێسکی لووتم تەواو دەرپەڕیبوو ڕەنگ

و ڕووم پێوەنەمابوو. هەر لەئاوێنەکەوە دەستم لە ڕوخساری خۆمدا ئەو جوانییەی هەمبوو فەوتابووو باوکت لەگەڵ خۆی بردبوویە ناخی گڵەوە، زۆر بێتاقەت و بێهێزبووم و دڵگوشرانەکەم بۆهاتەوەو دەستم بەگریان کرد. لەو وەختەدا کەمالی خۆشنووسی خاڵت برا دڵسۆزو بەوەفاکەم کە هەمیشە لە غەممدا بوو هاتە ژوورو لەبەردەمی ئاوێنەکە بینیمی وەستاوم و دەگریم، بە پەلە لێم نزیکبووەوەو خستمییە ئامێزی خۆیی و نێوچەوانی ماچکردم، بەڵام هیچ شتێکی بۆ نەوترا ئەویش دڵی پڕببوو قورگی گیرابوو بەزۆر خۆی گرتبوو لەبەرمن نەدەگریا. پاش ئێستێك بێدەنگی بەهێمنی لەجێگای خۆمان دانیشتین. کوڕم هەست و هۆشت لامە ئاگات لێمە دەڵێم چی؟)) نازانم بۆ دایکم لەخۆڕا هەستیکرد خەیاڵم ڕۆیشتووەو ئاگام لە قسەکانی نییە خێرا وەڵامیمدایەوە: (( قابیلە خەیاڵم لات نەبێت دایە گیان ئەی کە وایە قسە بۆ کێ دەکەی، خەمت نەبێ داڵغەم تەنیا بۆ سەر قسەکانی تۆ ڕۆیشتبوو بێ هیچ دوودڵییەك قسەبکە)). وتی: (( ئاخر ماردین گیان گەر قسە بۆ یەکێك بکەم و تەماشای نێوچاوم نەکات واهەستدەکەم ئاگای لە قسەکانم نییە، هەرلەبەرئەوە وام پێوتی جارجارە چاوت لەسەرم لادەبرد))، بە سەربادانەوە وتم: (( ئێ خۆ وایە دایە گیان ڕاستدەکەیت، بەڵام ئەوە مانای وانییە هەر کە چاوم لابرد ئاگام لە قسەکانت نییەو داڵغەم بۆ شوێنێکی دیکە ڕۆیشتووە))، بە لچ و لێو بادانەوە وتی: ((دەی باشە مادام وایە با قسەکانم تەواوکەم لەوەبووم وتم لەجێگای خۆمان دانیشتین، ئینجا خاڵت بەدەستی لەرزۆك و ڕاڕاییەکی زۆرەوە دەستی بەسەرمدا هێناو وتی: ((گەوهەر خانی خوشکم من هەردەم وەك دایك لێم ڕوانیوی و وام هەستکردووە زۆر لەدایکی ڕاستەقینەمان دڵسۆزترو خۆشەویستتری ئەوە ساڵێك زیاترە (بەهادین) مردووە، تۆش بەردەوام ئازارت چەشتووەو لەناخەوە داغبوویت. بڕوابکە منیش لەگەڵتۆ ئازارم چەشتووەو داغکراوم هەرچەندی چاوم پێتکەوتووە ڕۆح و گیانم لەت لەت بووەو بیرم لەوە کردووەتەوە دەست بۆ کارێ ببەم کە کۆتایی بێنێ بەژیانم، تەنیا بۆئەوەی چیدی بەمشێوەیە پەژموردەو پەشۆکاوو خەفەتبار نەتبینم. دواتر بیرمکردووەتەوە مردنی من گرفتەکان چارە ناکات و لە خەمەکانت کەمنابێتەوە، بەڵکو گرێیەکان زیاتر ئاڵۆز دەبن و داوەکان پتر لەیەکترەوە دەئاڵێن، سەرەڕای ئەوەش خوێی زێدەتر بەبرینە تازەو سارێژ نەبووەکانتدا دەکەم و دەیانکولێنمەوە، باوەڕبکە تەنیا لەبەرتۆ ئەو کارەم نەکردووە تەنیا لەبەرتۆو بەس. پێویستە بمێنمەوە تا کاریگەرییەکی ئەوتۆو لەڕادەبەدەرم بەسەرتەوە هەبێ، دەمەوێت ئەو دانیشتن و گفتوگۆیەمان لەگەڵ ئەوانی دی جیاوازبێ. حەزدەکەم ڕۆح و هەستەکانت وەك پێدەشتێکی بەرین بۆ من بکەیتەوەو بەهەموو ئەندامانی لەشت گوێم لێبگری بۆئەوەی بتوانی باشتر تێبگەیت و جوانتر لەمانای وشەکانم ڕابمێنیت. من کەسێکی بێدەنگ و شتە شاراوەکانم بۆ هیچکەس باسناکەم بەهەرجۆرێ بێت توند توند خۆم دەگرم تا بەرامبەرم نەزانێ چ دەردمەو لێم تێنەگات، چونکە گەر غەم و نهێنییەکانی خۆت لای هەندێك کەس باسکرد گاڵتەت پێدەکەن و بە پێکەنینەوە سەرنجت لێدەدەن و بۆیان گرنگ نییە گوێت لێبگرن یا نا، کەواتە باهەر لە هەنبانەی دڵی خۆماندا بیانهێڵینەوەو نەیەڵین بێنەدەرو سەریشیان بەباشی بپێچین))، کە خاڵت ئەو قسانەی کرد زۆر ترسام لەوەی بیری لە شتێکی وا کردووەتەوە، بۆیە پێموت: (( نانا

نەکەی براگیان ڕۆژێك هەردێت من باشبم و ئەو ناخۆشییانە لەبیرکەم هەرچەندە ئاسان نییە، بەڵام گەر هەڵە نەبم وابزانم تۆ شتێکت لەدڵدایەو دەتەوێ باسی بکەیت و ناشتەوێ، هەرچۆنێبێت خۆت باشتر دەزانیت بەڵام پێمباشە قسەبکەیت و گرێی دڵت بۆ من بکەیتەوە، چونکە من لەو کەسانە نیم گاڵتەت پێبکەم و غەمەکانت بە هەند وەرنەگرم خۆشت چاکم دەناسیت))، ئەو وەختە خاڵت سەری لەبەرخۆی نابوو کە من قسەم بۆ دەکرد، وردەوردە سەری بەرزکردەوەو لێی ڕوانیم و وتی: (( ئاخر بۆیە منیش دەڵێم با ئەم دانیشتنەمان جیاوازبێ، هەڵبەت شتێکم لەدڵدایەو دەمەوێ بۆتۆی باسکەم و بگێڕمەوەتا چیدی لەناخەوە نەیهێڵمەوەو ئازارم نەدات)).

دایکم هەناسەیەکی هەڵمژی و ویستی قسەبکات، کەچی من نەمهێشت و خێرا وتم: (( باشە دایە تۆ چۆنتزانی خاڵم ڕازو نیازێکی لەدڵدایەو گەرەکییەتی پێت بڵێ؟)). دایکیشم بە گومانەوە تەماشای کردم و وتی: ((کوڕی خۆم هەر لەنێو قسەکانیدا دیاربوو دەیەوێت شتێك بڵێ، خۆهەموو شت ناکرێ لەو کتێبانەوە فێربیت کە تۆ سەریان بەسەردا شۆڕدەکەیتەوە، لێمگەڕێ با درێژە بە قسەکانمدەم و باسی نهێنییەکەی خاڵت بۆ بکەم))، منیش بێدەنگ بووم و دایکم دەستی بە قسەکانی کردەوەو وتی: (( بەڵێ ماردین گیان خاڵت لەهەموو تەمەنی وەها غەمبارو بێتاقەت نەمدیبوو، ئەوکات باشتر ڕووی سوڕاند بۆ لام و دەستی بەقسەکانی کردەوە)) خاڵت وتی: ((چەند ساڵێك لەمەوبەر عاشقی کچێك بووم و تاسەر ئێسقان خۆشمدەویست ئەویش بەهەمانشێوە کە چاوی پێمدەکەوت هەست و سۆزی دەخرۆشاو لەخۆشیدا ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕا، هەرچەندە زۆر کەم یەکتریمان دەبینی و تەنیا بە نامە ناخی خۆمان بۆ یەك هەڵدەڕشت، لەبەر ئەو کۆمەڵگا پیس و دوواکەوتووەی کە تێیدا دەژین. ئەم مەملەکەتەی ئێمە خۆ هەر دەردێکی نییە هەزار پەتاو تاعوونی جودا لەیەکتر بەرۆکی پێگرتووەو لەکۆڵی نابێتەوە. تەنیا کەسێك لەژیانمدا بەمشێوەیەم خۆشویستبێ و عاشقی بووبم ئەو کچە بووە ببوورە نامەوێت ناوەکەی بڵێم بۆم نایەتەسەرزارم. کچێکی سەلارو سەنگین و عاقڵ بوو قسەزان و ڕۆشنبیر بوو کتێبی هەمەجۆری لەماڵەوە دەخوێندەوەو لەنامەکانیشیدا هەستم بەو ڕۆحە لیریکی و پڕ لەعەشق و خوێنەی دەکرد، کە دوای چەندجار خوێندنەوەیان وەکو شیعر لەبەرم دەکردن. لە یەکێك لەو نامانەیدا ئەمەی بۆ نووسیبووم کە ڕەنگە بۆتۆ تێگەیشتنی زەحمەت بێت، بەڵام هەر بۆتی دەڵێم:

{لەهەموو سپێدەیەکدا تۆوی عەشقت سەرلەنوێ لە ئینجانەی خۆشەویستیمدا دەچێنم. ئەم تۆوە بە ئاو گەورە نابێت بەڵکو بەماچکردنی ئەو خاکە گەشەدەکات کە لە ژێرەوە تۆوەکەی تێدا نووستووە. ڕۆژ بە ڕۆژ بالاّ دەکات تا لەناکاو نەونەمامی قەدو بالاّی سەری بە لوتکەی هەورەکان دەگات و گوولوکەی سووری خۆشەویستی دەردەکەن. سات بە سات گوڵەکان زۆرترو بۆنخۆشتر دەبن تا بەیانییەك بە بۆی عەتری گوڵی سووری خۆشەویستیمان لەخەو هەڵدەستی و پێتوایە خەو دەبینیت. سەرنج دەدەی ژوورەکەت هەموو بووەتە ئەو گوڵە سوورانەو ماچی بەرەبەیان و ڕۆژێکی نوێت لەباتی من لێدەکەن. خۆشنووسی

خۆشەویستم بەردەوام بیر لە پاکی عەشقت دەکەمەوە، ئەو وشانەی بە نووکی قامیشە لەتبووەکەت دەیاننوسی داخۆ چەندە خۆشەویستییان لێدەچۆڕێت و لەوێدا ڕۆح بە ئەوج و کەماڵی خۆی دەگات. لە لاولاوی ماندوو دەچیت دەتەوێت بەسەر دیواری گیان و ڕۆحمدا سەرکەویت منیش ئەو باغەوانە شەکەت و خەستەیەم کە گوێ بەهیلاکییەکانم نادەم و گەڵای دەستەکانت دەگرم و هێدی هێدی بەرزتدەکەمەوە تا بەسەر هەست و ناخ و گیانمدا هەڵزنێیت، ئا لەوێدا ئاو ڕۆیینی خۆی دەوەستێنێ و خۆر تیشکەکانی ڕادەگرێ و باڵندەکانیش دەنیشنەوە، چیمەن و لالەزارەکان پاڵدەکەون و لەنێو باخەڵی سەوزی سرووشتدا لەگەڵ ئێمەدا سەرخەوێك دەشکێنن}.

ئەم نامەیەو تەواوی نامەکانی دیکەشم ماوەو دڵم نایەت بیانفەوتێنم، وەسیەتبێ گەر مردم لەگەڵ خۆمدا بیخەنە هەناوی تاریکییەوە. باوکی ئەو کچە بەوە دەزانێت کە پەیوەندی لەگەڵ یەکێکدا هەیە، بۆیە ڕۆژێك زۆر ئازاری دەداو پێیدەڵێت ئەو کەسە کێیە وەها هەست و هۆشی بردوویی، بەڵام ئەو قسەناکات و بەردەوام دەگری و بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکات کە ئەویش بۆی هەیە کەسێکی خۆشبوێ و لەناخەوە هەستی پێبکات. وەختێ باوکی دەیبینێ بەوجۆرە قسەی لەگەڵدەکات پتر ئازاری پێگەیاندووەو بە قژ ڕایکێشاوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە بەندی کردووەو ناهێڵێ لەماڵ بێتەدەرەوەو هەڕەشەش لە دایکی دەکات گەر بێت و بواری چوونەدەری پێبدات ئەوجارە هەردووکیان دەکوژێت. مەخابن دوای دوو ڕۆژ خۆشەویستەکەم خۆی ژەهر خوارد کردووەو هەر کە گەیاندوویانەتە نەخۆشخانە خوێنی ژەهراوی بووەو گیانی سپاردووە. ئەوەیە ئەنجامی بەرگریکردن لە ماف و هەست و سۆزەکانی هەر کچێك و هەر ژنێك لەم مەملەکەتە وێرانەی ئێمەدا. لەوڕۆژەوە لەڕێی چەند هاوڕێیەکمەوە کە دراوسێیان بوون بیستم بەوجۆرە یاخیبوونە ئەوانی ڕەتکردووەتەوەو بەرامبەریان وەستاوە لەبەر خۆشەویستی و ئەو عەشقەی لەنێوانماندا بووە، ژیان لەپێشچاوم بەشێوەیەکی دیکەیەو شتەکانیش تەڵخ و لێڵ دەبینم. خوشکی خۆم بۆ وادەزانی هۆگربوونم بە کتێب و شیعرو خۆشنووسییەوە چیە؟ ئولفەتی من بە تەنیایی و گۆشەگیری لەچیدا کورتدەکەیتەوە؟ هەموو کونج نشینی و بێدەنگییەکانم دنیایەك ماناو دەلالەتی پڕ لە غەمیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە. وەك دەزانی زۆر کەم تێکەڵتان دەبم بێگومان هەستت بەوە کردووەو سەرنجت لێداوە، ئەوەنییە دایکم هەمیشە پێمدەڵێت (کەماڵە ڕۆح گەورە) بەبۆچوونی ئەو بۆیە کەم تێکەڵدەبم چونکە کتێب دەخوێنمەوەو خۆم پێ زاناترو گەورەترە لەئێوە، نا هەرگیز وانیە من تا ئەوپەڕی سادەیی خاکیم مادام بڕیارە لەکۆتاییدا هەموو ببینە مشتێك خۆڵ ئیدی بۆچی خۆم پێ گەورەتر بێت لەئێوە.

من قەت خۆم پێ بەهرەدارترو داناتر نەبووە لەئێوە وەك بۆم گێڕایەوە ئەو کارەساتە داغی بە جەرگ و ڕۆحمەوە ناوەو بۆ هەتایە زەلیل و کەنەفتی کردووم. ئێستا من لەناخی تۆ تێدەگەم ئاسان نییە کەسێکت خۆشبوێ و لەدەستی بدەیت. ترسی لەدەستچوون بەردەوام یەکێك بووە لە تارماییە ترسناکەکانی ژیانم و هەردەم لەگەڵمدابووە، بۆ هەر کوێیەك چووبم وازی لێنەهێناوم. زۆرجار دەمەوێت لە کەس نزیك نەبمەوەو هیچ کەسێکم خۆشنەوێت و هاوڕێیەتیش قبووڵنەکەم، بۆ ئەوەی

ئاگرو گڕی لە دەستچوونیان پەڕو باڵم هەڵنەکرۆزێنێ و جەستەو ڕۆحم نەکەنە زوخاڵ، لەو وەختەوە من لە لەدەستدان دەترسم زۆریش دەترسم زۆر)). دایکم وتی: ((ماردین ئەوکاتی خاڵت قسەکانی دەکرد قوڕگی گیرابوو قوڵپی گریانی قووتدەدایەوەو چاوەڕێی دەرفەتێکی دەکرد تا دەست بەگریان بکات، بۆیە هێشتا لە قسەکانی تەواو نەببوو دەستی بەگریان کردو منیشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە گریان))، کە دایکم قسەکانی دەکرد بۆ هەمان سات و هەمان هەستی ئەوسا گەڕابووەوە، دەنگی دەلەرزی و زۆری پێخۆشبوو بگریەت، بەلام لەبەر من نەگریا منیش دڵم پڕببوو دەترسام ڕۆژێك کەسێکی وەهاش بێتە سەر ڕێگای من و بەماوەی هەناسە وەرگرتن و دانەوەیەك لەدەستی بدەم. هەرچۆنێبێت نەمویست دایکم بخەمە بارێکی دەروونی وەهاوە کە وابزانێ باسی شتێکی گرنگ و تایبەت دەکات، بە پەلە وتم: (( ئێ دوای ئەوە خاڵم چیدیکەی وت))، بەشێوەیەك ئەوەم گووت وەك بڵێی بابەتەکە زۆر گرنگ نەبێت، بۆئەوەی کاریگەرییەکە بەسەر دەروونی دایکمدا کەمترکەمەوە)). دایکیشم چی هێزی تێیدابوو کۆیکردەوەو تفێکی توندی قووتدایەوە کە دیار چیبوو، گڕێ و قوڵپی گریانەکەی پاڵپێوەنایە خوارەوە تا بەردەوام بێت لەقسەکانی، ئینجا وتی: (( کوڕم خاڵت هەندێك بێدەنگ بوو تا تۆزێك ئارامبووەوەو گریانەکەی لەدڵی خۆی دەرێناو دەستی بەقسەکانی کردەوە)).

((گەوهەر خانی هەم خوشك و هەم دایکم ئەو بەسەرهاتەی خۆمم بۆیە بۆگێڕایەوە تاکو هەست نەکەیت تەنیای. ئەوە هەر تۆنیت بڵێسەی مردن و جودایی یەکجاری کردوویانی بە ڕەژوو جەستەیان لاوازو ناچیز کردوویی، نا من لەتەنیشتتەوەم لەنزیکەوە هەستت پێدەکەم. لەم ڕۆژگارە نەعلەتیەدا کێ هەست بە کێ دەکات هەمووان یاری بە غەمەکانت دەکەن و بەشێتت لە قەڵەم دەدەن، تۆ بە تەنیا نیت و تا دوا سنووری ماڵاوایی لەگەڵتدام و پێکەوەین و یەکتری جێناهێڵین. من ئەو کەسە دەبم کە ڕۆحە سەر شێت و ئارام نەگرتووەکەت دەستەمۆ دەکەم وەك کۆترێك باڵەکانیم کردبێ تا بەردەوام هێمن و ژیرو لەسەرخۆبێ و نەتوانێ ئازارت بدات. هەردووکمان کەسی نزیك لە ڕۆح و خۆشەویستمان لەدەستداوە، بەلام تۆ کەسێکی دیکەت هەیە بۆی بژیت ئەویش ماردینە. دەبێ کارێك بکەیت ببیتە دایکێکی نموونەیی تا بەیانی گەورەبوو بەشانازییەوە ناوتبێنێ و هەموو بەیانییەك کە لە خەو هەستا دەستەکانت ماچ بکات. لەم شانۆ مەرگەساتەدا تۆ دوو ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەبینیت جارێك دەبیتە باوك جارێکیش دەبی بە دایك ئەم هاوسەنگیەش قورسەو لەتۆ زیاتر بەهیچکەسێکی دیکە ڕاناگیرێت.

دەزانم خەمۆکیەکەت وەك پشکۆ هەردەم بە فووی یادەوەرییەکانت گەشدەبێتەوەو چزە لە ڕۆح و گیانت هەڵدەسێنێت، بەلام نەخۆشیە دەروونیەکان کاتێك لاوازو پەککەوتە دەبن کە مرۆڤ توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبێت ئەو وەختە بە ئاسان دەتوانێت ئەو پشکۆیە دەربێنێ و سەیری بکات چەندە بچووك و بێسەنگ و ترساوە، پەرداخێك ئاوی پێدا دەکەیت و دەیکوژێنیتەوەو پاش کەمێك دەبێتە سووتوویەکی بێ کەڵك و با یەك دێت و لەگەڵ خۆیدا دەیباو تۆ نازانی بۆ کوێ

دەیفڕێنیٚ و لەکوێدا پەرش و بڵاوی دەکاتەوەو بە ئارەزووی ئاڕاستەکانی یاریان پێدەکات. ئیدی لەو کاتەوە بۆ هەتایە تۆ دەربازت دەبی و جارێکی دیکە هەرگیز ئەو پشکۆیە ناگەڕێتەوە ناخت و هەر کەی بیەوێت بە حەزی خۆی داغت ناکاتەوە. کامەرانی بۆ ژیانت دەگەڕێتەوەو شادومانی دەبێتەوە میوانی هەست و ڕۆحت، پێکەنین وەئاگادێتەوەو بازێك بۆ سەر لێوەکانت دەدا کە دەمێکە تەراندووتە و زویرت کردووە لێی. چاوت هیوایان تێدەگەڕێتەوەو خۆشنوودییەکی بالاَبەرز لەگەڵتدا ڕادەکشیٚ و دەخەوێت نانت لەگەڵدا دەخواو پیاسەت لەگەڵ دەکات هیچ سەفەرێکیشت بە تەنیا نییەو هەمیشە پێکەوەن. ماردینیش ئەو کارەکتەرە گرنگە دەبێت لەشانۆکەدا کە جڵەوی بەختیارییەکان دەگرێتە دەست و دایکی سواری سەر پشتی ئەسپێکی باڵدار دەکاو بەیەکەوە بەرەو ئاسمانی بێسنوورو بۆشایی گەورەدا دەفڕن و سەفەر دەکەن، لەویٚ هەموو ئەوانەی چاوەڕێیان دەکەن بەدەستیان دێننەوە))،دایکم وتی: ((کوڕم ماردین قسەکانی خاڵت زۆر جوان بوون و کاریشیان تێکردم، هەرچەندە ئەو هەر بە زمانی کتێب قسەی دەکرد بەوە ڕا دەزانم قسەی زل و گەورەی بەکاردێنا، بەلاَم هەرچۆنێبێت ئارامی پێبەخشیم و بایەخی پێدام، لەهەموو شتیش کرنگتر لەو کاتەدا بۆ من گرنگی پێدانم بوو. خاڵت لە قسەکانی بووەوەو هەستمکرد ماندوو ببوو بیرەوەرییەکانی ئەو کچەی بیرکەوتبووەوە کە عاشقی ببوو بەدڵ و گیان خۆشیویستبوو داڵغەی ڕۆیشتبوو هیچ ئاگای لەمن نەمابوو)).

مرۆڤ ئا لەوکاتانەدا گوێی لەدەنگی شکان و بەسەریەکدا کەوتنی هەست و بیرەوەرییەکانییەتی چۆن پەلاماری یەك دەدەن و دەجەنگن. مەحاڵە مرۆڤ بتوانیٚ لە دەنگی ئەو شکست و جەنگەی نێو ناخی خۆی بێئاگاو کەڕ بکات. هەموو مرۆڤێك ساتێك لە ساتەکان گوێی لێبووەو بیستوویەتی، بۆیە هەر کەسێکتان بینی بێدەنگ لەسووچێکدا دانیشتووە وەکو پەیکەر ناجووڵێتەوەو چاوی لە پنتێکی دیاریکراو بڕیوە، ئەوە بزانن گوێی بۆ ئەو هاوارو تێکشکان و شەڕەی نێو ڕۆحی خۆیدا هەڵخستووەو نایەوێت هیچ کەسێك پێی بزانیٚ و بیبیستێت. دایکم دیاربوو شتێکی بیرکەوتەوەو وتی: ((کوڕم لەناکاو خاڵت بەئاگاهاتەوەو خەندەیەکی پڕماناو ڕازونیازی بۆکردم و بەچاوە غەمگینەکانییەوە لێی ڕوانیم و دەستی خستە سەر شانم کە دڵی دنیام پێخۆشبوو. منیش دەستمکردە ملی و توند بەسینەی خۆمەوە نووساندو ماچمکرد، وەك بڵێی ساڵێك زیاترە لە خەوی غەفڵەت و بیٚ ئاگاییدا نووقمبووم و خاڵت هات و وەك ڕزگارکەر لەو خەوە قووڵەدا پەلیگرتم و دەربازیکردم بۆ ئەو ڕاستییەی پێویستبوو بڕوای پێبکەم و خۆمی لێنەدزمەوە)).

دایکم دەیەویست زۆر شت بڵیٚ و دەربڕیٚ بەلاَم نەیدەتوانی تەنیا ئەوەی من لە مەبەستەکەی گەیشتبم ئەوەبوو، گەر خۆشمان لە حەقیقەتە تاڵ و بیرەنگەکان بشارینەوە ساتێك هەر دێت بە ڕۆژی ڕووناك سەرە ڕێمان لێبگرن و ڕووبەڕوومان ببنەوە، ئەمەش ئەو کاتەیە هەموو لێی دەترسین و لەرز دەمانگریٚ و ناتوانین سەیری بکەین، هێزی بەرەنگاریمان لاوازەو هیچمان بۆ وتن پێنیەو دەمانەویٚ چەند هەنگاوێك بگەڕێینەوەو لە دەرفەتێکدا ڕاکەین، بەلاَم دەبینین هەمان ڕاستییە تاڵەکانن کە

ژمارەیان زۆرترەو بازنەیەکی ئاسنینیان بەدەورمانەوە دروستکردووەو ڕێگای نەجاتمان ئەستەم و بێمانایە. گەر توانای وتن و بەرەنگاری و هێزی ڕووبەڕوو وەستانمان هەبێت ئەو وەختە ئاسان دەتوانین ئەو بازنە ئاسنینە بشکێنین و ڕاستییە تاڵەکان ببینین و یەك بە یەك دەست بخەینە گەردنیان و بیانخنکێنین. سەرەتا کوشتن و خنکاندنیان ئەوەندە ئاسان نیە بە تەواوی توانامان هێز دەدەینە بەرخۆمان، ئینجا پەنجەکانمان ڕەق و ئەستوور دەکەین و چاومان سووردەبێتەوەو ئەو وەختە دەست بەکارەکەمان دەکەین پاش ماوەیێ دەبینین ژمارەی ئەو ڕاستییە تاڵانە کەمبووەتەوە یا هەر هیچیان نەماون، ئینجا چاو بۆ بازنە پۆڵایینەکەی چواردەورمان دەگێڕین بەڵام هەر خۆمان تەنیاین و هیچی دی.

دایکم دەستی بەقسەکانی کردەوە: ((بە دوو چاوی بەقوڵداچوو کەم ئومێدەوە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد وەك کەسێك پاش گریان قسەبکات بەدەنگێکی وەها نوساوەوە پێموت براجوانەکەم بڕواناکەی چەندە دڵخۆش و ئاسودەبووم بەقسە پڕماناکانت. ماوەیەکی درێژە من لە غەمێکی قوڵ و نەگریس دا ژیان بەسەردەبەم هەرخۆم دەزانم باری دەروونیم چەندە ناخۆش و بریندارە. ئێستا لەوە گەیشتم کە مرۆڤێکی دەروون سوتاوو داغکراوی وەك من لەم ماڵەدا هەیەو خۆی ئاشکرا نەکردوە، تا بتوانم گەرلە داهاتوشدا بێت بەهەموو شێوەیەك هاوکارو هاو بیرتم براگیان هەڵبەت گەر ڕۆژێك هەستامەوە سەرپێکانم توانیم دەستت بگرم سوپاس بۆ هەموو شتێکت. کوڕم لەنێو ئەو قسەو باسە گەرمانەدا بووین لەگەڵ خاڵت کە تۆ تازە سەرپێ کەوتبوویت بەڕاکردن لە حەوشەوە خۆت بەژوورەوەدا کردو دەستەکانت لەملم کردو بیانوت پێ گرتم، ئێمەش دەستمان بە پێکەنین کردو ماچمان کردی)). وەختێ بێدەنگ بوو چاوانی پڕبوون لە ئاو منیش بێئەوەی هیچ بڵێم دەستمکردە ملی وەك ئەوسای منداڵیم ماچمکردو شەوشادمان لەیەکترکردو بۆ سەر جێگاکەم ڕۆیشتم.

مرۆڤ کە غەمێکی قووڵی دەبێت هەر ساتەی دەگوزەرێ وەك شیشەیەکی سورەوەکراو وایە بە ڕۆح و گیانیدا بچزێ و داغی بکات, هەرچەندە هەست بەیەکتربکەین هێشتاکەش دیوێکی تاریك و نووتەك ماوە ببینرێ و هەستی پێبکرێ، ئەوەی دیارە تەنیا ڕووکەش و دیوە دیارو سادەکەیەتی. هیچ کەس ناتوانێت ئەو ژوورە تاریکانە ببینێت و سەردابە پڕ پێچ و لولەکانی ڕووناك بکاتەوە کە هەزار ڕێگای باریك و هەورازو نشێوی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراویان تێدایە. غەم لەگەڵ هیچ کەسدا بەش ناکرێت و کەس ناتوانێت هەندێکیت لێوەربگرێ و بەڕۆح و هەستەکانیدا بیپرژێنێت. غەم ئەو گیان لەبەرە نادیارەیە کە لە ڕۆحدا بەدەوری خۆیدا پەرژینێکی هەڵچنیوەو لەو کەسە بترازێت کەس بۆی نییە خزمەتی بکات، هەرکەی ویستیشی بەسەر پەرژینەکەدا بازدەدات و گێرەی بێستانی ئومێدو هیواکانت دەکات وەك کاڵەکی گەیوو دەیان پلیشێنێتەوە,بۆیە غەم نەکەس دەیبینێ و نە دابەشیش دەکرێت هەر لەبەر ئەوەیە کەدەڵێم تەنیا دیوە ڕووکەشەکەی دەبینرێ.

ئەستەمە کەسێك ببینیت کەغەم ڕەق و وشکی کردووەتەوەو گیانلەبەرە نادیارەکەی ناخی گێرەی بێستانی ئاواتەکانی کردبێت تۆش بتوانیت بەوئەندازەیە ئەو هەستە ناکاوو پێش وەختە لەخۆتدا بدۆزیتەوە، یان هەر نەبێت گەر کەمێکیش

بێت درکی پێبکەیت, چونکە ئەوەی هەستپێکراوە دیوە بینراوەکەیەتی. گەر یەکێك بدۆزیتەوە تۆزێکیش بێت هەوڵی ئەوەبدا لەو دیوە بینراوە تێپەڕێت و گەشتێکی تاڵ بەنێو دەروون و ڕۆحی شەوە زەنگ ئاساتدا بکات و چرایەك داگیرسێنیت، ڕووناکی تەنیا کلاڤەیەکیش بێت بەسە دەنکێك شقارتە دەتوانێت ماڵێکی گەورەت بۆ ڕۆشن بکاتەوە, لەدوورەوە ئەو گیانلەبەرە دڕوو هارەت ببینیّ کە چۆن داناسەکنیّ و هەڵبەزو دابەزییەتی، بەڵام نەختێك بەڵێڵی دەیبینێت وەك چۆن پە نجەرەیەك هەڵمی کردبیّ دەرەوەش بەتەڵخی دەبینرێت ئەو کەسەش وەهای دەبینێت,بەڵام ئەمە گرنگە چونکە کەس ناتوانێت هەستیشی پیّ بکات چ جای ئەوەی بیبینێت ئەگەر لێڵ و تەماویش بێت، چونکە هێشتاکەش شتێك هەر دەمێنێتەوە تایبەت بە ڕۆح و ژیانی خۆتبیّ و دابەش نەکرێت، کە بمانەوێت لەناخی کەسێکی دی تیّ بگەین و شتەکانی ببینین کاری مرۆڤە گەورەکانە ئیشی ئەو کەسانەیە ساڵانێکە لەنێو کتێبە زەردو پەڕپوتە پڕ زانستەکاندا نقوم بوونەو مەلە دەکەن و وەرزش بەڕۆح و گیان و هزریان دەکەن.

دایکم بۆ دواجار خەو بە باوکمەوە دەبینێت.

چەند شەوێك دوای ئەوەی دایکم گفتوگۆکانی خۆیی و کەمالی خۆشنووسی خاڵمی بۆ باسکردم بانگیکردم و وتی: ((ماردین گیان زۆر سەیربوو ئەها بەر لە چەند شەوێك باسی ئەوەم بۆ کردی کەمالی خاڵت هات و دڵنەوایی کردم و ڕازو نهێنی دڵی خۆی پێوتم، جا هەر هەمان شەو خەوم بە بەهادینی باوکتەوە بینی. لە پاش لە دایکبوونی تۆوە ئەوە پێنجەم جاربوو لەخەودا بیبینم، بەڵام لەخەوەکانی پێشووتردا وەك کەسێك دەمبینی لەدوورەوە ڕاوەستابیّ و حوکمی چاو بە لێڵی بیبینێت، تەنیا ئەوەندە زانیومە کەسێك لە دوورەوەیە بەس نەمزانیوە چیەو چۆنەو کێیە، تەنیا بەپێی دوورییەکەی هەستم پێدەکرد باوکتە. لەوێدا هەر هاوارمدەکردو بەدەم گریانەوە بانگیمدەکردو گوێم لە دەنگی دووبارەی خۆم دەبووەوە، کەچی باوکت وەڵامی نەدەدامەوەو هەر لەشوێنی خۆیەوە دەوەستا، کاتێکیش بەڕاکردن بەرەو لای دەچووم سەرنجمدەدا هەر نەگەیشتووم چەند ڕامدەکرد پتر هەستمدەکرد دوورەو مەوداو فاسیلەکەمان گەلێك لە حوکمی چاو درێژتربوو. لەهەر چوار خەوەکەی پێشووشدا بەگریانەوە خەبەرم بووەتەوەو سەرینەکەم تەڕو پڕ فرمێسك کردووە)). منیش چیدی بەخۆم نەوەستام و لێم پرسی: (( دایەگیان تۆ بۆ باسی خەوی ئەو چەند شەوەی پێشووم بۆ ناکەیت، جاریّ خەوەکانی پێشترم بۆ دەگێڕیتەوە دەبڵیّ بزانم چیبووە وا هەراسان و شڵەژاو دیاریت)). دایکیشم هەندێك دەستی بەسەرو قژیداهێناو خۆی هێناوبردو وتی: ((باشە باش هەمان خەوت بۆ باسدەکەم هەر ئێستا))، ئینجا دەستی بە گێڕانەوەی خەوەکەی کرد: ((ئەو شەوە زۆر بەجوانی و لەنزیکەوە باوکتم بینی وەك ئەوەی نەمردبێت، پێکەوە لەسەر کەناری دەریایەکی بێسنوورو بەرین دانیشتبووین چاومان لە ئاسۆی دوورو تەماوی بڕیبوو. کەسمان قسەمان نەدەکرد تەنیا جاربەجارێك ئاوڕێکمان لەیەکتردەدایەوەو لە قووڵایی پڕ غەمی چاوی یەك ڕادەماین و برینی ناسۆری یەکدیمان دەکولاندەوە. باوکت هەمان کفنەکەی خۆی لەبەردابوو

زۆریش دڵخۆش بوو، بەڵام کەمێك دایکێشابووە خوارو تا سەر کەمەری هێنابوو ڕوخسارو سینەو قۆڵی ڕووت بوون. قوڕگی بەجۆرێك چاڵببوو کە کونێکی گەورەی دیوەودەری تێدا دروستکردبوو لە وەختی ئاوڕدانەوەیدا بەباشی ئەو دیوی دەریاو ئاسمانم لەکونەکەی گەروویەوە دەدی، بەڵام نەخوێنی پێوەبوو نە شوێنەواری هیچ شتێکیشی لەسەر بەجێمابوو. ویستم لێی بچیمە پێش و کەمێك نزیکبمەوەلێی، کەچی باوکت دووردەکەوتەوە هەرچەندی زێدەتر نزیکدەبوومەوە ئەو پتر خۆی دوور دەگرت. باوکت فنجانێکی بەدەستەوەبووە هەڵگێڕو داگێڕی پێدەکردو سەیری ناوەوەی دەکردو لێی وردەبووەوە وەك بڵێی قاوەی بەختی گرتبێتەوە بەوێنەی فاڵچییەکان تەماشای ئەستێرەو ئیقبالی خۆییکات. حەزمدەکرد قسەبکەم و ئەو پرسیارە کوشندەو ژەهراوییانەی لەدڵمدا قەتیسمابووون بیانکەم و وەڵامیانم دەسکەوێت، کەچی هەرچەندی دەمکرد نوتقم نەبوو دەنگم گیرابوو، دەمم دەکردەوەو لە تاوا دەمویست پڕ بە گەرووم بقیژێنم و شەپۆلەکانی دەریا ڕقاویترو شێتتر بکەم نەمدەتوانی و نەمدەتوانی.

ماسییەکی قەشەنگی جوان و ژیکەڵە کە هەر پوولەکەیەکی لە ڕەنگێك بوو هەندێجار بە پەلکەزێڕینە دەچوو، جاربەجاریش بە نەیزەکێکی ڕاکشاوی ڕەنگاوڕەنگ، بە تاووس یا ئاوێکی وەستاو لەشێوەی ماسییەکدا لە زۆر شتی دی دەچوو. لەناکاو شێوەکەی گۆڕاو جۆرەها دیمەنی سەیری بەخۆوە گرت، بوو بە ئەستێرە بە مانگ بە بووکی دەریاو مێشهەنگی حەپەساوو نەرگسی ماندوو سێوی قڵەشیوو گەلێك شێوەی جیاوازی دی، لەبنی ئاوەکەوە بەتیژی و خێراییەکی ناوەخت فوارەی دەکردو دەردەپەڕییەدەرو بە ئەندازەیەکی زۆر شاووڵی و بەرز دەچووە ئاسمان و دادەبەزییەوەخوارو بەر ڕووی ئاوەکە دەکەوت، لەو وەختەدا شڵپەیەکی ئەوەندە بەهێزی لێوەدەهات بە قەد بەرزی فڕینەکەی ئاوو کەفێکی سپی لێوە بڵنددەبوو پرژەی دەکرد. بۆ قووڵایی ئاوەکە دەگەڕایەوە چەند جارێك ئەونمایشەی بە بەرچاومانەوە کرد تا لە لێواری دەریاکە نزیکبووەوەو سەری لە ئاوەکە دەرێناو پێکەنی. هەندێ خواردنم بۆ هەڵدا ماسییەکەش دەمی کردەوەو خواردی، باوکیشت خواردنی بۆ فڕێدا بەڵام دەمی بۆ خۆراکەکەی ئەو نەکردەوەو بەلایەوە نەچوو، تەنیا بۆمن پێکەنی و دەمی بۆ خواردنی من بەشکردەوە. باوکت لەو وەختەدا غەم دایگرتوو بەدڵێکی شکاوەوە کفنەکەی لەخۆی پێچایەوەو هەستایەوە سەرپێ و ڕۆیشت، هیچ شوێن پێیەکیشی بەسەر لمەکەدا دوای خۆی جێنەهێشت، دیسان ویستم بەتوندی هاواربکەم و بانگی بکەم نەمتوانی بۆیە خێرا هەوڵمدا هەستم و دوایبکەوم، بەڵام توند بە زەوییەکە قایمببووم و نەمدەتوانی لێی جودابمەوە. دەستم کرد بەگریان و لەخەوەکە ڕاپەڕیم، بینیم تۆ قاچت لەسەر سینگم دانابوو هەناسەمت تەنگ کردبوو خەوێکی قووڵت لێکەوتبوو، بە ئەسپایی قاچتم لەسەر سینەم لابردو لە باوەشم گرتی و پەتووەکەم پێدادایەوە، بەڵام خۆم خەوم لێنەکەوتەوەو تا بەیانی ئەمدیوو ئەودیوم کرد. دوای لەدایکبوونت ئەوە پێنجەم خەوو دووا خەوم بوو بە باوکتەوەم بینی، ئیدی بۆ هەتایە خەوم پێوەنەبینییەوە. زۆرجار وتوومە بەو داخەوە دەمرم و سەردەنێمەوە کە باوکت نایەتەوە خەوم وەك بڵێی لێم تووڕەبێت. زۆر شەوان کە سەردەکەمە سەر سەرینەکەم نییەتی ئەوە دێنم خەو بە باوکتەوە ببینم، بەڵام بەداخەوە هیچ جارێکی دیکە بە

لێڵی و تەڵخیش خەوم پێوە نەبینییەوە)). وەختێك دایكم لە گێڕانەوەی خەوەكەی بووەوە هەستمكرد پاش ئەو هەموو ساڵە بۆنێو فەزاو دیمەن و تارمایی خەوەكە گەڕابووەوەو دۆشدامابوو، هەر ئەوەندە وتم: ((بەڕاستی خەوێكی سەیرو تێكەڵ و پێكەڵ بووە)). پرسیاری زۆری لا دروستكردم بەلاَم بەدایكمم نەوت، لەدڵی خۆمدا وتم باشە دەبێ بۆ ماسییەكە خواردنەكەی باوكمی نەخواردبێت؟ یا بۆچی باوكم لە دایكم دووركەوتووەتەوەو لێی ڕاكردووە؟ ئەی دایكم بۆ نوتقی گیراوەو نەیتوانیوە قسەبكات و بە زەوییەكەوە چەسپیوە؟ هەر بە خەیاڵی ئەو شتانەوە بۆنێو جێگاكەم چووم و خەوتم، لەوەش دەترسام هەمان خەوی دایكم ببینمەوە چونكە زۆرباش گوێم بۆ گرتبوو ڕۆچووبوومە نێو ڕووداوەكان.

*******************

ئێوارەیەكی مەیلەو فێنكی هاوین بوو لەگەڵ دایكم لە حەوشە دانیشتبووین و قسەمان دەكرد دایكم وتی: ((كوڕم شەش ساڵی تەمەنت تێپەڕیبوو ببووی بە منداڵێكی جوان و چاوڕەش و قژ پڕ، ڕوخسارێكی ماندوو بێگوناهت هەبوو هەركەسێك دەیبینی وایدەزانی لەشتێك ڕاماویت و وردبوویتەوە)).دایكم ڕاستیدەكرد گەلێك چاو هەیە زۆر مانادارو كەنەفت دەنوێنێ و نائاسایین، مرۆڤ ئەستەم دەتوانێت بەنێویدا شۆڕبێتەوەو ڕێگا هەورازو نشێوو كێوە هەزاربەهەزارەكانی ببینێ و بتوانێ پێیاندا هەڵگەڕێت. هەر لە ڕێی چاوەوە دەتوانین مانا شاراوەو نەدركاوەكانی یەكتری ببینین و بخوێنینەوە، هەمیشە وەك كتێبێكی گەورەی فرەڕەنگ و مانایە پەڕەكانی لە ژماردن نایەن و هەر كامێكیان هەڵدەینەوە باسی نیازو هەستێكی پەنگخواردوو دەكەن. هەر پەرەگرافێكی ڕازی زیاترمان لەسەر دیوە تاریكەكەی ناخ بۆ ئاشكرا دەكات. دەستەواژەكانی پڕیانە لە زاراوەی قورس و هەمەجۆر كە ئاسان تێیان ناگەین و پێویستە بۆ سەر فەرهەنگی ڕۆح بگەڕێینەوەو ڕەمزو مانا هەزار لایەكانی بدۆزینەوە، كە بەچەندین شێوەی جیاواز تەفسیركراون و لێكدراونەتەوە. دایكم بەردەوامبوو لە قسەكانی: ((ڕۆڵەكەم لە قوتابخانەیەكی سەرەتایی نزیكی خۆمان دامنایت و چاودێریم دەكردی و لێمدەپرسیتەوەو سەردانی مامۆستاكانتم دەكرد، سەرەتا پێت سەیربوو یەكەمجاربوو بۆ شوێنێكی وەها بڕۆیت كە پڕ لە دەموچاوی سەیرو نامۆبێت، واتدەزانی لەزینداندای گێژو حۆلانە لەشتەكانت دەڕوانی. دەترسام ئەو هەستەت واتلێبكات هیچ شتێك فێرنەبیت، دوورەپەرێزبووی لەمنداڵان)) جارجارە قسەكانم بەدایكم دەبڕی ئەوەبوو لەناكاو پێموت: ((وەڵا ڕاستە دایەگیان چونكە هەستم نەدەكرد قوتابخانە جێگایەكی هێندە شیرین و دڵگیربێ و بۆ لای خۆیمان ڕابكێشێت، بەلاَم بەوەدا بەردەستە پیاوەكەت بیرهێنامەوە بە سمێڵێكی فش و جەمەدانییەكی گەورەو جگەرەی دەستییەوە، كە هەردەم ڕیزێك چای بۆ ژووری مامۆستاكان دەبرد، بالاَیەكی درێژو دووچاوی مۆنەوە بەنێو ئاپۆرەی منداڵەكاندا ڕەتدەبوو. ژوورەكەشی هەر لەسەرەتای دەروازەی قوتابخانە بوو قەرەوێڵەیەكی لێبوو سەرین و بەتانی و دۆشەكێكی چڵكنیشی بەسەرەوەبوو، لەمێزەكەی تەنیشتییەوەشی سەماوەرو قۆرییەكی ستیل و هەندێك پیاڵەی زەرد هەڵگەڕاو دانرابوون. بەرامبەر خۆیشی سەعاتێكی

گەورەی هەڵواسیبوو، بڕوابکە هەمووشتەکانم هاتنەوە بەرچاو دایەگیان)). دایکم بەزەردەخەنەوە سەرێکی بۆ بادام و وتی: ((لەبری ئەوەی مامۆستاکانت بیرکەویتەوە بۆ من بەردەستەکەت هاتووەتەوە یاد. منیش ئەوەم لەبیرە کە ڕقت زۆر لە مامۆستای بیرکاری دەبووەوەو لەوانەکەی باش نەبوویت)) ئەوە وەختە لە قۆناغی هەرزەکاریدابووم کە لەگەڵ دایکم قسەماندەکرد،بەسەیرکردنێکی پڕماناوە وتم: ((دایەگیان جگە لەوەش من ئەوکات بەگومانەوە لە گۆی زەوییە تۆزاوییەکەی سەر مێزی مامۆستاکانم دەڕوانی، پێموابوو بۆ گەمەیەو لە دەرفەتێکدا بۆمان دێنن تاوەك تۆپ بەرشەقی بدەین. نەمدەزانی کیشوەرو قاڕەو وشکانی و بیابان و دەریاو زەریای دنیاو ئەم جیهانە بێسنوورە لەسەر نەخشەی گۆیەکی وەها خۆڵاویدایە. ڕاستدەکەیت مامۆستای بیرکاریمان ناوی (هورمزیار) بوو هەمیشە شولکەدارێکی بەدەستەوەبوو ورگنێکی سمێڵ ماش و برنجی بوو، تا بەباشی لێی حاڵی بین کۆکردنەوەو کەمکردنەوەی بەسێوو پرتەقاڵ و هەنار دەچوواند، کەچی من هەر پێی نارەحەت بووم و سەرم پێی دێشا)) دایکم دەیووت: ((ئێ کوڕم خۆ شتێکی خراپی نەکردووە ویستوویەتی تێتان بگەیەنێت و ئێوە منداڵ بوون، بەڵام لەبەرئەوەی خۆت لە وانەکە باش نەبووی بۆیە ڕقیشت لە مامۆستاکە دەبووەوە)) بەدایکم دەوت: (( دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا تێگەیشتم ژیان لەوە گەورەترە خۆمان بە ژمارەکانەوە ماندووکەین، کە پرسیاری لێدەکردین سەیری نێوچاوی دەکردین دارەکەی لەسەریەك بەنێو لەپی خۆیدا دەکێشا، واوەیلا بەحاڵم گەرنێگای لەسەرمن بگیرسابایەوەو بیوتایە دەی ماردین وەڵامدەوە، گەر سێ سێوت لەباخەڵدابوو لەپڕ برسیت بوو دوو دانەت لێخواردن چەند دەمێنێتەوە؟ لەدڵی خۆمدا دەموت خودایە من ئێستا چیبکەم گەر بڵێم دووان ڕەنگە هەڵەبم، یان بڵێم یەك دیسان دەترسم ڕاست نەبێت، بۆیە هەرچی بەدەممدا بهاتایە دەموت جا گەر ڕاستبووایە بێ ئافەرین و هاندان دەیوت دانیشە دەی، هەڵەشم بکردایە دوواداری مزری لێدەدام و بەتوڕەییەوە دەیوت: تەمەڵی تەوەزەل دانیشە جارێکی دیکە باش بیرکەوە چەندە قوتابییەکی بێکەڵکی، مێشکت لاوازەو هیچ شتێ وەرناگرێ،وەختێ بۆ ماڵێ چویەوە بە باوکت بڵێ زیاتر خۆی لەگەڵتدا ماندووکات)). هەستمدەکرد دایکم کەمێ بێتاقەتدەبوو کە ناوی باوکمم دێنا بۆیە لەسەر قسەکانم نەدەڕۆیشتم و بێدەنگ دەبووم.

ئەوەی ڕاستی بێت کە گوێم لەناوی باوکم دەبوو موچڕکێکم بەگیانیدا دەهات و جەستەم عارەقەی دەکرد، ئەوماڵەی لێی پەروەردەببووم هیچ کەسێکی لێنەبوو تا بەو ناوە بانگی بکەم، جگە لە پیاوێکی چاویلکەداری کەمێ تەوێڵ ڕووتاوە ئەویش بە باپیرە ناویمدەبرد. لەدڵی خۆمدا دەموت تۆبڵێی مامۆستا مەبەستی کام لەوانەی ماڵەوەبێ، ئەوکات باش نەمدەزانی باوکم مردووە هەرچەندە لێرەو لەوێ شتێکم بەر گوێ کەوتبوو، بەڵام هێندە فامیدە نەبووم تابتوانم بەمجۆرەی ئێستا قووڵ بیر لەشتەکانی دەوروبەرم بکەمەوە. زۆرینەی مامۆستاکانی ئەم وڵاتە مامەڵەی توند لەگەڵ قوتابیەکاندا دەکەن، بۆیە هەمیشە مرۆڤی ترسنۆك و نەزان بەرهەمدێت. کەم نین ئەوانەی وازیان لەخوێندن هێناوە لەترسی مامۆستایەکی وەکو مامۆستا(هورمزیار). هەمووجار خاڵم کە گەورەبووم پێیدەوتم: (( پەروەردە کاتێك دروستە سەرەتا بتوانێت مامۆستاکان

فێری هاوڕێیەتی بکات لەگەڵ قوتابییەکانیان نەوەک توڕەو دڵڕەق بن و وەک پۆلیس مامەڵە لەگەڵ قوتابیاندا بکەن، وادەزانن گەر بەوجۆرە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو منداڵە زەلیل و داماوانەدا کرد فێرە زانست دەبن، بەلأم ئەوە جگە لە ترس و نەزانی و خەمۆکی و میزبەخۆداکردندا هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت )).

لەنێو گەرمەی وانەکاندا خەیاڵم بۆ ئەو وەختە دەیبردمەوە کە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە قۆناغی قوتابخانەو تووشی داوو تەڵەی مامۆستای دڵڕەق نەببووم باپیرم جاربەجار لەگەڵ خۆیدا بۆ دوکانی دەبردم و هەر بۆخۆشی چەکوشێکی بچووک و جووتێک پێڵاوی بێکەڵک و دڕاوی پێدەدام و لە تەنیشت خۆیەوە دایدەنام و دەیوت بەهێواشی ئەم بزمارانە بکوتەوە، بەلأم وریابە لە پەنجەی خۆتیان نەدەیت. لەو وەختەدا وامدەزانی دنیا بەو گەورەییەوە بووەتە موڵکی ئەبەدی من هێندە دڵم خۆشدەبوو، دواییش چایەکی شیرینی بۆ بانگدەکردم برێکی ئاوی سارد تێدەکردو لەبەر دەممی دادەناو دەمخواردەوە.لەو کاتانەدابوو کە ناوبەناو (شێخ موکری زمانزان) بۆ دوکانی باپیرم دەهات و ماچیدەکردم و نوقڵ و پارەی دەدامێ، بەلأم هەندێجار لەنێو پێڵاوەکاندا لەپڕ سەرم بەرزدەکردەوەو چاوم دەکەوتە سەر ڕوخساری (شێخ موکری) کە بەنیگایەکی نەخۆش و پەژموردەوە لێی دەڕوانیم و چاوی لەسەرم هەڵنەدەگرت. دەمبینی چاوی پڕ لە ئاو دەبوو هەرچەندی باپیرم قسەی بۆکردبووایەو پرسیاری لێبکردایە وەلأمی بۆ نەدەدرایەوەو قوڕگی پڕ گریان دەبوو. باپیرم کە دەیبینی وەها دۆشداماوەو دڵی پڕبووە بە ئاگای دێنایەوەو دەیوت: ((ئێ یاشێخ تۆ پێمبڵێ لەگەڵ نەخۆشییەکەت ئێستا حاڵت چۆنە بە دەرمانەکانی گۆڕیوتن هیچ فەرقت کردووە؟))، ئینجا یاشێخ بەدەنگێکی هێواش و تۆنێکی نەرم و لەسەرەخۆ وەلأمێکی کورتی دەدایەوە. ئەو کات نەمدەزانی ئەو پیاوە کێیەو بۆچی چەند جاری بۆلای باپیرم دێت نوقڵ و پارەم پێدەداو ئەوەندەش لێم دەڕوانێ، تا دوایی گەورەبووم و تەواوی بەسەرهات و سەرلەبەری چیرۆکەکەم بیست و تێگەیشتم.

زەنگی وانەکە لەناکاو بەئاگای دێنامەوە کە لەدوکانی پینەدۆزی و لای باپیرم نیم و لەقوتابخانەی نەعلەتی و زینداناسام، ئینجا بێهیوا دەبوومەوەو لەناخەوە خەفەتم دەخوارد وەک ئەوەی گاڕان بەڕەلأ بووبێ هەر دوای چوونەدەری مامۆستا قوتابییەکان بەلێشاو دەردەپەڕینەدەرو لەنێو دەرگا تەسکەکەی پۆلدا هەموو بەیەکجار جێگایان نەدەبووەوە پاڵیان پێکەوە دەناو بەسەر یەکدا دەکەوتن و قاچیان بەسەر دەست و سەری یەکتردادەناو بەگریان و هاوارەوە دەچوونەدەر. من هەر لە شوێنەکەی خۆمەوە بەگومان و سەرسوڕمانەوە لێمدەڕوانین و گاڵتەم پێیاندەهات. پێموابوو لەپۆلدابایین یان لەحەوشە وەکو یەک بوو بۆ من تەنانەت هەستم بەجیاوازییەکی بچووکیش نەدەکرد. دیوارێکی ئەستوور چواردەوری حەوش و پۆلەکانیدابوو، هەتا ڕەنگی بۆیەکانیشی دزێوو تاریک و چڵکن و بێڕەنگ بوو، هەستمنەدەکرد لەقوتابخانەدام تەنیا ژوورێکی ناشیرین و ڕەق و ڕووتم دەبینی، چونکە سێبەرو شێیەکی وشک و دڵگوشێنی وەهای هەبوو بۆنی عارەقەو پێڵاوو گۆرەوی منداڵەکانی لێدەهات، کە لەگەڵیدا دڵم تێکهەڵدەهات و هێڵنجم دەداو هیچ شتێکم شک نەدەبرد خۆمی پێوە خەریک

بکەم و ئەو دۆخە نالەبارو ناشیرینەم بیربباتەوە، تەنانەت لەزیندانیشدا دەشێ شتێکی ئومێد بەخش و غەمڕەوێن هەبێت گەر بچووکیش بێت تا ئەو تالاَوەی بەگیان و ڕۆحتی دادەکەن کەمێك شیرین ببێت.

کوڕێکی دراوسێمان کە لەمن گەورەتربوو ناوی (بایەزید) بوو ڕۆشنبیرو قسەزان بوو لەخێزانێکی نیشتیمان پەروەرو جوتیارو عارەق ڕژێن لەدایکببوو بەبیرێکی نەتەوەیی و یاخیبوون و ڕازینەبوون بەستەم گۆشکرابوو، جارێکیان بۆیگێڕامەوە کە ئەو وەختە من لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بووم وتی: ((سەردەمێك سیخوڕیان بەسەر باوکمەوە کردبوو کە ئەندامێکی چالاکی شانە نووستووەکانی پارتیزانی شارە، بۆیە بەو هۆیەوە دەستگیرکراو هەرچەندی ئەشکەنجەی زیاتریان دابوو تا ناوی هاوبیرو هاوڕێیانی بدرکێنێت بێسوودبووە. لەیەکێك لەو ڕۆژانەدا لە زیندانێکی تەنگەبەری تاکە کەسیان داناوە لەچواردیواری بەرزو ڕووبەرێکی ئێجگار بچووك بۆ دانیشتن شتێکی دیکەی لێنەبووە. ڕۆژێك بەرلەوەی بۆ لێپرسینەوەو ئەشکەنجە ببیەن مێشێك لە ژوورەکەیدا بە پەناگوێ و سەرلووت و گوێچکەو نێوچەوان و دەستییەوە نیشتووە فڕیوەو ویزە ویزی بووە، بەلاَم باوکم هەستی بە خۆشحالی و ئاسوودەیی کردووەو فەرامۆشی پێهاتووەو نەیزانیوە ئەو چەند سەعاتە چۆن تێپەڕیوە وەها پێیەوە خەریکبووە. پۆلیسەکان پاش کەمێك هاتوون و بۆ لێپرسینەوەیان بردووە دوای چەند سەعاتێك بۆ ژوورە تاکە کەسییەکەی هێناویانەتەوە، وەختێ چاوی گێڕاوەو گوێی هەڵخستووە هەستیکردووە مێشەکە لەوێ نەماوەو هەر خوا دەزانێ بۆ کوێ فڕیوە،بۆیە ئومێد بڕاوو بێهیوا بووەو دڵی زۆر تەنگبووە)). لەو زیندانە پڕ ئازارو ناخۆشەدا مێشێك بووەتە جێی ئومێدوهیوا، کەچی لەو پۆل و قوتابخانەیەدا من شتێکم هاوتای ئەو مێشە نەدەدۆزییەوە تاببێتە مایەی کامەرانی و خۆمی پێوە خەریککەم. دڵم بەکامیان ببەستایە بەردەستە مۆن و بێدەنگەکە یا هاوپۆلە دەنگ بەرزو هاروهاجەکانم، یاخود مامۆستا تووڕەو بوغزن و ئێسك قورسەکان یان ئەو دیوارو بۆیەی هەر لە هی نەخۆشخانەو شێتخانە دەچوون. تەختەو کورسییەکان هەموو برینداربوون و بۆن عارەقەو شێیەکی ناخۆشیان لێدەهات. ئەوانە وایانکرد سەرەتا ڕقم لە قوتابخانە ببێتەوەو تا ماوەیەکی زۆریش لەگەڵیدا ڕانەیەم، هەڵبەت دواتریش هەر ڕانەهاتم تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، بەلاَم لەیەکەمجار باشتربووم و ڕۆژانە فێڵم لەخۆم دەکردو خۆم هەڵدەخلەتاند بۆئەوەی بەهەر شێوەیێ بێ خوێندنە بەزۆرو بێماناکە تەواوکەم ئەو خوێندنەی جگە لەنووسین و شێوازی خوێندنەوە هیچی دیکەی فێرنەکردم.

وانەیەکم زۆر پێخۆشبوو حەزمدەکرد هەموویان بین بە وانەی (وێنەکێشان) بەئارەزووی خۆم وێنەم دەکردو هەرشتێ بمویستبووایە وەهام نیگار دەکێشا، بەلاَم مامۆستا هورمزیاری مۆن و تووڕە دەهاتەوە پۆل و سەرلەنوێ دەستی بە ماتماتیکە بێماناکەی دەکردەوەو جارێکی دی کۆکردنەوەو لێکدەرکردنی بۆ باسدەکردینەوە. من لەوانەکەی خۆیدا پەلەم بوو زوو تەواوبێ و دەربازم بێ لێی، کەچی لەخۆشترین وانەدا وەکو قارچك لەبەردەممان هەڵدەتۆقی و دەستی بە ژمارە بێڕۆح و ساردەکان دەکردەوە. مامۆستای وێنەمان جێی هێشتبووین و بۆ قوتابخانەیەکی دی گوازرابووەوە، بەلاَم دوایی مامۆستایەکی

دیکەمان بەناوی (مەهاباد) بۆ هات کچێکی سپی و بالاَ مام ناوەندی بوو دووچاوی شینی هەبوو کەمێکیش گۆشتن بوو، قژێکی زەردو بلاَوی هەبوو بەسەرشان و ملیدا پەخشانی دەکردن گوڵێکی سووریشی هەردەم بە بەرۆکییەوە بوو، هەر جلێکی لەبەر بکردایە گوڵە سوورەکەی هەر پێوە دەخستەوە، گەر بەرێکەوت ڕۆژێك بە یەخەیەوە نەبووایە پێم سەیربوو هەستمدەکرد لەچاو ڕۆژانی پێشوو شتێکی کەمە، هەردەم مکیاجێکی تۆخی پێوەبوو لێوەکانی وەك تەماتە سوور دەکردن، پێڵووی چاوانیشی لەبەر باری گرانی ئەو مکیاجە زۆرەی بەسەریدا هێنابوو بەقورسی هەڵدەهێنا، چونکە مامۆستای وێنەمان بوو وا بە خەیاڵمدا دەهات کە ڕوخساری خۆی وەك پەڕە کاغەزێکی سپی بینیوە مکیاجەکانیشی هاوشێوەی قەڵەم ڕەنگ و بۆیەکان ویستوویەتی کچێکی جوان بە قژێکی زەردەوە دروست بکات، بەردەوامیش تەنوورەیەکی کورتی تا سەر ئەژنۆی لەبەردەکرد بە پێلاَوی پاژنە بەرزەوە، وەختێ بەنێو ڕیزی پۆلە بێدەنگەکەماندا پیاسەیدەکرد تەقە تەقێکی زۆر خۆشی لێبەرز دەبووەوە کە جۆرە هەستێکی هێمنی پێدەبەخشیم.

## من و منداڵانی پۆلەکەم کۆمەڵێك وێنەی غەمگین دەکێشین.

پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم ڕۆژێك مامۆستا (مەهاباد) بەدەنگە ناسکەکەی وتی: ((خۆشەویستانم گوێگرن هەریەکە ئەمرۆ لە دەفتەری وێنەکانتان بەئارەزووی دڵی خۆتان وێنەیەك بکێشن، لەوانەکانی پێشوو شێوەو قۆناغەکانی دروستکردنی وێنەم پێوتوون و هێڵە بازنەیی و لاکێشەکانم فێرکردوون. ئێستا بابزانم تواناتان چۆنەو دەمەوێت بەهرەکانتان ببینم هەریەکەتان حەز بەچیدەکەن و لە داهاتوودا دەتانەوێ ببن بەچی؟ ڕۆڵەکانم هەر شتێکتان دروستکرد مەیسڕنەوەو مەیدڕێنن گەر بەلاتانەوە ناشیرینیش بوو تاکو من نەیبینم، ئەوانەی کە بەڕای هەموومان جوان و سەرنجڕاکێش بوو لەنێو پۆلەکەماندا هەڵیاندەواسین، ئێستاش دەست پێبکەن با بزانم چیم بۆ دروستدەکەن)).

هەمووومان شڵەژاین و دەست بەکاربووین من لە جانتاکەمدا دەفتەری وێنەم دەرێناو قەڵەم ڕەنگەکانیشم لەبەردەمی خۆم ڕیزکردو دەستمپێکرد، بەڵام لەبەرئەوەی بالاَم کورت بوو هەستابوومەوە سەرپێ تا باشتر بەسەر دەفتەرەکەمدا زاڵبم. ئاوڕمدایەوە زۆربەی قوتابیەکان وەك من بە پێوە وەستابوون و وێنەیان دەکێشا. خۆم وێنەی پیاوێکم کێشا بە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەش ڕەنگی کراسەکەییم سپی کرد لە تەنیشتییەوە وێنەی منداڵێکم کێشا کە کراسێکی سپی و شەرواڵێکی خاکی لەبەربوو، پیاوەکە دەستی منداڵەکەی گرتبوو خەریکی هەنگاونان و ڕۆیشتن بوون لە دووریشەوە خانوویەکی بچووکم دروستکردبوو ژنێك لەبەر دەرگاکەیدا وەستابوو ماکسیەکی نیلی پۆشیبوو. چواردەوری ماڵ و ڕێگاکەم هەمووی کردبووە سەوزایی و گوڵی سوورو زەردو پەمەیی، لەبەشی سەرەوەش ڕەنگێکی ئاویم لێدابوو کردبوومە ئاسمان لەگەڵ هەندێ باڵندە کە لەشێوەی ژمارە چواردا کێشابوومن لەگەڵ ڕیزە درەختێك لەدەمەو نیوەڕۆی بەهارێکی سەرنج ڕاکێشدا. نوقمی ئیشکردن ببووم و ئاگام لەخۆم بڕابوو جارجارە تەقەی پاژنە بەرزەکەی مامۆستا مەهاباد بەهۆش خۆی دێنامەوە، کە بەنێوپۆلەکەدا

دەهات و دەچوو تەماشای وێنەکانی دەکردین هەندێجاریش قەڵەم ڕەنگەکەی لێوەردەگرتین و یارمەتی دەداین. کاتێك هەمووماں تەواوبووین زەنگی جاڕزو بێزارکەر لێیدا کە دەتوت کوتەکەو بەسەرمیدا دەکێشن، مامۆستا مەهاباد وتی: (( تازە زەنگ لێیداو فریاناکەوم سەیریان بکەم هەڵیانگرن لەوانەی ئایندەدا یەکەیەکە تەماشایاندەکەم))، ئەوەی وت و ڕۆیشتەدەرەوە.

بەیانی مامۆستا مەهاباد هاتەوە پۆل کراسەکەی کردبووە سەوز لەگەڵ تەنوورە کورتەکەی زۆر جوان و گونجاوبوون گوڵە سوورەکەشی دیسان بە یەخەیەوە بوو، بەڵام قژی بەرنەدابووەوە بەڵکو هەر هەمووی بەگیرەیەکی سپی بەسەر سەرییەوە تۆپەڵ کردبوو وەك هەمیشەش مکیاجەکەی تۆخ بوو، هەمووماں دڵەڕاوکێی ئەوەمان بوو سەیری وێنەکانمان بکات تا باشترینیان هەڵبژێرێت، هەڵبەتە هەریەکەمان حەزماندەکرد ئەوەی مامۆستا بە دڵی دەبێت وێنەکەی خۆی بێت من یەکێك بووم لەوانە، بۆیە لەڕیزی پێشەوەو تەختەی یەکەم دەستی پێکرد.

یەکەمجار وێنەی قوتابیەکی سەردرێژی چاو زەق بوو لەهەمووانیش زۆربلێتربوو مامۆستای بێزار دەکرد، وێنەی منداڵێکی بێ دەمی کێشابوو مامۆستا لێیپرسی ئەوە بۆچی دەمیت بۆنەکردووە لەبیرتچووە؟ قوتابیەکە وتی: ((مامۆستا بیرم نەچووە بە ئەنقەست خۆم بۆم نەکردووە، ئەمە وێنەی براکەمە دروستمکردووە لاڵ و بێ زمانە با هەر دەمی هەبێت کەنەتوانێ قسەی پێبکات بۆچییەتی لەبەرئەوەیە بۆم نەکردووە)). مامۆستا کەمێك دەموچاوی گۆڕاو بێتاقەتی پێوە دیاربوو. وێنەی قوتابییەکی دیکەی سەیرکرد ژنێکی مردووی دروستکردبوو کەمێك ڕەنگی سووری وەك خوێنیشی بەسەر کراسەکەیدا کردبوو چەقۆیەکیش لە تەنیشتییەوە کەوتبوو مامۆستا لێی پرسی ئەمە چییە؟ قوتابییەکە نەختێ چڵمی هەڵلووشییەوەو وتی: (( مامۆستا ئەمە وێنەی خوشکەکەمە مێردەکەی بە چەقۆ کوشتوویەتی من بچووك بوومەو بیرمنایەت بەڵام گوێم لێبووەو باسیان کردووە لە ئەلبوومیشدا وێنەکەییم دیوە)).

قوتابییەکی دیکە کە قژی لەئێمە زیاتر بۆ تاشرابوو پێستی سەری بەدەرەوە بوو هەستایەوەو وێنەکەی پیشانی مامۆستادا، وێنەی چاڵێکی قووڵی کێشابوو لەدەرەوەڕا بە بەردی گەورە هەڵچنرابوو ژنێکیش لەسەر لێواری بیرەکە دەگریا مامۆستا وتی ئەمە چییە؟ وەڵامیدایەوە وتی: ((مامۆستا من برایەکی لەخۆم بچووکترم هەبوو کەوتە بیرو خنکا لەوڕۆژەوە ئیدی دایکم هەر دەگریەت و دڵی تەنگە، ئەمەش وێنەی بیرەکەو دایکمە براکەشم دیارنییەو لەنێویدا مردووە)). یەکێکی دی لە قوتابییەکان کە وشەی مامۆستای زۆر بەکاردەهێنا وێنەی کاغەزی یاری قوماری دروستکردبوو دوو هێڵی ڕاست و چە پی بەسەردا هێنابوون، کە مامۆستا پرسیاری لێکرد ئەمە چییە وتی: ((مامۆستا باوکم هەموو شەو ئەم یارییەی دەکرد، ئێ مامۆستا تەواوی شتەکانی لەدەستداو دۆڕاند هەتا فەرشی ماڵەوەیشی بردو فرۆشتی، ئێ مامۆستا دایکیشم لە پۆلیس شکایەتی لێکردو ئێستا گیراوە بۆیە وام لێکردووە چونکە ڕقم لێیەتی مامۆستا)).

سەرەی من هات و مامۆستا مەهاباد لێم نزیکبووەوەو کەمێك سەری نزمکردەوەو وتی: ((بابزانین ماردین چی بۆ دروستکردووین؟)) بۆن عەترو گولاوێکی زۆرخۆش و دڵڕفێنی لێدەهات کە پاش ئەو هەموو ساڵ و عەیامە هەروا لەبن کەپوومدایە. خێرا وێنەکەم بەرزکردەوەو پیشانمداو وتم: ((مامۆستا ئەم منداڵە لەگەڵ باوکی لە بازاڕ دەگەڕێنەوە ئەوەش ماڵەکەیانە دایکیشی لەبەر دەرگا وەستاوەو چاوەڕێیانە))، ئینجا مامۆستا دەستخۆشی لێکردم ئیدی ئەو ڕۆژە قوتابییەکان جۆرەها وێنەو نیگاری سەیرو پڕ کارەساتیان کێشابوو وەك شەوی بێ مانگ و ئەستێرە، کۆتری یەك باڵ، دەستی بێ پەنجە، خانووی گڕگرتوو، گوللەی دەرپەڕیو لە لوولەی تفەنگ و کۆلارەی پساوو دارلاستیکی پچڕاوو هەڵماتی شکاوو کەللەسەری بێ گوێ و بێ چاو، شاخی گریاو، دارشەقی شکاو. مامۆستا دڵی کەسمانی نەشکاندو وێنەکانی هەر هەموومانی لای تەختەڕەش هەڵواسی و دەسخۆشی لێکردین.

دووای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە ئێستا دەزانم وێنەکان ڕەنگدانەوەی ناخ و دەرونمان بوو بێ ویستی خۆمان، ئەوکات بچووك و منداڵ بووین بەجۆرێکی نیمچە کاریکاتێری و هێڵ و خەتی خوارو لەسنوور دەرچوو وێنەکانمان کێشابوو، بەڵام گوزارشتمان لەو شتانە کردبوو کە لێیان بێبەشبووین و لەدەستمان چووبوون. مرۆڤ هەردەم بۆ کەموکوڕییەکانی دەگەڕێ ئێمەش بە بۆیەو وێنەی منداڵانە ئەو شتانەمان پیشاندابوو کە خۆمان دەمانەویست بەڵام ئاسان نەدەهاتنە دەست. لەدواییدا هەر ئەو عەشق و چاوەڕوانیانەن گەورە دەبن و ڕونترو بەشێوازی جوداجودا گوزارشتیان لێدەکەین. لەقۆناغی سەرەتاییدا هەموومان وێنەمان کێشاوە بەڵام کە بە ئاست و پلەیەکی دی گەیشتووین کەم کەسمان توانیومانە بەردەوام بین و بەوێنەو ڕەنگەکان ناخی خۆمان بجوینەوەو ئازارو برینە کولاوەکانمان دەرببڕین. کەمن ئەوانەی ئەزموونی تێکشکاوی زەمەن و کۆڵانە پڕ لەخوێنەکانی یادەوەری و هەنارە کەوتوو جێماوەکانی باخچەیەك دەیانکەنە هونەرمەندو بەڕەنگ و مۆسیقاو هونەری جیاوازەوە ڕۆمانی پڕ لە ژانیان دەنووسنەوەو لە چوارچێوەی تابلۆیەك یا سەمفۆنیایەك یا هەر شێوەیەکی هونەری دی قەتیسی دەکەن. ئەوە ئەو ڕۆژە بوو کە ئێمە توانیمان بە بیرو خەیاڵی سادەو وێنەی ساکارەوە گوزارشت لە خەمەکانمان بکەین، ئێ خۆ دواتر منداڵیش خەمی تایبەت بەخۆی هەیە.

*******************

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییم وردە وردە بڕی و سەرکەوتم، بەڵام هەروەك وتم بەزۆر دەروونم لەگەڵیاندا گونجاندو هەستم نەدەکرد زۆربەی وانەکان بەناخی منەوە پەیوەستن تەنیا وانەیەك زۆرم حەز پێدەکرد نیگارکێشان بوو کە هەمیشە لەلایەن مامۆستای وانەکانی دیکەوە قۆرخدەکراو پڕدەکرایەوە. ئێستا دەزانم جوگرافیایەکی وشك کە کۆمەڵێك زانیاری کۆن و بەسەرچووی پێدەداین دڵنیام مامۆستاکەشمان چێژی لێوەرنەگرتووە، چونکە ڕۆژێك لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدابووم پرسیارمکرد وتم: ((مامۆستا ئێستا ئێمە لەکوێی زەویداین و لەبەرچی بە هەندێك ئەستێرە دەڵێن گەڕۆك من تێناگەم؟))

مامۆستا لەجیاتی ئەوەی وەڵام بداتەوەو ڕازیم بکات و تێمگەیەنێ بەتوڕەییەوە وتی: ((لەجێی خۆتەوە پرسیاری بێمانا مەکە باسی ئەو شتانەمان هەمووی کردووە، تۆ گێل و نەفامیت ئاگات لە قسەکانم نیە))، ئیدی ئەوە زۆر بێتاقەتی کردم ئەمەو چەندین حاڵەتی لەوجۆرە ڕۆژانە ڕوویاندەدا، بۆیە هەستمدەکرد مامۆستاش بێزارەو شارەزایی نییە.

ساڵانێك دوای ئەو قۆناغە کە پەڕەی کتێبەکانی مێژووم هەڵدەدایەوە شمشێرو گوللەو خوێن و ناپاکی و سەربڕین و ڕێکەوتنی هەڵوەشاوەم دەبینی، فێری ئەوە دەبووین چۆن ڕقمان لەیەکتر بێتەوەو بە چ جۆرێك لەژێرەوە لەگەڵ دەوروبەر لە بەرژەوەندییەکاندا هاوڕابین دواییش یەکتری بخەینە چاڵ و ناپاکی لەنزیکترین کەسمان بکەین و هەر کەسێکیش ڕاستگۆبوو ئێمە هەر درۆی لەگەڵدا بکەین. ڕۆژێك قوتابییەك پرسیاری لەمامۆستا کردو وتی: ((مامۆستا لەبەرچی ئێمە هەر بە تەنیا مێژووی عەرەب دەخوێنین ئەی بۆ مێژووی کورد ناخوێنین، واتە هەر ئەوان شەڕیان کردووە ئێمە نەمانکردووە؟)) منیش لەجێی خۆمەوە هەستامە سەرپێ و وتم: ((ئەی مامۆستا لەبەرچی ئەو هەموو شەڕانەیان کردووەو خەڵکێکی زۆریش تێیدا کوژراوە بۆ ڕێکنەکەوتوون لەسەرچی بووە؟)) مامۆستاکەشمان نەختێك بڕۆکانی تێکناو وەڵامێکی توندوتیژی بۆ هەردووکمان دایەوەو وتی: ((جارێکی دیکە لەخۆڕا ئەو هەموو پرسیارە بێمانایانە بکەن گوێچکەکانتان لەبنەوەڕا دەردێنم. نەخێر ئێمە مێژوومان نەبووە ناشبێت تێگەیشتن ئەی ئەگەر شەڕیان نەکردبا چییان بکردبایە لەشوێنی خۆیان دانیشتبان و دوژمن بیکوشتنایە، بێدەنگ بن نامەوێ لێرە بەدوواوە هیچ کەسێك پرسیاربکات)).

هەموو ئەو بەناو شارستانێتی و ژیارییەی مرۆڤ پێیگەیشتووە لەسایەی حوکمی شمشێرو فێڵ و تەڵەکەبازییەوە بووە، لەو نێوەندەشدا مرۆڤایەتی باجەکەی داوەو بووەتە قوربانی و جانفیدایی پێشکەش کردووە، کەواتە نرخ و بەهای بێسنوری ئادەمیزاد لەکوێدایە؟ ئەی ئەو هەموو تێزو لێکۆڵینەوانەی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی کراون و جیاکارییان لەگەڵ ئاژەڵ و گیاندارانـدا کردووە کوا؟ کەواتە تەنیا جیاوازییەك گەر هەبێت عەقڵ نییە بەڵکو ویژدانە پۆلینکاری کردووە، ئەو ویژدانەی لە هەموو جەنگە ساردو گەرم و جیهانی و ناوخۆییەکاندا مردوو تەپیوو ڕزیو بووەو ملیۆنەهای بێ دەست و قاچ و کوژراوو بێسەرو شوێن کردووەو جۆگەلەی خوێنی بەناوەڕاستی شارو وڵاتاندا دروستکردووە. ئەمەیە ویژدانەکەی مرۆڤ شانازی پێوە دەکاو کردوویەتی بە تاجی زێڕو لەسەر سەری خۆی داناوە. لەهیچ کات و ساتێکدا مرۆڤ سەنگی نییەو نەبووە ئەوەیشی هەبووە خۆمان بۆ دڵنەوایی دروستمانکردووە.

ڕێزمانێکی ڕەق و تەقمان دەخوێند کە ئەوەی داشینابوو بڕوای بە مەسەلەکە نەبووە. نەنکم گەلێکجار خەریکی وانە خوێندن بووم گوێی لێدەگرتم و دەیوت: ((جاکوڕم کێ وەها قسە دەکات لە ژیانمدا من نەچوومەتە قوتابخانە، بەڵام لەتۆ چاتر بەخوای دەتوانم قسان بکەم ڕێزمانی چی من ڕێی زمانی خۆم گرتووە هەر بۆ ئەوەنییە خەڵکی لێت تێبگەن، ئەی کەواتە ئەم ڕێزمان و مێزمانە چییە باسیدەکەیت؟)). هۆنراوە عەرەبییەکانم بۆ ئەزبەر نەدەکراو دەبوو بەزۆریش بێت بیانخوێنم،

لەم ولاتە نەك هەر شیعر هەموو شتەكان بە تۆبزین و دەبێ خۆمان پینەوپەڕۆیان بكەین. ئایەت و فەرموودەكان هێندە قورسبوون لەبەریشم دەكردن هەر نەمدەتوانی بەباشی و وەك خۆی دەریانبڕم نەزانینی ماناكانیشیان لەوێ بووەستێت. ئەم وانانە سەرەكی بوون و پێویست بوو تەواوی هەفتە بمانخوێندایە، گەر ڕۆژێك یەكێكیان لەخشتەی وانەكاندا نەبووایە كەعبە كەچ دەبوو، كەچی وانەی هونەر هەفتەی جارێك یا دووا نمان هەبوو ئەویش زۆر كەم دەمانخوێندو مامۆستاكانی دی لەجیاتی دەهاتن و بەجۆش و خرۆشەوە مێژوو جوگرافیایان پێدەوتین و هەریەكەیان خۆیان لێدەبووە (كریستۆفەر كۆلۆمبس و ناپلیۆن و خدێوی ئیسماعیلێك).

ئەو وانەیە نەدەخوێندرا كە سەرو سەودای لەگەڵ ژیان و ڕۆح و دەروونی مرۆڤەو نەست دەدوێنێ. لەساتێك لە ساتەكان هەموومان هەستمان بەو حاڵەتە ڕۆحی و نادیارو بزرە كردووە ئەو وەختەی گوێمان لە پارچە مۆسیقایەك گرتووە، یا لەتابلۆیەكی هونەری ڕاماوین و بە دیقەتەوە لە ڕەنگ و فیگەرو مەتریالەكانی وردبووینەتەوە، یا سەمایەك یا جووڵەی سەیرو ناوازەی ئەكتەرێكی شانۆمان بینیوەو دركمان بەو دیالۆگە ون و شاراوەیە لەمابەینی نەستی خۆمان و بەرهەم و كارە هونەرییەكەدا كردووە، بۆیە هونەرە بە شاكارە مەزنەكانی فریامان دەكەوێ و لە ڕوباری بێ بن و گێژاوی مەخلووقە ناشیرینەكانی كۆمەڵگای بۆگەن و تەپیو دەرماندێنێ و لێناگەڕێت ئاسان خۆمان بەدەستەوە بدەین و بخنكێین.

هونەر پەیامێكی مرۆڤدۆستانەی هەیە بەزمانێك دەدوێ لێرەو لەهەر جێگایەكی دونیابێت مرۆڤەكان تێیدەگەن و لێك حاڵی دەبن، تەنیا زمانێكە پێویستی بە وەرگێڕان نییە تاكە هەورازێك لەكێوێكی بەرزو پڕ نشێوو تەلانی ناوەختدا بێترس بتوانین بەسەریدا سەركەوین و نەكەوینە دۆڵە هەزاربەهەزارەكانییەوە هەورازی هونەرو پەیامە مرۆڤ دۆستییەكەیەتی، كەواتە ئەوە هونەرو مێژووەكەیەتی نرخ و بەها بۆ مرۆڤایەتی دەگەڕێننەوە نەوەك مێژووی شەڕی پڕ خوێن و شمشێرو ناپاكییەكان.

منداڵێك بووم هێمن و زیتەڵ جارجارە حەزم بە پرسیاری گەورەو زلبوو وەكو هەموو منداڵانی دیكە، بۆ دوكانی پینەدۆزی لەگەڵ باپیرم دەچووم و زۆرم قسە دەكرد، وەك پێڵاو بۆ دروستبووە ناكرێت بێ پێڵاو بڕۆین؟ ئەی ئەو بزمارە بچووكانە كێ دروستیكردوون و چۆن وایان لێهاتووە؟ ڕیش و سمێڵ و مووەكان لەبەرچی سپی دەبن؟ ئەوە جگە لەوەی زۆرم پرسیار لەبارەی شەوو ڕۆژو مانگ و ئەستێرەو دارو بەردو كێوو چۆنیەتی لەدایكبوون و چەندین پرسیاری دی لەم شێوانە، كە نەوەك باپیرم بەڵكو هەموو بەدەستمەوە بێزاربوون و توانای وەڵامدانەوەیان نەمابوو، تەنیا پرسیارێك كە نەمدەكرد ئامادە نەبوونی باوكم بوو ڕەنگە سەرەتا پرسیبێتم بەڵام كە وەڵامێكی بڕست شكێنم دەستنەكەوتووەو درۆم لەگەڵداكراوە ئیدی دووبارەم نەكردووەتەوە، چونكە زانیومە گەر سەدان جاری دیكەش بپرسمەوە هەر درۆم لەگەڵدا دەكەنەوەو ناگەمە وەڵام و ئاكامێكی ڕاست. هەستمدەكرد باوكم نییە ئەوەندەی چواردەورم قەرەباڵغ بووایەو دەستیان بەسەرمدا هێنابایەو پێویستییەكانیان بۆ

جێبەجێ کردبام هێشتاش شوێنێکی بەتاڵ و چۆڵی وەك بیابان و پێدەشتێکی گەرم و خاڵی مابووەوە، کە کەس نەیتوانیبوو ئەو ڕووبەرە پان و بەرینە پڕکاتەوە، تەنیا کەسێك دەیتوانی ئەو پێدەشتە گەر بەزۆریش بووایەو هیچیشی لێنەڕوابا بیکردایەتە سەوزایی و گوڵ و گوڵزاری تێدا ڕواندباو جۆرەها باڵندەو مەلی جیاوازی لەوێدا بۆ بەخێوکردبام باوکم بوو. بەڕووکەش هیچ پێویستییەکم نەبوو کەچی لەناخەوە کۆڵێك ئەرك و فەرمان کۆببووەوەو دنیایەك پێویستیم بەسەریەکدا کەڵەکە کرابوون، تەنیا باوکم دەیتوانی جێگرەوەو ڕا پەڕیانبێت.

دایکم هەوڵی زۆریدا تا ئەو کارە بکات تاڕادەیەکی زۆریش کردی، بەڵام دواتر شتێك هەر جێمابوو لەهێزی ئەو بەدەربێ و توانای جێبەجێ کردنیانی نەبێ، ئەوە جگە لەوەی ڕوانینی کۆمەڵگای ژاکاوو نەخۆش بەجۆرێك لە منداڵی بێ باوك دەڕوانن و بە هەتیو بانگی دەکەن و ئەو بارە دەروونییە قورسەت جارێکی دیکە بۆ دەگەڕێننەوەو ئازارتدەدەن، وەك ئەوەیە تەنیا منداڵی بێ باوك هەتیوو بێ سەرپەرشت بێ ئەم وڵاتە هیچ گرفت و سەرئێشەی دیکەی نەبێت، لەکاتێکدا کۆمەڵگا خۆی هەتیوو بێ گەورەو سەرپەرشتە پەژموردەو کەنەفتەحاڵ و پەککەوتەیە. ڕۆژانە بەبەرچاومانەوە هەزاران زوڵم و ستەم لە مرۆڤە هەژارو بێدەرەتانەکان دەکرێ و باوکێك نییە دەست بەسەری ئەو هەتیوانەی کۆمەڵگادا بێنێ و هەقیان بکاتەوە. بەبەرچاوی خەڵك و ڕۆژی ڕووناکەوە لەم کۆمەڵگا زەلیلەدا مرۆڤ سەردەبڕدرێ و ژن و کچ فڕێدەدرێنە سەرجادەو شەقامەکان. کوێرەکان دەستییان ناگیرێت و لەسەر پەیوەندییەکی خۆشەویستی سەری کچە هەرزەکارەکان لە لاشەیان جودا دەکرێتەوەو تۆمەتی نا پاکی و شەرەفیان دەدرێتە پاڵ. بەندیخانەکان پڕن لە کەسی ستەمدیدەو بە ناهەق گیراو دامودەزگاکان تژین لە مەسینە هەڵگرو پێڵاو ڕیزکەر. ئەی ئەو هەموو گرفتانە کێ چارەیان دەکات لە باوك بترازێت کێی دی هەیە باوك لێرەدا دەوڵەت و حکومەتە کۆمەڵگاش بەهەموو ئەوانەی باسمکردن هەتیوو بێ سەرپەرشتن چاتروایە لە غەمی خۆیاندابن نەوەك بە هەزارانی وەك من بڵێن هەتیوو بە چاوی بەزەیی و ڕەحمەوە لێمان بڕوانن. پرسیاری وەهام هەرگیز لەماڵەوە لە کەس نەدەکردو تەنیا لەناخەوە لەخۆمم دەکرد، چونکە وەڵامی ڕاست و دروست هەرخۆم دەمدایەوە بۆیە بێدەنگیم هەڵبژاردبوو.

داپیرەم هەمووجار پێیدەوتم: ((کوڕم تۆ لەخوێندنی سەرەتاییدا بووی کە دایکت لەوبارە دەروونی و خەمۆکیەی هەیبوو ساڵانێ بوو بەدەستییەوە دەیناڵاند باشترببوو کەمتریش بۆسەر گۆڕی باوکت دەچووە شائەشکەوت، ئەگەریش بچووبووایە تۆی لەگەڵ خۆی نەدەبرد نەوەك پرسیاری لێبکەت ئەوە گۆڕی کێیە)). داپیرەم ڕاستیدەکرد گەلێکجاران کە منداڵبووم دایکمم دەبینی بۆ ژوورێك دەچوو دەرگاکەی پێوەدەداو دەستی بەگریان دەکرد، منیش بەدزییەوە لە درزێکەوە تەماشامدەکردو بێ ئەوەی بزانم بۆ لەبەرخۆمەوە لەگەڵی دەگریام دواییش کە لێمدەپرسی بۆدەگریایت بەهەر شێوەیێ بووایە فێڵێکی دەدۆزییەوەو خۆی لێدەربازدەکردم. سەرەتا ویستی لەبارخۆییم ببات پاشان بووم بە گەورەترین ئومێدو غەمڕەوێنی. وەك داپیرەم دەیوت:((هەر ئەوماوەیەی بارە دەروونییەکەی باشتربووپرچیشی نەختێك پڕببۆوەو جێگا لووس و ڕووتاوەکانیشی

چاکبوونەوەو موویان لێڕوابووەوە، بەڵام جەستەی هەر لاوازو بێجورم بوو تەنیا ڕوخساری کەمێك گۆشتن ببووەوەو چاوەجوانەکانی پتر دەدرەوشانەوەو بەشێك لەجوانییەکەی جارانی بۆ گەڕابووەوە وەك لەسەردەمی کچێنیدا هاوڕێکانی بە مرواری دەریا بانگیاندەکرد)). گەورەترین و بەهێزترین پاڵپشتی ژیانم بووە بەڵێ (گەوهەر) خاتوون ئەو ژنە بەهێزە بوو کە ویستوویەتی تائەوپەڕی سەروو تواناکانی بخاتەگەڕ لە پێناو سەرکەوتنم و دەرنەکەوتنی عەیبەکانم.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان ناوی مامۆستا (سالار) بوو پێیاندەوت (سالاری سابیری لبادچی). پیاوێکی کورتەبالای ورگنی سمێڵ ماش و برنجی بوو دووچاوی زەق و لووتێکی گەورەی هەبوو، بەو تەمەنە گەیشتبوو تاڵێکی قژی نەوەرییوو هەمیشە بەلایەکدا دایدەهێنا دەتوت سەتڵێك ئاوی پێداکردووە ئەوەندە بەبریقەبوو. سەعاتێکی سەرزلی بەزنجیری لەدەستە چەپی دەکرد لەکاتی قسەکردندا کە دەستی ڕادەوەشاند سەعاتەکەی دەلەرییەوەو شلدەبووەوەو شۆردەبووەوە سەر مەچەکی بەتایبەت وەختی توڕبوونی، کە هەڕەشەی نمرە شکاندن و گواستنەوەی بۆ قوتابخانەیەکی دی لێدەکردین. لەیادمە جارێك بۆ پۆلەکەمان هات و دەستی بەدەرگاوە گرت و وتی: ((سبەی سەعات چوار کۆبوونەوەی باوکانە گە ر بۆ ماڵێ چوونەوە پێیان بڵێن بابێن تا لە ڕەفتارو ڕەوشت و نمرەکانتان ئاگاداریان کەینەوە، ئەوەی باوکیشی نەماوە با دایکی بێت)). نیوەڕۆ کە گەڕامەوە ماڵێ سەرماو سۆڵێکی تووشی ناوەڕاستی زستان بوو دایکم و پورەکانم خەریکی نان ئامادەکردن بوون، بەڵام من هیچ شتێکم نەوت تاکو نانمان خوارد پاشان بەدایکمم وت ئەویش کەمێ سووربووەوەو کەوتە کرۆشتنی لێوەکانی خووی پێوەگرتبوو هەر کە ڕاڕابووایە قوڕ بەسەری دەمولێوی دەبوو هێندەی بیانکرۆژێت. بەشێوەیەك دەستی بەقسەکرد تۆنی دەنگی بەو کەسانە دەچوو کە درۆیەکیان لێ سپی بووەتەوەو وتی: ((جاکوڕم من بۆچی بێم با کەمالی خاڵت بێت هەرکەسێك بێت ئاساییە گرنگ ئەوەیە یەکێك بچێت)). ویستی بەو قسانە جارێکی دی خۆی لەڕاستییەکان بدزێتەوە تا وام پیشاندات باوکم نەمردووەو لە سەفەرەو با خاڵم بێت جیاوازی نییە، گە بشیوتایە من دێم ئەوە یەکسەر خۆم دەخستە خانەی بێ باوکەکان نەیدەزانی دەمێکە لەوە گەیشتووم لەو خانەیەدام و لەمێژە کونجێکم لەوێدا بۆخۆم گرتووە، بۆیە بەپەلە وتم: ((نانا دایەگیان جگە لەتۆ با کەسی دی نەچێت تۆ بڕۆ من واحەزدەکەم))، بەجۆرێ پێداگریم کرد تا هەستنەکا چاك ئەوە دەزانم بێ باوکم دەیویست ڕاستەوخۆ وای پێبڵێم، بەڵام هەروەك وتم ئەو ڕازونهێنییەم لە دڵمدا حەشاردابوو. دواجار ڕازیمکرد خۆی بۆ کۆبوونەوەکە بڕوات.

بەیانی سەعات چواری پاشنیوەڕۆ دایکم بۆ قوتابخانە ڕۆیشت و خۆی پێناساندبوون کە دایکی منە ئەوکاتە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بووم. مامۆستاکان وتبوویان خۆزگە هەموو قوتابییەکان لە ڕەوشت و ڕەفتارو خاوێنیدا وەك ماردین بوونایە لە وانەکانیشیدا باشە، بەڵام لەقسەکردن زۆرباش نییە تەنیا لە وەختی تاقیکردنەوە نەبێ دەتوانێت بیربکاتەوەو چاك بنووسێت بەجۆرێك لە ماوەی چەند خولەکێکدا پەڕەکان هەڵدەداتەوەو بێ وەستان و بەردەوام دەنووسێت،

ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە نووسەرو ئەم جۆرە شتانە، کەچی مامۆستای ما تماتیك گلەیی لێکردبووم و وتبووی هەوڵی زیاتری لەگەڵ بدەن لەوانەکەی مندا باشنییە. ئەوەی زۆری خۆشدەویستم و لە وانەکەیدا سەرکەوتووبووم گەرچی زۆر کەمیش دەهاتە پۆل و دەما نخوێند مامۆستا مەهابادی وانەی وێنەکێشان بوو، بەشێوەیەك وەسفی کردبووم دایکم شاگەشکە ببوو گەلێکی پێخۆشبوو. لەماڵەوەش هەر بێ ئیشبام قەڵەم ڕەنگ و دەفتەری وێنەکەم بەدەستەوە دەگرت و بێدەنگ لە سووچێکدا دادەنیشتم و وێنەم دەکێشا.

## قوتابخانەکەمان لەبارانێکی زۆردا وەك بەلەم سەرئاو دەکەوێت.

ئێوارەیەکی هەینی دایکم بانگی کردم ئەوکاتە من هەرزەکار بووم وتی: ((وەرە کوڕم شتێکی دی هەیە با بۆتی باسبکەم کە پەیوەندی بە ژیانی تۆوە هەیە))، منیش بە حە پەساوییەوە سەیریمکردو وتم: ((خێربێت دایەگیان ئەمجارە دەتەوێت چی بگێڕیتەوە؟)) هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: ((شەوێك لەخەومدا ئاسمان ساف و بێگەردبوو خۆر بەگەورەیی لەناوەڕاستیدا دەدرەوشایەوەو تیشکی خۆی بۆ زەوی دەنارد لە پڕ گۆڕانێکی سەیرو پێشوەخت ڕوویدا. بەشێکی بووە هەورێکی ڕەش و بۆر لەو هەورانەی وەختێ سەیریاندەکەیت وادەزانی زۆر لێتەوە نزیکن و چەمۆڵەت لێدەنێن، بەشەکەی دیکەشی ساماڵ و سایەقەیەکی جوان و دڵڕفێن بوو. هەردوو بەشەکە بە توڕەیی لێکیان دەڕوانی و مۆرەیان لەیەك دەکرد، هەورە ڕەشەکە لە دیناسۆرێك دەچوو هەروەك لە کتێبەکانی تۆ دیومە وەك ئەوەی کلکی بەرزکردبێتەوەو زاریشی بەشکردبێتەوە ددانەکانی بەدەرەوەبن و چەنگی نابێتە گەرووی ساماڵەکەو خەریکبێ بیخنکێنێت، بەڵام لەگەڵ توڕەبوونیدا بەخوڕ لەداوێنییەوە دباری و وردەوردە لێی کەمبووەوە، بارانێکی ڕەشی لینج و لووس دەهاتەخوارو تۆفانێکی ناکاوو ناخۆش لە تەنیا بەشێکی زەویدا ڕوویداو بەشەکەی دیکەش بەدیارییەوە وەستابوون. واتە ئەو بەشەی سەلامەت و بێ ئافات بوو لەو بەشەی دەڕوانی کە خنکان و مردنی مرۆڤەکان و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵی بێئەوەی دەستی یارمەتیان بۆ درێژکەن و بە هانایانەوە بچن. لەوێدا قوتابخانەکەی ئێوەم دیت زانیم قوتابخانەی (چرای دوواڕۆژ)ی سەرەتاییە وەك بەلەمێکی گەورە سەرئاو کەوتبوو تەواوی مامۆستاو قوتابییەکان لەنێویدا گیریان خواردبوو نەیاندەزانی چۆن دەربازیانبێت. گوێم لەقیژەو هاواری منداڵەکان بوو لەترساندا دەگریان. لەناکاو بەخەبەر هاتم هەموو گیانم ببووە عارەقەو خێرا سەیری تۆم کرد لە پاڵمدا خەوتبووی، ئینجا هەناسەیەکی قووڵم پڕ بەسییەکانم هەڵمژی کەچی هەستێکی ناخۆشم هەبوو لەوەدەچوو هەستی پێشبینییەکانم کەوتبنەوە گەڕو وزەی تازەیان بەبەرداکرابێتەوە وەك ئەنجامی خەوەکانی پێشووم)). من بەدرێژایی قسەکانی هەر لێیڕامابووم و هیچم نەدەوت بەلام دوایی خۆم بۆ نەگیراو وتم: ((باشە دایەگیان ئەو خەوە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەبووە هەر ئەوەندە قوتابخانە سەرەتاییەکەی منت بینیوە سەرئاو کەوتووە، بەڵام ئەوە خەوەو لەڕاستییەوە دوورە)). دایکم دەستی بەسەرو قژیدا هێناو وتی: ((ڕۆڵە گیان باقسەکانم

تەواوکەم ئینجا تۆش دەزانیت مەبەستم چییە. بۆ بەیانی زۆرم تکالێکردی نەچیتە قوتابخانە بەڵام لەبەرئەوەی هیچ بەهانەیەکم نەبوو نەمتوانی ڕازیت بکەم و ڕۆیشتیت. دوای تۆ دڵم زۆر گوشراو دەستم هیچی نەدەگرت خەوەکەم بۆ داپیرت گێڕایەوە ئەویش دڵیدامەوە، هەر تاوناتاوێك بۆ حەوشە ڕامدەکردو لە ئاسمانم دەڕوانی پەڵە پەڵە هەوربوو بەڵام ترسی بارانێکی وەها زۆری نێو خەوەکەمی لێنەدەکرا. جارجارە هەتاو خۆی لە پشت هەورەکان دەشاردەوە دوایی دەهاتەوەدەر وەك بڵێی حەزی بە چاوشارکێ بێت. نزیکی یانزەی پێشنیوەڕۆ ئاسمان یەکپارچە بووە هەورێکی ڕەشی وەك هەوری نێو خەونەکەم هەمان وێنەشی دروستکرد کە من بینیبووم، وێنەی دیناسۆرێك بەکلکی بەرزو دەمی کراوەوە ئیدی دڵم زۆر تەنگبوو بە شڵەژاوییەوە ئەمسەرەو ئەوسەرم دەکرد قوتابخانەکەی تۆم بیرکەوتەوە (چرای دواڕۆژ) کە وەك بەلەم سەرئاو کەوتبوو هەموو لەنێویدا گیرتان خواردبوو. پاش کەمێك هەورەکە کردییە باووبۆران و بارانێکی بەلێزمە لەماوەی چارەگێکدا ئاوێکی ئێجگار زۆر کۆبووەوەو ڕۆیشتن زەحمەت بوو. خۆتدەزانی قوتابخانەکەی ئێوەش وا هەڵکەوتبوو چواردەوری چاڵایی بوو هەر دوو دڵۆپە باران بارییوایە دەبووە قوڕولیتە ئەوەش بۆ ئێوە قورس بوو بەنێویدا بڕۆن جا ئەو بارانە بەخوڕەش. ئۆقرەم نەماو چیدی نەمتوانی لەوە زیاتر خۆم بگرم بێئەوەی گوێ بەکەس بدەم چەترێکم بەدەستەوە گرت و بەنێو ئەو باران و کرێوەیەدا هاتم تا گەیشتمە قوتابخانەکەتان)). کەم کەمە ئەو ڕۆژەم بیردەهاتەوە بۆیە وەك یەکێك کوتەکێك بەسەرمدا بکێشێت تۆزێك سەرم باداو وتم: ((هێواش دایەگیان تۆ ڕاستدەکەیت بیرم کەوتەوە ئەو ڕۆژە ئاوێکی زۆر لەبەردەمی قوتابخانەکەمان وەستابوو قوڕولیتە ئەو ناوەی سواغدابوو. باوکی قوتابییەکان لەوێ کۆببوونەوەو بە ئوتومبیل بەشوێن منداڵەکانیاندا هاتبوون. لە ژوورەوە منیش چاوم لێبوو خەیاڵم بۆ هەزار شت پەرتببوو لەدڵی خۆمدا دەموت گەر منیش ئێستا باوکم هەبووایە دەهات و ڕزگاری دەکردم، ئەو وەختە بیرمکردەوە کە خۆزگە بەقسەی تۆم کردبووایەو نەهاتبامە قوتابخانە ئەوڕۆژە تاکو وام بەسەردا نەیەت. بەدەم داڵغەو خەیاڵەکانەوە هاتمە بەردەرگاو مامۆستا مەهاباد بەخۆیی و گوڵە سوورەکەی یەخەیی و مکیاجە تۆخ و بۆنەخۆشەکەیەوە خۆی نووشتاندەوەو لێی پرسیم ماردین تۆ چۆن دەڕۆیتەوە کێ بەدوواتدا هاتووە؟ لەو کاتەدا سەرم بڵندکرد تۆم بە چەترەوە بینی ئاو تا نزیکەی سەر ئەژنۆکانت هاتبوو تەواویش تەڕببووی لە خۆشیاندا وەخت بوو باڵبگرم، بۆیە بە مامۆستا مەهابادم وت ئەوەتا دایکم بەشوێنمدا هاتووە ئەوەتا لەنێو ئاوەکەدا بە چەترێکی ڕەشەوە وەستاوە. وردە وردە بەهێمنی و پارێزەوە هەنگاوت لە ئاوەکە هەڵدەگرت و لێم نزیك دەبوویەوە تا گەیشتییە بەردەمم و لە باوەشتکردم. بە دەستێکت چەترەکەت گرتبوو بەدەستەکەی دیکەشت من بەخۆم و جانتا قورسەکەی شانمەوە بەردەوامیش باران دەباری و ئاوەکە پتر بەرزدەبووەوەو لە زۆربووندابوو. لەنێو قوڕو لیتاوەکەدا شەقاوتدەناو چەترەکەشت زێدەتر بەلای مندا لارکردبووەوە تا تەڕ نەبم سەرو قژو ڕوخساری خۆشت وەك بڵێی بە پەقرەجان ئاویان پێداکردبێت وەها شەلاڵ ببووی، هەرچۆنێبێ دەرچووین و بۆ ماڵێ گەڕاینەوە پاشنیوەڕۆش بارانەکەی لێکردەوەو وەستا، کەچی تۆ بۆ ماوەی هەفتەیەك لەجێگادا کەوتی و نەخۆش بوویت لەبەرئەوەی سەرمایەکی زۆرت

هەڵكێشابوو گشت گیانیشت تەڕببوو))، كە قسەكانم تەواوكرد هەستمكرد دایكم چاوی پڕ لە ئاو بووە لەڕاستیدا بۆخۆشم دڵم پڕببوو، بەسەرە پەنجەی قولینچكی چاوەكانی سڕییەوەو وتی: ((ئێستا بیرتكەوتەوە ماردین گیان كە من باس لەچیدەكەم و چ پەیوەندییەكی بەتۆوە هەبوو؟)) بەدڵی غەمگینەوە باوەشم پێداكردو وتم: ((بەڵێ دایەگیان هەموویم بیرهاتەوە ئەوەنییە بۆخۆم بەسەرهاتەكەم بۆ تەواوكردیت، بەڵام من نەمزانیبوو ئەو خەوەت بینیوە ئێستا زانیم كە دڵت چەندە پاك و گەورەیەو هەستەكانت چەندە ڕاستگۆن)).

(شێخ موكری زمانزان) دەمرێت.

ئێوارەیەك باپیرم هیلاك و شەكەت لەدوكان گەڕایەوە ساڵ بە ساڵ هێزی ئیشكردنی كەمتر دەبووەوەو خوڵقی كاركردنی نەدەما بەڵام خووی پێوە گرتبوو. گۆچانێكی دار حەیزەرانی بەدەستەوە بوو نەخش و نیگاری زۆری لەسەر هەڵكەنرابوو بەتایبەت ئەو شوێنە كەوانەییەی دەستی لەسەردادەنا لەشێوەی هەڵۆیەكی دەنووك كراوە دروستكرابوو. جۆرە دەرمانێكیان پێدا هەڵسوبیوو زۆر بریقەداربوو لەهەر سووچێكەوە سەیرتكردبا هێڵێكی ڕوناك و سپیت بەرچاو دەكەوت. جەمەدانییەكەی داناو كڵاوەكەیشی هەر بەسەرییەوەبوو گۆپاڵەكەی لەگۆشەیەك هەڵواسی و دەستی بەدەموچاویدا هێناو لەناخەوە ئاهێكی هەڵكێشاو دانیشت و پاڵی بەدیوارەوەداو داوای پەرداخە ئاوێكی كرد، لەو وەختانەشدا من خۆم لێدەكردە دەمڕاست و دەموت من بۆتدێنم با كەس لەجێی خۆی نەجووڵێت بۆمهێناو خواردییەوەو هیچی نەوت، بەڵام كەمێ لەڕۆژان غەمبارتر دیاربوو. داپیرم پرسیاری لێكرد: بۆچی ئەمڕۆ باش نایەیتە بەرچاو پێدەچێ نەخۆشبیت یا پێڵاوی سەربوردە تاڵ و ناخۆشیان بۆهێناویت؟ تەماشایەكی نەنكم و دایكمی كرد منیش لەتەنیشتیانەوە دانیشتبووم وێنەم دەكێشا لەقۆناغی سەرەتییدابووم نەختێ قورگی پاككردەوەو وتی: ((ناهیچكام لەوانە نییە ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ بیستم شێخ موكری زمانزان لەژێر نەشتەگەریدا دەرنەچووەو مردووە بۆیە وا غەم دایگرتووم بریا هەر لەدوورەوە بمناسیبووایەو هەرگیز وەك ئێستا ئاشنای نەبووبام، جارجارە دەهاتە دوكان و دیشلەمەیەكی لادەخواردمەوە پیاوێكی بەڕەووشت و دەستگری هەژاران بوو، دوای خۆیشی وەسیەتی كردووە ئەوەی هەیەتی بەشێكی بۆ ژنەكەی بێت كە ئەویش زۆر پیربووە، ئەوەی دیكەیشی بۆ لێقەوماوو بێدەرەتانان بێت چونكە منداڵی نەبوو. بەڕاستی حەیف یاخوا هەزار ڕەحمەتی لێبێت و خودا لێی خۆشبێت)). دایكم و نەنكم زۆریان پێناخۆشبوو دەستیان كردە گریان منیش سەرم بڵندكردو وتم: ((باپیرە كامە پیاو ئەوەی هەمووجار دەهاتە لات لە دوكان و دەستی بە زنجیرە درێژەكەی بەرباخەڵیدا دێناو تەماشای سەعاتەكەی دەكردو نوقڵ و پارەی دەدامێ سەیریدەكردم و دەیوت دایكت چۆنە ها ئەو مردووە؟))، باپیرم بەدەنگێكی كزەوە وەك یەكێ لە چاڵێكدابێ و بەئەستەم هاواری بگاتەدەرێ وتی: ((ماردین گیان بەڵێ ئەو مردووە تۆ خەفەت مەخۆ ڕۆحەكەی باپیرە ئەی منیش نوقڵ و پارەت پێنادەم؟))، بێئەوەی هیچ بڵێم تەماشایەكی دایكم و نەنكم كردو دەستم بە وێنەكێشانەكەی خۆم كردەوە.

*******************

لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیدا وردە وردە باڵقبووم و ساڵەکانی تەمەنم تێپەڕاندوو بە دوواناوەندی گەیشتم و تۆزێك گۆڕانم لەخۆمدا بەدیکرد. کچێکم دەبینی سوورهەڵدەگەڕام و حەزمدەکرد قسەم لەگەڵدا بکات، بالآم زۆر بەرز نەبوو قژم بۆ سەرەوە هەڵدەدایەوەو کەمێکیش سمێڵم هاتبوو بەدزییەوە ڕیشیشم دەتاشی پێمخۆشبوو هەرچی زووترە موو دەموچاوم داگیربکات پێموابوو نەشوەیەکی تازەم پێدەبەخشێت،کە زۆرجار میوانمان دەهات و پێیاندەوتم (ماردین) بوویی بە پیاو شتێ بە ناخمدا دەگەڕا خۆشم نەمدەزانی چییەو چۆنە، هەر لەوکاتانەدا لەگەڵ کەمالی خۆشنووسی خاڵم بۆ کۆڕی ڕۆشنبیری و پیشانگای شێوەکاری دەچووم لەماڵەوەش کتێبی هەمەجۆری وەك چیرۆك و ڕۆمان و فەلسەفەو هی دیکەشم دەخوێندەوەو بەردەوامیش وێنەم دەکێشا، وەك گەنجێکی خوێن گەرم و حەز بە کتێب بەشداری چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانم دەکرد، گەلێك جار دەمویست هۆنراوە بنووسم بەلآم هەستمدەکرد جارێ پێویستە زیاتر بخوێنمەوە.

لەو قۆناغەدا گرفتم لەگەڵ وانە زانستییەکاندا هەبوو دیسان بەزۆر بڕوام بەخۆم هێنابوو کە وانەکان خۆش و پەروەردەیین، لەوە ناخۆشترنییە بەزۆری زۆرداری واتلێبکەن بڕوا بەشتێ بێنی لەبنەچەو ڕەگەوە هەستت بۆی نەجووڵابێ و بەلاتەوە گرنگ نەبووبێت. بیرم لەفیزیاو کیمیا دەکردەوە ئەو هەموو ئوستادو پڕۆفیسۆرانەمان لە زانکۆو پەیمانگاکاندا هەیە بۆ تائێستاکە نەیانتوانیوە داهێنانێك بکەن؟ کامە ئەو تیۆرو میتۆدانەن کە خۆمان دامانهێناون؟ مامۆستای کیمیا باسی بەرگە هەواو ئاوێتەی گازو مادده کارلێککەرەکانی بۆدەکردین، کەچی دروستکردنی سابونمان لێدەپرسی نەیدەزانی پێکهاتەکانی چین و بە چ جۆرێ دروستکراوە، کە دەگەیشتینە بەشی ئەندامی زاووزێی نێرینەومێینە مامۆستای زیندەوەرزانی شەرم دایدەگرت و دەیوت خۆتان لەماڵەوە بیخوێننەوە. کۆمەڵگایەك نەتوانێ گوزارشت لەچۆنیەتی دروستبوونی خۆی بکات و وانەی توێکاری جەستەی ئادەمیزادی لا نەنگ و عەیبە بێ چۆن دەتوانێ جەوهەری مرۆڤ بناسێ و ئەفراندن بکات؟ ئاخر گاڵتە پێکردنەکانی من بەوانەو کتێبەکانی قوتابخانە لەخۆڕا نەبوو هەموو ئەو گەوجییانە وایانکردبوو وەها بیربکەمەوە. بێمانایە لە هەشت نۆ وانەو کتێبی جیاواز کە هەریەکەیان سەر بەجیهان و زانست و بیرکردنەوەیەکن قوتابی بتوانێت لە هەر هەموویان بەنمرەی بەرز دەرچێت ئەوە ئەوپەڕی گەمژەییە. وەك هەمیشە حەزم لەوانەی هونەرو ژیان بوو دەمویست لەسەرا پای جیهان گوێم لەزرینگانەوەی بەردێك بێت کە هونەر هاویشتبێتی و کەوتبێتە گۆمێکی مەنگ و شڵەقاندبێتی تاژێرەوەی دیاربێ چییەو چی تێدایە. حەزمدەکرد ڕۆژێك بەڕێوەبەر بانگمبکاو بڵێ دەزانم تاقەتی ئەو وانە ساردوسڕانەت نەماوەو قەیناکا تۆ تەنیا وانەی هونەر بخوێنە بامامۆستاکەی تایبەت بێت بەتۆ، بەلآم ئەوە خەوێ بوو هەرگیز نەهاتەدی.

هەرزەکاریم وەك منداڵیم بوو بێدەنگ و هێمن و شەرمن، لەئیشوکاری هیچ کەسێ خۆم هەڵنەدەقورتاندو بەردەوام خەریکی بیرکردنەوە لەخۆم و دەوروبەرو دایکم بوو. لەمنداڵیشدا دارلاستیك بەدەست و شەڕانگێز نەبووم و دایکم زۆر خۆشدەویست، ئەو کات دوو پورم شوویان کردبوو خاڵێکیشم ژنی هێنابوو. باپیرم وەك هەمیشە بۆ دوکان نەدەچوو تاوایلێهات بەکرێی داو یەکێك کردبووی بە زەڕنگەری، مەکینەو کەلوپەلەکانی پینەدۆزییەکەشی فرۆشتبوو چونکە ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە لەنێو جێگادا نەخۆش کەوتبوو. سەرەتا پاڵەپەستۆی خوێنی لەگەڵدابوو کەچی لەدواییدا تووشی نەخۆشی دڵ ببوو لەپڕ دەبووڕایەوەو دەمولێوو ڕوخساری شین و مۆر دەبووەوەو چەندین جار لەمردن دەگەڕایەوە. وەختێ پاڵدەکەوت وەك پێشوو کڵاوەکەی هەر بەسەرەوە بوو گۆچانەکەیشی لەتەنیشت خۆیەوە درێژدەکردو بە بێ ئومێدی لەڕوناکی پەنجەرەی دەڕوانی و دەستی بە کۆکەیەکی هێندە توند دەکرد دەموت هەرئێستا جەرگ و دڵی لەگەڵیدا دێتەدەر، سووردەبووەوەو بەپەلە بۆ پشت سەری دەچووین و کەمێك بەرزمان دەکردەوەو هەندێکمان ئاو پێدەداو پاڵماندەخستەوە. تەنیا شتێ لەدوکانەکەیدا لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە پێڵاوە پڕ بەسەرهات و یادگارییەکانی سەر ڕەفەکەی بوو، کە لەشوێنێکی تایبەتی دۆڵابدا هەڵیگرتبوو هەردەم لەخۆی زیاتر ئاگای لێبوو ، کلیلی دەرگاکەشی لەبن سەری خۆی شاردبووەوە تا هیچ کەس پێی نەزانێ، لەماڵەوە دەیانزانی هێناویەتییەوە بەڵام نەیاندەزانی لەکوێی داناون تەنیا من نەبێ لە شوێن و نرخ و بەهایان گەیشتبووم بۆیە ڕۆژێك بانگی کردم و هەندێ ئامۆژگاری و وەسیەتی لەلاکردم.

## دایکم بەدزی من نانی بۆ ماڵان دەکرد.

لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بووم ماوەیێ بوو هەستمکردبوو هەفتەی دوو یا سێ جار بەیانیان دایکم سەرلەزوو لەجێگاکەی نەدەما کە بەدوایدا دەچووم لەژێر قادرمەکانی حەوشەدا دەمبینی بە ماکسییەکی ڕەش و چڵکنەوە قاچی ڕاکێشابوو خەریکی نانکردن بوو بە ساجی دادەداو هەر خۆیشی دەیبرژاندو گڕی ئاگرەکەشی خۆشدەکردو داری پێوەدەنا. دواتر هیچ دەستە نانێکم لەماڵەکەدا نەدەبینی بۆیە پرسیارم لەخۆم کرد ئاخۆ ئەو هەموو نانەی لەو دوو سێ ڕۆژەدا کردبووی چییان لێهاتووەو بۆ نایبینم دەبێ بۆ کێ بێت؟ تۆ بڵێی بۆ خەڵکی بکات؟ چەندین پرسیاری دیکەم بە مێشکدا دەهات و دەڕۆیی. لەوکاتانەدا بژێوی و گوزەرا نمان قورسبوو گەر هەموو کارمان نەکردایە زەحمەت دەژیاین و تووشی کۆسپ و تەگەرەی پەیداکردنی لوقمەیەك نان دەبووین. باپیرم کرێیەکی کەمی دوکانەکەی بۆ دەهات کەمالی خۆشنووسی خاڵیشم دوکانێکی کتێبفرۆشی لەنێو جەرگەی بازاڕدا دانابوو لە کاری حکومی دانەمەزرابوو، لەبەرئەوەی تەنیا ئەو کەسانە بۆ شوێنی چاك و گەرم و بێ ماندوبوون دەچوون کە خزموکەسی بەرپرس و کاربەدەستانی بەرزی دەسەڵات بوون یا دۆستایەتیان لەگەڵیاندا هەبووایە، بەڵام ئێمە سەربەرز بووین بەدەستی خۆمان نانمان پەیدا دەکردو پارووی ماندووبوون و ڕەنجی شانمان دەخستە دەممانەوە ئەوەمان پێ چاتربوو لەوەی ماستاوچێتی بکەین و ببینە دەرگاوانی کەس.

ڕۆژێك دایكم بانگكردو لێمپرسی: ((دایە گیان پرسیارێكت لێدەكەم ڕاست و ڕەوان وەڵامدەوە تۆ نان بۆ خەڵك دەكەیت بە پارە؟)). دایكم هەندێك ڕەنگی تێكچوو پەنجەكانی دەستی تێكەڵاوی یەكتری كردو دەمی تەتەڵەی كرد، ئینجا پاش ئیستێك چاوی لە چاوم بڕی و وتی: (( بەڵێ وایە كوڕم هی چەند دراوسێیەكی خۆمانە و بۆخۆم پێموتوون گەر ویستتان ئەوا من نانتان بۆ دەكەم بەو مەرجەی بە كەسیتر نەڵێن، چونكە خۆم نەخۆشم و توانام نییە هەرچی داوایكردو پێی زانیم بۆی بكەم، لەئێوە بترازێت بۆ هیچ كەس وماڵێكی دیكەی ناكەم))، كە ئەو قسانەم لە زاری دایكمەوە بیست زۆر توڕەبووم بەڵام شاردمەوە لەناخەوەش پەنگم دەخواردەوەو جەستەم گەرم گەرم داهاتبوو نەمدەزانی بڵێم چی ئەوەندە بەسەرخۆمم نەهێناو بەدەنگێكی گڕەوە وتم: ((دایە گیان چۆن كارێكی وەهات كردووە لەمڕۆ بەدوواوە مەحاڵە ئیشی وابكەیت تۆ خۆت جەستەیەكی لاوازو بێهێزت هەیە ئەو جۆرە كارانەش بەتواناو بازوویەكی تۆكمەو پڕ تینەوە دەكرێن دوایی نەخۆش دەكەویت و ئەو وەختە من چیبكەم. زۆرت لێ توڕەم بەڵام ناتوانم دەنگم بەرزكەمەوە چونكە وات فێركردووم ڕێز لە گەورە بگرم ئەگینا گەلێك توڕەو بێتاقەتم)). لەكۆتایی قسەكانمدا دڵم تەواو پڕببوو دەستم بەگریان كرد دایكیشم لەگەڵ من گریاو لەئامێزی گرتم و وتی: ((كوڕم دەبێ فێربین لەسەرپێی خۆمان بووەستین و بەشان و بازووی خۆمان نان پەیداكەین و عارەقەی كەرامەت لەنێوچاومان بسڕین و دەست بەكارەكەمان بكەینەوە، ئەگەریش حەزناكەیت و پێتناخۆشە لەمڕۆ بەدوواوە بەو ماڵانە دەڵێم لەوە زیاتر ناتوانم و چیدی نانتان بۆ ناكەم)). زۆر دڵخۆشبووم بەو قسەیەی سەرم لەباوەشی بەرزكردەوەو بەزەردەخەنەوە وتم: ((پێمناخۆشنییە دایەگیان بەپێچەوانەوە ئێستا لەهەموو كاتێك زیاتر سەربەرزو شەرەفمەندانە دەتبینم، ئیشكردن بەگەڕخستنی ئەوپەڕی تواناكانی مرۆڤە بەپشت بەستن بەڕەووشت و ئاكاری بەرزو بێوێنە هەڵە تێمەگە تەنیا مەبەستم تەندروستیتەو هیچی دی قابیلە خۆ كاركردن عەیب نییە)). دایكم پێكەنی و بەگاڵتەوە پێیوتم: ((بەخوا ئاگام لێتبڕاوە وابزانم لەگەڵ كەمالی خاڵت ئەوەندە هەڵدەستی و دادەنیشی تۆش فێری قسەی لەخۆت گەورەتر بوویی من نەمزانیوە كوڕەكەم بەو ئاستە گەیشتووە قسەی وەها جوان و پڕ مانا بۆ دایكی بكات تەمەنم بێتە سەر تەمەنت ڕۆڵەكەم)). هەردووكمان پێكەنین و یەكمان لە باوەش گرتەوە، ئیدی جارێكی كە من هەمان شتم لێ دووبارە نەكردەوە گەر بمدیبایە خەریكی نانكردنیشە، بەڵام چەند چاوەدێریم دەكرد هیچم نەدەبینی بەیانیانیش لەخەو هەڵدەستام ئەو هەر لەسەر جێگاكەی خۆیدابوو زانیم لەو ڕۆژەوەی قسەكانمان پێكەوە كردووە دڵنیابووە لەوەی من پێمناخۆشە، بۆیە چیدی نانی بۆ هیچ ماڵێكی دی نەكردەوەو ئاگای لەجەستەی خۆی بوو دڵی منی بەدنیا نەدەگۆڕییەوە.

لەوە بەدواوە بیرم لەوە كردەوە خۆم بەدوای ئیشێكدا بگەڕێم و كار بكەم جا هەر چییەك بێت، هەر من لەدایكم باشتر بووم تازە پێگەیشتبووم و لەسەر هێزو توانای خۆم بووم. لەڕێگای چەند هاوەڵێكی قوتابخانەمەوە كارێكم پەیدا كرد چووم تا قسە لەگەڵ خاوەن كارەكە بكەم كە نانەواخانەیەكی هەبوو لەسەر سوچی كۆڵانێكدا ناوی وەستا (نەسروڵڵا) بوو پیاوێكی لاوازی سمێڵ درێژبوو چاوێكیانی لە چاوەكەی دی كەمێك كزتر دەینواند، پەڕۆیەكی ڕەشی بەنێوچەوانی خۆیەوە بەستبوو

لەكراسێكی سپی و شەرواڵێكی ڕەشی پاندا بوو لەگەڵ قسەكردندا زوو زوو دەستی بە سمێڵەكانیدا دەهێناو ئحمێكی دەكردو نەختێك قورگی پاك دەكردەوە. من باسی ئەوەم بۆ كرد نەوەك ئەم ئیشە بەڵكو هیچ ئیشێكی دیكەم لە ژیاندا نەكردووە بەڵام ئەگەر هەر بەرپرسیاریەتیەكم پێ بسپێردرێ و چەند ڕۆژێك هەوڵی لەگەڵدا بدەم سەركەوتوو دەبم و بەباشی كارەكەم جێبەجێ دەكەم و لێناگەڕێم خاوەن كار گلەیی لەتواناو كەمتەرخەمیم بكات. كاتەكانی خۆم بۆ باسكرد كە لەدوای قوتابخانەوە دەتوانم بێمە سەر ئیش، ئەوەیشم لەگەڵدا بڕاندەوە كرێی ڕۆژانەم چەندە وە ئایا هەفتانە پێم دەدات یا مانگانە. پاش ئەوەی ڕێكەوتین من لە هەفتەی دووای ئەوەوە لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆوە تاوەكو هەشتی شەو بەبێ وەستان كارمدەكرد.

لە پشت دوكانەكەوە لەگەڵ كەسێكی دی هەویرمان دەهاتە بەردەست ئێمەش بە ئەندازەی لە پی دەستمان دەمانكرد بە ئەنگوت و لەسەر تەختەی باریك و درێژكۆلەمان ڕیزدەكردن، ئینجا نەختێك ئاردمان پێوە دەكردن و لەبەردەمی وەستامان دادەنا و بۆمان ئامادە دەكرد تا ئیشەكە خێرا ڕا پەڕێت و وەستا نەسڕوڵڵا نەوەستێ و خەڵكی زۆر چاوەڕێنەكات. لەماوەیەكی كەمدا جێگای خۆم كردەوەو وەستا زۆری خۆشویستم و منی بەدڵدا چوو وەك هەمیشە خۆی دەیوت ڕاستگۆیی و دەستپاكیم تێدا بەدی كردووی بۆیە ئاسان دەستم لێت بەرنابێت، ئەویش كەسێكی سادەو باش بوو لەو جۆرە مرۆڤانە بوو لەكاتی ناخۆشیدا دەتوانیت هانای بۆ ببەیت من ئەوەم لە چاویدا خوێندبووەوە. دایكم زۆری هەوڵدا لەگەڵم واز لەو كارە بهێنم بە بیانووی ئەوەی ئەو ئیشانەم نەكردووە ئەرك و خوێندنی قوتابخانەم لەدەست دەچێ و ناتوانم بە چاكی جێبەجێ یان بكەم و لەو جۆرە قسانە, بەڵام بەهەر شێوەیەك بوو دایكمم ڕازیكرد بەهەموو ئەركەكانیشم ڕادەگەیشتم و سەربەرزانەش دەژیاین. هەفتانە پارەی ماندووبوونەكەمم وەردەگرت لەدەستی دایكمم دەكرد بۆ ئەوەی پێویستییەكان پڕ بكاتەوە هەرچەندێكی بشمویستبایە پێی دەدام چونكە دەیزانی گە نجێكی سەر شێت و سەرەڕۆ نیم و وەك هاوڕێكانم پارە بەهەدەر نادەم, ئیدی لەو ڕۆژەوە لەبری دایكم من دەستم بەكاركرد .

********************

چیرۆكی هەموو پێڵاوە كۆنەكانی سەر ڕەفەی دوكانی پینەدۆزییەكەی باپیرم لە كۆتایی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و دەسپێكی ناوەندیمدا بیست و بەچێژو خرۆشێكی زۆرەوە بۆیگێڕابوومەوە تا منیش ئەزموونیان لێوەرگرم و فێرببم چۆن گوێ لەچیرۆك و گێڕانەوە بگرم و بتوانم لەداهاتوودا بینووسمەوەو لە فەوتان ڕزگاریانبكەم. پاش ئەوە ئیدی باپیرم لەجێگادا كەوت و ئەوەندە توانای قسەو باس و گێڕانەوەی نەمابوو حەوسەڵەی كەمببووەوە ئەو نەخۆشی دڵە نەفرەتییەش تەواو بێزارو خەستەیان كردبوو.

ڕۆژێکی هەینی سەرەتای مانگی ڕەشەمە بوو بە ئاماژەی دەست بانگی کردم هەر لە هەمان ژوورەکەی خۆی لەژێر پەنجەرەو سەر جێگاکەی پاڵکەوتبوو بێهێزتر لەڕۆژان دەردەکەوت، بەخێرایی بەرەو لای ڕامکرد وامزانی دەیەوێت چیرۆکی پێڵاوەکانی دیکەم بۆ باسبکاو بگێڕێتەوە کەچی وانەبوو بەڵکو داوای لێکردم نەختێ لەشوێنی خۆیەوە بەرزیکەمەوە. دەستم خستە ژێر پشتی و هەڵمکێشایە سەرەوەو سەرینەکەم لەدوایەوە بۆ داناو پاڵیدایەوە، چاویلکەکەی بردەوە سەر لووتی و گوێچکەکانی لەجاران شۆڕترببوون. نیگایەکی پڕ غەم و گوماناوی پێداگێڕام و ئەوەندە بەتوندی تفێکی قووتدایەوە سێوە خڕو چرچەکەی بەرملی هەر سەرو خواریان بوو ئینجا بە دەنگێکی غەمگینەوە وتی: ((دەزانم نازانی بۆچی بانگم کردوی لەنێو گەرمەی قسەکانمدا تێدەگەیت تەنیا بۆ یەك مەبەستم نییە گەر بتوانم و هەناسەم سوار نەبێت قسەت بۆدەکەم، لەوانەیە ئەمە دواجاریش بێ بەمشێوەیە پێکەوە دانیشین و گفتوگۆ بکەین، گەلێك شتم لەدڵدایە حەزدەکەم وەك وەسیەت و ئامۆژگاری لێموەرگریت)). من کەمێك شڵەژام و بەدوودڵیەوە پێموت: ((باپیرە گیان ئەوە تۆ چیدەڵێی هەروەکو جاران قسەدەکەین باشە گوێ لە ئامۆژگارییە بەسوودەکانت دەگرم بەلاَم وەسیەت و شتی چی خۆ تۆ نامریت چەند مانگێکی دی من لە زانکۆ ناوم دەردەچێ و دەخوێنم ئەی چاوەڕوانم ناکەیت ئەی ئومێدی هەرە گەورەی تۆ نەبووم؟ تۆ زۆر درزو کەلێنی بەرینت لە ژیانی مندا پڕکردەوە بەڕاستی جێی بایەخمی و شایانی لەبیرنەچوونەوەیت، جا بۆیە تکات لێدەکەم باسی وەسیەت و مردنی خۆتم بۆ مەکە من بەم جۆرە قسانە دڵتەنگ دەبم)). باپیرم لەو وەختەدا چاوانی پڕ ئاو ببوون دەستێکی بە کلاَوەکەی داهێناو دەستی بە قسەکانی کرد.

## ئامۆژگاری و وەسیەتەکەی باپیرم.

نەوەی شیرینم من تەمەنێکی زۆرم بەسەربردووە بەلاَم گەر ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵەو سپی بوونی مووەکانم پرسیارم لێبکەیت چیتکردووەو چیتدیوەو چ هەستێکت لەژیاندا هەبووەو تامکردووە، ڕەنگە دروست نەزانم بڵێمچی و تۆش وەلاَمێکی تەواوت دەسنەکەوێت، گەر پرسیاریشم سەبارەت بەخودی ژیان لێبکەیت وەلاَمێکە گەر لەبارەی مرۆڤیشەوە بپرسیت وەلاَمێکی دیکەیە. ڕاستە مرۆڤ و ژیان پێکەوە گرێدراون و وابەستەی یەکن بەلاَم ڕامان و خوێندنەوەیان جیاوازەو لێکدانەوەی فرە ڕەنگ و فرە جۆر لەخۆیان دەگرن. تۆ تازە پێدەگەیت و لە هەڕەت و تافی لاویدایت تا دەتوانی هەناسەی قووڵی ئازادی هەڵمژە، پارووی سەربەرزی بخەرە دەمت هەرگیز سەرت بۆ ناکەس و ملهوڕو پیاوە گرگن و ناچیزو بچووکەکان شۆڕ نەکەیت ئەوانەی توند بە کورسیەکانیانەوە خۆیان قایمکردووەو وادەزانن بەکورسییەوە دەیاننێژن و لەنێو گۆڕیشدا بەسەرییەوە دادەنیشن، هەموویان بەدخوو دۆڕاوو شەڕانگێزن لە پێناوی پاراستنی کورسی و قەڵەمڕەوی دەسەلاَتیاندا هەموو شتێ دەکەن و ڕازیدەبن بە گشت بڕیارێك جا ئەو شتە هەرچیبێ. کەسێکی لەسەرەخۆو شەرمن و کەسایەتی بەرزبیت لەوە چاترە ڕووقایم و شەڕانی و بێنرخ بیت. هەژاری لە دەوڵەمەندی گەورەترە پارە تەنیاو تەنیا لە جێ مەبەستی خۆیدا گرنگ

و بەبایەخە ئیدی لەوە بترازێت هیچ نییەو بەختیاری ناهێنێ و ناتوانێ گرێ کوێرەی تەواوی ئازارو غەمە شاراوەو نادیارەکانی ڕۆحی خۆتیان پێ بکەیتەوە.

سەردەمانی زوو پیاوێکی تا بڵێی دەوڵەمەند هەبوو تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن و بێچارە هاتبوو بەدەرلەوەی نیوەی ئەم شارە موڵکی ئەو بوون لە شارەکانی دیشدا خاوەنی موڵکی زۆرو زەوی کشتوکاڵی و دۆنم و خانووی بەرز بەرز بوو. چەندین باخی گەورەی پڕ لەفستەقی هەبوو لە شوێنانی ترەوە بۆیدەهاتن و لێیان دەکڕی، چونکە فستەق یەکێکە لەوانەی بەماوەییەکی کەم دەتوانی سەرمایەیەکی باشی پێ کۆبکەیتەوە ئەوە جگە لە چەندین هەزار سەرمەڕو دوکانی زەڕنگەری و چێشتخانەو شتی دیکە. ئەو پیاوە تووشی نەخۆشی بێخەوی ببوو دکتۆرو حەکیم و زانا نەمابوو سەردانی نەکردبن ئامادەبوو هەموو سەروەت و سامانەکەی ببەخشێتە ئەو کەسەی بتوانێت تەنیا سەعاتێك خەوی پێ بفرۆشێ و چاکیکاتەوە، بەڵام مەخابن پارەو سەروەت نەیانتوانی ئەو ئاواتەی بۆبێننەدی. وەك بیستوومە ڕۆژێك حەمباڵێکی بینیوە لەبەر هەتاوی چلەی هاویندا سووربووەتەوەو لەسەر عەرەبانەکەیدا پێڵاوەکانی خستۆتە بن سەری و دەستیشی لەسەر چاوی خۆی داناوە لەو هەراو دەنگە دەنگ و قەرەباڵغییەی نێو بازاڕدا خەوێکی وەها قووڵی لێکەوتووە زەحمەت بووە ئاسان خەبەری بێتەوە، ئەویش کە چاوی پێیکەوتووە هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە ئاخی هەڵکێشاوەو خۆزگەی ئەوەی خواستووە هەموو سەرمایەو داهاتەکانی بریا موڵکی حەمباڵە هەژارەکە بووایە تەنیا خەوەکەی بۆ ئەو بووایە. جا بۆیە کوڕی خۆم پارەو سامان ناتوانێت هەندێ دەردی گەورە هەیە چارەیان بکات.

مامەڵەکردنم لەگەڵ پێڵاوە هەمەجۆرو بزمارو چەکوشە ئاسنینەکان گەلێك شتیان پێبەخشیم چونکە هەمیشە سەودام لەگەڵ کەسی هەژارو گیرفان خاڵی بووە دەوڵەمەندەکان بۆ دوکانی پینەدۆزی نایەن کە بەبەردەمی دوکانەکەشمدادەهاتن قێزیان دەبووەوە، تۆ مەبینە جارجارە خوالێخۆشبوو (شێخ موکری زمانزان) سەردانی دەکردم ئەو خۆی پیاوێکی ڕەسەنی بەشەرەف و سادەو خاکی بوو، دواییش ئەو باوکتی بۆ گەوهەری دایکت دۆزییەوەو هاوڕێی سەربازی عەلی مەقامی باوکی بوو کە پیاوێکی دەنگخۆشی بە کەرامەت بووە لە شائەشکەوت کە ئێستا ماڵی دایە گەورەتی لێیە، ئەگینا ئێمە لەکوێ و ئەوان لە کوێ. زۆرم حەزدەکرد چیرۆکی پێڵاوەکانی دیکەشت بۆ بگێڕمەوە بەڵام بەخودای تاقەتم نییەو بەجارێك بڕستم لەبەر بڕاوەو وەك جاران ناتوانم، ئێستاش ئەم قسانەت بۆ دەکەم زۆر لەخۆم دەکەم و بە پێویستیان دەزانم ئەها زوو زوو بێدەنگ دەبم و چۆرێك ئاو دەخۆمەوەو پاش قەیرێك دەست پێدەکەمەوە. وەك پێموتی هەندێك شت نەزانینیان گەلێك لە زانینیان باشترە بۆیە وام پێ چاترە لێیانگەڕێین هەروەك خۆشت دەزانی پێڵاوەکانم لەم دەرگایە داناوەو کلیلەکەش وا لەبن سەرمدایەو ئەمانەتی تۆبن، هەر وەختێ من مردم ئاگاداریانبە چونکە شایانی ئەوەن بپارێزرێن و بە ئەمەکەوە هەڵگیرێن، لە هەموو دنیادا تەنیا تۆ شاهێدو پاسەوانی ئەو پێڵاوانەیت.

ئاگاداری دایکت بە هەموو تەمەنی گە نجی و جوانی خۆی لەسەر تۆ دانا بۆئەوەی بەباشی پەروەردەبی و لە ئایندەدا سەربەرز لێی بڕوانیت. تۆ مانگێك بوویت لە سکی وەختێ بەهادینی باوکت مردووە دووای هەشت مانگ ئینجا تۆ لەدایك بوویت ئا لەم ژوورەی ئێستا بەیەکەوە لێی دانیشتووین بەلام ئێستا تۆ گە نجێکی جوانی و گەورەبوواییت. دایکت پاش ئەو نسکۆو کۆستە گەورەیە تووشی تەنگژەیەکی دەروونی ئالۆزو خەمۆکییەکی بێوێنە هات لەوە دەترساین شێت بێ و عەقلیشی لەدەست بدات بۆیە زۆرمان هەولێ لەگەلدا تۆش بووی بە غەمرەوێن و لەبیرچوونەوەی بیرەوەرییە تالەکانی. هەمووی بخەیتە سەریەك تەنیا ماوەی پێنج سالان دایك و باوکت پێکەوە ژیاون و هیچ خۆشیەکیان نەدیوە لەبەر ئەو شتانەیە دەلێم دەبێت زۆر وریای دایکت بی و دلی نەشکێنیت. کەمێك لێی چووەمە پێش و وتم: ((باپیرە گەر دەزانی چیدی قسەت بۆ نایەت وازبێنە کاتێکی دی تەواویانکە بۆم. ئەمرۆ زۆر بە کەف و کولەوە قسە دەکەیت و هەلسوکەوتەکانت سەیر دێنە بەرچاوم)) لەسەرەخۆ وەلامی دامەوەو وتی: ((نانا ماردین گیان تۆ وا هەستدەکەیت کە سەیرم ئەگینا وانیم. کوڕم ژیان هەمووی گێڕانەوەیە بزانە گەر نە من نەدایکت و نە هیچ کەسیتر قسەمان بۆ نەکردیتایەو بەسەرهات و ڕووداوەکانی پێشوومان بۆ نەگێڕابایتەوە ئێستا هیچت لەبارەی ژیانتەوە نەدەزانی)).

باپیرم ڕاستیدەکرد گەر ئەو پارچە بچووکانەم هەر هەموو کۆنەکردباوەو لەیەکترم نەدابوونایە ئێستا نەمدەتوانی بیانگێڕمەوەو چیرۆکیان لێدروست بکەم، کەواتە گێڕانەوە ژیان و مانەوەیە سبەینێ ئێوەش پەردەی زۆر نهێنی دی لادەدەن و گەلێك زانیاری دەبەخشنە ئەوانەی لە پاش ئێوەوە دێن، بەمشێوەیە نەوە دوای نەوە چیرۆك و حیکایەتەکان بۆ یەکتری دەگێڕینەوە ئەمەش وادەکات زیندەگی هەموو دەم لەتازەبوونەوەدابێت گەر ئەو نوێبوونەوەیە نەبێت ژیان دەمرێ و پەرپووت و هەلاهەلا دەبێت لەبەرئەوەی لاوازو لاکەوتەیە پووچ و بێماناو جوینەوەیەکی هیچ و بێ پەروایە، تەمەن جگە لەو جوینەوە بێباکەی ناومانناوە ژیان ئیدی هیچ شتێکی دیکە نییە، سەیرم پێدێت ئادەمیزاد ئەوەندە دلخۆش و پڕئومێدو هیوای گەشەو هێندە دلیان وابەستەو گرێدراوە بە ژیانەوەو وادەزانن ئەو قاچەی خستوویانەتە سەر زەوی بۆ هەتایە دەمێننەوەو ئەبەدین. زەوی هەسارەیەکی ماندووە مرۆڤ تادێت زۆرترو زۆرتر دەبێ و لەزاووزێیەکی بێماناو پووچدایە وادەزانین هەر منداڵێکی دەیهێنینە دنیاوە هەمیشەیی و جاویدو نەمرە، بێئاگاین لەوەی ڕۆژێك دێت ئەویش دەمرێ و بێچارەو بەدبەخت دەبێ، نازانم هۆیەکەی چییە هێندە دلمان بەدنیا خۆشە ژن دێنین و کچەکانمان بەشوو دەدەین هەر بۆئەوەی زەوی قەرەبالغترو بار قورستربێت؟! تەنیا لەبەر نێوگەلی خۆمانە ناتوانین قایم بیگرین و بەسەریدا زالبین، گەر ڕۆژێك هات هەموو لەمالەکەی خۆمانەوە دەرگای ژوورەکانمان داخەین و ئەندامی زاووزێمان ببڕین و ئەو شتە قێزەوەنەی ناوی جووتبوون و سێکسە وەك ژەهرێکی پیس فڕێیدەینەدەرو تێکەلی خۆل و خاشاکی کەین، ئەو وەختە مرۆڤایەتی بۆ هەتایە دەحەسێتەوەو ئەوەندە مرۆڤەی بەسەر زەویشەوەیە پاش چەند سالێك هەموو دەمرن و کۆتاییمان پێدێ و بۆ ئەبەد زەویش دەست دەخاتە پشت سەری و پشوویەکی درێژدەدات و هەناسەیەکی قوول هەلدەمژێت. کچ و کوڕان تەنیا لەبەرئەوە پێکەوە

دەژین و ناو لەیەکتر دەنێن ژن و پیاو ئەگینا هەڵبژاردنی دەستەواژەی ئارامی و سەقامگیری دەروونی پووچ و بێمانایە. لەسەر ئەو گۆی زەوییە کوڕێك نادۆزیتەوە کچێك مارە بکات ئەندامی زاووزێی نەبێ و هەر تەنیا خۆشیبوێت و بەس بەهەمانشێوە کچێکیش پەیداناکەیت شوو بە کوڕێك بکات ئەندامی نێرینەی نەبێت و بێبەشی بکات لە سێکس و ماناکانی بوون بەدایك، ئەوەی دەیبینیت لەسەر ئەم شانۆ بێهوودەیەی ژیان گشتی سیناریۆیەکی عەبەس و چەند بارەیە. باجی ئەو ئارەزوو ئاڵۆشە سێکسیەش ساوایەکی بچووك و بێگوناه دەیدات کە لەیەکەم ڕۆژو ساتەوە دایك و باوکی بۆ حەزێکی شێت و سەرلێشێواوی نێوگەڵی کاتی خۆیان لەژێر پەتوویەکی تەنکی نیوەشەودا دەیخووڵقێنن، سبەی کە مردیش بۆی دەگریەن نازانن هەوەسە شێتەکانی خۆیان ئەوی بەو ڕۆژە گەیاندووە نەوەك هیچی دی.

سێکس تلیاکێکی بەدو بەدخووە گەر زۆر قووڵ بیرت لێکردەوەو نان و ئاوی پێ حەرام کردیت ساتەکانت لەدەستدەدەیت و دەبیتە نێچیرێکی چکۆلەو ڕامکراوی دەستی ئەو ڕاوچییە ترسناك و هەوەسبازە هاوشێوەی ئامێر مرۆڤت پێ دروستدەکاو مرۆڤت پێدەکوژێ. ئەوە دایك و باوکانن منداڵەکانیان دەکوژن و دەسووتێنن و سەردەبڕن و دەخنکێنن نەوەك ئەجەل و فریشتەی مەرگ، بابزانیت ئەوە سێکسە وا لە ژیان دەکات تەواو نەبێ و ئادەمیزاد لە زۆربوون و خنکاندنی یەکتریدابن. لەسەرەتاوە گەر ژیان نەبووایە زەویش هەڵگری هەمان سیفەتی هەسارەی مەریخی ببووایە یا هەر هەر ئەستێرەیەکی دی کە ژیانی تێدا ئەستەم و زەحمەتبێت، ئەوا ئێمەش نەدەبووین و سروشت و ئاسمان و خوداو مانگ و ئەستێرەکانیش ڕەوت و ڕۆیینی خۆیان وەردەگرت و لەبۆشاییەکی ناکۆتاو گەردوونێکی هەڵواسراودا کاتەکانیان دەبردەسەر. ئەوە ئادەم و حەوا بوون ڕێگایان بۆ خۆشکردین و وایانلێکردین لەیەکتر نزیك بینەوەو دواتریش خۆمان فێری سێکس و ماچ و ڕێگا چەوتەکانی ژیان بکەین. تازە تا دنیا ماوە هەر لەم کەلاوەو وێرانەیەدا دەبین تا ڕۆژێك لەپڕ دەمرین و کەسیش نازانێت ژیاوین، پاش عەیامێکی زۆر گەر سەری گۆڕەکانمان هەڵدەنەوە جگە لە پاڵەپەستۆی هەواو بۆشاییەکی تاریك و پووچی وەك سیفەتی ژیان خۆی هیچی تری تێدا نییە.

باپیرم چۆڕێك ئاوی خواردەوەو وردتر سەرنجیدام و بەدەنگێکی کەرخەوە وتی: (( چەند شەوێکە لە پشتی ئەم پەنجەرەیەوە تارمایی پیاوێکی ڕیش سپی درێژ دەبینم بەتەنیا ڕیشیم زیاتر لێوەدیارەو تەواو ڕوخساری خۆیم بۆ دەرناخات، چەند خولەکێك دەمێنێتەوەو پەنجەم لێ ڕادەوەشێنێ دوایی لەوێ نامێنێت، منیش جەستەم دەنیشێتە سەر عارەقەیەکی سارد سارد کە هەواڵی مەرگی خۆمە پێمدەدات بۆیە دەڵێم هێندە نابات دەمرم. ژیان و مردنم بۆ گرنگ نییە لەوانەیە گەلێکجار مەرگ خۆشترو پڕ چێژتربێت لە ژیان، ئەگەر پێشتر بیر لە مردن خۆیی و چیرۆکی مەرگی ئەوانی دی نەکەینەوە بڕوام وایە مردن هیچ نییە جگە لەو ترسە ئەزەلیەی خۆمان دروستمانکردووەو لەناخماندا هێلانەمان بۆ چێکردووە وەك بێچوویەك کە دوایی دەبێ بە باڵندەیەکی گەورە. ژیان کە بێزارو ماندووی کردیت جگە لەمردن کەسی دی نییە بتگرێتە باوەش و خەمەکانت

بلاوێنێتەوە بۆیە تەنیا مەنزڵگاو ئارامگای تاقانەی مرۆڤە. کورم ئەم قسانە هەم وەك زانیاری و ئامۆژگاری هەم وەك وەسیەتێکیش بوو لەو هەستە پەنگخواردووەی ناخم پێویست بوو بێنەدەرو بۆ یەکێکیان باسکەم. ئومێدەوارم شتێکیان لێوەفێربوبیت و وانەیان لێوەربگری ئێستاش من ماندووبوومەو سەرینەکەم بۆ دانێوەو بە ئەسپایی پاڵمخەوە دەمەوێت پشوویەکی درێژ بدەم)).

وەختێ باپیرم لەقسەکانی بووەوە لەسەر جێگاکەی خۆی پاڵمخستەوە بەلام دیسان کۆکەیەکی توندی گرتەوەو ڕەنگی شین و مۆر هەڵگەڕاو لەگەڵیدا ئاو بەچاویدا هاتەخوار، کەچی من جێمنەهێشت تاکو هێوربووەوە ئینجا دەستی خستە سەرچاوی و خەوی لێکەوت وەلێ بیرم هەر لای قسەکانی بوو. چاوم پێداگێڕا لەگەڵ هەناسەدانی خیزەخیز لەوسینە ڕەقەیەوە بەرزدەبووەوە کە پەراسووکانی لێوە دەرچووبوون. تەماشایەکی ئەو دۆلابەم کرد کە پێلاوەکانی تێدا ئەرشیف کردبوو بیرم لەو وەختانە کردەوە چەند ساڵێ لەمەوبەر چیرۆکی پێلاوەکانی بۆ گێڕابوومەوە هەرچەند ئەوکاتیش هەر نەخۆشبوو بەلام بە ئەندازەی ئەوسانا. ڕۆژ هەبوو تائێوارە وشەیەکی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە هەر تەنیا تەماشای دەکردین و چاوی بە یەکە یەکەماندا دەگێڕا، وردە وردە ئارەزووی خواردنی کەمدەبووەوەو بۆی نەدەخورا دەترسام لەوەی بەڕاستی بێ و بمرێت، بۆیە هەستێکی ناخۆش و ناوەخت دایگرتبووم و دڵم گوشرابوو لەو کاتانەشدا یان خەریکی وێنەکێشان دەبووم یا سەرم دەخستە سەر قاچی دایکم و دەخەوتم چونکە تەنیا ئەو هێزێکی بێسنوورو گەورەی پێدەبەخشیم.

بەیانییەك (مستەفای پینەدۆزی) باپیرم دەمرێت.

هەفتەیەك دووای ئامۆژگاری و وەسیەتەکە سپێدەیەك چووم باپیرم لەخەو هەستێنم تا نان و چایەکی گەر بەزۆریش بێت هەر پێبدەم چەندجارێك لەسەریەك بانگمکرد، کەچی بێسوود بوو وردتر دیقەتیمدا هەستمکرد هەناسەنادات ڕەنگی ئێجگار سپی ببوو چاوانی بەقووڵداچووبوون، دەمە بێ ددانەکەی داچەقیبوو لاجانگە ڕەق و قووپاوەکانی بەرەو ناوەوە چاڵببوونەوەو گوێچکەکانی زۆر چرچ و گەورەتر دەردەکەوتن. کلاوەکەی کەمێك لار ببوەوە گۆچان و چاویلکەکەیشی لە تەنیشتییەوە بوو دەستم خستە سەر دڵی هیچ ترپەیەکی ژیان و ڕۆژێکی تازەم تێدا بەدینەکرد. لەژێری بەتانییەکەوە بەهێمنی دەستیم گرت وەك ئاسنی سارد وابوو نێوچەوانی لۆچی زێدەتریان کەوتبوویێ و ئێسقانی سەرشان و سینەی دەرپەڕیبوون، ترس و سامێکی زۆریان خستە دڵمەوە تائێستاش لەڕۆحمدا هەر ماوەو نەچۆتەدەر. بەپەلە هاوارمکرد فریامکەون باپیرم مردووە بۆیە بەگریان و قیژەوە هەموو ڕایانکردە لام بەلام لایمن تازە نەبوو ئەو ڕۆژە لەقسەکانیدا خۆی وتی زۆرنابات دەمرم. بەڵێ باپیرم مردو چیرۆکی پێلاوەکانیشی بۆ تەواو نەکردم و نەگێڕایەوە تەواوی ئەو ڕازو نهێنیانەی لەگەڵ خۆی بردە ناخی گڵ و جەرگەی تاریکییەوە وەك نهێنیەکانی هەموومان ڕۆژێك لەگەڵ خۆمان دەیانبەین و ئیدی لەوێ هیچ کەس دەستیان پێی ناگات، چونکە لەگۆڕدا دەیانشارینەوەو لەئامێزی خۆمانیان دەگرین ئەوێ تەنیا جێگایە

متمانەمان پێی بێ و ترسی ئاشكرابوون لەدڵمان نەنیشێت. هەمان ڕۆژ مەراسیمەكەیمان جێبەجێ كردو بەخاكمان سپارد ئینجا بۆ ماڵێ گەڕاینەوە، كلیلی ژێر سەرینەكەیم دەرێناو دەرگای دۆڵابەكەیم كردەوە چاویلكەو گۆچان و كلاّوە چڵكنەكەشیم لە تەنیشت پێلاّوەكاندا دانا وەك سوكنایی و ئومێد بەخشینێكی درۆزنانە لەگەڵ ڕۆحی خۆم كەمێك دەستم پێیانداهێناو دەرگاكەم داخستەوەو بەكوڵ و كۆڤان بۆی گریام.

دوای مردنی باپیرم ماڵەكەمان زۆر غەمگین و بێ هیوا دەركەوت نەنكم بەدزییەوە بەردەوام دەگریا وەختێكیش چاوی بە شوێنی دانیشتن و جێگەی خەوی دەكەوت یا پەرداخ و كەوچك و قاپی خواردنەكەی یا جلەكانی دەبینی بێدەنگ بۆ چێشتخانەكە دەچوو لەوێ خۆی بەشتێكەوە دەخافلاّندو دەگریا، كە بۆ ژوورەوەش دەگەڕایەوە هەموو هەستمان پێدەكردو دەمانزانی چاوانی سوور دەبوونەوەو لووتی دەگیراو هەر هەنسكی دەداو بەگنی قسەیدەكرد. هەموو بۆی دەگریاین و دڵتەنگ و ماتومەلوول بووین. ئەو كەسێكی ئاسایی نەبوو دنیادیدەو بەئەزموون بوو لەبن هەر تاڵەموویەكی سپی ڕیشی تاقیكردنەوەیەكی ژیان خەوتبوو، ژیان بەتەواوی پووچی و ئەزموونە تفت و تاڵەكانییەوە قاڵیان كردبوەوەو فێریان كردبوو بگریەت و بێدەنگ بێ و پێبكەنێ و قسەبكات. هەموو ئەوانە لەو فێربووم كتێبەكان یارمەتیدەرم بوون وەلێ ئەو تاكە سەرچاوەی زیندوو پڕ ئەزموونی ژیانم بوو.

دوای مردنی باپیرم ماتەمینی و كش و ماتییەكی بێوێنە بەسەر دەروون و ماڵەكەماندا باڵیكێشا هەتا ماوەیەكی زۆریش قاپ و كەوچكێكی زیادمان لەسەر سفرە دادەناو جێگای خەوێكی زیادمان دادەخست، بۆیە هەندێك درەنگ لەگەڵیدا ڕاهاتین وەك كەسێكی ئازیزمردوو بیەوێ و نەیەوێ تازە دەبێت دەروونی ئارامكاتەوەو لەگەڵ بارودۆخەكە خۆی ڕابێنێت ئێمەش هەروامانكرد. ئەوسا هەر زۆری ویست تا ڕۆح و بیروهۆشمان لەگەڵیدا گونجاند هەڵبەتە دواییش بەناچارییەوە من و دایكم و نەنكم و كەماڵی خاڵم و تەنیا پوورێكم لەماڵ مابووینەوەو سەرمان نابوو بەسەری یەكەوەو دڵی یەكترمان دەدایەوەو ژیانی خۆمان دەگوزەراند. سەری هەموو مانگێك خاڵم كرێی دوكانەكەی باپیرمی وەردەگرت بۆ خۆیشی هەر لەكتێب فرۆشیەكەی بەردەوامبوو، منیش لە پاڵ خوێندنەكەمدا لەو كاتە ئەركم زۆر قورسببوو بەلاّم لە نانەواخانەكەی وەستا (نەسروڵلا) هەر لەسەر كاری خۆم بەردەوام بووم، كرێكەی باش بوو ئێمەش پێویستیمان بە پارە بوو بۆیە نەمدەتوانی دەسبەرداری ببم بەوشێوەیە شەوو ڕۆژانی خۆمان بەڕێدەكرد.

*********************

دەسپێكی خوێندنی زانكۆ.

هەشت مانگ پاش مردنی باپیرم بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونێکی زۆر نمرەیەکی باشم بەدەستهێناو لەکۆلێژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی وەرگیرام ئەوەندەی دایکم وماڵەوە کەیف خۆشبوون من بە و ئەندازەیە ئاسوودە نەبووم ئەوەش هۆکەی بۆ تێڕوانین و بۆچوونەکانم دەگەڕایەوە. هەرچۆنێبێ خۆمم دڵخۆش و بەختەوەر پیشاندا دایکم نەیهێشت سەعاتێک بەسەر هەواڵی وەرگرتنم لەزانکۆ تێپەڕێت خێرا نوقڵ و چوکلێتی بەسەر گەڕەکدا دابەشکرد، هەچ کەسێکیش پرسیاری لێکردبووایە ئەوە چیە بە پێکەنینەوە دەیوت: ((ماردین گیانی کوڕم لە کۆلێژ وەرگیراوە ئەمە خۆشی نەبێت چ شتێ خۆشیە؟! ئەمە ئەو ئومێدەیە سالآنێکە بەحەسرەتەوە چاوەڕێی دەکەم و لێی دەڕوانم دەی بیخۆن و زارتان وەك دڵی ئێستاکەی من شیرینکەن)). دراوسێکانیش زۆریان پێخۆشبوو چونکە چیرۆکی تاڵ و بەسەرهاتی غەمگینی ئێمەیان دەزانی، بەلآم تەواوی وردەکاری و کەسەرە نهێنیەکانیان نەدەزانی ئەوە هەر بەتەنیا خۆمان بووین لەناخەوە پەنگمان خواردبوەوەو حەشارماندابوو هەموو کەسێك وەك نەنکم دەیوت دۆست و دوژمنی هەیە. ئەوکاتیش هەروەك ئێستا بەلآم نەختێ لاوازتر گەنجێکی ڕەشتاڵەی بالآ مام ناوەندو هێمن و لەسەرەخۆ بووم، زۆرجار بەگاڵتەوە بەدایکمم دەوت بالآم کورتە خۆزگە کەمێکیتر درێژ بوومایە ئەویش بە پێکەنینەوە پێیدەوتم جا کوڕی خۆم زێڕیش بچووکە کەچی چ نرخ و بەهایەکی بەرزی هەیە ئینجا پێکەوە دەستمان دەکردە پێکەنین. لەم زانکۆیەی ئێستای (شائەشکەوت) هاوڕێیان کە پێکەوە لێی دەخوێنین وەرگیرام کەسوکاری باوکم زۆریان هەوڵدا بۆ ماڵی وان بڕۆم بەلآم من ڕازینەبووم و بۆ ئەم بەشە ناوخۆییەی ئێستا هاتم و بەدایە گەورەمم وت: ((دەزانم ماڵی تۆ ماڵی باپیری منیشە و جیاوازی نییە تەنیا دەمەوێت کەمێك لەماڵ بێمەدەرو بۆ شوێن و جێگایەکی تازە بچم تا ڕوخسارو سروشتی لەیەك جودا ببینم و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم. خۆتدەزانی من لەماڵەوە دەرنەچوومەو دایکم دڵی نەهاتووە بۆ هیچ جێگایەك بمنێرێت ئێستاش بەهۆی خوێندنی زانکۆمەوە بوارم بۆ ڕەخساوەو حەزدەکەم بەهەموو هەستم شتەکان بخوێنمەوەو تاقیانکەمەوە، بێگومان جارجارە سەردانتان دەکەم و دێمە لاتان ئێ قابیلە خۆ ئێرەش هەر ماڵی خۆمە و لەگەڵ ماڵەکەی (سەیلاو) جیاوازی پێناکەم)). ئەو قسەیەی دواییم وانەبوو تەنیا لەبەر دڵی دا پیرەم واموت چونکە ئەویش پیربوو دڵی زۆر ناسك ببووەوە وتم با زویرنەبێ و دڵی لێم نەیەشێت، ئەگینا زۆر کەم بەمنداڵی سەردانیان دەکردم و لێیان دەپرسیمەوە تەنیا ماڵی باپیرە مستەفام نەبێت لەوێ لەدایکببووم و چاوم بەدنیا هەڵێنابوو هەموو ژیانم تا ئەم ساتەش هەر لەوێدا بەسەربردبوو لەگەڵ سروت و ڕۆحی وان ئاوێتە ببووم و یادەوەرییەکانیشم هەر لەوێ بوون.

ئەو وەختە داپیرە زولفام لەگەڵ پورێکم و مێردەکەی دەژیا بەلآم هەر لەماڵەکەی خۆی چونکە ئەوپورەم بەومەرجە شوویکردبوو دایکی جێنەهێڵێ. پورەکەی دیکەم لەماڵی خۆیدابوو مامەکانیشم دەمێك بوو ژیانیان پێکهێنابوو هەر یەکەیان لەماڵی سەربەخۆی خۆیاندا بوون و کچ و کوڕەکانیان گەورەببوون، بەلآم زۆرمان تێکەلآوی نەبوو لەبەرئەوەی هاموشۆمان ئێجگار کەم بوو جگە لەوەی لەم بارەیەوە ئەوان سەبارەت بە من گەلێك کەمتەرخەم بوون.

سەرەتای ساڵی یەکەمی زانکۆم کەمێك دژوارو قورسبوو لەگەڵ جۆرە ژیانێکی لەو شێوەیە ڕانەهاتبووم و هەستم بە نامۆییەك دەکرد، لەهەموویشی گرنگتر ئەوەبوو زۆر بیری دایکم و نەنکم و کەمالی خۆشنووسی خاڵم دەکرد گەلێکجار دەگەیشتە ئەو ڕاددەیەی بۆیان دەگریام. کەم کەمە لەگەڵ بارودۆخەکە خۆم گونجاندو بڕوام بەوە هێنا هەریەکێك لەئێمە پێویستە ڕۆژێك لە ڕۆژان تەنیابێ و بۆخۆمان بڕیاردەرو بەڕێوەبەری کارە ئەستەم و زەحمەتەکانی ژیانمان بین. لە زانکۆ جۆرەها دەموچاوی کچ و کوڕم دەبینی هەریەکێکیان لەشارو ژینگەو خێزانێکی جیاوازەوە هاتبوون و بەشێوەیەکی دی لەیەکتر بیریان دەکردەوە. کچەکان وەها خۆیان دەڕازاندەوە حەزمدەکرد لێیان نزیکببمەوەو خۆشمبوێن، بەلام بەردەوام گۆشەگیرو دوورەپەرێزبووم و نەمدەویست شتێکی لەوجۆرە لەناخورۆحمدا چەکەرە بکاو تۆزەتۆزە گەشەبکات، چونکە گەر بەڕاستی عاشق بوومایە پێویست بوو ئەو عەشقە بەبنبەست بگەیەنم و ژیانێکی نوێ لەگەڵ ئەو کەسە پێکبێنم، نەمدەویست بە ئاکاری ناشیرین و درۆی زل و قێزەوەن وەك زۆرینەی کوڕان لێیان بچمە پێش و هۆگری خۆمیانکەم دوایی فێڵیان لێبکەم و دوورکەومەوەو تووشی چەندین تەنگژەو حاڵەتی دەروونی ناخۆشیان بکەم، نا هەرگیز بڕوام بەو جۆرە بیرکردنەوەو میتۆدە ژاکاوە نەبوو. بە بنبەست گەیاندنی عەشقیش زۆر شتی پێویستە دەبێ ماڵت هەبێ و کارێکی تاڕاددەیەك باشت هەبێ و لەڕووی داراییەوە سەربەخۆو خاوەن توانایەکی چاك و لەسەرپێی خۆ وەستاو بیت، بۆیە هەمیشە خۆم دەپاراست و دوور دەگرت هەر خورپەیەکم وەك بروسکە بەرامبەر هەر کچێك بەدڵدا هاتبێ و تێپەڕیبێت خێرا بەسەریدا زاڵبوومەو لەیادی خۆمم بردووەتەوە. زۆرێك لە کچەکان هاوڕێ و هاوبیرم بوون بەلام حەزمنەدەکرد بەوجۆرەی ئارەزوو هەوەسم داوام لێدەکەن بڕۆمە پێش. لەو کاتانەدا بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بووم و کتێبی بایەخدارم دەخوێندنەوە گەر نەشمتوانیبا بیانکڕم ئەوا بۆ کتێبخانەی زانکۆ دەچووم کە پڕ لەو کتێبە فرە ڕەنگ و هەمەجۆرانەبوو من حەزم لێیانبوو بیا نخوێنمەوە بە زمانە زیندووەکانی دونیا. لەدوای وانەکان بۆ وێ دەڕۆیشتم و زۆرترین کاتم لەوێ بەسەردەبرد بە پێچەوانەی هاوڕێکانم کاتە زێڕینەکانیان لە خواردن و خواردنەوەو قسەی بێسوود بەهەدەر دەداو دەکوشت.

کۆمەڵناسی ئەو بەشەبوو من بەندوباوێکم لەگەڵیدا هەبوو کەمالی خۆشنووسی خاڵم لەو جۆرە کتێبانەی پەیوەندییان بە ناسینی کۆمەڵگاو دابەشکردنی جۆرەکانی خێزان و سیستمی بەڕێوەبردنی و ئاوێتەبوونەوەی جارێکی دی لەگەڵ فەلسەفەدا ڕایهێنابووم. ئەو وەختە شتێکم بیرهاتەوە ڕۆژێك پرسیارم لە خاڵم کرد سەبارەت بە هەندێ زاراوەو دەستەواژە کە لەو چەشنە کتێبانە بەرچاوم کەوتبوون، کەچی ئەو ڕێنمایی ئەوەی کردم گەر پێشمبڵێت لەو کاتەدا من هەر تێیان نەدەگەیشتم، بۆیە نابێ لەومەسەلانە پەلەبکەم و پێویستە وردەوردە لەگەڵیان بەڕێگادا بڕۆم تا ڕۆژێ دێت ڕۆشنبیرییەکەم بەو ئاستە دەگات بۆخۆم لێیان حاڵی ببم و لەماناو ڕازەکانیان بەگومانەوە ڕا بمێنم. ئیدی کە لەو بەشە وەرگیرام ئەوە ئەو کاتەبوو خاڵم دەیووت چونکە بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك دەمتوانی لێیان تێبگەم و لەقووڵایی مەبەستەکانیان تێبگەم هەڵبەت مەبەستم ڕێژەییە لەو تێگەیشتنە، چونکە دواتر شتێ هەر دەمێنێتەوە تایبەت بە خەیاڵ و دنیای نووسەربێ و

ناتوانین بەو جۆرە ڕەهاییە قسە لەسەر هیچ کتێبێك بکەین. تێگەیشتنی ئەو جۆرە کتێبە فەلسەفیانە وا ئاسان نەبوو زۆرجار دەبووایە بگەڕێمەوە سەر فەرهەنگ و بابەتی هەمەلایەنەو گشتگیر یان گەلێکجار پێویستی بەوە دەکرد ڕاوێژ بە مامۆستاکانم بکەم و وەڵامەکانم لەوانەوە دەستکەون، کە تاڕاددەیەکی باش هاوکارو یارمەتیدەرم بوون و دەیانزانی یەکێکم لەو قوتابیانەی هەر بە تەنیا بۆ بەدەسهێنانی بڕوانامەیەکی ساردوسڕ نەهاتووم بەڵکو مەبەستم گەڕان و پشکنین و فێربوونە.

زانکۆکان شوێنی بەخشینەوەی بڕوانامەی بێ ڕۆحن لەم مەلەکەتەی ئێمەدا نەیانتوانیوە ڕێ نیشاندەربن و وامان لێبکەن ببینە کەسێ وێڵی زانست و مەعریفەو زانیاری بین یا هەر نا تۆوی ئەو جۆرە بیرکردنەوەو ئومێدەمان لەناخدا بڕوێنن، تەنیا ڕۆشنبیرییەکی سادەو کۆن و لەقوتونراوی ئامادەمان پێدەدەن و داوامان لێناکەن ماندووبین و بگەڕێین و قووڵایی زانیارییەکان بپشکنین و بەچاوی خۆمان ببینین و بەدیقەتەوە هەوڵدەین. زانکۆ لێرەدا ڕۆڵی قوتابخانەیەکی سەر سووچی کۆڵانێك دەبینێ کە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوەتەوەو ئەو کەسانە ڕووی تێدەکەن تا گەر کەمێکیش بێت سەوادو خوێندەوارییەك پەیدا بکەن، بۆیە هەست بە جیاوازییەکی وەها تۆکمەو ئەوتۆ لەنێوان ئەو جۆرە قوتابخانانەو زانکۆکانی ئێرەدا ناکەم، پێموابوو بۆ ئامادەییەکی تێکەڵاو هاتووم و بەس ئیدی هەرئەوەندە بوو ئەو جیاوازییەی من دەمبینی. جێگای دڵداری ژاکاوو کاڵفامانەو چاو باشقاڵی بوو کچان و کوڕان هێندەی لەو ڕێگایەوە کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدا چارەگی هێندەیان لە گەڕان بەدوای کتێب و مەعریفەدا خەرج نەدەکرد، لەدواییشدا کۆمەڵگا تووشی نسکۆو ئاستەنگێکی گەورە دەبێ لەو ڕۆشنبیریەی گەلانی دونیا هەیانەو ئێمەش لێی بێبەشین.

مامۆستاکانمان بەجانتایەکی زل و ورگێکی گەورەو چاویلکەیەکی شووشەداری ئەستورەوە خۆیان بادەداو نمایش دەکرد نیوسەعات یا زیاتر چەند شتێکی سادەو ساکاریان پێدەوتین و دەڕۆیشتنە دەر، هەڵبەت هەموویان وانەبوون بەڵکو چەند دانەیەکیان لەو جۆرە تێدابوو لەبەرامبەریاندا مامۆستای وەها پڕ زانیاریمان هەبوو بەش بەحاڵی خۆم لەو وەختەی دەهاتە ژوورەوەو دەستی بەقسەکانی دەکرد حەزمدەکرد نەچێتەدەر ئەوەندەم زانیاری لێوەردەگرت فریای نووسینی سەرە قەڵەمیش نەدەکەوتم. دنیا گەڕابوو چەند کتێبێکی لە بوارەکەی خۆیدا بەزمانی دیکە بەچاپگەیاندبوو ئەمە بێجگە لە دەیان لێکۆڵینەوەی گرنگ و پڕ بایەخی لەگۆڤارو ڕۆژنامە جیهانیەکاندا بڵاوببوەوەو هەمیشە لە خەمی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بوو، بەردەوام ڕێنمایی دەکردین هەوڵەکانمان بۆ خوێندنەوە زیاتر چڕ بکەینەوەو هێندە خۆمان بە شتی پڕوپووچەوە خەریك نەکەین و تەمەن وەك ئەوەیە لەنێو گالیسکەیەکدا بین ئەسپی کوێر ڕایبکێشن لەهەر وەخت و شوێنێکدا بێت هەڵماندێرن و لەکێوی هەزار بە هەزار غلۆرمان کەنەوەو بمانکوژن، ئیدی تا لەناکاو نەکەوتووین پێویستە خۆمان ماندوو بکەین و بتوانین لەدوای خۆمانەوە چەند نووسراوێکی بەکەڵك جێبێڵین تاکو ئەو نەوەیەی دوایی دێت

سوودیان لێوەرگرێ و ناوی ئێمەش ون نەبێ و لەدەفتەری یاداشتیاندا باسمان بکەن لەوەی توانیومانە سوودیان پێبگەیەنین و بەرچاویان ڕۆشنبکەینەوە.

یەکەم ڕۆژ لە شەش ساڵیدا چۆن مامۆستاو پەیکەری قوتابخانەو وانەکانم لاجوان و خۆشەویست نەبوو ئێستاش بەو قۆناغە گەیشتووم هەمان هەست و بیرکردنەوەم لەناخدایە ئەو هەموو ساڵ و عەیامە گوزەشت و ئەوان نەیانتوانی گۆڕانێکی کەمیش بێت لەڕۆحمدا دروستی بکەن، بەلاّم من توانیم وەگەرنا پێم نەدەنایە ئەو ئاستەی ئێستامەوە هەڵبەت بەشێوەیەکی ڕەهاش نا. ئەوە پەروەردەو فێرکردن بوو نەیانتوانی وابکەن خۆشمبوێن و بەوپەڕی حەزەوە لێیان بڕوانم مامۆستا جەلادو پۆلیسەکان بوون زۆر هاوڕێمیان لەخوێندن تۆراندو لێیان کردن بە ئەژدیهای حەوت سەرو ئەوانیش هێزی ئەوەیان نەبوو بەرگە بگرن و ململانێیان لەگەڵدا بکەن. مانگێك تێپەڕی بەسەردان بۆ (سەیلاو) گەڕامەوەو دایکم بە حەزو چاوەڕوانییەکی بێ ئەندازە لەبەر دەرگا دانیشتبوو ئەو ئوتومبیلانەی دەژماردن بەوێدا ڕەتدەبوون تا گەر یەکێکیان منی تێدابوو ڕابکات و لەئامێزم بگرێ و کەلوپەلەکانم لەگەڵدا هەڵگرێ. چەند شەوێك لایان مامەوەو کات و ساتێکی خۆشمان پێکەوە بردەسەر، لەدەرفەتێکیشدا بۆ سەر گۆڕی باپیرم چووم و درەختەکانی نەنکم ڕوواندبوونی ئاوم دان، دانیشتم قسەم لەگەڵ کردو باسی خۆمم بۆ کرد کە لەزانکۆ دەخوێنم و زۆرلەجاران بیرکردنەوەم فراوانتر بووە. کەمالی خۆشنووسی خاڵیشم هەروەك پێشوو لەکتێبفرۆشییەکەی بەردەوامبوو بیریشی لەژنهێنان نەدەکردەوە هەرچەندی دایکم و نەنکم پێیان دەوت بەلاّم ئەو پێیدەوتن وازم لێبێنن من لە جیهانێکی تایبەتدا ژیان دەبەمەسەرو هیچ کەسێکیش نییە بیری لێبکەمەوەو بیخوازم تکایە لێمگەڕێن. پێنەدەچوو عەشقی یەکەمین خۆشەویستی بیرچووبێتەوە چونکە لەناخەوە داغیکردبوو شەوانە وەك نەریتی خۆی دیسانەوە لە ژوورێك دادەنیشت و خەریکی خۆشنووسییەکەی بوو، قەڵەم قامیش و بۆیە ڕەنگاو ڕەنگەکانی لەبەردەمی خۆیدا ڕیز دەکرد کرێی دوکانەکەی باپیرەشم هەر مابوو مانگانە خاڵم دەچوو وەریدەگرت.

دۆڵابەکەی باپیرم کردەوەو لە پێڵاوە پڕ ڕازو نهێنییەکانم ڕوانی کلاّوە چڵکن و چاویلکەو گۆچانەکەییم دەرێناو نەختێکم سەیرکردن و دەستم پێداهێنان قسەو پێکەنینی هێمن و ڕۆیشتن و هەموو شتەکانیم هاتەوە پێشچاو. ئامۆژگاری و وەسیەتەکەی دواجاری و شێوەو پەیکەرە مردووەکەی ئازاریاندام قوڕگم پڕگریان ببوو، خستمنەوە نێو دۆڵابەکەو دەرگاکەییم داخستەوەو کلیلەکەم خستەوە گیرفانم. وەختێ لەزانکۆ وەرگیرام چیدی نەمتوانی لە نانەواخانەکە بەردەوامبم بۆیە داوای مۆڵەتم لە وەستا (نەسروڵلا) کردو ماڵاواییم لێکرد بەلاّم ئەو لە ناخی دڵەوە پێیناخۆشبوو وتی تا دەمرم کەسێکی وەك تۆ دەسپاك و ڕاستگۆم دەستناکەوێتەوەو هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی باوکت بێ و دایکیشت هەر ڕوو سپی و تەمەن درێژبێ و خوا لێت نەستێنێت کە وەها گۆشیکردووی. منیش بەڵێنی ئەوەمدایە کە زانکۆ تەواوبوو وەرزی هاوین بێمەوەو دەست بەهەمان کاری خۆم بکەمەوە ئەویش گەلێك خۆشحاڵبوو، بۆیە هەر لەو ڕۆژەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵم وەردەگرتەوە

جانتاكەمم دەپێچایەوەو بۆ (سەیلاو) دەگەڕامەوەو بۆ بەیانییەكەی دەچوومەوە نانەواخانەكەو ئەو سێ چوار مانگە ئیشم دەكرد. وەستاكەم چیدی نەیدەهێشت هەویر بكەمە ئەنگووت و ئاردیان پێوەبكەم بەڵكو ببوومە جێ متمانەو دەستە ڕاستی خۆیی و لەسەر حیساب و كیتابی نانەواخانە دابنام كرێیەكەشی دوو ئەوەندە بۆ زیادكردم، ئەو پارەیە منیش كۆمدەكردەوەو بڕێكم بەدایكم دەدا ئەویتریشم بۆ ساڵی نوێی زانكۆم هەڵدەگرت تاكو خەرجیەكانی خۆمی پێدەربێنم و داوای قەرز لە هیچ كەسێ نەكەم. ساڵی تازەی زانكۆم كە دەستی پێدەكردەوە خواردنێكی هەرزان و كەمم دەخوارد هەر سكم تێربباو بەس پڕ مەسرەف و سەرەڕۆ نەبووم ئەوانەیشی خواردنی گرانبەهایان دەخوارد هەروەكو من تێردەبوون، هەربۆیە هێندە گرنگیم بەخۆراك نەدەدا. بەیانیان لەم بەشە ناوخۆییەوە نزیكەی نیوسەعات بە پێ دەڕۆیشتم ئینجا لەوێوە بەهێڵی پاسەكان دەگەیشتم و چاوەڕێیانم دەكرد تا دەچوومە كۆلێژ ئیدی دانەدەبەزیم پاش تەواو بوونیشم دوای نیوەڕۆیان دیسانەكە سێ چارەگ بە پێ دەڕۆیشتم ئینجا سواری پاسەكان دەبووم و بۆ ئەم بەشە ناوخۆییە دەهاتمەوە. بەوجۆرە كاتەكانم بەڕێدەكرد شەوانەیش خەریكی وانەكانم بووم و لە پاڵیدا كتێبی هەمەجۆرم دەخوێندنەوە جاربەجاریش وێنەیەكم دەكێشاو ناخی خۆم پێ بەتاڵ دەكردەوە كە دەنووستیشم هەمیشە خەوم بە دایكمەوە دەبینی.

********************

## ساڵی سێیەمی زانكۆ كچێكی جیاواز لە كچەكانی دیكەم ناسی.

ساڵی سێیەمی زانكۆ بەهۆی چەند كەسێكی دیبەوە لەگەڵ كچێكدا بوومە هاوڕێ و یەكترمان ناسی ناوی (بانو) بوو ڕۆژانە یەكمان دەبینی بۆ كتێبخانە دەچووین و لەوێ بیروبۆچوونەكانمان تاووتوێ دەكرد. كچێكی ڕۆشنبیرو بەتوانابوو حەزی بەخوێندنەوە بوو بەردەوام وەك شتێكی لێ ون بووبێت لەنێو كتێبەكاندا دەگەڕاو پەڕەكانی هەڵدەدایەوەو دەكۆڵیەوە، پێیخۆشبوو زیاتر لەبارەی بابەتە ئەدەبیەكانەوە گفتوگۆ بكەین هەر كە باسەكەمان تۆزێك بەلای سیاسەتدا بچووبایە بێتاقەت دەبوو دەیوت: ((توخوا بابێینەوە سەر باسەكەی خۆمان ئەو چێژو جوانی و تەنیاییەی دنیای ئەدەب پێمان دەبەخشێت هەرگیز جیهانی پیس و قێزەوەن و پڕ درۆی سیاسەت پێماننادات، تەنانەت ئەو جوانی و گۆشەگیری و ئارامییە ڕۆحیەی ئەدەبیشمان لێ ناشیرین دەكاو وادەكات بلَح و دزێو بێتە بەرچاو. ئەدیب و شاعیران دەتوانن دیوە ناتەواوو زەلیلەكەی سیاسەت تەواوكەن چاڵە قووڵ و بەتاڵەكانی پڕكەنەوەو بەجوانی پیشانی خەڵك و هەوادارانیانی بدەن. لەسەردەمی جۆش و خرۆش و ڕاپەڕینە جەماوەری و ڕۆحییەكاندا دەتوانن وا لە میللەت بكەن حەماسێكی بێوێنە بیانگرێ و دیواری بەرزو قایم و پۆلاَیینی زۆرداران بڕووخێنن، زیندان و سەردابە تاریكەكان بشكێنن و بۆ هەتایە دیلەكان ڕزگار بكەن

و ئازادانە بژین و ئازادانە بیرکەنەوەو سەربەخۆبن. ئەو زیندان و سەردابانەی لەوەتەی هەن تیشك و ڕووناکی خۆریان بەرنەکەوتووەو هەوای سەرفرازییان تێدا هەڵنەمژراوە بەڵێ ئەوە توانا لەڕاددەبەدەرەکانی ئەدەب و هونەرو شاعیرانە، وەلێ هەرگیز سیاسەت لەهیچ وەخت و زەمانێکدا ناتوانێ ئەو گیانفیداییەی هونەرو ئەدەب پێشکەشی دەکەن ئەو بیکات لەبەرئەوەی چاڵی قووڵ و خاڵیان تێدانییەو هەمیشە هەردوو دیوی تەواوو ساغڵەمە. لێرەوە هێزی وشە دەبینین چۆن دێتە مەیدان و بەرامبەر ئەو هەموو هێزە دەجەنگێ کە سیاسەت نەیتوانیوە شەڕیان لەگەڵدا بکاو دیواری قایم و ژێرزەمینی تاریکیان بشکێنێ و ڕووناك بکاتەوە یا هەناسەی ئازادی بۆ دیلێکی نیوە خنکاوی بن پەتی سێدارە بگەڕێنێتەوە)). منیش قسەکانم لەزار وەردەگرتەوەو دەموت: ((چاو بکەوەو ببینە هەموو شۆڕشگێڕو یاخیبوویەك دژی جەهل و کۆنە پەرستی کە ڕوو دەکاتە کێوە عاسێ و هەزار بە هەزارەکان ڕقی تیژو بوغزیان نییە بەرامبەر هەر دەسەلات و سیستمێکی سیاسی، ئەوە هێزی ئەو وشەو هزرە قووڵانەیە کە بە ڕقێکی بێوێنەوە دژی سیاسەتی هەڵەو ناشیرین و دزێو نوسراوەو ئەوان خوێندوویانەتەوەو وەك خوروکە چووەتە ڕۆح و گیانیان و خەوو خۆراك و ئارامی لێسەندوونەتەوەو وایلێکردوون یاخی بن و تا دووا دڵۆپی خوێن شەڕ بکەن و جانفیدابن. من دەیان کەس دەناسم شیعرو هوتافی ڕاستەقینەی پڕجۆش و خرۆشی هونەرمەندو نووسەران کردوونییە شۆڕشگێڕو ڕقی ئەستوریان بەرامبەر سیاسەتی زۆرەملێ و بێگاری هەڵگرتووە، دەستیان لە تەواوی ماف و هەقەکانیان شووشتووە کە ئەوان بەساختە بۆیان دەستەبەر کردوون، کەواتە ئەوە وشەیە شەڕ دەکات جەنگی وشەو توانا بێسنورەکانی کەمترنین لە هێزەکانی چەکی ئاسنین و ئاگرو پۆڵایین)). بەچاوێکی گوماناوی و کەسێکی تا لێهاتووەوە لێی دەڕوانیم و دەیوت: ((برادەر لەگەڵ ڕووداوو کارەساتە گەورەکانی نێو ڕۆمانەکان گریاوم خەمی لەدەستدانی پاڵەوانەکان چەندین شەو خەویان لێزڕاندووم. ڕاستە ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە ڕۆماننووس و شاعیران باسیان دەکەن و دەیانگێڕنەوە بەڵام وەك خۆت وتت هێزو کاریگەرییە ڕۆحی و دەروونییەکەیان زیاتر بێ کەمترنییە، دەبێ ئێمە شتێ بکەین ئەدەب و هونەرو تابلۆو چیرۆك و شیعرەکان بپارێزین و لەچەنگی فەوتان ڕزگاریان بکەین. ڕزگارکردن هەر ئەوەنییە لەنێو سندووقێکدا قایمیان بکەین و چەندین قوفڵی گەورەو زامنیان لێبدەین، بەڵکو ئەوەیە جارێکی دی خەڵك ئاشناکەینەوە پێیان و فێریانکەین پێویستە بیانخوێننەوەو لەگەڵ ڕووداوو هەستی نووسەرو هێزی وشەکانیاندا بژین و بیرکەنەوە. هەر میللەتێك بێ شیعرو کتێب و تابلۆو مۆسیقا بوو میللەتێکی دۆڕاوو باڵ شکاوەو زۆر ناخایەنێت لەسەر نەخشەی بەشەرییەت دەسردرێتەوەو کۆتایی پێدێ وەك هەر نەبووبێت. ئەو کچ و کوڕانەی ڕۆژانە دەیانبینین نرخی کاتە زێڕینەکانیان نازانن و دەبێ ئێمە دەستیان بگرین و بۆ نێو هۆڵی ئەم کتێبخانەیان بێنین و فێری خوێندەوارییان بکەین. پەروەردە چەندین ساڵە هەموویانی بەقۆناغی زانکۆ گەیاندووەو دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە تا ئێستا نەیتوانیوە وایان لێبکات بخوێننەوەو کتێبیان خۆشبوێت، بەڵێ ئەوانە هەموو بەلای منەوە نەخوێندەوارو کوێرو نابینان هەرچی زووە دەبێت لە بەحری گەمژەیی و خۆلەبیرکردندا دەربازیانکەین و دەریانبهێنین،گەر لەدوواساتی پەلەقاژەو نوقوم بوونیشیان بێت گرنگ ئەوەیە لێنەگەڕێین

بخنکێن بەلەم و سەوڵی تازەیان بدەینێ)). (بانو) بەجۆرێك قسەیدەکرد دەبوو پاش چەندین ساڵی دی وەها بدوێ و بیربکاتەوە عەقڵی زۆر پێش تەمەنی خۆی کەوتبوو هەربۆیە حەزمدەکرد لە گەڵی دابنیشم و قسەبکەم، گەلێکجار وا ڕێدەکەوت وەها پێکەوە دانیشین و دیالۆگ سازکەین و بیروڕامان بگۆڕینەوە خوێنەرێکی سەرشێتی شیعرو چیرۆك و ڕۆمان بوو هەندێجار خۆی تاقیدەکردەوەو دەشینووسی پیشانی دەدام و قسەمان لەبارەیەوە دەکرد. باڵای زۆر بەرز نەبوو بەکەمی مکیاجی دەکرد هەر بڕواشی پێینەبوو گاڵتەی بە کچانی هاوڕێی دەکردو بە بۆیەکراو ناویدەهێنان سەرو قژێکی ڕەشی هەبوو جارجار زۆر بەسادەیی بڵاویدەکردنەوە سەرشانی یان لەدوواوە دەییەست کە ئەو کاتانە زۆری لێ جوانبوو. ئەسمەرێکی خوێن شیرین بوو دوو چاوو برۆی ڕەشی هەبوو بەلووتێکی قنج و دەمێکی بچووکەوە خاڵێکی بچووکیش بەسەر لێویەوە بوو دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێشتریان پێدابوو. حەزی زۆر لە ڕەنگی سوورو پڵنگی بوو بۆیە یان چاکەتێکی سووری دەپۆشی یا کراسێکی پڵنگی یەخەحەوتی لەبەردەکرد، بەجۆرێکیش بەرێگادا دەڕۆیی وەك قازو مراوی دەهاتە پێشچاوم و کەمێ خۆی دەلەنگاند، ئینجا کە بە گاڵتەوە وام پێدەوت ئەویش لاسایی جووڵەو ڕەفتارو ڕۆیشتنی منی دەکردەوەو دەستمان بە پێکەنین دەکرد.

لەو سەردەمەدا کچان خۆیان تەنیا بەجوانکردن و ڕازاندنەوەی ڕوخسارو جل و بەرگیانەوە خەریك دەکرد پێم سەیربوو کچێکی وەك (بانو) هەبێت بایەخ و گرنگی بەو شتانە نەداو تەنانەت بگاتە ئەو ئاستەش گاڵتەیان پێ بکات ئەمە وێڕای ئەوەی عاشقی کتێب و خوێندنەوەشبێ. زەحمەت بوو جارێك بێ ئەوەی ئاگاداری یەك بین و بەرێکەوت و تەنیا بچمە کتێبخانەی زانکۆ ئەویش لەوێ نەبێت چونکە هەردەم بەیەکەوە دەچووین. دەمبینی لە سووچێکدا دانیشتووەو سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕکردۆتەوەو دەستی ناوەتە ژێر چەناگەیی و قژی بڵاوبۆتەوە سەر کتێبەکە بۆیە ئاسان دەموچاویم نەدەبینی، کەنیشانەی قووڵبوونەوەو ڕۆچوونی بوو بەنێو ڕووداوو کارەسات و کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی بەردەستی، لەبەرئەوەی دەمزانی زۆربەی کاتەکانی بەخوێندنەوەی ڕۆمان دەبردە سەر گەر تاقەتی چووبایە ئەو وەختە دەستی بۆ بابەتی ترو کتێبی دیکە دەبرد هەربۆیە ناوم لێنابوو (کرمی کتێب) ئەگەر هەر خۆم و خۆی بووینایە ئەوا هەر بەو ناوە گازم دەکرد.

(بانو) لەبەشی جوگرافیابوو لەجیاتی ئەوەی بەشوێن ئەو کتێبانەدا بگەڕێت لەسەر بابەتی پسپۆڕییەکەی خۆی بن دەهات کتێبی ئەدەبیات و شیعرو ڕۆمانی دەخوێندەوە. هەمان بۆچوونی منی هەبوو بڕوانامەو زانکۆو خوێندنی لەم مەملەکەتە وێرانەیەدا پێ گرنگ نەبوو هەمیشە دەیوت: (( ساڵی کتێبێك بنووسیت لە سەد نامەی ماجستێرو دکتۆرای ساردو سڕو بێ ڕۆح باشترە کە لەدواوەی ناوی کۆمەڵە سەرچاوەو کتێبێك ڕیزدەکەن نیوەشیان نەبینیوەو بە زمانانی ترن لە هەمان کاتدا ئەو جۆرە کەسانە لە زمانی دایکیان بترازێت چیدی نازانن و ناویشی دەنێن نامەی ئەکادیمی، گەلێکیان بە پارە بۆیان نووسراوە بێ هەوڵ و گەڕانی خۆیان، سبەینێش دەبنە مامۆستاو نەوەیەکی نەخۆشی وەك خۆیان پێدەگەیەنن)).

ماڵیان لەشارێکی دی بوو لەم شائەشکەوتەوە سەعات و نیوێك دووربوو وەك خۆی زۆرجاران بۆی باسدەکردم کچی خێزانێکی هەژارو ستەمدیدە بوو باوکی تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو لەئەنجامدا خۆی کوشتبوو، بەیانییەك لە خەو هەڵدەستن و دەبینن ملی خۆی بە پەتەوە کردووەو خۆی خنکاندووە کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەرەوە جێهێشتبوون. هەندێجار بێدەنگ دەبوو دەمزانی خەیاڵی بۆ کوێ چووە بۆیە لێی دەگەڕام تا بۆخۆی هێور دەبوەوەو دەستی بەقسە دەکردەوە. لەگەڵ دایك و خوشك و برایەکی لەخۆی بچووکتر دەژیاو گوزەرانێکی ناخۆش و ماندووکەریان هەبوو، گەلێکجار خەمی دڵی هەڵدەڕشت و دەگریاو بێ هیچ مەبەستێ سەری دەکردە سەر شانم منیش دڵنەواییم دەکردو توند بەسینەی خۆمەوە دەلکاند، لەو کاتانەدا هەستێکی ناکاوو کتوپڕ دایدەگرتم بەڵام هەر زوو خۆم لەو هەستە چاوەڕوان نەکراوە دەدزییەوەو دەشاردەوە.

لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا هەندێجار سەردانی داپیرە زولفام دەکرد وارێدەکەوت چەند شەوێکیش لای دەمامەوەو زۆری خۆشدەویستم دەرگام لێدەکردەوە بێ ئەوەی ئاگاداری بکەم لێی دەچوومە ژوور، دڵی دنیای پێخۆشدەبوو خواردنی خۆشی بۆ دروستدەکردم و لەبەردەممی دادەنا. گەلێکجار باسی ژیانی ڕابردووی خۆیی و عەلی مەقامی باپیرەی خوالێخۆشبوومی بۆ دەکردم چ مەقامبێژو دەنگخۆشێك بووە ئەویش خۆشیویستووەو لەدواییدا بە کارەساتێکی جەرگبڕو ناخۆش مردووەو کۆتایی بە ژیانی هاتووە. ئەوەی ڕاستی بێت من هەموو ئەو شتانەم دەزانی کە ئەو بەدەم چا خواردنەوەوە بۆی باس دەکردم.

دوای گەورەبوون و کەمێ فام کردنم بە ژیان و دەوروبەری خۆم زۆربەی شەوان دایکم ڕاشکاوانە هەموو ئەو شتانەی بۆ گێڕابوومەوەو تەواوی ئەو زانیاریانەی پێدابووم، بەڵام حەزمنەدەکرد بەدا پیرم بڵێم هەموو ئەوقسانەم بیستووەو دەیانزانم و چیدیکە خۆتیان پێ ئازارمەدەو برینەکانتی پێ مەکولێنەوە، چونکە لەکاتی گێڕانەوەیاندا قورگی دەگیراو دەستی بەگریان دەکرد وەك ئەوەی تازە شتەکان ڕوویاندابێ وەها بە قووڵی لەنێو ڕووداوو کارەساتەکاندا دەژیاو هێزی گێڕانەوەکانی کاریگەرییەکی زۆریان دەخستە سەر، منیش بە ناچاری گوێم لێدەگرت تا تەواو دەبوو هەرچەندە بەدەست ئەو بووایە بێدەنگ نەدەبوو هەر لەسەری دەڕۆییشت خواخێری پورم بنووسێت دەیوت: (( ئەرێ دایە ئەم کوڕە هاتووە تا بەیەکەوە کەمێ دڵمان خۆشبێت تکات لێدەکەم واز لەم بابەتە بێنەو دوو قسەی خۆشی بۆ بکە بێ قەزاو بەلابێت ))، ئینجا ئەویش بابەتەکەی دەگۆڕی و دەیوت توخوا خواردنەکەت بەدڵ بوو تۆ جارێکی دی وەها لە پڕ مەیە بەقوربان سەرەتا ئاگادارمکەوە بۆئەوەی حەزت لە هەرچی بوو بۆت دروستکەم منیش وەك هێمایەك بۆ ڕازیبوون سەرم بۆ دەلەقاند.

چەند جارێك لەگەڵ داپیرەم بۆ سەر گۆڕی باوکم و عەلی مەقامی باپیرەم چووم کە زۆر لەیەکەوە دوور نەبوون، داپیرەم دەستی بەگریان دەکرد بەجۆرێك وەك ئێستا بە خاکمان سپاردبن وابوو، لەبەرئەوەی گریانی ساتی یەکەمی ڕووداو زۆر لە گریانی ساتەکانی دواترو بەسەردا تێپەڕینی ڕۆژگارو زەمان جیاوازترە. من هەستێکی کپ و گێژو سەرسام دەیگرتم و لە گۆڕەکان ڕادەمام دەستم بە کێلەکەی باوکم دادەهێنا ئەگەر لەو ساتەوەختەدا زیندوو ببایەوە نەیدەزانی من کوڕی ئەوم هەر

بۆیە بەدڵێکی پڕو غەمگینەوە بۆ ماڵێ دەگەڕاینەوەو گۆڕەکانمان بەجێدەهێشت، ئەو گۆڕەی دایکم هەموو هەفتەیەك سەردانی کردووەو منیش لە سکیدا بووم. من بەر لەوەی لەگەڵ دا پیرەم بێم و سەردانی باوکم بکەم دەمێك بوو بینیبووم بەو چاوەی دایکم لێی ڕوانیبوو منیش سەرنجیم دابوو.کاتێك دایك دووگیانە هەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتێك بکات لەناوەوە منداڵەکەش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، لەو وەختانەی دایکم دەگریا منیش دەگریام کە خۆی بەسەر گۆڕەکە دادەدا خۆڵ و تۆزو بەردی بەچەنگان هەڵدەگرت و ماچیدەکردن لاسایی ئەوم دەکردەوە، دەیقیژاندو ناڵە ناڵی دەکرد منیش دەمقیژاندو ناڵەو هاوارم لێ بەرزدەبووەوە، کە ماندوو دەبوو پاڵی بە کێلەکەی دەدا منیش پاڵم دەدایەوەو پشووم دەدا بەڵێ لەمێژبوو من گۆڕی باوکمم دیبوو دیمەنێکی تازە نەبوو بەلامەوە هەتا شاگەشکە ببم.

***************************

(بانو) ساڵێك پێش من بوو واتە ئەو کاتەی من لە قۆناغی سێیەمی زانکۆدا بووم ئەو ساڵی چوارەم و دوا قۆناغی خوێندنی بوو بەداخەوە زۆر درەنگ یەکمان ناسی، بەلاّم کە بەیەکەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد ئەوەندە ئارام و مەست دەبووم ئومێدەوار بووم دە ساڵ زووتر یەکمان ناسیبووایە. لەو ماوەیە جاربەجارێ منیش دەمنووسی شیعری لیریکیم زیاتر بەلاوە خۆشبوو هەوڵم بۆی دەداو چەند دانەیەکیشم لە ڕۆژنامەکاندا بلاّوکردنەوە، بۆ ئەوە نەمدەنووسی ببمە شاعیرێکی گەورەو ڕچەشکێن و خەڵکی بمناسن بەڵکو تەنیا دەمەویست ورێنەو خەیاڵەکانم بنووسمەوەو بیانکەمە هۆنراوە. لەو وەختانەی وشەکانم لەسەر کاغەز دادەنا هەستم بە ئارامییەکی دەروونی و خاڵیبوونەوەیەکی زۆر خۆش دەکرد تەنیا بۆ ئەوە دەمنووسی و هیچی تر. زۆریم لەخۆم نەدەکرد چاوەڕێی ئەو ئیلهامە ناوەخت و لە پڕەم دەکرد کە لە کات و ساتی چاوەڕوان نەکراودا دەهات و وەك خورپە بەنێو ڕۆحمدا دەگەڕاو تا نەمهێنابایە دەرەوە هێور نەدەبوومەوە. بیرمە جارێك هۆنراوەیەکم بلاّوکردبووەوە یەکەمین شیعری بلاّوکراوەم بوو هەر هەموویم چاك لەیاد نەماوە بەلاّم سەرەتاکەی وەها دەستی پێدەکرد:

ئەمشەو بۆنی هەناسەت

بەکەلاوەی ژوورەکەمداگوزەری کرد

هێندەی نەبرد وەك بولبولێ قاسیدئاسا

دڵ و ڕۆح و هەستمی برد

ئەمشەو چەند تاڵێ قژی ڕەشتم

لەنێو گەلای وەریوی ئەم پاییزە هەڵگرتەوە

هەر وامزانی هی فریشتەیەو کەوتۆتە نێو حەوشەکەوە

هاوڕێیان و مامۆستاکانم پیرۆزباییان لێکردم و خۆشحاڵیان دەربڕی کە بەهرەو توانایەکی لەو جۆرەم هەیەو دەتوانم ناخی خۆم هەڵگێڕمەوەو بینووسمەوە منیش وردە وردە دەمنوسی و لای خۆم هەڵمدەگرتن.

پاش ئەوەی بانوم ناسی هەستمکرد زیاتر توانای نووسینم هەیەو شیعرەکانم بەر لەهەموو کەس پیشانی ئەو دەدا دەیخوێندەوەو ڕای خۆی پێدەوتم. ئەو هەموو دانیشتن و پیاسەو بیروڕا گۆڕینەوەمان لەسەر کتێب و شیعرو ئەدەب و سیاسەت وایکرد بێئاگاو ویستی خۆمان یەکمان خۆشبوێ و بکەوینە تەڵەو داوی بێ ئامانی عەشقێکی ناکام و ڕەنجەڕۆوە. لە چاوی ڕادەمام و سەیری ڕوخساریم دەکرد شێوەی قسەکردن و دەنگە بەکوڵ و ناسکەکەی، خاڵەکەی سەرلێوی، شێتی و یاخیبوونەکەی جلە سوورو پڵنگیەکەیی و بەڕێدا ڕۆیشتنی سەرنجی هەموو ئەوانەییم زۆر بەجوانی و دیققەتەوە دەدا، ڕۆژ دوای ڕۆژ بێ هێزترو ڕەنگ زەردتر لە جاران دەردەکەوتم پێمخۆشبوو لەماوەی ئەو بیست و چوار سەعاتەدا هەر هەمووی لەگەڵ ئەو ببەمە سەر، نان و ئاوو هیچ شتێکم بۆ گرنگ نەبوو تەنیا پێکەوە بووینایەو هیچی تر، ببوو بە نان و ئاوو حەسانەوەو شیعرو کتێب و چیرۆك. لەو ماوەیەی پێکەوەبوونمان زۆرترین شیعرم نووسی ڕەنگە شیعریش نەبووبن هەر داڵغەو تارماییەکانی خۆم بن نووسیبمنەوە. عەشقی (بانو) وایکرد هەموو شتێکم لەیاد بچێتەوە جگە لە خۆشەویستی ئەو نەبێت پێش ناسینی گاڵتەم بە دڵداری و عەشق دەکرد کچە بۆیەکراوەکانی زانکۆم ڕووکەشانەو هاوشێوەی تاووس دەدیت و دەهاتە بەرچاوم بێ ئەوەی لەناخەوە خاوەنی پاشخانێکی باشی ڕۆشنبیری بن یا یەکێکیان تێدا بدۆزمەوە کتێب و شیعرو هونەری خۆشبوێ و نرخ و بەهایەکیان هەبێ لەلای، کەسی وەهام تێدا نەبینین هەربۆیە بەردەوام دوورە پەرێزو لاتەریك بووم و لەدوورەوە سەیرم دەکردن و لەجۆرە هەستێکی وا خۆم دەپاراست یا لەناخیشەوە گەر یەکێکیانم خۆشبویستایە ئەوا نەمدەتوانی بیخەمە چاڵەوەو دەبوو ئاکامەکەی بە بنبەست بگەیەنم، بارودۆخی خێزنیشم ئەوە نەبوو بتوانم کارێکی وەهاو لەو شێوەیە بکەم، چونکە تاکو ئەو وەختە من خۆمم لێ بەلا بوو جار هەبوو لەخۆم بێزار دەبووم چ جای یەکێکی دیکەش بخەمە هەمان گێژاوو سەرئێشەوە.

کاتێك کەوتمە نێو جیهانی پڕ عەشقی بانو هەموو ئەو شتانەم دەزانین وەلی بەدەست خۆم نەبوو نەمتوانی پێش بەخۆم بگرم، ڕەنگە یەکێ لەهۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی دەستبەردار نەبوونم ئەوەبووبێ ئەو کچێکی ئاسایی نەبوو وەك کچانێ کە ڕۆژانە دەمبینین نە لە ڕووکەش نە لە فیکرو بیرکردنەوەو ڕامانەکانیدا، بۆیە هەموو ئەوانە ڕایانکێشام تاکو تامی عەشقی بکەم سەرەتا درکم بەو هەستەم کردبوو بەلام خۆم لێ نەشارەزا کردو بە لاڕێدا بردم بۆئەوەی ئاسان خۆم نەدەم بەدەستەوە. زۆرم هەوڵداو گەلێك شەوان خەوم پێوە دەبینی و تلاوتل لەجێگادا کینگڵم دەدا بەس بێ سوود بوو سەیرم بەخۆم دەهات لە ژیانمدا ئەوەندە لاوازو بێدەسەلات نەبووم هەردەم قسەی خۆم کردووەو تواناکانی خۆمم سەلماندووە، بەلام لەوەدا

سەرکەوتوو نەبووم و ئاسان ڕام و دەستەمۆکرام ئەمەش بۆ ئەو نائاساییەی (بانو) دەگەڕایەوە، ئەگینا تا ئەو ساتەی بەرامبەری هەستم بە چێژی عەشق کرد گۆشەگیربووم نەتامم کردبوو نەبینیبووم و نە بۆن و بەرامەکەیشیم بەسەردا هاتبوو. بەهەمانشێوە بانوش خۆشیویستبووم و نەیدەزانی چۆن و بە چ شێوەیێ کەوتۆتە ئەو داوەوە زۆرمان قسە لەسەر عەشقی جاویدو نەمردەکرد، کەچی هیچ کاممان جەسارەتی ئەوەمان نەبوو سەرەتا لەخۆمانەوە دەست پێبکەین و بۆیەکتر بیدرکێنین، هەرچەندە دەمێك بوو بەزمانی چاو لەیەك تێگەشتبووین و لەناخەوە ئاگاداربووین چۆن بۆ یەکتری دەسووتاین. مەرج نیە تەنیا زمان بتوانێ گوزارشت لە عەشق بکات گەر هەر بەو شێوەیە ئاشکرابوو خەسڵەتە جوان و بەهادارەکەی هەیەتی لەدەستی دەدات، بۆیە بێ ئەوەی بمانەوێت کرۆکی قسەکانمان بۆ سەر شاڕێگای عەشق دەچوونەوە خۆی پەلی هەردووکمانی دەگرت و بۆ ئەو دنیا پڕ سیحرو جوانی و پاکییە دەیبردین. هەستە مات وبێدەنگەکانمان دنەیان دەداین نەوەك ئەو زمانەی تەنیا دەتوانێ قسەی لەسەر عەشق پێ بکەین بەڵکو ئەو هەستە پڕجۆش و خرۆشەشم لە چاویدا دەبینییەوە کە لەجووڵەی ئاماژەو متبوونە ناوەخت و کتوپڕەکانییەوە دەردەکەوتن. دەیان کەڕەت پرسیارم لێکردووە کەچی ئەو دۆشداماوەو چاوی لە خاڵێکی کتێبخانەکە بڕیوە هێندەی دووبارەم کردۆتەوە ئەو هەر بێ ئاگابووەو بەرەو ئەو جیهانە چووە کە بە تەنیا هەردووکمانی لێبووەو هیچکەس و بوونەوەرێکی دی لەوێدا بوونیان نەبووە. هەندێجار دەستی بەگریان دەکرد لێمدەپرسی بۆچی دەگریەیت وەڵامی نەدەدامەوەو بەردەوامیش چاوی لە چاوم دەبڕی و دەگریا.

ڕۆژێك لە کتێبخانەی کۆلێژ هاتینە دەرەوە بۆئەوەی هەر یەکەمان بۆ بەشی ناوخۆیی خۆمان بگەڕێینەوە دەستی گرتم و نامەیەکی خستە دەستمەوەو بە غەمگینیەوە وتی: ((ماردین هیوادارم توانیبێتم ئەوەی دەمەوێت و لە ناخمدایە و هەمیشە ئازارم دەداو لێناگەڕێ ئارام بژیم ئارام بخەوم لێرەدا خستبێتمە ڕوو، کە نامەکەت خوێندەوە ئەوسا دەزانی چیدەڵێم و لێم تێدەگەی بەڵام تکایە پاش خوێندنەوەی گەر یەکترمان بینیەوە هیچ پرسیارێکم لێمەکە تەنیا دەتوانی بەگشتی قسەکانت بکەیت جارێکی دی دەیڵێمەوە بەبێ پرسیارکردن)). ئەمەی وت و ڕۆیشت وردە وردە لەبەرچاوم بچووك بوەوە هەتا بە یەکجاری لەحوکمی گلێنەکانم دەرچوو دیار نەما تا ئەو وەختە هەر تەماشام دەکرد. شەو دووای ئەوەی هاوڕێکانم خەوتن لەسەر جێگاکەم سەرینەکەم هەڵکێشاو پاڵم پێوەداو بەپەلە نامەکەم لە گیرفانم دەرێناو دەستم بە خوێندنەوەی دێڕ بە دێڕی کرد.

نامەکەی (بانو).

{دەزانم ئێستا کە نامەکە دەخوێنیتەوە هەموو هەست و هۆش و فیکرت لەسەر وشەو ڕستەو دێڕەکانە منیش لە پشتیانەوە وەستاوم و چاوم لێتەو لێتدەڕوانم، لەوکاتەدا دڵنیابە لە ژوورەکەمەوە هەستت پێدەکەم و نەخەوتووم هەر کەی دەست پێبکەیت و تەواوبیت ئاگادارم. بە تەنیا جارێکیش وازناهێنیت چەند جارێکی دی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە دووای یەکدا

دەیخوێنیتەوە، ئاخر گرنگی نامەکان لەوەدایە زیاد لە یەك جار دەخوێنرێنەوە بەدەست خۆمان نییە. خۆشم پێم سەیرە وا لە پڕ ئەم خەیاڵ و وڕێنە نامۆیانەم بە مێشکدا هات تا ئێستا زۆرم نوکی قەڵەم لەسەر کاغەز داناوەو گەلێکم پەڕی سپی ڕەشکردووە بەلاّم هەرجارەو بۆ مەبەستێ نووسیومە، بیرم لەوە نەکردبوەوە ڕۆژێك ئەم کاغەزەی بەردەستم بە ڕستەی وەها ڕەشکەم کە بڕوام پێی نەبووە. خۆت دەزانی من کچێکی یاخی و سەرشێتم دەمێکە خۆم لە شیعرو چیرۆك و ڕۆمان مارە کردووەو ئەو هەستەی بەرامبەر ئەوان هەمبووە هەرگیز نەمتوانیوە بۆ هیچ کوڕێکی دەرببڕم، جا نازانم ئەمە گەمژەییە یان بوێری یان خۆبەدەستەوە نەدان بە ئاسانی هەر چ ناوێکی لێدەنێی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە من ئێستا بەجۆرێکی تر ژیان دەبینم بەشێوەیەکی جوداتر لە پێشوو کتێبەکان دەخوێنمەوە وادەزانم کارەکتەرو پاڵەوانی هەموو چیرۆکەکان خۆمم. شیعرەکان پێموایە من نووسیومن خۆمم لێدەبێتە حیکایەتخوانی ڕۆمانەکان، گەلێکجار بەیەکەوە دانیشتووین و قسەمان کردووە هاوڕابووین و هەندێجاریش ناتەباییەك گەر کەمیش بووبێ ڕەنگە لە بیرکردنەوەماندا هەبووبێت هەڵبەت ئەمەش خاڵێکی جەوهەری گرنگە لەبەرئەوەی نابێ هەمووومان وەك یەك بیرکەینەوە.

ماردین گیان لەمێژنییە یەکمان خۆشدەوێت ببوورە گەر بەناوی تۆشەوە قسەدەکەم ئەوەی تۆ نەتوت ئەوا لێرە من دەیڵێم. کە لەگەڵتدابووم خۆم و دنیاو کات و شوێنم لەبیرکردووە حەزمکردووە چواردەورمان چۆڵ بێ و توند توند دەست بکەمە ملت ماچتکەم و دەست بەسەرو قژتدابێنم. بەلامەوە گرنگ نەبووە کۆلێژ تەواودەبێ یان دەرگای کتێبخانەمان بەسەردا دادەخەن، با پاسەوانەکان بۆ ماڵەوە چووبانەوەو ئێمە لەوێ بووین لەنێو هۆڵی خوێندنەوەو مابەینی کتێبەکاندا باوەشمان پێکدادەکردو دەگریاین، ڕێژنەبارانی ئەشکمان بەسەر ڕوومەتی یەکتردا دەباراند من بە پەڕەی ناسکی شیعرێك هی تۆم دەسڕی تۆش بە گەڵای سەوزی نێو بێستانی حیکایەتێك. ژیرنەدەبوومەوەو هەر دەگریام هێندەی لەئامێزت گرتبام پتر هەنسکم دەدا ئەوسا لەدەنگی گریانی من دڵدارانی نێو چیرۆکەکان بەئاگا دەهاتنەوە، شیعرەکان باوێشکیان دەداو پەڕی دیوانەکانیان بە پەلە هەڵدەدایەوە وەك چۆن پەردەیەك لەسەر پەنجەرەی ڕووەو دەریا هەڵدەدرێتەوە. زاناو فەیلەسوف و حەکیمی نێو کتێبەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە قژی لوول و درێژو پەڕەمووچی دەستیانەوە بۆ بەر بالکۆنی کتێبەکانیان دەهاتن. (داڤینشی) مۆنالیزای جێدەهێشت (نیوتن) بەسێوەکەی دەستییەوە ڕایدەکردە بەردەرگای کتێبخانەکە. (دانتی) خۆیی و کۆمیدیا ئیلاهیەکەی دەهاتەدەر، (شکسپیر) بەجلێکی سپی وەك پەڕەی کاغەز کە هەموو ڕۆمیۆو جولێتەکەی لەسەر نووسرابێتەوە بۆسەربانی کتێبەکانی دەهات. (نالی) بە کووڕەکووڕ لەدرزێکی دەرگای دیوانەکەیەوە بەدیققەتەوە دەیڕوانی، (حاجی) بە گەڕەکی شیعرەکانیدا تێدەپەڕی و بەختی خەواڵووی بەخەبەردێنایەوە، (گۆران) دەستیدەکردە ملی دیوانەکەی (مەحوی) و وێنەی لەگەڵدا دەگرت. هەموو لە گریانی ناوەختم بەئاگادەهاتن ئاخر چیبکەم خۆشمدەوێی عەشق بە گاڵتە وەرمەگرە سیمای سەیرو زمانی ناوازەو ڕەفتاری نامۆی هەیە لەهیچ گوڵ و هیچ باخێك ناچێت وەك لاولاو لە پڕێکدا بەدیواری ڕۆح و هەستدا دزەدەکاو پێهەڵدەزنێ تا هەموویشی دانەگرێت و دانە پۆشێت وازناهێنێ.

هەمووماں ناتوانین بەزمانی عەشق قسەبکەین دەبێ سەرەتا فێربین چۆن کتێب و شیعرو هونەرمان خۆشبوێت ئینجا دەتوانین کەمێك پێی بدوێین. پەیژەیەکی درێژدرێژە لەو جێگایەی قاچ دادەنێین دەبێتە کۆتایی جارێکی دی کۆتاییەکەمان لێدەبێتەوە سەرەتاو دەبێت هەر سەرکەوین و سەرکەوین تا بە بانی مەلەکووت دەگەین، لەوێ لەسەر هەورەکان دێینەخوارو خانوویێکی زۆر خۆش دێتە بەردەممان وەختێ دەرگاکەی دەکەینەوە ژوورەوە هەمووی باخچەو گوڵ و لالەزارە جۆرەها گوڵی نەبینراو کە عەتری بۆن نەکراویان لێدێت لەوێدا هەیە، ئەو کاتەش گوڵە سەیرەکان بۆندەکەین عەشق دێت و لەدوواوە باوەشمان پێدادەکاو هەر لەوێ لەنێو گوڵ و سەوزەزاردا بۆ یەکە مجار عەشق خۆی دەبینین لەشێوەی تارماییەکی جوان بەسەر جەستەماندا باز دەداو دەست لە چیمەن و لالەزارەکان دەدات، ئەوکات عاشق و مەعشوق پێکەوە دەخەوین کە هەرگیز خەوی وەهامان لە ژیاندا نەکردووە.

زۆرباش ئەوە دەزانم ناتوانین بۆ یەك ببین بەلاّم تا دەمرین یەکمان خۆشدەوێت عەشقی نەمر ئەوەیە نەبێتە سێکس و هەمیشە ڕۆح میوانی بێت. عەشق و ڕۆح زۆر لێکدەچن هەردووکیان جاویدو سەرمەدن ڕۆژێك دێت زەوی وێرانبێ و گەردو غوبار سەرا پای داپۆشێت، شارو ولاّت و زەریاو ئۆقیانووس و دارستانەکان هیچیان نامێنن هەمووی دەبن بە پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچەوانی ئەم ئەستێرە بێ ئومێدو بێزارکەرو غەمگینەوە، ئەوکات عەشق و ڕۆح بەیەکەوە دێن و دەستی یەکیان گرتووەو لەسەر هەمان پەڵە دادەنیشن گەورەیی شارو قووڵی دەریاو چڕی دارستانەکان لەژێر پێیاندا وەك پنتێکی سووتاویان لێدێت دیارنامێنن و شانشینێك دادەمەزرێنن کە خۆیان پێشەنگ و ڕابەریانن}.

لەناخەوە خۆشمدەوێی ماچتدەکەم

بانو

لەسەرەتای نامەکەدا هەروەك خۆی نووسیبووی بەرگە ناگریت و چەند جارێك دەیخوێنیتەوە. ڕاستی هەروابوو زیاد لە چوار جارم خوێندەوە هەرجارەش لە پشتی پەرەگراف و ڕستەکاندا بەجۆرێك خۆی پیشاندەدام، جلەسوورو پڵنگی و قژە بلاّوو خاڵەکەی سەر لێوی لەکاتی پێکەنیندا هەموویم دەبینی. لەخۆشیدا جەستەم عارەقێکی دەردابوو هەستێکم هەبوو نەمدەزانی چییە یەکە مجارە هەستێکی وەهام هەبێت کە سەیر بڕوانم و بیرکەمەوەو ڕابمێنم، سەیری دیوارو پەنجەرەو کتێب و هەرچییەکم دەکرد بانوم تێدا دەبینی دەمزانی ئەویش بەئاگایەو من دەبینێت، حەزمدەکرد ئەو نامەیە من بمنووسیبایە بەلاّم ئەو نووسی لەوەشدا یاخی و نامۆو دەسپێشخەر بوو جورئەتی ئەوەی کرد بەنامە گوزارشت لە عەشق و خۆشەویستیمان بکات. ئەو زمانەی پێی نووسیبوو هی ناخی منیش بوو ئەو هەستەی لە کاتی دانانی پیتەکاندا هەیبووە

هەستی منیش بوو وامدەزانی تەواوی بیرکردنەوەو دنیابینی و گوزارشتەکانی لەمن وەرگرتووە بۆیە دەبوو من بمنووسیبووایە. (بانو) توانیبووی باسی منیش بکات ڕۆحم هەڵگێڕێتەوەو وەك دەفتەرێکی پڕ لەیاداشت لە یەکێ لە پەڕە سپییەکانیدا ئەمانەی تێدا بنووسێت کە من نەمتوانیبوو بیاننوسم. ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم خواخوام بوو ڕۆژبێتەوەو بۆ زانکۆ بڕۆم بەیانی کە لە کۆلێژ بینیم تەماشایەکی پڕ گومانی یەکمان کرد بێ ئەوەی هیچ بڵێین ئەو دڵنیابوو لەوەی چەندین بار نامەکەییم خوێندوەتەوە، بەڵام سەرەتا وتبووی هیچ پرسیارێکی لێنەکەم کەچی دنیایەك پرسیارم لەبەردەمدا قووت ببوەوە حەزیشم نەدەکرد بێتاقەتی بکەم و بپرسم، بۆیە بەبێدەنگی بۆ نێو هۆڵی کتێبخانەکە ڕۆیشتین لەوێ وەختێ سەیری کتێبەکانم دەکرد نامەکەم بیرهاتبوەوە چۆن ئێستا دێتە باوەشم و دەگری و هەموو خەبەریان دەبێتەوە، هەردووکمان شڵەژابووین ئەو ڕۆژە جلە پڵنگییەکەی لەبەردابوو توند دەستەکانیم گرت و لە چاوانیم ڕوانی بە پەشۆکاوی و لەرزەی دەستمەوە وتم: ((بانو گیان پاش ئەوەی نامەکەتم خوێندوەتەوە بوویت بە کەسێکی دیکە و بەشێوەیەکی جوداتر دەتبینم زۆرباش توانیبووت گوزارشت لە ناخی خۆم و خۆت بکەیت، هەردەم تۆ بوێرو ئازاتر بوویی لەمن ئەوەی وتبووت هەست و ناخی منیش بوو لەڕۆحمەوە خۆشمدەوێی پێموانەبوو سەر ئەم زەوییە کچێکی وەهای تێدابێت بتوانێ زۆر شتم تێدا بگۆڕێ و فڕێ بدات. تۆوی گەلێك نەمامی تازەت لە ئینجانەی خەیاڵی مندا ڕوواند، گڵی وشکی زۆر گوڵت لەباخچەی مات و بێدەنگمدا ئاوداو گەڵای زەردمت سەوز کردەوە. ڕەوە ئاسکی حەزو خولیام لەمێژبوو تەرییوونەوە لێم تۆ بۆ باغی هەمیشەیی و سەرسەوزی منت گەڕاندنەوە. چۆن تاڤگەیەك لەکاتی هاتنەخوارەوە لەنیوەی ڕێگادا دەییەستێت وەهابووم جارێکیتر تۆ واتلێکردم نەترسم و فێری ڕۆیین ببمەوە. چۆن ڕیشۆڵەیەکی نیوەمردوو بە دەمی ڕێوییەکەوەیە وەها نیوە ڕۆح و خنکاو بەدەم ژان و ترسەکانی ڕێوی و چەقەڵی ژیانەوە بووم تۆ بووی ژیانت خستەوە دەمارو خوێن و جەستەم و ڕزگارت کردمەوە. تەوەللا مەبە لێم و دوورمەکەوە ئێستا هەستدەکەم دەژیم وێڕای هەموو پووچییەکانی زیندەگی و هەڵپەڕکێ ناوەخت و فریو دەرەکانی. گەر ڕۆژێك هات و چارەنووس وەك هەمیشە زوڵمی خۆی لێکردین و لەیەکتری دوورخستینەوە ببەوە تارمایی بە هەمان جلەسوورو پڵنگییەکانتەوە وەرەوە بەر دیدەم وەرەوە نێوخەیاڵم و نێو خەونەکانم. چەندە خۆشبەختم بەناسین و عەشقت هێندەش پەشیمانم زیزمەبە لێم وا دەڵێم دەترسم لەدەستتدەم ڕۆژگار کاری وەهای زۆر کردووەو لەدەستی دێت تۆشم لێ ون بکا و وەك هەڵمێك لەبەرچاوم بچیت بە ئاسماندا یا بۆ شوێنێکی زۆر دوورو عاسێ بتبا و دەستم نەتگاتێ. ئەوە بزانە من لەیادتناکەم هەمیشە بەو هەوایەوە دەژیم لای تۆوە بۆمدێت. دەزانم بۆ یەکتر نابین دەزانم دۆخێکی نالەبارو غەمگینت هەیە باری خێزانی منیش لەوە خراترە کە بیری لێدەکەمەوە، بەڵام توخوا گەر هات و زەمان ئەو کارە دژوارو دڵڕەقەی لەگەڵ کردین تۆش لەبیرم مەکە من تۆ لەبیرناکەم لەنێو خەوەکا نمدای لەنێو دڵمدای لەبەر تریفەی مانگە شەوێکدا دەتبینم چۆن دێیت و قژت بڵاودەکەیەوەو بە خاڵەکەی سەر لێوانت پێدەکەنی و ماچم بۆ هەڵدەدەی لەوێ بەباشی دەتبینم لێمەوە دیاریت، لەنێو ئێوارەمدایت لەهەموو شتێکم دایت تکایە لەیادم مەکە تکایە)). چاوی هەردووکمان پڕببوو لە ئاو بە

غەمێكی قووڵەوە لەیەكمان دەڕوانی ئەو ڕۆژە نەمانتوانی هیچ كتێبێك وەرگرین و بخوێنینەوە، بۆیە درەنگی كردو بەدڵی پڕ لەتۆزو غوباری حەسرەتەوە بەرەو وانەكانمان ڕۆیشتین ئەو بەلایەكدا سەركەوت منیش بەلایەكی تردا بێ ئەوەی وشەیەك لە دەممان بێتە دەرەوە.

زۆر درەنگ لەگەڵ (بانو) یەكمان ناسی و زۆر زووش یەكترمان خۆشویست ئەوكاتەی هەست و ناخمان تەواو بۆ یەك ئاشكرابوو ئەو ساڵی كۆتایی و چوارەمی خوێندنی زانكۆی بوو، بۆیە هەمیشە لەو ترسە گەورەیە سڵم دەكردەوەو هەستی جودایی وەك پەڕۆكێكی ڕەش وابوو بدرێ بەسەر بیرو هۆشمدا تا دەهاتیش غەمگینتر دەبووم. لەچاوانی ئەویشدا هەمان شتم دەبینییەوە لەدوای خوێندنەوەی نامەكەوە چەند كەڕەتێكیتر یەكمان بینییەوە ئەویش تەنیا بەچاو ڕازونیازو حەسرەتەكانمان دەگۆڕییەوەو ئاوێتەدەكرد.هەردووكمان شەوانە بێزارو هەراسان و ماندووبووین ئەو هەرهەستێكی هەبووایە لە جێگای خۆمەوە من هەمان هەستم دەبوو چۆن بیریكردبایەوە وەها بیرمدەكردەوە وەك دووانەیەكمان لێهاتبوو.

لە دوا وێستگەی ژیاندا زۆرجار كەسێك دەناسی و خۆشتدەوێت وەك چۆن لە شەمەندەفەرێكدا بیت و ساتی دابەزینت هاتبێ چەند خولەكێك زووتر كەسێك بۆ كورسییەكەی بەرامبەرت دێت و خۆی پێت دەناسێنێ و لەكانگای دڵەوە حەزدەكەی لەشوێنی مەبەستت نەیەیتە خوارو هەر بەدیارییەوە دانیشیت. وەختێكیش بە ناچاری دادەبەزیت شەمەندەفەرەكە بە بەردەمتدا ڕەتدەبێ و تۆش هەر سەیری دەكەیت لە پەنجەرەكەوە دەیبینیت، بەڵام ئەوەندە خێراو تیژڕەوە وادەكات بەلێڵی لێتەوە دیاربێ بۆیە تا لە چاوان ون دەبێت و مەودای نیگات دەپچڕێت هەر سەیری دەكەیت، ئینجا بە غەمێكەوە كە نازانیت سەرچاوەكەی كوێیەو لە چییەوە هاتووە جانتاكەت هەڵدەگری و ملی ڕێ دەگریتەبەر. (بانو) تەواو لەو كەسە دەچوو كە لە پڕ هاتە بەرامبەرم زەمان و تێپەڕبوونی كاتیش وەك هەمان شەمەندەفەر بەخێرایی و پەلەی ناوەختەوە بەبەردەممدا گوزەشت و ڕابورد، بەڵام من نەجانتام بۆ هەڵدەگیرا نەدەمتوانی هەنگاو بنێم و ملی ڕێ بگرمە بەر، كام ڕێگایە بوو لەبەردەمم خۆشم نەمدەزانی؟ ڕێگایەك گەر لەوسەرەوە (بانو) چاوەڕێم نەكات و نەمباتەوە بەردەم سەكۆیەیەك بە توێشوویەكی سەرشانەوە ئەو لەسەری دانەنیشتبێ جانتاكەم بۆچی هەڵگرم و بەرەو كوێ بڕۆم؟ وەلی گەر لەوێ چاوەڕێمكات بەڕاكردن بەرەو لای دەڕۆم كە گەیشتینە یەكتریش دەست دەكەینە ملی یەك و باوەش بەیەكدا دەكەین بەوێنەی نامەكەی دەگرین و فرمێسك بەسەر ڕوومەتی یەكدا دەبارێنین، بۆیە وا كزو لاوازو زەبوون بووم دەمزانی دووا مەنزڵگا چۆڵەو بێ بانوە.

***************************

دووا ساتی ماڵاوایی (بانو)

دووا ڕۆژی ساڵی خوێندن من بووم بە قۆناغی چوارەم و بانوش زانکۆی بەسەرکەوتوویی تەواوکردو بە یەکجاری بۆ شارەکەی خۆی گەڕایەوە هاتە بەردەمم و ماڵاوایی لێکردم، بەڵام هەموو ئەعزای بەدەنی دەلەرزی و قوڕگی گیرابوو دەمێك دەستی دەخستە باخەڵی و دەمێکیش بەسەرو قژی دادێنا لەگەڵ قسەکردنی چەناگەو لێوی هەڵدەپەڕی و هەنسکەکانی بواریان پێنەدەدا وشەکان تەواو دەربڕێ هەربۆیە باش نەیدەتوانی دان بە پیتەکاندا بنێ. دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك بەسەر گۆنایدا ڕێچکەیان بەستبوو بەڵام بە پچڕپچڕیش بێت قسەکانی خۆی هەر کرد وەك وتم ئەو ئاسایی نەبوو کچێکی یاخی و دەگمەن و بێوێنەبوو وتی: (( ماردین هیوادارم تۆش بەسەرکەوتوویی ساڵی ئایندەت تەواوکەیت و بۆ لای دایکت بگەڕێیتەوە بێگومان لەوەرزێکی ترو مەوسمێکی دیکەی پاییزدا بۆ ئێرە دێیتەوە زۆرینەی کاتەکانت لەنێو کتێبەکانی هۆڵی کتێبخانەکە بەسەر ببە تەنیا ئەوان ئارامیت پێدەبەخشن و بەس, لەسەر هەمان کورسی و پشتی هەمان مێز دانیشەو بخوێنەوە خۆت دەزانیت کوێ دەڵێم ئەوەی هەمیشە لێی دادەنیشتین، بۆ تەواوی ئەو کونج و کەلەبەرانە بڕۆ کە بەیەکەوە بۆی دەچووین بەیادی من بەیادی جاران. وامەزانە تەنیایت سەیری تەنیشتت بکە لەگەڵتام بەجلە سورو پڵینگییەکەوە قژم بەرداوەتەوەو باسی شیعرو پاڵەوانی ڕۆمانەکانت بۆ دەکەم. بەلای منەوە تۆش ئاسایی نەبووی کوڕێکی جیاوازو بێ وێنەو بێ شێوە بووی، گەر باران باری بڕۆ با کەمێك ڕوومەتەکانت تەڕبن وابزانە دڵۆپە فرمێسکەکانی منن لێیان گەڕێ با هەندێك بمێننەوە دوایی بیانسڕە, گەر شەوان هاتمە خەوت مەترسە ئازارت نادەم بەڵام تۆش بەرگە بگرە با خەبەرت نەبێتەوە تا بەیانی پێکەوە کتێبەکان تەماشادەکەین و پەڕەکانیان هەڵدەدەینەوە، ئەگەر پەپولەیەکی پاییزیت بینی منت بیربێتەوە ئەگەر کچە بۆیاغکراوەکان بەتەنیشتتدا ڕەتبوون ئەوانەی من گاڵتەیان پێدەکەم منت لەبیربێت .دیوانی هەر شاعیرێکت گرتەدەست ئەوە بزانە لەمابەینی دێڕە شیعرو پەراوێزەکانیدام، گەر چیرۆکێکی ڕۆمانسیت خوێندەوە نامەکەمت بێتەوە یاد, بۆ بەردەمی بەشە ناوخۆییەکەمان بڕۆو سەیری پەنجەرەی ژوورەکەم بکە ئەوساکە لەشوێنی من کچە بۆیەکراوەکانی لێیە بەڵام من لەوێم لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە دەتبینم دەستمت بۆ بەرز دەکەمەوە .نامەوێت لەوە غەمگینترتکەم چی بکەین ژیان وایە ئەوەی خۆشمان دەوێت لێمان دووردەکەوێتەوە ئەوەیشی نامانەوێت هەمیشە لەبەر چاوماندایە ڕۆژانە سەدان ڕوخسار دەبینم بەڵام هیچیان لەتۆ ناچن. بەر لەئێمە بەرداشی زەمانە زۆری وەکو من و تۆی هاڕیوە ئەم زانکۆیە پەنا هەر دیوارێکی ژێر هەر گوڵێکی ڕازی عیشقێکی تێدا حەشاردراوەو نەمامێکی خۆشەویستی تێدا نێژراوە، بۆیە ئێرە پڕە لەنهێنی چیرۆکی خنکاو لەشیعری نیوە مردوو لەتابلۆی تەواونەکراوو نۆتەی وەریو, بائێمەش وامان بەسەردابێت و ستەمی ڕۆژگار تاقی بکەینەوەو ببینە قوربانی ئەوانەی دوای ئێمە دێن با ئەوان جودایی نەیانکوژێ و بەرداشی دڵڕەقی زەمان نەیانهاڕێت. ڕۆژێك دێت هەموو چیرۆك و شیعرو نهێنییەکان تەواوکەن و بینوسنەوە بەڵام ڕەنگە ئەوکاتە ئێمە نەمابین لەوانەیە لەناو جەرگەی گەرم و گورو شەوە زەنگی زەویدا بین و لە کفنێکی زەردەوە پێچرابین، وەلێ گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە نەوەیەك دێت هەموو ئەمانە ڕزگاردەکا و دەنوسێتەوە ئەوەی ئێمەش نەمانتوانی با ئەوان تەواویکەن. دڵنیابە لەبیرتناکەم هەمیشە

لەگەڵمدایت لەیادمدایت لەبیرەوەریمدا هەڵتدەگرم بۆئەوەی کەس نەتوانێت زەفەرت پێببات و لەناوت بەرێت ئەوێ تەنیا جێگە و مەحرەمی ڕازی عاشقەکانە تکایە لێم ببورە تکایە )).

تۆزە تۆزە بێهێز دەبووم زۆر بە پەلە دڵم لێیدەدا جەستەم ساردبببوو حەزمدەکرد بمرم بەڵام هەمیشە ئەوکاتەی ئیشمان بە مردنە نایەت، کەچی وەختێك سەرگەرمی ئومێدو هیواکانمانین دێت و دەمانبات وەك گێژەلووکە هەڵماندەگرێ و لەبۆشاییدا دەمانخولێنێتەوە تا ئەوجێگایەی خۆی مەبەستییەتی لەوێ توند بەزەویماندا دەکێشێ و ڕۆحمان دەردێنێ. ئالەو کات و ساتەشدا من مردنم بەئاوات دەخواست کەچی نەگەیشت فرمێسکەکانم هۆن هۆن دەهاتنەخوارو بەتوندی تفم قووتدەدایەوە هێزم دەدایە بەرخۆم تا هەرچۆنێبێ وەك (بانو) بوێرو ئازابم گەر بەگریانیشەوەبێت قسەکانی خۆم بکەم، نەدەبوو بڕوخێم هەرچەندە لەناخەوە ببوومە وێرانەیەکی سەدان ساڵە، بەڵام نەدەبوو بەرامبەر ئەو وەها بووەستم بۆئەوەی زیاتر نەیکوژم و نەیڕمێنم. دەستە لەرزۆکەکانم بردەپێش هەردوو دەستیم گرت ئەویش دەستی وەك من ساردبوو بەدەم هەنسکەوە سەیری چاوانیم کردو وتم: ((بانو گیان منیش تۆ لەبیرناکەم مەگەر بەمردن ئەگینا لەنێو هەموو ساتەکانی هۆشیاری و بێ ئاگاییم دا دەبیت دڵنیابە. تۆ پەپوولەی خەوو خەیاڵ و هیواکانی منی ئەو مێخەکەی لەمن زیاتر هیچکەس ناتوانێت بتدات لە یەخەی ئەو فریشتەی نەجاتەی بەسەر کێویکەوە وەستاوی و دەستەکانت پێکەوە نووساندووە وەك چۆن یەکێك بیەوێ لە گۆمێکدا ئاو بخواتەوە، نورو ڕۆشناییەکت لێهەڵدەستێ چی شەیتان و ئیبلیسی چاخە ڕەش و دوورەکانە دەیانکوژێت ئەوانەی نایەڵن عاشقەکان لەبەری ڕەنجی یەکتر بخۆن و لێناگەڕێن گوڵەکان ئاو بدرێن، میوەکان بە کاڵی لێدەکەنەوەو ڕێگا لەعاشقەکان دەگرن تا نەهێڵن خۆشاوی ئومێد بە گەرووی یەکدا بکەن. بەنێو باغی خۆشەویستیدا تێدەپەڕی و دڕکەکان لە گوڵەکان دەکەیتەوە.

ساڵی داهاتووم بەبێ تۆ دەزانم دۆزەخێکی بێ ئامان دەبێ ئەوەی وادەکات بمێنمەوەو نەمرم یادەوەرییەکانتە لە کتێبخانەو نێو پەڕەی کتێبە زەردەکان هەتا مردن خۆشمدەوێی و چاوەڕێتم. لەو شەوە ئەنگوستەچاوانەی عاشقان بێ ئومێدن و دەردی جودایی کوشتوونی ئا لەوساتەدا چاوانم دەنێمە سەریەك لە خەوەکانمدا دەتبینم دڵمان خۆشەو پێدەکەنین دەستی یەکتر دەگرین و ڕادەکەین بۆ ئەو شوێنەی هەردووکمان پێمان خۆشە. لەوێ پێکێك شەرابی خۆشەویستی بە دەمی یەکەوە دەکەین و لە باوەشی یەکتردا دەخەوین. دڵم بە خەیاڵ و خەوەکانیش هەر خۆشە ئەی گەر ئەوان نەبوونایە چیمان بکردباو هانامان بۆ کێ ببردایە؟ چانییە لەوێشدا یەك دەبینین و پیاسە دەکەین و دەگرین، خۆشەویستم ئەوەی واقیع ناتوانێت بیکات ئەوەتا لەنێو خەوەکاندایە دونیای ئێمە پڕە لەو خەیاڵ و فەنتازیایانەی خۆمان دروستیان دەکەین بۆیە لەو خەوانەدا بەئاگا نایەمەوە هەر لەگەڵ تۆدا دەبم هەر خۆشمدەوێی))، کە دوا ڕستەم تەواوکرد فرمێسکمان زیاتر هاتەخوارو یەکمان گرتە

باوەش ئینجا دوایی لەیەك جودابووینەوە ئەو لەگەڵ چەند کچێکی هاوڕێی جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، منیش لەگەڵ چەند هاوڕییێەکم هەریەکەمان بەرەو شوێن و شارو مەنزڵگای غەمەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

ساڵی چوارەمی زانکۆم کە ئێستا تێیدا دەخوێنم ئێجگار نەگبەت و نەگریسە هەر جێگاو شوێنێکی بۆی دەچم بانو دەبینم لەگەڵمدایە پێدەکەنێ و قسەم بۆ دەکا، دەستی بەسەرو قژیدا دێنێ و هەرجارەو جلێك لەبەردەکا یا سوور یا پڵنگییەکەی. لەهۆڵی کتێبخانە لەسەر کورسیەکەی دادەنیشێت و کتێبێك بەدەستەوە دەگرێت و تەواو سەری خۆی بەسەردا شۆڕدەکاتەوە، بەباشی دەبینم تارماییەکەی لێم جودا نابێتەوەو وەك سێبەر وایە گەر سایەی خۆشم جێمبێلێ ئەو هەر لەگەڵمدایە دڵی نایەت بڕوات. لەسەر ڕەفەکان کتێب دەردێنێ و تەماشای ناونیشانەکانی دەکاو دەیا نخوێنێتەوە بۆ بەشی شیعرو ڕۆمان دەچێ چەند ساتێ لە چاوم ون دەبێت لەناکاو بەخۆیی و کتێبێکی حیکایەتی گەورەوە دەگەڕێتەوەو بە پێکەنینەوە دەڵێ چیبوو واتزانی لێرە نەمام خاترجەمبە جێتناهێڵم، دەزانم گەر دوورکەومەوە ناتوانی بێ من ئەمساڵەت تەواوبکەیت و ژیانت دۆزەخێکی بێ هاوتاو کڵپەستێن دەبێ. لەکاتی وانەکاندا لە پە نجەرەوە تارماییەکەی دەبینم پەلەمە زوو بێمەدەرو خێرا بۆ نێو هۆڵی کتێبخانە پێکەوە ڕاکەین.

لەنێو پاس لەشەقام و لەزانکۆو لە هەموو شوێنێکە بە ئاسمانی ئەم شارەوە بەردەوام دەبینم وەك باڵندە لە شەقەی باڵ دەداو دەفڕێ بۆ لام. سەیری نێو لە پی دەستی خۆم دەکەم لە پی دەستی ئەو دەبینم کە لە دوا ساتی ماڵاواییدا دەستەکانیم گرت پە نجەکانی خۆم نابینم لەجیاتیان پە نجەناسکەکانی ئەو لەسەر مەچەکم ڕوواوە. تا سپێدە لە خەوەکا نمدایە جار هەیە هەستدەکەم تەواو لەو دەچم بۆ بەردەمی ئاوێنە دەڕۆم و (بانو) وردە وردە لەناخمدا دێتەدەر. یەکەمجار لە ڕۆحمەوە دەستپێدەکاو سەردەردێنێ کەمێ زەحمەتە چۆن منداڵێك لەدایك دەبێت لەو وەختەدا پەلەقاژەیەتی زوو بگاتە ژیان و بۆنی ئەو هەوایە پووچ و بێمانایەی بەسەردا بچێ و بەسینەیدا بڵاوببێتەوەو یەکەم گریان و ناڵەی ئەزموونبکا بۆئەوەی دوایی گەر ژیان بەردەوامیش گریاندی بەلایەوە ئاسایی بێت بانوش وەهابوو.

هەموو بەیانیەك لەبەردەمی ئاوێنەدا دەبینم سەرەتا دەستێکیانی لە سینگمەوە دەردێنێت پاشان قاچێکی ئینجا کەم کەمە دەست و قاچەکەی تریشی بەهەر زەحمەتی و شێوەیێ بێت دێنێتەدەر، پاشان هەوڵی سەری دەدا هەستدەکەم سینەم لەو وەختەدا زۆر بەرزدەبێتەوەو ئازارێکی ناوەخت و قورسم تێدەگەڕێ بەهەموو هێزییەوە پاڵدەنێت بە سینگمەوە ئەو بەرگە هەوایەی پەیکەرەئێسك و گۆشتم لێك جیادەکاتەوە وەك بڵێی فووی پێداکراوەو پف دەبێ و دەئاوسێت لەناکاو وەك باڵۆنێك دەتەقێ و (بانو) سەری لە سینەمەوە دەردێنێ و لە ئاوێنەکەوە لێمدەڕوانێت و پێدەکەنێ، ئەو زەحمەت دەرچوونەی لەناخمەوە بە ڕوخسارییەوە دیارە دەستم دەگرێ و پێمدەڵێ: ((ببوورە گیانەکەم دەزانم هەموو بەیانییەك لە ڕۆحت دێمەدەرو ئازارێکی زۆرت دەدەم وەك ئازاری دەرچوونی گیان وەهایە، بەڵام چیدی نامەوێت لەنێو قەفەزی خوێن و دەمارو

گۆشت و ئێسقانتدا بەندبم بۆیە بەڕۆژ لەگەڵتدا دێمەدەر شەوانەش هەر کەچوویتەوە نێو پێخەفەکەت و چاوانت نوقاند وەك چۆن کزەبایەك خۆی بە کۆلانێکی تەنگەبەردا بکات وەها خۆم بەنێو ڕۆح و گیانتا دەکەم و دەخەوم تا بەیانی. ئیدی ڕۆژانە ئەوە دەکەین گەر تۆ نیگەران نەبی و بەرگەی ئازارەکە بگریت))، هەربۆیە لەم ساڵەی کۆتاییشمدا هەست بە تەنیایی ناکەم و پێکەوەین چۆن سایەی درەختێك هەرگیز ناپاکی لەگەڵ درەختەکە خۆی ناکاو لێی جیانابێتەوە بانوش وەهایە بۆ هەر کوێ بچم بەدەورمدا دەخولێتەوەو لەگەڵمدایە، هاوشێوەی ئەڵقەیەکی ڕوونی پڕ تیشك بریسکەکانی جگە لەخۆی نایەڵن هیچیتر ببینم بۆیە نە کچە بۆیەکراوو نە مامۆستاو نەهاوەڵانم دەبینین هەمووی ببوون بە گەردو غوباری ئەو تارمایی و بازنە ڕوون و پڕشنگدارەی چواردەورم.

شەوانە وەختێك (بانو) بۆ نێو قەفەزی سینەو بۆشایی ڕۆحم دێتەوە جۆرێك ئارامی و هێمنیم تێدەگەڕێتەوە. لەیادمە شەوێك بەیەکەوە خەوێکمان بینی چونکە ئەویش لەناخمدا نووستبوو دیاربوو جێ سەرینەکەی نەختێك ناخۆشبوو بۆیە هەندێك پاڵی بە دڵمەوەناو جێگاکەی بۆخۆی خۆشترکرد، ئیدی لە خەوەکەدا هەردووکمان ببووینە کوکوختیەکی دەنوك سووری بەر مل شین لەوێش بەنێو یەکدا چووبووین و لەبۆشاییدا دەخولاینەوە. دەستێکی ئەو ببوو بە باڵی ڕاست دەستێکی منیش ببووە باڵی چەپ بەنێوەندی پاڵەپەستۆی هەواو سەنگی بۆشاییدا بەرزو نزممان دەکردەوەو بۆ ئەو شوێنەی پێمان خۆشبوو دەفڕین. لەوێ گەلێکمان دیمەنی سەیر دیت: ماسی باڵدار بە تەنیشتماندا تێدەپەڕی و سلاوی لێدەکردین، سمۆرەی بێ کلك بەسەر هەورێکدا دانیشتبوو کاکڵە گوێزی دەخوارد، چەخماخەی پەلکەزێڕینەیی و قامچی لە ڕەنگی پەڕەکانی تاووس، مرۆڤی کورتە بالای جوان و ژیکەڵە هەریەکەیان سواری سەر پشتی هەڵۆیەکی یەك قاچ ببوون. بەنێو هەموو ئەو دیمەنانەدا دەفڕین و ئاوڕمان لێدەدانەوەو لەنێو جەستەی یەکدابووین تەواوی کامەرانی دنیامان لە لێکدانی باڵەکانماندا دەبینییەوە. من شیعرم بۆ دەخوێندەوەو ئەویش چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە دیالۆگێکی نامۆو بێدەنگمان سازکردبوو تەنیا لەناوەوە بۆ خۆمان دەنگی یەکترمان دەبیست. لەکێوە بەرزەکان تێپەڕین هەزاران دارستانی سووتاومان بەڕێکرد دەیان ورچی برسی و ڕووباری سوورمان بینی. تا دەهات بچووك دەبووینەوەو لەچاوان ون دەبووین وردە وردە بچووکتر پاشان بووین بە تۆپەڵێك ئاگرو بە تیژڕەوییەکی بێوێنە کە هیچکەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕۆین تێپەڕین و ئاوابووین.

هاوڕێیان سێ ساڵی زانکۆم لەم بەشە ناوخۆییەدا لەگەڵ چەند کەسێکی جیاواز لە سروشت و بیرکردنەوەو دنیابینی خۆم کە لە ژوورێکدا بووین هەر ساڵەو لەگەڵ چەند دەموچاوێکی سەیرو خەونی جودا لەیەك بەناچاری بەڕێکرد بەرگەم گرت و ئیشەکانمان دابەشکرد. لەیەکەم ڕۆژەوە شوشتنی قاپەکان بەرمن کەوتبوون لەبەرئەوەی نەمدەزانی چێشت و خواردن دروستبکەم بەڵام ئەوان هەندێکیان شارەزا بوون و لە شارو شوێنی خۆیان چێشتخانەو کەبابخانەی گەورەیان هەبوو هەر بۆیە کاری خۆیان دەکردو منیش مەنجەڵ و قاپە چەورو لوسەکانم دەشووشت و پاك دەکردنەوە. چێژم لە ئەرکەکەم

وەردەگرت و هەرگیز ماندوو نەدەبووم گەر مەنجەڵی هەموو ژوورەکانیشم بشوشتایە تا چەوری و پیسییەکان داماڵێنم و بیانخەمە بەر ڕەحمەتی چۆڕاوگەی ئاوێکی هێمن. حەزمدەکرد ڕۆح و ناخی مرۆڤیش وەها بووایە هەرکەی بتویستایە بەو جۆرە لە ژەنگ و چڵك و دووڕوویی و درۆو بوختان و چاڵ هەڵکەندن پاکت بکردبایەوە. خۆزگە پیاو خراپان وەك مەنجەڵ یان تاوەیەکی بەردەستم دەبوون تا بەوشێوەیە لەبەر چۆڕاوی ئاوی سازگاریان دابنێم و پاکیانکەمەوەو ڕۆحیان زاخاو بدەم.

ئەم دوواساڵی زانکۆیەم بەردەوام وەك تارمایی و سێبەر بانوو لەگەڵمدایە بەڵام سێ هاوڕێ و سێ ڕوخسار و سێ خەونی دیکەم لەگەڵە وەك بڵێی لەوپەڕی دنیادا ئێوەیان بۆ من هێنابێ و زانیویانە من چۆن کەسێکم دەوێت. واڕێککەوت هەرسێکتان لەبەشە ناوخۆییەکە بەر ئەو ژوورە کەوتن کە منی تێدابووم خوێندەوارو خۆشڕوو جێ متمانەن لەخێزانی هەژارو ستەمدیدەو ڕۆشنبیر لەدایکبوونەو بەوپەڕی سەربەرزی و گیانی بەرخودانەوە پەروەردەکراون. هەر یەکێکتان ژیانی خۆتان بۆ باسکردوومەو دەزانم جۆرەها ئیشتان کردووە هەر لەکرێکارییەوە بگرە هەتا دەستگێڕی و حەمباڵی و وردەواڵە فرۆشی و هەڕاجکردنی قاتی جەڵەبی لەناو جەرگەی بازاڕو قەرەباڵغیدا، بۆیە بەشکۆوە بەرامبەرتان وەستاوم و ڕێزی زۆرتان لێدەگرم.

ڕۆژان هات و ڕۆیی هەر چوارمان یەکمان بەدڵداچوو خۆشویست ئێوەش وەك من حەزتان بەکتێب و فەلسەفەو شیعرە زۆر شەوان ئاگامان لە تێپەڕینی کات نەماوەو بەدەم ئاڵ و گۆڕی بیرو ڕاو بۆچونی جیاوازەوە لەبارەی هەندێ مەسەلەی وەکو ئایا شیعر ئیلهامە یان پیشەیە وەك پیشەکانی تر؟ یان گرێی ئۆدیب و کوشتنی باوك و ڕەنگدانەوەی لای فرۆید, یا ئەو حاڵەتی ئەفراندنەی (هۆراس) لەهونەری شیعردا بەپینەی ئەرخەوانی ناوی دەبات, ئەمەو جۆرەها بابەتی ترمان تاوتوێکردووە. ئێوەش سەر بەو جیهان و سەرزەمینە تایبەتەن کەمن دەمێکە قاچم لەسەرداناوەو هەناسەم تێدا هەڵمژیوە. هاوڕێیان زۆر ئاسودەو دڵخۆش و کامەرانم لەوەی ئەمساڵ پێکەوە بووین و یەکمان ناسی. دەی (عەفرین) دەڵێی دەتەوێت قسەیەك بکەیت, عەفرینی هاوڕێم هاتە قسەو وتی: ((بڵێمچی (ماردین) گیان گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانت و پێڵاوە بەنرخەکانی باپیرەت و مێرووله سوورەکانی دایکت مەستیانکردوومەو تەواو لەجیهانێکی تردام. وێستگە تاڵەکانی ژیانی منیش بۆ باسکردن کەم نین وەك خۆتدەزانی منیش باوکی خۆمم نەدیوەو بەهەتیوی و سکێکی تێرو هەزاری برسی گەورەبوومەو دایکم سەربڵندانە لەگەڵ خوشك و براکانم پەروەردەی کردووین، بۆیە نزیکایەتییەکی زۆر لەنێوان ژیان و ڕۆح و غەمەکانماندا هەیە بەڵام من غەم و ئازارو ئەشکەنجەکانم بەنۆتەی مۆسیقای گیتارەکەم دەردەبڕم باشنییە دەتوانم ئەم ئامێرە غەمگینەش بژەنم ئەگینا چیمبکردایە)). دەستێکی بۆگیتارەکەی پشت سەری خۆیبردو ماچیکرد چاویشی پڕفرمێسکی قەتیسمابوو. ئاوڕێکم لە (مەریوان) دایەوە دەستی نابووە ژێر چەناگەیی و بە کزی دانیشتبوو گوێی لە ئێمە گرتبوو وتم: ((تۆ بۆچی بێدەنگی و هەر هەناسەکانت دەخەیتەوە ناخت و ئاخی قووڵ هەڵدەکێشیت؟))، وتی:((ئاخر هاوڕێیان ئەوەی

منیش هەندێجار لەسەر ژیانی خۆم بۆم باسکردوون ئێستاش هیچ نییە هەروەك دەزانن غەم و قەهرو ژان لەدڵی منیشدا بەڕێژەیەکی ئێجگار زۆر کۆبوەتەوەو زەمانە ئازارێکی زۆری داوم، وەك هەزارانیتر کەوتوومەتە مابەینی بەردە بێ ویژدانەکانی ڕۆژگارو هاڕڕاوم. دایکم بەسەر منەوە ڕۆیشتووە واتە هەر کە من لەدایکبوومەو مەرحەبام لە ژیان کردووە دایکم ماڵاوایی لە زیندەگی پووچ و بێمانا کردووەو مردووە باوکیشم ژنی دووەمی هێناوەتەوەو من پوورێکم بەخێوی کردووم. بەوە باشە بەهونەری دەنگە خۆشەکەمەوە ماوم ئەوەنییە شەوانە دەرگای ژوور کڵۆم دەدەین و بەنەرمی گۆرانیتان بۆ دەڵێم و پێکەوە دەگرین، بەڵام ماردین حەزمدەکرد لەنێو کەسایەتییەکاندا لەجیاتی (عوبێدوڵڵای حەمباڵ) من بوومایە))، ئینجا بەدڵی پڕ غەمەوە ڕووم لە(سۆران) کردو وتم: ((برا شیرینەکەم چەند ڕۆژە واهەستدەکەم زۆر لەجاران مات و مەلوولتر دیاری توخوا وامەکە ژیان ئەوە ناهێنێ بەمشێوەیە خۆتی بۆ پەژموردە بکەیت)) ئەو وەختە سەری بڵندکردو وتی: ((ماردین گیان دەزانم دەتەوێت دڵنەواییم بکەیت ئەگینا لەناخەوە بوویت بە هەزار پارچەی شکاوو لەت لەت کراو هێندەی دەکەیت ناتوانی ئەو بەشە وردو هاڕڕاوانەت کۆبکەیتەوەو بەیەکیانەوە بلکێنیتەوە. گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانت تەواو چووەتە ناخم و هەستدەکەم یەکێکم لە کارەکتەرەکان جا هەر کامێکیان بێت، بەڵام حەزمدەکرد سەروەرییەك تۆماربکەم و پێڵاوەکانیشم لەسەر ڕەفەی دوکانی پینەدۆزییەکەی باپیرەت بێت تائێستا بەشانازییەوە گوێمبگرتبایەو تۆش بتگێڕابایەوە. خۆتدەزانیت منیش وەك تۆ بەهرەی نیگارکێشانم هەیەو غەمەکانم دەتوانم بەڕەنگ و بۆیە دەرببڕم گەر ئەوە نەبووایە چۆن بەرگەی ئازارەکانم دەگرت. (عەفرین و مەریوان) ئێوەش گوێگرن بە تەنیا قسە بۆ (ماردین) ناکەم من خوشکە گەورەکەم ڕۆژێك لەسەربان کەوتەخوارو توشی پەککەوتن و ئیفلیجی قاچەکانی بوو، بۆیە تا مردن بەسەر کورسییەکی گەڕۆکەوە مەحکومە بەدانیشتن مەگەر لەخەودا بتوانێ بڕواو بەسەر قاچەکانییەوە بوەستێت ئەمە گەورەترین ئەشکە نجەو برینی ناخمەو تامردن هەر بە تەڕی دەمێنێتەوە، چونکە لەسەرەتای تەمەنی بوو دنیایەك خەون و هیوای بەسەریەکەوە کەڵەکە کردبوو)). منیش بەدەم قوڵپی گریان و هەنسکەوە وتم: ((کەواتە هەربۆیە توانیومانە هەر چوارمان گونجانێکی ڕۆحی و دەروونی پێکەوە دروست بکەین و تەبابین لەگەڵ یەکتر ئەوە غەمە وایکردووە لەگەڵ یەکدا نزیکبینەوەو یەکترمان خۆشبووێت، گریانە هێزی مانەوەو بەرگری پێبەخشیوین و وایکردووە بۆ هەتایە یەکمان بیرنەچێتەوە نەوەکو پێکەنین)).

هەر لەم ساڵەی دوایی زانکۆمدا هەموو سپێدەیەك تارمایی وسێبەری بانوو لە ئاوێنەدا بەپەلە قاژەو زەحمەتییەکی زۆر لەڕۆحمدا دێتەدەرو شەوانەش دەگەڕێتەوە گیانم. هاوڕێیان گەلێکجار هەست بە بینینی شتی تر دەکەم ئەویش کۆمەڵێك مێروولەی سووری گەورەو نائاسایی و شەڕانین چەندین جار لەبەر پەنجەرەی ژووری بەشە ناوخۆییەکەمان وەستاوم و لە ئاسمان و هەورو بۆشایی بێسنورم ڕوانیوە ئەو مێروولەسوورانەم دیتوون بەپرتاوو هەڵەداوان خۆیان بەشووشەی پەنجەرەکەدا کێشاوەو تەقەتەقیان لێ پەیدابووە، بەڵام هیچ گوێچکەو چاوو زمان و پەنجەیەکی مرۆڤیان بەدەمەوە نەبووە تەنیا وەك سەرەگازێك لێوەکانیان لێکداوەو نزیك کردوەتەوە, پاش کەمێك گێژەڵوکەیەك هەڵیکردووەو هەر هەمووی

لەگەڵ خۆیدا خولاندوەتەوەو یەك پارچە ئاسمانیان سوورکردووە، ئینجا دوای تۆزێك دیار نەماون وەختێ بەئێوەشم وتوە وەك من ئەو مێرووولەسوورانەتان بینی زۆرتان پێ سەیربووە لەبەرئەوەی ئێوە نەتان دەبینین, بۆیە هەستی بینینی تارمایی و مێرووولە سوورەکانی دایکم پەڕییوونە ناخ و گیان و ڕۆحی منەوە ئیدی بۆ هەتایە ئەو مێرووولە سوورەکانی نەبینینەوە.

ئێستاش هاوڕێیان کە لەم ژووری بەشە ناوخۆییەدا لەگەڵتان دانیشتوومە و تەواوی بەسەرهات و سەرگوزەشتەی ژیانی خۆمم بۆ گێڕانەوە هیوادارم چێژتان لێوەرگرتبێ ئەمە ئەو کوێرەوەری و بەدبەختیانەبوون بەسەر مندا هاتوون تا ئەم ساتەی پێکەوەین سەرلەبەری چیرۆکی ژیانم بۆ باسکردن. ببورن گەر ئازارم دابن یان لەچەند شوێنێکدا گریابن و دڵتان پڕبوویێت بەلاّم سروشتی ژیان وایە ئیدی هێندەی دەگرین ئەوەندە پێناکەنین بەڵێ من (ماردینی بەهائەدین عەلی مەقامم) تا ئێستاکە چیم بەسەرداهاتبوو گێڕامەوە بۆتان، وەرنە پێشەوە لێم دەی زووکەن وەرە عەفرین مەریوان تۆش ئادەی سۆران نزیکتربەوە لێمان ئەوەتا منیش ماردینم بادەست بخەینە ناودەستی یەك و بەڵێن بەیەکتر بدەین، ڕاستە بەڕێکەوت کەوتینە ئەو ژووری بەشە ناوخۆییەو لە ساڵی چوارەمی زانکۆدا لێرەدا بووین بە هاوڕێ، بەلاّم تا مردن یەکمان خۆشبوێت و یەکتری لەبیرنەکەین. ئێوەش وەك من کوڕە هەژارن و هەزاران خەونی سەوزو سوورتان لەسەردایەو غەمی ڕۆژگار لەناخەوە هاوشێوەی خەڵووزی لێکردوون، بەلاّم هەریەکەمان خەو بەتەنیا شتێکەوە دەبینین ئەویش ئازادی و هەناسە هەڵمژینی کتێبەکانە لە سەربەخۆیی و ڕزگاربوونی هەژارانە، ئینجا هەرچوارمان دەستمان کردە ملی یەك و بەڵێنی خۆشەویستیمان بەیەك دا. جگە لەوەش هاوڕێیان بەباسکردنی ئەم بەسەرهاتانە ویستم ئەزموونی مرۆڤێکی پڕ ئازارو ژیانێکی پڕ لەناخۆشی و چاوەڕوانی و هیواو ئومێدتان بۆ بگێڕمەوە، تا ئێوەش بتوانن هەوڵێك بدەن و ژیانتان وەکو من بنووسنەوە بۆئەوەی نەوەکانی پاش خۆتان بزانن چۆن ژیاون و زەمەن چی بەسەردا هێناون و خۆتان بیرتان لەچی کردووەتەوەو بۆ چ ئاما نجێك تێکۆشاون و حەزتان بەچی کردووە، گەردەلوولی ژیان چۆن لەبن دەستتانی فڕاندووەو لێنەگەڕاوە بەئاکامەکانی دڵتان بگەن. ئەمە بەسەرهاتێکە ئەوەندەی چارەنووس ڕۆڵی تێدا بینیوە هێندە مرۆڤەکان دەرفەتیان بۆنەلواوە تا داهاتووی خۆیان بنیات بنێن و ژیانێکی تژی لە خۆشی و کامەرانی تێدا بەسەرببەن.

******************************